# ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا

# ١٩٣٢ - ١٩٤٣



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا

# ١٩٣٢ - ١٩٤٣

عبدالصمد إسلام طه



ناوی کتێب: ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا - ١٩٣٢ - ١٩٤٣
دانانی: عبدالصمد إسلام طه
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٥٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: لوتفی عەبدولفەتاح - شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگری سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بەناوی (ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا (١٩٣٢ - ١٩٤٣)، ئامادە کراوە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی بەهەموو جۆر و لقەکانییەوە لە گۆڤاری هاواردا. هاوار لەم بارەیەوە چی بڵاوکردۆتەوە و چ دەورێکی لە گەشەپێدانی ئەدەبی کوردی هەبووە و، بایەخی زیاتری بەکام لا داوە؟ چ دەورێکی لە ڕەوتی بزووتنەوەی نوێخوازیی ئەدەبی کوردیدا دیوە؟ نووسەرە چالاکەکانی هاوار کێ بوون و ئاستی بەرهەمەکانیان چی بووە و نووسەرانی تر چ بەشدارییەکیان تێدا کردووە؟ و ئاستی چەندێتی و چۆنێتی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبی کوردی لە هاواردا لە چیدا بووە و چۆن نووسەرانی زۆربەی پارچەکانی کوردستانی کۆکردۆتەوە و بۆتە مینبەری بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕانە و چۆن نسکۆ و شکستی شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی کورد لەسەر لاپەڕەکانی هاواردا ڕەنگی داوەتەوە... هتد.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

– گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، گۆڤاری هاواریش بایەخێکی زۆری بەم لایەنە داوە و کەرەستەیەکی زۆری خستۆتە بەردەست، کە لە زۆر ڕووەوە شایەنی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەن.

– دەرچوونی گۆڤارەکە لە نێوانساڵی (١٩٣٢ - ١٩٤٣) کە ئەمە ماوەی هەرە بەپیتی قۆناغی تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردییە، بەتایبەتی دەرکەوتنی هونەری چیرۆک و نوێکردنەوەی شیعری کوردی.

– بەشداربوونی زۆربەی شاعیر و نووسەرانی کورد ئەو سەردەمە لە نووسینی بابەتەکانی هاوار بەهەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردی: (کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو)، داواکردنی هاوار بۆ گەڵاڵەکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، ئەمانە هەموو بابەتی بەپێزن. بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون.

– جگە لەمانەش بەسەرداچوونەوەی گۆڤاری هاوار و لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی، ئەمەکدارییە بۆ بنەماڵەی بەدرخانییان بەگشتی و جەلادەت بەدرخان خۆی بەتایبەتی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم پێشەکییە و دەروازەیەک و چوار بەش و چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. لە دەروازەکەدا هەوڵ دراوە گۆڤارەکە بەگشتی بخرێتە بەرچاو، وەکو چۆنیەتی دەرچوونی و ژمارەکانی و جۆری بابەتەکانی و نووسەرەکانی... هتد.

بەشی یەکەم تایبەتە بەڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی کوردستان لە ماوەی پێش دەرچوون و سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە، چونکە ئەو بارودۆخە کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤارەکە، جا چ ڕاستەوخۆ بێ و چ ناڕاستەوخۆ. بەشی دووەم بۆ لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی هاوار تەرخان کراوە لە ڕووی کێش و سەروا و زمانی شیعری و ناوەڕۆکەوە. لەم بەشەدا زیاتر جەخت لەسەر شیعری هاوچەرخی گۆڤارەکە کراوە، چونکە ئەو شیعرە کلاسیکییانەی لە



هاواردا بڵاو کراونەتەوە لە شوێنی تردا لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردی تا ڕادەیەک لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. بەشی سێیەم لە پەخشانی کوردی ناو گۆڤاری هاوار دەکۆڵێتەوە. جۆری سەرەکی و باوەکانی پەخشانی کوردی لە هاوار هەڵدەسەنگێنێ، هەریەکە و بەپێی جۆری خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەوری لە دەوڵەمەند کردنی گۆڤارەکە دەردەخا.

بەشی چوارەم بریتییە لە چەند بابەتێکی ئەدەبی جۆراوجۆر، وەکو: ئەدەبی منداڵان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و وەرگێڕانی ئەدەبی و فۆلکلۆری کوردی. هەر بابەتێک بەجیا جیا لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڤارێکی مەیلەو کۆنی وەکو هاوار کارێکی ئاسان نییە، زۆر گیروگرفتی بۆ پەیدا دەبێ، ئەمانە هەندێ لەو گیروگرفتانەن کە تووشی ئێمە بوون:

– پەیدا کردنی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە، ئەگەرچی چەند جار ژمارەکانی گۆڤارەکە چاپکراونەتەوە، بەڵام دیسان دەست کەوتنی هەموو ژمارەکانی ئاسان نەبوو.

– ئەلفوبێ و ڕێنووسی گۆڤارەکە. گۆڤارەکە بەدوو جۆرە ئەلف و بێ دەردەچوو: ئەلفوبێی عەرەبی و ئەلفوبێی لاتینی. ئەم دوو ئەلف و بێیەش ئەوسا هێشتا شێوەی دروستی خۆیان وەرنەگرتبوو.

– بەکارهێنانی دوو زاری سەرەکی کوردی بەتێکەڵاوی لەگەڵ وشەی بیانی.

– نەبوونی یان کەمیی سەرچاوەی سەرەکی. ئەگەر سەرچاوە هەشبێ، بەئەلفوبێی لاتینییەوە لە دەرەوەی کوردستانی عێراقە و بەئاسانی دەستناکەوێ.

– فراوانی چوارچێوەی بابەتەکە، چونکە ئەگەر هەر یەکێ لە بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی فراوانی لەسەر بکرایە، نامەکە لە قەوارەی ئاسایی خۆی دەردەچوو.

– کەس لەوانە نەماوە کە بەشدارییان لە دەرکردن و نووسینی گۆڤارەکەدا کردبوو، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ سوودیان لێ وەربگیرێ بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی گۆڤارەکە، وەکو ناو و ڕەمزی هەندێ لە نووسەرانی هاوار.

– تێبینی:

– ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا ناساندێکە بەبابەت و بەرهەمە ئەدەبییەکانی هاوار بەجیهانی ئەدەبی کوردی. ئەم کارەش لە کەموکورتی بەدەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم توانیبم ڕووناکی بخەمە سەر هەندێ لایەنی شاراوەی بابەتەکە و، ئەم لێکۆڵینەوەیە کەلێنێکی بچووک لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

# دەروازە

دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕا و، کوردستان زیاتر پارچە پارچە کرا، بۆیە کورد کەوتە تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوای خۆی و زنجیرەیەک شۆڕش بەرپا بوو. بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری سیاسی و نەتەوایەتی شان بەشانی شۆڕشی چەکدارانە بەڕێوە چوو. چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری دامەزران، چەند گۆڤار و ڕۆژنامە بەکوردی و لەبارەی کوردەوە بڵاو کرانەوە، یەکێ لەو گۆڤارانە کە دەورێکی دیاری هەبوو و ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی خەبات و بارودۆخی کوردستان بوو، گۆڤاری (هاوار) بوو.

دوای نسکۆهێنانی هەر دوو شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و ئاگری داغ، میر جەلادەت بەدرخان گەیشتە ئەو قەناعەتە پێویستە بزووتنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی کورد زیاتر بایەخی پێبدرێ، بۆیە دوای ئاوارەبوونی بۆ سوریا بیری لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی کوردی کردەوە و توانی لە ڕۆژی ٢٦/١٠/١٩٣١.(١) ڕەزامەندی حکوومەتی سوریا وەربگرێت بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار، بەڵام سەبارەت بەهۆی ئابووری، دەرچوونی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە نزیکەی حەفت مانگ دواکەوت. ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی یەکشەممە، (١٥)ی گوڵانی (١٩٣٢) دەرچوو. لە ژێر ناوی گۆڤارەکە نووسرابوو (کومەلا کوردی)، ئەم دەستەواژەیە یان وشەی (کۆمەڵە) تا ژمارە (٤) بەردەوام بوو، لە (ژ ٥) کە لە ڕۆژی چوارشەممەی (٢٠)ی تەمووزی ساڵی (١٩٣٢) دەرچوو تا دوا ژمارەی وشەی گۆڤاری بەکارهێناوە.

گۆڤاری (هاوار) لە چاپخانەی (الترقي)، لە دیمەشق چاپ دەکرا. لاپەڕەکانی بەقەوارەی (٣٢,٥ × ٢٢,٥)سم بوو.

گۆڤارەکە لە (ژ١- ٤٤) بەرگی پێوە بووە و لە (ژ ٤٥) بەدواوە بەرگەکەی نەماوە. لە جیاتی بەرگەکە وەکو وەرەقەیەکی ئاسایی وایە. ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە بەم جۆرە بوو:

ژمارەکانی: (٤٦، ٤٧)، (٤٨)، (٥٠)، (٥٣ – ٥٧) هەشت لاپەڕە بووە.

ژمارەکانی: (٣٩ – ٤٤)، (٤٩)، (٥١) دوازدە لاپەڕە بووە.

ژمارەکانی: (١ – ٣٨)، (٤٥)، (٥٢)، شازدە لاپەڕە بووە.

هەر لە سەرەتاوە، لە ژمارە یەکەوە، گۆڤارەکە بەرێکوپێکی نیو مانگ جارێک یان هەندێ جار مانگێ جارێک دەردەچوو، تا (ژ ٢٤) کە لە (١)ی نیسانی (١٩٣٤) دەرچوو. (ژ ٢٥) تا (١٩)ی ئابی ١٩٣٤ دواکەوت. لە نێوان (ژ ٢٥) و (٢٦) دابڕانێک هەیە، گۆڤارەکە بۆ ماوەی یەک ساڵ وەستا، 

(١) سەلمان عوسمان (کۆنێ ڕەش)، الامير جلادت بدرخان (حياته وفكره)، تقديم روشن بدرخان، مطبعة الكاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢، ص ٥٧.



چونکە (ژ ٢٦)ی لە (١٨)ی ئابی (١٩٣٥) دەرچووە. دوای ئەم ژمارەیە، گۆڤارەکە نزیکەی ٦ ساڵ وەستاوە. لە ڕۆژی (١٥)ی نیسانی ١٩٤١ (ژ ٢٧)ی دەرچووە. لەوە بەدواوە بەرێکوپێکی مانگێ ژمارەیەک و هەندێ جار مانگێ دوو ژمارەی لێ دەرچووە، وەکو ژمارەکانی (٤٣، ٤٤) کە لە مانگی گوڵانی ١٩٤٢ دەرچوون و ژمارەکانی (٤٦، ٤٧) کە لە تەمووزی هەمان ساڵ دەرچوون.

گۆڤاری هاوار لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە (٢٣) دوو جۆرە ئەلفوبێی بەکارهێناوە: عەرەبی و لاتینی.

بەپێی بەکارهێنانی ئەو دوو ئەلفوبێیە، هاوار دوو جۆرە ژمارەی بۆ لاپەڕەکان داناوە، ئەو بەشەی بەپیتی عەرەبی نووسراوە، (ژ ١، ٢، ٣...)ی بۆ داندراوە و ئەو بەشەی بەپیتی لاتینی نووسراوە (ژ... 1, 2, 3) بۆ داندراوە. ئەمە یەکەم گۆڤارە بەو ئەلفوبێیە دەنووسرێ کە میر جەلادەت بەدرخان دایناوە. ئەوەی جێی سەرنجە، لە (ژ ١) تا (ژ ٢٣) پیتی (k) بۆ دەنگی /ق/ و پیتی (q) بۆ دەنگی /ک/ بەکارهاتووە. ئینجا نووسەری کورد (عەلی سەیدۆ گۆرانی)(١) پێشنیازی بۆ میر جەلادەت بەدرخان کردووە، کە ئەم دوو پیتە بگۆڕێ، واتە پیتی (k) بۆ دەنگی /ک/ و پیتی (q) بۆ دەنگی /ق/ بەکار بێنێ، ئەویش پێشنیازەکەی پەسند کردووە و لە (ژ ٢٤) بەدواوە ئەو گۆڕانکارییەی کردووە. گۆڤارەکە لە (ژ ٢٤)ەوە تا دوا (ژ ٥٧) تەنیا ئەلفوبێی لاتینی بەکارهێناوە.

گۆڤاری هاوار بەدوو زمان دەردەچوو. زمانی کوردی بەهەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە (کرمانجی باکوور و کرمانجی خواروو) و زمانی فڕەنسی. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە میر جەلادەت بەدرخانی خاوەنی گۆڤارەکە لە یەکەم ژمارەدا گوتارێکی دەربارەی ئامانج و شێوەی خەباتی گۆڤارەکە بەزمانی کوردی و عەرەبی و فڕەنسی نووسیوە. لە هەمان ژمارەدا گوتارێکی بۆ ناساندنی ئەلفوبێی کوردی، بەزمانی کوردی و فڕەنسی و تورکی و فارسی نووسیوە. هەروەها لە (ژ ٢٣)دا میر جەلادەت گوتارێکی لە ژێر ناوی (زاری دوملی و مەولوودا عوسمان ئەفەندی) بڵاوکردۆتەوە. ئەم گوتارە لە بنەڕەتدا ئەو پێشەکییەیە کە نووسەر بۆ مەولوودنامەکەی نووسیوە کە لە لایەن گۆڤاری هاوار چاپ کراوە.

لەم گوتارەدا نووسەر باسی زاری زازایی (دوملی) کردووە و دەڵێ مەولوودنامەی عوسمان ئەفەندی یەکەم بەرهەمە بەم زارە چاپ کراوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشی فڕەنسی لە (ژ ٣٠، ٣٢، ٣٤، ٣٧، ٣٩، ٤٣، ٤٤، ٥١، ٥٥، ٥٦، ٥٧)دا نییە. بابەتەکانی بەشی فڕەنسی بریتین لە باسی زمان و ئەلفوبێ و ڕێزمان و فۆلکلۆری کوردی و چیرۆکی مەمێ ئالان و چەندین گۆرانی و حیکایەت و بابەتی فۆلکلۆری و دابونەریتی کوردەواری. جگە لە میر جەلادەت بەدرخان و براکەی د. کامەران عالی بەدرخان و دی یافەرز و چەند نووسەرێکی بەڕەگەز فڕەنسی بۆ بەشی فڕەنسی گۆڤارەکەیان دەنووسی وەکو: (ڕۆژێ لیسکۆ،(٢) میشلیان – PR. G. MICHAELIAN).

(١) علي سيدو الگوراني، القاموس الكوردي الحديث (كردي – عربي) – ط٢، شركة الشرق الاوسط للطباعة، عمان، الاردن، ١٩٨٥، ص ١٧.

(٢) سەلمان عوسمان (کۆنێ ڕەش)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.

میر جەلادەت بەدرخان لە (ژ (١) - ل ١)دا بەو نامەی خۆی ئاشکرا دەکات و هاوار بەخوێنەران دەناسێنێ و دەڵێ (هاوار دەنگێ زانینێ یە. زانین خوە ناسینە. خوە ناسین ژ مەرە رێیا فەلات و خۆشییێ ڤەدکە. هەر کەس کو خوە ناس دکە، دکارە خوە بدە ناس کرن. لەوما کو زمان شەرطا هەیینێ ئا پێیشینە. هاوار ژو پێڤە ب هەر تشتێ کو کوردانی و کوردێتی پێ بەندەوارە دێ مژول ببە. تنێ سیاسەت ژێ دوورە، خوە نائێخە سیاسەتێ. هاوارێ سیاسەت ژ جڤاتێن وەلاتی رەهشتیە ب سیاسەتێ بلا ئەو مژول بن)! لە هەمان گوتاردا بەرنامەی گۆڤارەکە بەم شێوەی خوارەوە ئاشکرا دەکا:

١- بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێیەکی کورد و تۆمارکردنی ڕێزمانی کوردی و لێکۆڵینەوەی زارەکانی زمانی کوردی و پۆلینکردنی زمانی کوردی لەناو زمانانی جیهاندا.

٢- بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئارییەکانی تر و لێکۆڵینەوەی شێوە و پەرەسەندنی زمانی کوردی.

٣- ئامادەکردنی چیرۆک و حیکایەت و ئەفسانە و هەموو جۆرە گۆرانییەکی کوردی و بڵاوکردنەوەیان.

٤- پۆلێنکردنی دیوانی شاعیرانی کورد و بڵاوکردنەوەی ژینامەی شاعیر و ناودارانی کورد.

٥- لێکۆڵینەوەی سەما و هەڵپەڕکێی کوردی و دەستنیشانکردنی بناغەکانی گۆرانی کوردی.

٦- هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی بەزمانی تر لەسەر کورد و کوردستان کراون.

٧- لێکۆڵینەوەی مێژوو و جوگرافیای کوردستان و خێڵەکانی کورد، لە پێش شەرەفخانی بەدلیسییەوە تا دوای سەردەمی ئەو. گۆڤاری هاوار وەنەبێ تایبەتی بێ بەناوچەیەکی تەسکی کوردستان و، تەنها چەند نووسەری زارێکی کوردی تێیاندا نووسیبێ، بەڵکو پەلوپۆی بۆ هەموو لایەکی کوردستان هاویشتووە و نووسەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەشداری نووسینی بابەتەکانیان کردووە، وەکو: جەلادەت بەدرخان، ڕەوشەن بەدرخان، د. کامەران عالی بەدرخان، ئوسمان سەبری (ئاپۆ)، قەدری جان، جەگەر خوێن، مستەفا ئەحمەد بوتی، ئەحمەد نامی، قەدری جەمیل پاشا (زنار سلوپی)، د. نورەدین زازا، حەسەن هشیار، ڕەشید کورد، ساڵح یوسفی، شێخ مەمدوح بریفکانی، ئەنوەر مایی، بەشارێ سەگمان، گۆران، تەوفیق وەهبی، عەبدولخالیق ئەسیری، شاکر فەتاح، فایق بێکەس، هەڤندی سوری، لاوێکی کورد، حامد فەرەج، عەلی سەیدۆ گۆرانی، پیرەمێرد، عەبدولڕەحمان فەوزی، تاهیر فوئاد و چەندین نووسەری دی.

گۆڤاری هاوار لە شاری دیمەشق لە وەڵاتی سوریا دەردەچوو، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە دەفتەری میر جەلادەتدا ماون،[1] گۆڤارەکە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بڵاو دەبۆوە جگە لە تورکیا. دەگەیشتە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و بگرە دەگەیشتە شارەکانی تری دەرەوەی کوردستانیش وەکو بەغدا و بەسرە و دیوانیە و تاران و حەسەکە و چەندانی تر.

(١) دلاوەر زەنگی، گۆڤارا هاوارێ چاپ و بەلاڤ کرن، گۆڤارێ پرس، (ژ، ١٤)، هاوین ١٩٩٨، ل ١٩ (بەلاتینی)



لە چەند وڵاتی تری جیهانیش بڵاو دەبۆوەوە وەکو: لوبنان، حیجاز، میسر، فەلەستین و ئەمریکا. لە لایەکی ترەوە نزیکەی (٤٠٠) کەس ئابوونەی کڕینی گۆڤارەکەیان هەبوو لەوانە چەندین کەسایەتی ناودار و ڕۆشنبیری کورد وەکو: مەلا مستەفا بارزانی، شێخ ئەحمەدی بارزانی لە بارزان، تەوفیق وەهبی بەگ، سەعید قەزاز، فوئاد عارف، مەعروف جیاوک، بەشیر موشیر بەگ، سادق بەهائەدین لە بەغدا، ڕەفیق حیلمی، محەمەد ئەمین بەگ ڕواندزی لە کەرکوک، یوسف عەونی بەگ لە زاخۆ، فەتاح ڕەشید بەگ، ساڵح بەگ میران، وێنەکێش عەبدولڕەحمان موکریانی (گیوی موکریانی) لە هەولێر، حاجی تۆفیق بەگ (پیرەمێرد)، حامد فەرەج بەگ، نوری خاوەنی کتێبخانەی (المعارف)، شێخ مەمدوحی بریفکانی لە دهۆک. هەروەها چەند دامودەزگای سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە ئابوونەیان لە گۆڤاری هاواردا هەبوو.[1] گۆڤارەکە نرخێکی وای بەسەرەوە بوو هاندەرێک بوو بۆ خوێنەری کورد کە بیکڕێ و بیخوێنێتەوە. لە (ژ ٥٣) فرۆشتنی گۆڤارەکە بەم جۆرە بوو: لە سوریا و تورکیا و عەجەمستان (ئێران) و عێراق و وڵاتانی قەفقاس، ئابوونەی بۆ هەر ساڵێک (٥٠٠) قروشی سوری یان (١٠٠) فرەنک و بۆ شەش مانگ (٣٠٠) قروشی سوری یان (٦٠) فرەنک و بۆ سێ مانگ (١٧٥) قروشی سوری یان (٣٥) فرەنک بوو. بۆ وڵاتانی تر، ئابوونەکە بۆ یەک ساڵ (١٥٠) فرەنک و بۆ شەش مانگ (٩٠) فرەنک و بۆ سێ مانگ (٥٠) فرەنک بوو، بەڵام لە (ژ ٥٤)ەوە کلێشەی نرخی گۆڤارەکە گۆڕا و بەم شێوەیە بڵاو دەکرایەوە: کڕینی هاوار لە سوریا بە(٥) لیرەی سورییە و لە وڵاتانی تر بەیەک لیرەی ئینگلیزییە و، ئەم کلێشەیە تا دوا ژمارە بەردەوام بوو.

هەروەکو نەخشەی بۆ کێشرابوو، گۆڤارەکە لە سەراپای ژمارەکانیدا بایەخی زۆری بەزمانی کوردی داوە، چ بەبڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینی تازە بێ و چ بەنووسینی ڕێزمانی کوردی بێ. هەروەها لە ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٦، ٧، ٨، ١٩، ٢٠، ٢٧، ٢٨، ٣٠)دا فەرهەنگۆکێکی بڵاو دەکردەوە، وشە و زاراوەی گرنگی تێدا ڕوون دەکردەوە. ئەمەو، جگە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و بابەتی ئەدەبی کە جێگایەکی زۆریان لە گۆڤارەکەدا گرتبوو. هەروەها بابەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زانستی و بابەتی تری هەمەجۆری تێدا بڵاو دەبووەوە.

خاڵێکی گرنگی هاوار بڵاوکردنەوەی وێنەیە. هاوار بایەخی زۆری بەم هونەرە ڕۆژنامەگەرییە داوە. لە (ژ (٥)، ل ٥)دا وێنەی لاوانی کورد لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە. لەسەر بەرگی (ژ ٩) وێنەی کۆمەڵێ لە کوردەکانی دەشتی هەسنان بڵاو کراوەتەوە و هەمان وێنە لە هەمان ژمارەدا لە لاپەڕە (٥)دا دووبارە کراوەتەوە. لە (ژ ١١)دا وێنەی ئاڵای کوردستان لەسەر هەر دوو بەرگی گۆڤارەکە بڵاو کراوەتەوە. لە هەمان ژمارە و لە لاپەڕە (٣)دا وێنەیەکی خوالێخۆشبوو (خەلیل رامی بەدرخان بەگ) بڵاو کراوەتەوە، هەر لەو ژمارەیەدا و لە لاپەڕە (٧)دا وێنەیەکی دکتۆر ئەحمەد بەیرەقدار هەیە. لە (ژ ١٣)، لەسەر

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
- دلاوەر زەنگی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.
- دلاوەر زەنگی، ئابوونەیێن هاوارێ، گوڤاری پرس، ژمارە (١٥) پاییزی ١٩٩٨، ل ٣٣ (بەلاتینی).

بەرگی گۆڤارەکە وێنەیەکی ئاشووپی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی بڵاو کراوەتەوە و هەمان وێنە لە لاپەڕە (٤)ی ژمارەکە دووبارە بۆتەوە. لە (ژ ٢٦)ی هاواردا لە لاپەڕە (٩) وێنەیەکی ئاشووپی زەردەشت هاتووە و لە (ژ ٤٢)دا هەمان وێنەی زەردەشت لە لاپەڕە (٥)دا دووبارە کراوەتەوە.

ڕیکلام وەکو هونەرێکی ڕۆژنامەگەریی جێگای تایبەتی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار هەبوو. بۆ نموونە ڕیکلامی دکتۆر محەمەد خدر و دکتۆر ئەحمەد نافز بەزمانی عەرەبی لە (ژ ٢)دا بڵاو کراوەتەوە. لە (ژ ٣)دا ڕیکلامی زەنگۆگراف و چاپخانەی (ایوبیە اخوان) لە دیمەشق، بڵاو کراوەتەوە، ئەویش هەر بەعەرەبییە. ئەم ریکلامانە بەزمانی فرەنسیش هەن و لە چەندین ژمارەی گۆڤارەکە دووبارە بوونەتەوە وەکو (ژ ٤، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٣١، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٧، ٣٨، ٤٠، ٤١، ٤٣، ٤٤). لە (ژ ٥٣)دا ڕیکلامی هەردوو پەخشی کوردی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی بێروت و ڕادیۆی بەغدا بڵاو کراوەتەوە. لە (ژ ٣٤)دا گۆڤارەکە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حیلمی پێشان داوە.

لایەنێکی تری هاوار، کە پێویستی بەئاماژەیە، بەکارهێنانی خاڵبەندییە، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و پێشکەوتوو لە هەموو ژمارەکاندا بەکارهاتووە و خوێنەر بەئاسانی هەستی پێدەکات. هاوار بایەخێکی باشی بەهونەری دەرهێنان داوە، چ لە ڕووی بەکارهێنانی قەوارەی جیا جیای پیتی چاپ بێ و چ لە ڕووی دابەشکردنی گوتارەکان بێ لەسەر لاپەڕەکان و چ ڕێکخستنی لاپەڕەکانی بێ لەسەر بناغەی چەند ستوونێک و تەرخانکردنی هەر ستوونێک بۆ بابەتێک. پێرستی بابەتەکانی گۆڤارەکە لە (ژ ١ – ٢٣) بەهەر دوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی هاتووە، لە ژمارەکانی تر تەنیا بەئەلفوبێی لاتینی نووسراوە. دەبێ ئەوەش بگوترێ ناونیشانی گۆڤارەکە کە وشەی (هاوار)ە بەپیتی گەورە لە ناوەڕاستی لاپەڕەکە لە لای سەرەوە نووسراوە، لە ژێر وشەکەشدا نووسراوە (کومەلا کوردی).

ئەمە لە (ژ ١ – ٤)، کەچی لە ژمارە (٥) تا کۆتایی نووسراوە (گوڤارا کوردی). ئەمە لە بەشی ئەلفوبێی عەرەبی، لە بەشی ئەلفوبێی لاتینی هەمان شێوە هاتووە، بەڵام لە (ژ ٨)دا، لە سەرەوە، لە لای چەپی ناوی گۆڤارەکە ژمارە و ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەزمانی کوردی نووسراوە و لە لای ڕاستی وشەی هاوار دیسان ژمارە و ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەزمانی فرەنسی نووسراوە. دەبێ ئەوەش بڵێین لە (ژ – ٥٧) لە ژێر وشەی هاوار بەفرەنسی نووسراوە (Revue Kurde) واتە (گۆڤاری کوردی). دەرچوونی گۆڤاری هاوار وەکو هەر چەشنە خەباتێکی دی تووشی کۆسپ و دژایەتی کردن هاتووە. لە لیستی ئابوونەکانەوە[1] بۆمان دەردەکەوێ کە هاوار لە تورکیا قەدەغە بووە و لە عێراق دوای دەرچوونی (ژ ١٤)، قەدەغە کراوە.[2]

ئەم قەدەغە کردنەی فرۆشتنی هاوار بوو بەهۆی کەم دەرامەتی جەلادەت و ئەوەبوو پاشان نەیتوانی

(١) دلاوەر زەنگی، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) د. کمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری هاوار و کوردی عێراق، گۆڤاری بەیان، (ژ ١٨٢)، ١٩٩٩، ل ٤.



بەردەوام بێ لە بڵاوکردنەوەی، هەر وەکو هاوسەرەکەی خانم ڕەوشەن بەدرخان دەڵێ: زۆر جار کەلوپەلی ناو ماڵی خۆی فرۆشتووە بۆ ئەوەی هاواری پێ چاپ بکا.[1]

لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی فرەنسی لە سووریا بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکیا فشاریان خستۆتە سەر گۆڤارەکە و هۆیەک بوو، بۆ دەرنەچوونی گۆڤارەکە.[2]

دیسان ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری لەناو کورد و چاپبوونی گۆڤارەکە بەئەلفوبێی لاتینی هۆی تر بوون بۆ کەمبوونی خوێنەرانی، چونکە ئەو کاتە نووسینی لاتینی ئەوەندە باو نەبوو لە کوردستاندا، جگە لەوەی کە ڕەزامەندی زانایانی ئایینی و ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمی لەگەڵدا نەبوو.[3] ئەمانە هەموو بەیەکەوە هۆی بەردەوام نەبوونی گۆڤارەکە بوون.

میر جەلادەت بەدرخان هەر بەبڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار نەوەستاوە، بەڵکو لە پاڵ ئەویشدا دەستی بەبڵاوکردنەوەی نامیلکەی کوردی کردووە لە ژێر دروشمی (کتێبخانا هاوارێ). لە (ژ ٤٥)دا کە ڕۆژی ١٩٤٢/٦/٢٠ دەرچووە، لیستی ناوی ئەو کتێب و نامیلکانەی نووسیوە کە لە پڕۆژەکەدا بڵاو کرابوونەوە و تا ئەوسا ژمارەیان گەیشتبووە (١٧) کتێب و نامیلکەی جۆراوجۆر. تەنانەت دوای وەستانی گۆڤارەکەش ئەم پڕۆژەیە هەر بەردەوام بوو. ساڵی (١٩٤٦) ژمارەی کتێب و نامیلکەکان گەیشتنە (٢٠).[4]

جگە لەم پڕۆژەیە میر جەلادەت بەدرخان گۆڤاری (ڕوناهی) وەکو پاشکۆیەکی هاوار دەردەکرد کە ژمارەی یەکەمی لە (١ی نیسانی ١٩٤٢) دەرچووە و ژمارە (٢٨)ی کە دوا ژمارەیە، لە (٢٨ی نیسانی ١٩٤٥)دا دەرچووە. ئەم پاشکۆیە سەرەتا بۆ دەنگوباسی جەنگی دووەمی جیهانیی تەرخان کرابوو، بەڵام دوای (ژ ٦) دەنگوباسی شەڕی تێدا کەم بووە و تەنیا چەند وێنەیەکی لەبارەی شەڕەوە بڵاو دەکردەوە. یەکێ لە تایبەتییەکانی گۆڤاری ڕوناهی ئەوە بوو کە وێنەدار بوو، وێنەی زۆری تێدا بڵاو دەکرایەوە.[5]

گۆڤاری هاوار بەماوەیەکی کەم دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوە و خوێنەر و ڕۆشنبیران لە هەموو لایەکەوە بەگەرمی پێشوازییان لێ کرد و هەندێکیان بەشیعر و نووسین هەست و سۆزی خۆیان بۆ دەربڕی و وتار و شیعریان بەم بۆنەیەوە لەسەر لاپەڕەکانی بڵاوکردەوە، ئەمەش هەندێ لەو بەرهەمانەیە:

– حامید فەرەج لە (ژ ٣، ل ٣) گۆڤارەکەدا کورتە گوتارێکی بەناوی (پیرۆزنامە) بڵاوکردۆتەوە، دەڵێ: (دەمێک بوو چاوەڕوانی ستارەیەکی گەلاوێژی کوردمان دەکرد. تاکو دوێنێ بەچاوی خۆمان دیمان کە ئەویش گۆڤاری (هاوار)ە کە چاوی هەموو کوردێکی ڕوون کردەوە، هیوامان وایە کە تینی پریشکی

(١) دلاوەر زەنگی، سەرچاوەی پێشوو گۆڤاری پرس، (ژ ١٤)، ل ٤.

(٢) دلاوەر زەنگی، گۆڤاری پرس، (ژ ١٤، ٤٠)

(٣) کۆنێ ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.

(٤) کۆنێ ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.

(٥) گۆڤاری ڕوناهی، کومبەندا کاوە، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠١، (هەموو ژمارەکانی، بەلاتینی).

گشت کوردستان ڕووناک کاتەوە و هەموو کوردێک بەدەم ئەم هاوارە بچێ تا بکەوینە سەر ڕێگای ڕاست و بۆ یەکیەتی کوردان هەوڵ بدەین...)

– جەگەرخوین لە (ژ ٦، ل ٤)دا هەستی خۆی بەشیعرێک دەردەبڕێ و دەڵێ:

هزار جـــاری پیــــرۆز بتن ئەڤ هاوار
هـــزار ئـــاه و زاریـــن دکـــن لـــێ ئـــەزم
گـــەلەک خـــو ب دڕەند وەکی گـــولعـــوزار
ژ وان بلبـــلان تێ جـــەگـــەرخـــوین و ژار
گـــوڵســـتـــانێ زارێ مـــەیە ئەی جـــوان

شاکر فەتاح لە (ژ ٦، ل ٦)دا گوتارێکی بەناوی هاوار بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ: (هاوار: نەمامێکە بەدەستێکی زانا لە زەوییەکی بەپیتا نێژراوە، بەڵام ئەوەی بەروبووم بدا دەبێ چاودێری بکرێ تا گەورە دەبێ... ئینجا بەهەموو هێزی خۆمەوە دەقیژێنم: هاوار دێنمە بەر ئەو کەسانەی دوو پوولیان لە گیرفاندایە، کەرتێکی بۆ ژیانی ئەم گۆڤارە دابنێن...).

(سەر ژێر) ناوێک لە (ژ ٧، ل ١)دا گوتارێکی بەناوی (لە هاواردا) نووسیوە، دەڵێ: (دەنگی هاوار لە شامەوە دێتە گوێم لە پاش ئەوەی دەشت و بیابانی بێگانە (بیانی) و کێو و کژی خۆمان ئەبڕێ بەڵام تەئسیرەکەی ناگۆڕێ لە دڵی مندا، نەک بەتەنها هەر لە دڵی مندا، بەڵکو لە دڵی هەموو کوردێکیدا...).

ئەحمەد نامی لە (ژ ٩، ل ٦)دا شیعرێکی بەناوی (داخوازنامە) بڵاوکردۆتەوە، لە جێگایەکدا دەڵێ:

من دی روهنیکی هلبـــو بو ژ دا مـــاس
شـــەفـــەق دابو جـزیرێ و ئەرزێ قـــافـــقـــاس
بەر بر جـــا بەلەک لێ پرســـیـــار بوون
من گـوتی وان کی پێنج حەرفی هاوار بوون
نەدی نامی ل ناڤ کـــوردان یەکی مـــێـــر
ژ بـۆ چـاپا هـاوارێ چێــــــبکـی زێـر...

گۆران لە (ژ ١٠، ل ٥)دا هەستی خۆی بەرامبەر بنەماڵەی بەدرخانیان و دەرچوونی گۆڤاری هاوار بەشیعری (ئیلهامی هاوار) دەردەبڕێ و دەڵێ:

بەکۆمەڵ بگرن گوێ لە هاواری
کۆمەڵ جەلب ئەکا رقڤەتی باری

پیرۆت ناوێک لە (ژ ١٠، ل ١)دا گوتارێکی لە ژێر ناوی (عەکسی صەدای هاوار) نووسیوە و لە بڕگەیەکدا دەڵێ: (بەخۆشی دڵ و گشایشی گیانەوە چەند نوسخەیەکی گۆڤارە گرانبەهاکەتانم خوێندەوە. بەڕاستی دڵی تەنگ ئەکاتەوە و بیری وشک هەڵهاتوو ئاو دەداتەوە. یەزدان پایەدارتان بکات... ئەوەی زیاتر هیوا ئەبەخشیت، تێ ئەدات بەتوانا: ئەو ڕێگای تەجەدود و تازەگییەیە کە کردووتانە بەنیشانە. هەوڵ گەواهی ئەمە وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی تیپ (حروف)ی فرەنکییە، بەڕاستی بۆ ژیاندنەوەی کورد و



ئەدەبیاتی کوردی ئەوە هەنگاوێکی پاڵەوانانەیە...) حەبەش ئیسماعیل لە (ژ ٢٠، ل ١١)دا بەشیعرێک کە لە ژێر ناوی (بەرخکێ هاوارێ) نووسیویەتی، هەستی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

هـــاوار هـــاوار دەلالـــی
تـو روهـینـا چـاڤـــانـی
نـوخـــــوری یـا مـللـەتـی
ڕێـزانـی هـەم ڕێـبــــەری

## چی دەربارەی گۆڤاری هاوار نووسراوە:

کۆنترین سەرچاوە ئاماژەی بۆ گۆڤاری هاوار کردبێت، کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادییە کە لە بارەی گۆڤارەکە دەڵێ: (هاوار گۆڤارێکی ئەدەبی نیو مانگی بووە، نیوەی بەپیتی لاتینی ئەنووسرا لەسەر شێوەی بۆتان، یەکەم ژمارەی لە (١٥)ی مایسی **١٩٣٢** لەلایەن خاوەنەکەیەوە ئەمیر جەلادەت عالی بەدرخان لە شام دەرچووە. تەنها (١٤) ژمارەی لێ دەرچوو ئیتر پەکی کەوت.[*]

ئەم گۆڤارە یەکێ لە گۆڤارە چاکەکانی کورد بووە).[١] دوای ئەو، جەمال خەزنەدار لە ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەڵێ: (هاوار گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی ئەدەبی و سیاسی بووە خاوەن و بەرپرسیاری جلادت عالی بەدرخان بووە لە شاری دیمەشق دا دەردەچوو. ژمارە (١) لە (١٥)ی مایسی ١٩٣٢ دەرچووە)[٢] ئینجا دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لەوانەی پێشوو وردتر باسی گۆڤارەکە دەکات و دەڵێ:

(... جەلادەت بەدرخان بڵاوی دەکردەوە.ساڵی یەکەم (٢٠) ژمارەی لێ دەرچوو، ئەو ژمارانەی لەگەڵ (٣) ژمارەی ساڵی دووەمی بەپیتی هیجا و لاتینی چاپکراون. لە (ژ ٢٤)یەوە (١ی نیسانی ١٩٣٤) هەمووی تەنها لاتینییە. تا ئێستە (ساڵی **١٩٨٧** ع. أ) بەتەمەنترین گۆڤاری کوردییە: یازدە ساڵ ژیا و تا (١٥ی ئابی **١٩٤٣**) (٥٧) ژمارەی لێدەرچوو کە بەسەر یەکەوە (٨٠٨) لاپەڕەن. یەکێکە لە گۆڤارە کوردییە دەوڵەمەندەکان. نووسەرانی کوردی عێراق گەلێک بەرهەمی نایابیان تێدا بڵاوکردۆتەوە بەتایبەت لە (٢٣) ژمارەی یەکەمیدا).[٣] چەند نووسەرێکی تر وەکو عەبدولقادر بەدرەدین[٤] و وریا

---

(*) لە ڕاستیدا گۆڤارەکە دوای ژمارە (١٤) پەکی نەکەوت، بەڵکو دوای ئەو ژمارەیە حکوومەتی عێراق قەدەغەی کرد بێتە عێراق. بڕوانە: د. کمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری هاوار و کوردی عێراق، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٨٣)، ١٩٩٩، ل ٤ – ٩.

(١) عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، **١٩٥٢**، ل **٥٥٥**.

(٢) جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، مطبعة الجمهورية، بغداد، **١٩٧٣**، ل **٣٦**.

(٣) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، **١٩٧٨**، ل **٣٣٥**.

(٤) عبدالقادر بدرالدين، موجز عن مسيرة الصحافة الكردية في (الجزء الغربي) سوريا بيروت، **١٩٩٨**، ص **٨٨**.

جاف[1] هەمان زانیارییان وەرگرتووە و دووبارەیان کردۆتەوە، بەڵام هەندێ نووسەری تری وەکو د. سەعد ناجی جەواد[2] بۆ ئەوە دەچێت کە گۆڤاری هاوار سەر بەکۆمەڵەی خۆیبوون بووە. من دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم ڕایە ڕاست نییە، چونکە وەکو زنار سلوپی دەڵێ جەلادەت بەدرخان لە ئابی ساڵی ١٩٣٢ وازی لە خۆیبوون هێناوە[3]، لەلایەکی تریشەوە جەلادەت بەدرخان خۆی لە (ژ ١، ل ١)دا دووپاتی دەکاتەوە کە گۆڤارەکە لە سیاسەت دوور دەبێت.

جگە لەم باسە سەرەڕۆ و سەرەقەڵەمانە، چەند لێکۆڵینەوەیەکی باش لەبارەی گۆڤاری هاوار کراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە پێش چاو:

– د. حوسێن حەبەش لە ساڵی ١٩٨٢ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ژێر ناوی (ڕاپەڕینا چاندا کوردی د گوڤارا هاوارێ دە)[4] بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە ژێر سەرپەرشتی پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ و بەزمانی ڕووسی پێشکەشی زانکۆی مۆسکۆ کردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو بەشە. بەشی یەکەم دەربارەی جێگای هاوارە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و، بەشی دووەم دەربارەی هاوار و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردییە. لێکۆڵینەوەکە دوو پاشکۆی لەگەڵدایە: یەکەمیان لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییە تا ساڵی ١٩٧٠ و، دووەمیان دەربارەی جەگەرخوینی شاعیر و گۆڤاری هاوارە. لێکۆڵینەوەکە ساڵی ١٩٩٦ بەزمانی کوردی لە شاری بۆن لە ئەڵمانیا چاپ کراوە.

– د. بەدرخان سندی لە (ژ ١٢٨)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی (هۆزانڤانەتی ل گۆڤارا هاواردا)[5] بڵاوکردۆتەوە. دوای پێشەکییەکی کورت، د. بەدرخان باسی (١٩) شاعیری کردووە کە بەرهەمیان لە هاواردا بڵاوکردۆتەوە و بۆ هەر یەکێ نموونەیەک یان چەند نموونەیەکی داوە.

– د. بەدرخان سندی لە هەمان گۆڤاردا لە (ژ ١٣٣)، لێکۆڵینەوەیەکی تری لەبارەی هاوار نووسیوە بەناوی (میللینی یا گۆڤارا هاوار).[6] باسی ئامانجا هاوار و ئەدەبی کوردی لە هاوار و دەوری هاوار لە بڵاوکردنەوەی هەستی کوردینی دەکات و باسی هەندێ لە نووسەرە دیارەکانی هاوار دەکات و نموونەیان

---

(١) وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٤٦.

(٢) د. سعد ناجي جواد، الاقلية الكردية في سوريا، مطبعة التعليم العالي بغداد، ١٩٨٨ (للتداول المحدودة)، ص ٢١.

(٣) زنار سلوپي، في سبيل كردستان، (مذكرات)، ترجمة ر. علي، رابطة كاوة للثقافة الكردية، دار الكتاب، ١٩٨٧، ص ١٩٩.

(٤) د. حوسێن حەبەش، ڕاپەڕینا چاندا کوردی د گوڤارا هاوارێ دە، بۆن، ١٩٩٦. (لاتینی).

(٥) د. بدرخان سندی، هۆزانڤانەتی د کوڤارا هاواردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٣٨)، ١٩٩٢، ل ١٤ – ٣١.

(٦) د. بەدرخان سندی، میللینی یا گۆڤارا هاوار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٣)، ١٩٩٤، ل ٢٦ – ٣٤.



پێشکەش دەکات وەکو: سەید حوسێن حوزنی و حامید فەرەج و سەرژێر... ئاماژەیەکیش بۆ دەوری هاوار دەکا لە یەکخستنی زمانی کوردی و پەیڕەوکردنی ئەلفوبێی تایبەتی، لەگەڵ چەند بابەتی تر.

فەرهاد پیربالّ لە گۆڤاری (مامۆستای کورد)، ژمارە (١١ – ١٢)دا، وتارێکی بەناوی (چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار)[1] بڵاوکردۆتەوە. بەکورتی باسی هاواری کردووە و بەخێرایی بەسەر چیرۆکەکانی هاواردا چووە و زانیاری پێویستی لەبارەی تۆمار کردوون و پاشان ببلیوگرافیایەکی بۆ چیرۆکەکانی هاوار کردووە کە بەبۆچوونی ئەوەوە ژمارەیان گەیشتۆتە (٧٠) چیرۆکی کوردی و (٦)ی وەرگێڕدراو – شایەنی باسە فەرهاد پیربالّ ئەم باسەی دووبارە لە (ژ ١٤)ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکردۆتەوە.

– دیار دوسکی لە (ژ ٧٥)ی گۆڤاری مەتیندا لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی (کوڤارا هاوار و زارێ کرمانجی یا ژیرێ)[2] نووسیوە. نووسەر باسی نووسەرانی زاری ژێری دەکا کە بەشدارییان لە نووسینی وتار و شیعری هاواردا کردووە و ناوەکان تۆمار دەکات و نموونەی نووسینەکانیان دەخاتە بەرچاو.

ئەنوەر محەمەد تاهیریش لە هەمان ژمارەی گۆڤاری مەتیندا، لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی (ڕۆڵی گوڤارا هاوار بۆ پێشخستنا چیروکا کوردی یا هونەری)[3] بڵاوکردۆتەوە. باسی لایەنی هونەریی چیرۆکەکانی هاوار دەکات و، بەتایبەتیش لە چیرۆکەکانی قەدری جان و کامەران و جەلادەت دەدوێ.

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە (ژ ١٨٣)ی گۆڤاری بەیاندا، لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (کۆڤاری هاوار و کوردی عێراق)[4] نووسیوە. موسەدەق توڤی لە (ژ ٩)ی گۆڤاری (دهۆک)دا، لێکۆڵینەوەیەکی نووسیوە بەناوی (گوڤارا هاوار و شۆڕشا ڕەوشەنبیری)،[5] هەوڵی داوە دەوری گۆڤارەکە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و کۆکردنەوەی نووسەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دەوری خۆیدا، ڕوون بکاتەوە.

### کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هاوار:

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرچوونی گۆڤاری هاوار و پەرشوبڵاوبوونەوەی ژمارەکانی. ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد بیریان لەوە کردەوە ژمارەکانی گۆڤارەکە کۆبکەنەوە و ساغیان بکەنەوە و بڵاویان بکەنەوە بۆ ئەوەی بەسەریەکەوە لەبەر دەستی خوێنەرانی کورددا بێ. بۆ ئەم مەبەستەش چەند هەوڵێکی دڵسۆزانە دراوە.

---

(١) فەرهاد پیربالّ، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە (١١ – ١٢)، هاوینی ١٩٩١، ل ١٣ – ٢٨.

(٢) دیار دوسکی، کوڤارا هاوار و زارێ کرمانجی یا ژیرێ، گۆڤاری مەتین، ژمارە (٧٥)، نیسانی ١٩٩٨، ل ٢٨، ل ٣٤.

(٣) ئەنوەر محەمەد تاهیر، ڕۆڵی گۆڤارا هاوار بۆ پێشخستنا چیروکا کوردی یا هونەری، گۆڤاری مەتین، ژمارە (٧٥)، نیسانی ١٩٩٨، ل ٣٥ – ٤٣.

(٤) کەمال مەزهەر، گۆڤاری هاوار و کوردی عێراق، گۆڤاری بەیان ژمارە (١٨٣)، ١٩٩٩، ل ٤ – ٩.

(٥) موسەدەق توڤی، کوڤارا هاوار و شۆڕشا ڕۆشنبیری، گوڤاری دهۆک، ژمارە (٩)، ٢٠٠٠، ل ٢٠ – ٢٣.

گرنگترینیان ئەمانەن:

– حەمرەش ڕەشۆ ساڵی (١٩٧٦) ژمارەکانی (٢٤ – ٥٧)ی گۆڤارەکەی کۆکردەوە و د. نورەدین زازا پێشەکی و ژینامەی خاوەنەکەی بۆ نووسی و لە شاری (بەرلین) لە ئەڵمانیا بڵاوکرایەوە.

– محەممەد بەکر، ساڵی (١٩٨٧) لە وڵاتی سوید ژمارەکانی (١ – ٩)ی کۆکردەوە و ئەو بابەتانەی بەئەلفوبێی عەرەبی نووسرابوون ڕایگوێزانە سەر ئەلفوبێی لاتینی و بەپێشەکییەکەوە بڵاوی کردنەوە.

– فرات جەوەری ساڵی (١٩٩٨) هەموو ژمارەکانی گۆڤاری هاواری کۆکردەوە و ئەو بابەتانەی بەئەلفوبێی عەرەبی نووسراون هەمووی ڕاگوێزانە سەر ئەلفوبێی لاتینی و پێرستی ڕێکوپێک و بەپێشەکی پوخت و تێروتەسەل و بەچاپێکی قەشەنگ لە بڵاوکراوەکانی (نودەم)، لە شاری ستۆکهۆڵم بەچاپی گەیاند.

– کوم بەندا کاوە، ساڵی ٢٠٠١، بەهەمان شێوەی فرات جەوەری لە هەولێر، کوردستانی عێراق. هەموو ژمارەکانی دووبارە خستەوە بەردەستی خوێنەری کورد.

### ژیانی میر جەلادەت بەدرخان

میر جەلادەت بەدرخان کوڕی نۆبەرەی ئەمین عالی بەدرخان بەگی میری بۆتانە لە (سەنیحە)ی ژنی کە بەڕەگەز چەرکەس بوو. لە (٢٦)ی نیسانی ١٨٩٣ لە ئەستەنبوڵ لە دایک بووە. لە قوتابخانەکانی ئەستەنبوڵ و ئەدنە و قونیە و ئەنقەرە و عەکا و نابلس و سالونیکی یۆنانی قۆناغی سەرەتایی و سانەوی خوێندووە، پاشان چۆتە کۆلیجی جەنگ و بەپلەی ئەفسەر دەرچووە. یەکەم گوتاری ساڵی (١٩٠٨) بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی (١٩١٧) وەکو ئەفسەر بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە. ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ مێجەر نۆئێل و د. کامەرانی برای و ئەکرەم جەمیل پاشا گەشتێکی بەکوردستاندا کردووە. ساڵی (١٩٢٢) ناوی لە لیستی ئەو کەسانە بوو کە تورکیا بەتەما بوو نەفییان بکات، ئیدی ناچار بوو چووە ئەڵمانیا بۆ خوێندن. ساڵی ١٩٢٥ پەیوەندی بەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کرد و کە شۆڕش نسکۆی هێنا گەڕایەوە ئەڵمانیا و بڕوانامەی لیسانسی لە (حقوق – ماف) وەرگرت. باوکی لە میسر بوو. کە زانی باوکی نەخۆشە چووە میسر بۆ سەردانی و دوای مەرگی باوکی چووە بیروت بۆ ماڵی خەلیل رامی بەدرخانی مامی. ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی کورد کۆمەڵەی (خۆیبوون)ی دامەزراند و پاشان پەیوەندی بەشۆڕشی ئاگری کرد و دوای شکستی شۆڕش چووە سوریا.

ساڵی (١٩٣٢) دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار و، ساڵی ١٩٣٥ خانم ڕەوشەن بەدرخانی مارە کرد و هەمان ساڵ بوو بەمامۆستای زمانی فرەنسی لە قوتابخانەی پیشەسازی لە دیمەشق، ساڵی (١٩٣٩) بوو بەپارێزەری کۆمپانیای ریجی فرەنسی، لە ١٩٤٢/٤/١ دەستی بەبڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕوناهی کرد. لە ساڵی (١٩٥٠)وە خەریکی کشتوکاڵ بوو و لە ١٩٥١/٧/١٥ کۆچی دوایی کرد.



### بەرهەمەکانی:

میر جەلادەت جگە لە دەرکردنی هاوار و ڕوناهی، بەرهەمی زۆری هەبووە هەندێکیان لە سەردەمی خۆی چاپ بوون و هەندێکیان بەدەستنووسی مابوونەوە لەوانە:

١- ڕیزمانا ئەلفا بێ یا کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانا هاوارێ، ژ ١، چاپخانەی تەرەقی شام، ١٩٣٢.

٢- روپەلینێن ئەلفا بێ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانا هاوارێ، ژ ٢، چاپخانەی تەرەقی شام، ١٩٣٢.

٣- بیشیبیا پێغەمبەر ب کوردی یا دوملی ژ ئامادەکرنا عوسمان ئەفەندی ب دیباجا جەلادەت بەدرخان، کتێبخانا هاوارێ، ژ ٤.

٤- مەکتوب ژ مستەفا کەمال پاشێرا، کتێبخانا هاوارێ، ژ ٦.

٥- ژ مەسەلا کوردستانێ، کتێبخانا هاوارێ، ژ ٨.

٦- نڤێژێن ئێزدی یا ب دیباجا جەلادەت بەدرخان، کتێبخانا هاوارێ، ژ ٥.

٧- (گرامێر کورد) (واتە ڕێزمانی کوردی) بەزمانی فرەنسی، ساڵی (١٩٤٣) چاپ کراوە.

٨- (گرامێر کورد) (واتە ڕێزمانی کوردی) بەزمانی فرەنسی، ساڵی (١٩٧٠) بەناوی میر جەلادەت بەدرخان و ڕۆژێ لیسکۆ لە پاریس چاپ کراوە.

٩- فەرهەنگی کوردی – فرەنسی (دەستنووس)، خانم ڕەوشەن بەدرخان، ساڵی (١٩٧١) پێشکەشی کۆڕی زانیاری کوردی کردووە لە بەغدا.

١٠- دیوانێکی چاپکراوی هەیە بەناوی (دوتمام) لە سوید چاپ کراوە.(*)

(*) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ژیان و بەرهەمی جەلادەت بەدرخان بڕوانە:

– سەلمان عوسمان (کۆنێ ڕەش)، الامیر جلادت بدرخان، حیاتە و فکرە، مطبعة الکاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢، ص ٤٥.

– صادق بەهائەدین ئامێدی، جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠، ل ٢٥٥.

– ناهیدە رەفیق حیلمی، ژیانی پرشنگداری میر جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٣٩، ساڵی ١٩٩٧، ل ٧١.

**بەشی یەکەم**

# بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا سەردەمی گۆڤاری هاوار

**یەکەم: باری سیاسی:**

جەنگی یەکەمی جیهانیی (١٩١٤ - ١٩١٨) ڕووداوێکی هەرە گەورەی جیهانی بوو و گۆڕانکارییەکی زۆری لە ژیانی زۆربەی میللەتان هێنایە ئاراوە و، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە کوردستان شوێنێکی ستراتیجی تێدا هەیە، لە تراجیدیایەکانی جەنگەکە بەدوور نەبوو.

(ڕووداوەکانی جەنگ و ئەنجامەکانی زیانێکی گەورەی بەکورد گەیاند)[١] و کوردستان زیاتر پارچە پارچە کرا.

لە کاتی شەڕی بریتانیا و فرەنسا و ڕووسیا، کە هەستیان کرد ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی بەرەو بەزین دەچن، لەسەر ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتنە گفتوگۆ.

(سیر مارک سایکس (بریتانیا) و چارلز فرەنسیس جۆرج بیکۆ (فرەنسا) و سیر جی سازانۆف (ڕووسیا)، لە ئەیاری (١٩١٦)دا کۆبوونەوە و گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەک کە بە(ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆ) ناسراوە).[٢]

بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، (فەرنسا دەستی بەسەر سوریا و لوبنان و کیلیکیا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ویلایەتی مووسڵی باکووری عێراقدا دەگرت کە بەناوچەی شین ناوی هاتبوو، بریتانیا دۆڵی ڕافیدەین و هەردوو میناکانی عەکا و حەیفا و ڕۆژهەڵاتی ئەردەنی بەردەکەوت کە بەناوچەی سوور ناونرا بوو، فەلەستین دەکەوتە ژێر بەڕێوەبەرایەتی نێو دەوڵەتی، ناوچەکانی ئەرمینیا لە تورکیا و باکووری کوردستان لەگەڵ قوستەنتینییە بۆ ڕووسیا دەبوو کە بەناوچەی زەرد ناوی هاتبوو.

لە هەمان کاتدا بریتانیا و فرنسا بەڵێنیان دا ناوچەی باشووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بدرێ بەئیتالیا بەمەرجێ ڕووسیا پێی ڕازی بێ. لە دواییدا بریتانیا توانی فرەنسا قایل بکا ویلایەتی موسڵی پێبدا، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ئەم ڕێککەوتننامەیە ئاشکرا بوو، بوو بەهۆی نارەزایی گەلانی ناوچەکە).[٣]

---

(١) د. كمال مظهر احمد - كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ط ٢، بغداد، ١٩٨٤، ص ١١ - ١٢.

(٢) د. حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢، ص ٥٥.

(٣) د. عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٨٤، ص ١٥.



دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، گەلانی ناوچەکە کە کوردیش یەکێ بوو لەوان، ڕاپەڕین و داوای مافی سەربەخۆیی خۆیان کرد، بۆ ئەم ئامانجە زنجیرەیەک چالاکی سیاسی و شۆڕش لە کوردستاندا ئەنجام دران، لە خوارەوە بەکورتی باسی هەندێکیان دەکەین:

**١- شۆڕشی شێخ مەحموودی بەرزنجی:**

کە هودنەی (مەندەرۆس) لە (٣٠)ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ مۆر کرا و ڕۆژی پاشتر پیادە کرا، سوپای بریتانیا (١٢) میل لە مووسڵ دوور بوو. لە (٢)ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ عەقید لچمان گەیشتە شاری مووسڵ و جەنەڕاڵ سێر ولیام مارشال داوای لە فەرماندەی تورکەکان، جەنەڕاڵ (عەلی ئیحسان پاشا) کرد کە لە باشووری مووسڵ بوو، بۆ ئەوەی بەپێی ماددەی (٦)، (٧)ی هودنەی (مەندەرۆس) لە مووسڵ بکشێتەوە، بەڵام (عەلی ئیحسان پاشا) ڕازی نەبوو لە مووسڵ بکشێتەوە.[١]

لەوە بەدواوە کێشەی مووسڵ لە نێوان تورکەکان و بریتانییەکان سەری هەڵدا، بریتانیا هەوڵی دا کورد بۆ خۆی ڕابکێشێ، ئەوە بوو مێجەر نوئێل لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ گەیشتە سلێمانی و ڕۆژی دوایی لە بەردەرکی سەرا بەفارسی گوتی: (من بەناوی حکوومەتی بریتانیا و حاکمی گشتی عێراقەوە قسەتان لەگەڵ دەکەم. ئێوە لە دیلیی ڕزگار بوون. لەمەولا ئازادن شێخ مەحموود حوکمداری کوردستانە، لەسەر فەرمانی حاکمی گشتی لە بەغدا ئەم مژدەیەتان دەدەمێ).[٢]

دوای ئەوە شێخ بوو بەحوکمداری کوردستان (دەستی بەفراوان کردنی بازنەی دەسەڵاتەکەی کرد بەرەو کفری و کەرکووک، بەڵام هۆزەکانی ئەم ناوچانە ڕازی نەبوون لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا کار بکەن).[٣]

پاشان شێخ داوای هەموو ویلایەتی مووسڵی کرد و ویستی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، لەولاوەش ئینگلیز جێ پێی خۆیان لە ناوچەکە قایم کرد و سنووری چالاکی شێخ مەحموودیان تەسک کردەوە. لە هەمان کاتدا (سوودیان لە ململانێی ناو ڕیزەکانی سەرکردایەتی کوردی وەرگرت).[٤] وردە وردە بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوت کە ئینگلیز لەگەڵ ئامانجەکانی کورد نین، بەڵکو بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندی خۆیان هەموو ڕێگایەک دەگرنە بەر. لێرە گرژییەکیان کەوتە نێوان و هەریەکە بەگومانەوە سەیری ئەوەی تری دەکرد. لە ئەنجامدا چەندین ڕاپەڕین لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان دژی ئینگلیز بەرپا بوون (یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین لە ئازاری ١٩١٩ لە ناوچەی زاخۆ ڕوویدا، هۆزی گۆیان

---

(١) د. فاضل حوسێن، کێشەی ویلایەتی مووسڵ، چ ١، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، سلێمانی، ١٩٩٩، چاپخانەی خاک، ل ٧.

(٢) ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب ١، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٦٨، ل ٢٠ - ٢١.

(٣) عبدالمنعم الغلامي، ثورتنا في شمال العراق/ ١٩١٩ - ١٩٢٠، ط ١، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٦، ص ٦٣.

(٤) جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ط١، دار الرازي، بيروت، لبنان، ١٩٩٢، ص ١٢١.

ئەفسەری سیاسی ناوچەکە (کاپتن پیرسن)یان کوشت و هاورێکانیان بەدیل گرت، لە وەڵامدا ئینگلیز فرۆکەیان خستە کار، بەڵام نەیان توانی بەسەر بارودۆخەکە زاڵ بن تا هاوینی ئەو ساڵە).[1] لە هەمان کاتدا لە چەند جێگایەکی تر خەڵکی کوردستان ڕاپەڕین وەکو: (ڕاپەڕینی بارزان بەسەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی).[2]

لە هەمان کاتدا شێخ مەحموود پەیوەندی بەو سەرۆک هۆزانە کرد کە هاوکاری بوون (لە (٢١)ی ئەیاری ١٩١٩، لەشکری ئینگلیز و لەشکری مەحموود خانی دزڵی لە بناری گۆیژە بەرەو ڕووی یەکتری بوونەوە. لەشکری ئینگلیز شکا و گەڕانەوە ناو شاری سلێمانی).[3] لە هەمان ڕۆژدا، شێخ مەحموود دەستی بەسەر شاری سلێمانی داگرت و فەرمانی دا لەباتی ئاڵای ئینگلیز، ئاڵایەکی تری (ڕەنگ سەوزی هیلالێکی سوور) لەسەر بارەگای ئەفسەری سیاسی هەڵبدەن.

(شۆڕشگێڕان هێڵی تەلگرافی نێوان کەرکووک و بەغدایان بڕی، بۆیە تا سێ ڕۆژ پێ نەچووبایە سەرکردایەتی بەریتانی بەڕووداوەکانی سلێمانی نەدەزانی).[4]

بۆ گرتنەوەی سلێمانی «لە (٢٥)ی ئەیاری ١٩١٩، هێزی ئینگلیز بەسەرکردایەتی ڕائید (بوص) بەرەو سلێمانی چوو، لە تاسلوجە شۆڕشگێڕان لێیان هاتنە دەست و زیانێکی زۆریان لێدان و پاشەکشەیان پێکردن، دوای ئەم سەرکەوتنە زۆر لەوانەی ڕاڕا بوون خۆیان دایە پاڵ شێخ مەحموود و تەنانەت هێزەکانی کوردی ئێرانیش داوایان کرد لەگەڵ حکومەتی کوردی شێخ مەحموود یەک بگرن».[5]

پاش ئەم شکستە ئینگلیزەکان هێزیان کۆکردەوە و بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ فرێزەر لە حوزەیرانی ١٩١٩ ڕوویان کردە سلێمانی و لە دەربەندی بازیان بوو بەشەڕ و لەم شەڕەدا شۆڕشگێڕان شکان و «شێخ مەحموود بەبریندار گیرا و ڕەوانەی بەغدا کرا، لەوێ دایانە دادگا و حوکمی سێدارەیان بۆ دەرکرد».[6]

(ولسن)ی حاکمی گشتی لە عێراق حەزی دەکرد شێخ مەحموود لەسەری بدرێ چونکە لەو باوەڕەدا بوو (تا شێخ لە ژیاندا مابێت لایەنگرانی هیوایان بەگەڕانەوەی دەبێ و سەر بۆ ئینگلیز شۆڕ ناکەن و

(١) د. کمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٨، ص ٨٠ – ٨١.

(٢) م. س. لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧ – ١٩٢٣)، ط ١، ترجمة عبدي حاجي، بيروت، لبنان، ١٩٩١، ص ٧٠.

(٣) ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

(٤) البرت. م. منتشا شفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة د. هاشم صالح التكريتي، مطبعة (جامعة بغداد)، ١٩٧٨، ص ٣٠٩.

(٥) س. جيي. ادمونز، كورد و ترك و عرب، ط ٢، ترجمة جرجيس فتح الله، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩، ص ٣٤.

(٦) البرت. م. منتشا شفيلى، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٢.



دوژمنانیشی لە ترسی گەڕانەوەی ناوێرن بەتەواوی خزمەتی ئینگلیز بکەن. لە هەمان کاتدا لەوانەیە بەلەسێدارەدانی شێخ کوردستان ئارامی بەخۆیەوە ببینێ).[1]

بەڵام بۆ ئەوەی سیاسەتی ئینگلیز لە کوردستاندا تەگەرەی تێنەکەوێ، حوکمی لە سێدارەدانی شێخ مەحموودیان گۆڕی بۆ دوور خستنەوە بۆ وڵاتی هیند بۆ ماوەی (١٠) ساڵ.

دوای شەڕی دەربەندی بازیان، شاری سلێمانی داگیر کرا و ئینگلیز سەرۆک هۆز و شۆڕشگێڕەکانی کوردیان گرت و دەستیان بەسەر خانوو و ماڵیان داگرت.[2]

ئینگلیز دوای گرتنەوەی سلێمانی توانی ناوچەکانی دەوروبەریشی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام توند و تیژی ئینگلیز لە کوردستاندا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی جموجۆڵی چەکدارانەی تر دژی داگیرکەران.

لە (١٥)ی تەمووزی (١٩١٩) لە ئامێدی دوو ئەفسەری ئینگلیز و چەند کەسێکی تر کوژران و «ڕۆژی پاشتر شۆڕشگێڕان پەلاماری ئۆردووگای ئینگلیزیاندا و لە گوندی (بێباد) دەستیان بەسەر داگرت».[3] ئینگلیز بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئەم زیانە، بەقسەی حاکمی سیاسی شاری مووسڵ (لیچمن) «لە ئابی ١٩١٩ گوندی بامەڕنێ و شاری ئامێدییان داگیر کردەوە».[4] دوا بەدوای ئەمە هەندێ شەڕی خوێناوی لە ناوچەکە قەوما، وەکو: (گەلی مزووركا)، (سوارە تووکا)، (بەهنونە)، (مەلا عەرەب)، (کەلاتی شەعبانیە). ڕەفتاری داگیرکەرانەی ئینگلیز لە کوردستاندا، ڕق و بێزاری خەڵکی بەرامبەر بەئینگلیز زیاتر کرد و «لە (١٥)ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ شاری ئاکرێ لە هێزی داگیرکەر پاک کرایەوە و زەبرێکی توندی لێ درا».[5]

لە گەرمەی ئەو شەڕ و پێکدادانانەدا، حکوومەتی ئەنقەرە بڕیاری دا لایەنگری خۆی (ڕەمزی بەگ) بکاتە قایمقامی ڕواندز و بەگەیشتنی ئەو شاڵاوێکی گەورەی ڕزگارکردنی شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر لە هێزی بریتانی دەستی پێکرد.

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران، (عەقید عەلی شەفیق) ناسراو بە(ئۆزدەمیر) گەیشتە ناوچەکە و ڕای گەیاند کە: «ئەرکی ئەوەیە دەست بەسەر ویلایەتی مووسڵ دابگرێت کە هی خۆیانە».[6] لەو کاتەدا کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆکی هۆزی هەمەوەند کابتن (بۆند)ی ئەفسەری ئینگلیزی لە نزیک چەمچەماڵ کوشت و پەیوەندی بەئۆزدەمیرەوە کرد.

بۆ پووچەڵ کردنەوەی پلانی تورکیا و وەرگرتنەوەی ویلایەتی مووسڵ و ئارام کردنەوەی کوردستان،

(١) د. حامد محمود عيسى، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

(٢) البرت. م. منتشا شفيلى، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٢.

(٣) عبدالمنعم الغلامى، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٤) د. حامد محمود عيسى، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

(٥) د. حامد محمود عيسى، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

(٦) البرت. م. منتشا شفيلى، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

بریتانیا بڕیاری هێنانەوەی شێخ مەحموودی دا «شێخ مەحموود لە (١٢)ی ئەیلولی ١٩٢٢ گەیشتەوە بەغدا».[١]

شێخ مەحموود لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بریتانی لە عێراق ڕێکەوت کە: «بگەڕێتەوە سلێمانی لەباتی شێخ قادر ببێ بەسەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی، بەمەرجێ ڕێگا بەهێزی تورکیا نەدا بێتە ناو شاری سلێمانی و لە ناوچەکانی تری کوردستانیش دەریان بکا و دەست لە کاروباری کەرکووک و هەولێر وەرنەدا و مێجەر نۆئێل ببێ بەڕاوێژکاری شێخ مەحموود و نوێنەری بریتانیا».[٢]

شێخ مەحموود لەناو پێشوازییەکی گەرمی ڕێگا و ناو شار، «لە (٣٠)ی ئەیلول گەیشتەوە سلێمانی. ئەو پێشوازییە گەرمە وای کرد هەر زوو شێخ مەحموود بەڵێن و ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ بریتانیادا فەرامۆش بکا».[٣] ڕۆژی (٤)ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، شێخ مەحموود نازناوی (ملک کردستان) بۆ خۆی دانا و ئاڵای کوردی بەرز کردەوە. حکوومەتی بریتانیا بەیاننامەیەکی دەرکرد و (ئەدمۆندز)یش سەرکردە کوردەکانی ئاگادار کردەوە کە: «حکوومەتی بریتانیا و عێراق دان بەمافی کوردەکانی ناو سنووری عێراق دادەنێن بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی و بەو هیوایە بوون ئەوانە بتوانن لەسەر شێوەی حکوومەتی کوردستان ڕێک بکەون و شاندێکی خاوەن دەسەڵات ڕەوانەی بەغدا بکەن بۆ ئەوەی لەبارەی پەیوەندی ئابووری و سیاسی گفتوگۆ لەگەڵ بریتانیا و عێراق بکەن».[٤]

بەڵام شێخ مەحموود هیوای بەڕزگاری هەموو کوردستان هەبوو و خۆی بەناوچەی سلێمانییەوە بەند نەکرد کە بریتانیا بۆی دیار کرد بوو، بەڵکو هەوڵی دا هەموو ناوچەکانی کورد بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەتایبەتی ناوچەی کەرکووک. ئەمە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان «شێخ مەحموود لەجیاتی ئەوەی دژایەتی تورکیا بکات هەوڵی دا پەیوەندییەکی چاک لەگەڵ مستەفا پاشا ببەستێ».[٥]

دوای ماوەیەک «لە (٢٠)ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ شێخ مەحموود یادداشتنامەیەکی بۆ کونسولی کۆماری فیدراسیۆنی سۆڤیەت لە تەورێز نارد و داوای یارمەتی لێ کرد بۆ کورد».[٦]

بەڵام هیچی بەدەمەوە نەبوو. لەو ماوەیەدا ئینگلیز بۆ بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە پێویستی بەکورد نەما و کەوتە دژایەتی کردنی کورد و حکوومەتی کوردستان بەتایبەتی دوای: «بەستنی کۆنگرەی قاهیرە و دانانی نەخشەیەکی تازە بۆ سیاسەتی بریتانیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵات بەگشتی و

(١) د. حامد محمود عیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

(٢) سی. جێی ادمونز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

(٣) سی. جێی ادمونز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٢.

(٤) د. حامد محمود عیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

(٥) جلال الطالباني، کردستان والحرکة القومیة الکردیة، ط ٢، دار الطلیعة، بیروت، ١٩٧١، ص ٢١٩.

(٦) د. عەزیز شەمزینی، جوولانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ ٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٦٢.



کوردستان بەتایبەتی».[١] شێخ مەحموود خۆی لەم گۆڕانکارییانە بێ دەنگ نەکرد، کەوتە لەشکر کۆکردنەوە و لەگەڵ تورکیا ڕێککەوت کە هێرش بکەنە سەر کەرکووک. «بریتانیا لە ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣، بڵاوی کردەوە کە شێخ مەحموود لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆتەوە و ئاڵای حکوومەتی هەڵکردووە».[٢]

لە ئەنجامدا فڕۆکەکانی بریتانیا لە (٤)ی ئاداری (١٩٢٣) شاری سلێمانییان بۆردومان کرد و لە نیسانی هەمان ساڵدا هێزێکی لەشکری عێراق بەسەرکردایەتی ئەمینداری ئینگلیز و بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی بریتانی بەرەو ڕواندز چوون کە چەکداری تورکیای تێدا بوو. پاشان هێزەکە چووە سلێمانی و داگیری کرد، لە دوایی شێخ مەحموود بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئینگلیز گەڕایەوە سلێمانی، بەڵام هەر زوو شێخ مەحموود بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی ڕەت کردەوە و ئەمە بوو بەبیانوویەک بۆ بریتانیا «لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٣ بەفڕۆکە پەلاماری سلێمانی دا و هێزی ئینگلیز لە (١٩)ی تەمووزی ١٩٢٤ سلێمانی داگیر کرد».[٣]

بۆیە شێخ مەحموود ناچار بوو ڕابکات بۆ ئێران. ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوان (عصبە الأمم) لە ١٩٢٥ ویلایەتی مووسڵی دا بەعێراق و بەمەرجێ عێراق تایبەتێتی نەتەوەی کورد لەبەر چاو بگرێت. بەڵام دەسەڵاتی عێراق ئەمەی نەکرد و نارەزایی لەناو میللەتی کورد پەیدا بوو. دوای مۆرکردنی پەیمانی (١٩٣٠) لە نێوان عێراق و بریتانیا، «کورد بۆی دەرکەوت کە بریتانیا جگە لە بەرژەوەندی خۆی گوێ بەهیچ شتی تر نادا، بۆیە کورد بڕوای پێ نەما».[٤] لە حوزەیرانی (١٩٣٠) ماوەی ئینتیدابی بریتانی لەسەر عێراق تەواو بوو و عێراق سەربەخۆیی وەرگرت. بڕیار درا هاوینی (١٩٣٠) پەرلەمان هەڵبژێردرێ، خەڵکی سلێمانی ڕازی نەبوون بەشداری هەڵبژاردن بکەن و لە (٦)ی ئەیلولی (١٩٣٠) لەبەر دەرکی سەرا خۆپیشاندانیان کرد و بوو بەشەڕ و پێکدادان لە نێوان خەڵک و پۆلیس و، ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا کوژران و بریندار بوون. ئەو کاتە شێخ مەحموود لە ئێران بوو، بڕیاری دا بگەڕێتەوە وڵات. وردە وردە ژمارەی چەکدارەکانی زۆر بوو.

شێخ مەحموود لە تشرینی یەکەمی (١٩٣٠) داوای لە بریتانیا کرد دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەی نێوان زاخۆ و خانەقین دروست بکا، بەڵام ئینگلیز ڕازی نەبوو، کورد دیسان لێی ڕاپەڕین و «چەکدارانی شێخ مەحموود لە (٣)ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ پێنجوینیان ڕزگار کرد».[٥] لە (١٩٣٠ - ١٩٣١) شەڕ لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد لە لایەک و لەشکری عێراق و بریتانیا لە لایەکی تر بەردەوام بوو،

(١) جلال الطالباني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢.

(٢) البرت. م. منتشا شفیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.

(٣) د. حامد محمود عیسي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.

(٤) جلیلي جلیل وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

(٥) البرت. م. منتشا شفیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٨.

«کورد زیانێکی زۆری لێکەوت». [1] شێخ مەحموود و لایەنگرانی بەرەو سنووری ئێران کشانەوە، پاشان ڕوویان کردە ناوچەی کفری بۆ ئەوەی ڕێگای خانەقین ببڕن، بەڵام لەبەر بۆمبارانکردنی ناوچەکە لە لایەن فڕۆکەی بریتانیەوە نەیان توانی کارەکە ئەنجام بدەن. ڕۆژی (٥)ی نیسانی (١٩٣١) لە نزیک گوندی (ابو البراق)ی باکووری ڕۆژهەڵاتی توزخورماتوو شەڕێکی سەخت ڕوویدا.

شۆڕشگێڕان شکان و کشانەوە، ئەم شەڕ و لێکدانە نزیکەی هەشت مانگی خایاند «ئەوە بوو لە ١٣ی ئایاری ١٩٣١ شێخ مەحموود بەدیل گیرا و گوازرایەوە بەغدا و لەوێ بەیاننامەیەکیان پێ مۆر کرد کە واز لە کاری سیاسی بێنێ و پاشان دووریان خستەوە بۆ ناسریە». [2]

لێرەوە شێخ مەحموود گەیشتە کۆتایی، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەم شۆڕشە دەنگێکی گەورەی لە سەرانسەری کوردستان دایەوە و دەورێکی زۆری لە هۆشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستان و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و جۆشدانی خەباتی ڕزگاریخوازی هەبوو. شێخ مەحموود لە پاڵ شۆڕشی سیاسی خۆیدا بایەخی زۆری بەلایەنی ڕاگەیاندن داوە و چەند ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە کە زمان حاڵی حکوومەتەکەی بوون، وەکو: (بانگی حەق) و (بانگ کردستان) و (اومید استقلال)[3] و (ڕۆژی کوردستان).

تەنانەت دەوری گەورەی شۆڕشی شێخ مەحموود لە گۆڤارێکی وەکو: (هاوار)یش ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ نموونە لە ژمارە (٣٠)ی گۆڤارەکەدا چیرۆکێک بڵاوکراوەتەوە بەناوی (کورد یەک بن) لەم چیرۆکەدا منداڵێک دەچێتە قوتابخانە و یەکێک دەفتەرێکی پێشکەش دەکا و وێنەی شاری سلێمانی بەسەرەوەیە و ئاڵای کوردی بەسەردا دەشەکێتەوە، بێگومان ئەمە ئاماژەیە بۆ سەردەمی حوکمداری شێخ مەحموود.

### ٢- شۆڕشی مەلاتیە:

بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە تورکیا، لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، هەندێ کۆمەڵە دامەزران وەکو: «کۆمەڵەی بەرزی کوردستان یان کۆمەڵەی ڕاپەڕینی کوردستان کە لە (١٧)ی کانوونی یەکەمی (١٩١٨) لە ئەستەمبوڵ دامەزرا». [4] ئەم کۆمەڵە لە سەرچاوەکاندا بەزۆر ناوی جیاواز ناوی هاتووە. [*] لە سەرەتادا ئەم کۆمەڵەیە بەنەرمی «داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی

(١) جلیلي جلیل واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢.

(٢) البرت. م. منتشا شفیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٩ - ٣٤٠.

(٣) ڕەفیق سالح، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر (١٩٢٣ - ١٩٢٤)، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ٢٠٠١، ل:

(٤) عەبدولعەزیز یامولکی، کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، چ ١، وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل ٦٤.

(*) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: أ- د. وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بریتانیادا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٥٤. ب- د. عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة في نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، ط ١، بغداد، ١٩٨٩، ل ٤٠. ج- د. احمد عثمان ابوبکر، کردستان في عهد السلام (بعد الحرب العالمیة الاولی)، السلیمانیة، ١٩٩٨.



عوسمانی. کاری بۆ ئەوە دەکرد کوردە دەرکراوەکان بگەڕێنەوە سەر جێگای خۆیان و فەرمانبەری کورد لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کوردستان ئیش بکەن و پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی کوردی لە سلێمانی ببەسترێ). [1] لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆمی حوزەیرانی (١٩١٩)، سەرکردە کوردەکان هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی تورکی دەربڕی و داوای مافی ئۆتۆنۆمیان کرد، «هەر لەسەر بناغەی ئەم کۆنگرەیە، سەرکردە کوردەکان بەشداری کۆنگرەی هاوبەشی کوردی / تورکییان کرد کە لە (١٠ - ٢٣)ی تەموزی ١٩١٩ لە ئەرزەڕۆم بەسترا و پاشان بەشدارییان لە کۆنگرەی سیواسیش کرد کە لە (١١)ی ئەیلولی ١٩١٩ بەسترا». [2]

لە کۆبوونەوەی ئەیلولی ١٩١٩ی کۆمەڵەدا لە ئەستەنبوڵ: «لاوانی کورد داوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و دەرکردنی بێگانەیان کرد لە کوردستان، لەوانە هێزی تورکیاش، بەڵام سەرۆکی کۆمەڵە (سەید عەبدولقادر) دژی ئەم پێشنیازە وەستا و گوتی نابێ لە بارودۆخی سەختی ئێستا بزووتنەوەی کورد دژی تورک بوەستێ». [3] کەچی بەپێچەوانەی ئەمەوە، بزووتنەوەی کەمالی هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لەگەڵ کورد باش نەبوو. لە (١٥)ی حوزەیرانی (١٩١٩) مستەفا کەمال لە بروسکەیەکدا بۆ جێگری والی دیاربەکر دەڵێت «هەر ڕێکخراوێک دووبەرەکی لەناو نیشتمان دروست بکات پێویستە لەناو ببرێ، ئەم هەنگاوە ئەرکێکی نیشتمانییە بۆیە من تەواو لە ڕەفتاری تۆ ڕازیم لەگەڵ یانەی کورد». [4] لە هەمان کاتدا مستەفا کەمال هەوڵی دا دووبەرەکی لەناو ڕیزەکانی کورد دروست بکا و چەند کەسێکی خاوەن دەسەڵات بۆ خۆی ڕابکێشێ.

لە ئابی (١٩١٩) نامەیەکی بۆ عەبدولڕەحمان ئاغا نارد کە یەکێ بوو لە دەرەبەگەکانی ناوچەی شەڕنەخ، دەڵێ «دڵسۆزی ئێوە بۆ خەلیفە و تاج لە هەموو دنیادا ناسراوە. بێگومان ئێوە ڕازی نابن خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەمان لە لایەن ئەرمەنەکانەوە پیس بکرێ. من باش ئەزانم ئێوە لە هەموو کەس باشترن، بۆیە لەو باوەڕەدام بەزووترین کات لە ڕیزی پێشەوەی نیشتمانپەروەران دەتان بینم ژیانی خۆتان بۆ دۆزی گەل و نیشتمان تەرخان دەکەن... دەست بەڕێکخستنی هێزی نیشتمانی بکەن و بەتوندی کۆتایی بەچالاکی خیانەتکارانەی دوژمنانمان بێنن». [5]

هەرچەندە مستەفا کەمال کاریگەری خۆی لەسەر چەند دەرەبەگێکی کورد هەبوو، بەڵام زۆربەی خاوەن دەسەڵاتە کوردەکان بەبڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزەڕۆم ڕازی نەبوون (نەک هەر لەبەر ئەوەی کۆنگرە

(١) د. خلیل علي مراد وآخرون، القضیة الکردیة في ترکیا وتاثیرها علی دول الجوار، جامعة الموصل، مرکز الدراسات الترکیة، ١٩٩٤، (محدود التداول)، ص ١٢.

(٢) م. أ. حسرتیان، القضایا القومیة في ترکیا، ترجمة سیامند سیرتي، بدون تاریخ ومکان الطبع، ص ٤.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(٥) م. أ. حسرتیان، کردستان ترکیا بین الحربین، ط ١، ترجمة سعدالدین ملا، باقي نازي، رابطة کاوا، بیروت، ١٩٨٧، ص ٢٠ - ٢١.

بەرژەوەندی کوردی پشت گوێ خست، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی هەبوو و باوەڕیان بەمستەفا کەمال نەدەکرد»، [١] و چاوەڕوانی شتی تازەیان لە کەمالییەکان نەدەکرد «ئەوە بوو خەبات بەردەوام بوو و لەگەڵ تەقەلای کەمالییەکان بۆ نەهێشتنی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد، بارودۆخەکە دژوارتر بوو». [٢] دوای سەردانەکەی نوئێل بۆ مەلاتییە و پێشوازیکردنی لەلایەن بەدرخانییەکانەوە[٣] وەک: (کامەران عالی بەگ، جەلادەت بەگ، جەمیل پاشا زادە و ئەکرەم بەگ) ڕاپەڕینی مەلاتییە دەستی پێکرد. کۆنگرەی سەرانی کورد لە (شێرو) بەسترا، کە ٢٠کم لە مەلاتییە دوورە و خەلیل ڕەحیم بەگ بەحاکمی کوردستان داندرا و لیژنەی بەرگریکردن لە مافی کورد، بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە «کورد لەبەر زوڵمی فەرمانبەرانی حکوومەتی تورکیا لە کوردستان، لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین، بۆیە ئەمڕۆ بەشادییەوە بەرەو ڕزگاری دەچن... لەمڕۆوە خەڵکی کوردستان لە کۆتی دیلی ڕزگار دەبن. بۆیە ئەمڕۆ یاسای تورکی کاری پێناکرێ... بەزووترین کات کۆبوونەوەیەکی دەستووری دەبەسترێ بۆ ئەوەی کوردستان لەگەڵ سەردەمی تازەدا بەڕێوە بچێ». [٤] ئینجا ئەو بڕیارانەی دەرکرد کە دەبوو لەوەبەدواوە کاری پێ بکرێ. [٥]

مستەفا کەمال لەشکرێکی گەورەی نارده سەر مەلاتییە و کە سەرانی کورد بەنزیکبوونەوەی هێزی تورکیان زانی، بەرەو کیاختا چوون و لەوێ خۆیان بۆ بەرگری ئامادە کرد و لە هەمان کاتدا «پەیوەندییان بەنوێنەری (انتلجنس سرڤس)، (عەقید بیل) کرد لە حەلەب، بەڵام ئەو داوای سەرکردەکانی خاو کردەوە و نەیهێشت شۆڕش دژی تورک بەرپا بێت». [٦]

ئەوانەی لە کاتی خۆشیدا کوردیان هان دەدا بۆ شۆڕش، لە کاتی تەنگانەدا پشتیان تێکرد. ئیدی بەشدارانی شۆڕش بەرەو شوێنی جیا جیا پەرتوبڵاو بوونەوە، دوای ئەوەی لە هەموو یارمەتییەک بێبەش بوون[٧] و دوای شکستی شۆڕشی مەلاتییە، کۆمەڵەی ڕاپەڕینی کوردستان درێژەی بەچالاکییەکانی دا و داوای سەربەخۆیی کوردستانی کرد و سەرۆک هۆز و شێخ و موختارەکانی کوردستانی لە ناوچەکانی فارتوو، بۆلاجیک، مەلازگرد، هینز، سلیڤان... هاندا داوا لە (عصبة الامم) بکەن سەربەخۆیی بەکوردستان بدات. دوای مۆر کردنی پەیمانی سیڤەر «ئەم چالاکییە گەشەی سەند و گەیشتە ڕادەی

(١) م. أ. حسرتيان، القضايا القومية في تركيا، ص ١٥.

(٢) م. أ. حسرتیان، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

(٣) مەیجەر نوئێل، یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان، وەرگێڕانی حوسێن ئەحمەد جاف و حوسێن عوسمان نێرگسەجاڕی، مطبعە اوفسیت حسام، بغداد، ١٩٨٤، ل ١٤٦.

(٤) م. أ. حسرتيان، القضايا القومية في تركيا، ص ١٨ - ١٩.

(٥) سەرچاوەی پێشوو.

(٦) م. أ. حسرتيان، كردستان تركيا بين الحربين، ص ٢٦.

(٧) د. خليل علي مراد وآخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.



ڕاپەڕینێکی چەکداری تازە لە ناوچەی دەرسیم - کۆچگیری.

ئامانجی ڕاپەڕینەکە دروستکردنی ناوچەیەک بوو لە شێوەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوە بچێ و بەپێی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر داوای سەربەخۆیی بۆ هەموو کورد بکات». [١] دەستنیشانکردنی ناوچەکە بۆ شۆڕش شتێکی خۆڕایی نەبوو. خەڵکی ناوچەکە شیعەن. بۆیە چەوسانەوەیان لە کوردی سوونی زیاترە. لە سەرەتای (١٩٢٠) نوێنەرانی کورد لە تەکیەی (حوسێن عەبدوڵڵا) لە ناوچەی (ئلیج) کۆبوونەوە و سۆزیان دا لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان دەست بەخەباتی چەکداری بکەن.

«بەپێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە لە دیاربەکر و وان و بەتلیس ئیلایازیخ و دێرسیم - کوچگیری کەوتنە کۆکردنەوەی چەک». [٢]

سەرانی کورد لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٢٠) لە (خوزات - مەڵبەندی دێرسیم) کۆبوونەوە و یاداشتنامەیەکیان دایە حکوومەتی (مستەفا کەمال) لە ئەنقەرە و داوایان لێکرد «هەڵوێستی بەرامبەر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دیار بکات و گیراوەکان بەربدات و فەرمانبەرانی تورک لە ناوچە کوردییەکان بگوازێتەوە و هێزەکانی تورک لە ناوچەی دێرسیم - کوچگیری بکشێنێتەوە». [٣] بەڵام حکوومەتی ئەنقەرە داواکارییەکانی بەجێ نەهێنان، بۆیە سەرۆک هۆزەکانی ڕۆژئاوای دێرسیم بروسکەیەکیان بۆ نارد کە تیایدا هاتووە و دەڵێ: «بەپێی پەیمانی سیڤەر پێویستە کوردستانێکی سەربەخۆ لە ویلایەتەکانی دیاربەکر و ئەلعەزیز و وان و بەدلیس پێک بهێندرێت... ئەگەر نا ئێمە ناچار دەبین ئەم مافە بەهێزی چەک وەربگرین». [٤]

دەسەڵاتی تورکی لەگەڵ کورد بەفێڵ بوو لە لایەک پارێزگاری ئەلعەزیز سەرکردە کوردەکانی ئاگادار کردەوە کە ئەنقەرە بەداواکارییەکانیان ڕازییە، لە لایەکی تریشەوە کەوتە شەڕ دژی بزووتنەوەی کوردی لە ناوچەی سیواس و هەوڵی دا هەندێ سەرکردەی کورد بکا بەداردەستی خۆی دژی بزووتنەوەی کورد. دەسەڵاتی بزووتنەوەکەش بەدەست سەید ڕەزا بوو. بۆ ترساندنی خەڵکەکە (عەقید خالس)ی سەرکردەی هێزی تورکی چەند کەسایەتییەکی کوردی لە ئومڕانییە گرت و لە ژێر پاسەوانییەکی توند و نهێنی ڕەوانەی زازای کردن، بەڵام چەکدارانی کورد پێشیان لێگرتن و دەستگیرکراوەکانیان ئازاد کردن. ئەم ڕووداوە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کەمالییەکان و هێزەکانی کورد بوو.

دوای شکستی پاسەوانەکان و ڕزگارکرانی گیراوەکان، کوردەکان داوایان لە (عەقید خالس) کرد کە خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، «ئیدی چەکدارانی کورد دەوری ئومڕانییەیان گرت و دوای شەڕێکی سەخت فەوجەکە خۆی بەدەستەوە دا. پاشان کوردەکان دادگایەکی لەشکری تایبەتییان پێکهێنا

(١) د. خليل علي مراد وآخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

(٢) جلیلی جەلیل وآخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩ - ١١٠.

(٣) د. خليل علي مراد وآخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦- ١٧.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

که حوکمی خنکاندنی بەسەر (عەقید خالس) دا و حوکمەکە لە شاری ئومڕانییە جێبەجێ کرا و ئاڵای کوردستانی ئازاد بەرز کرایەوە». [(١)]

ئەم ڕووداوەی ئومڕانییە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە کوردستان، خەڵکی ناوچەی کوچگیریش ناوچەی خۆیان لە تورک ڕزگار کرد و چەکدارانی کورد لە ناوچەی کیماخ هێزی تورکیان لەناو برد... دوای ئەم سەرکەوتنانە، سەرانی کورد لە (١١)ی ئاداری (١٩٢١) بروسکەیەکیان بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکی لە ئەنقەرە نارد و داوایان کرد «ویلایەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ناوچە ڕزگار کراوەکان دروست بکرێ و والییەکی کوردی بۆ دابندرێ». [(٢)] بەڵام دەسەڵاتی تورکی کەوتە پیلانگێڕان. لە لایەکەوە شاندێکی ڕەوانەی ناوچەکە کرد بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕان بکات و، لە لایەکی ترەوە کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشێکی لەشکریی. لە (١٥)ی ئاداری (١٩٢١) ئابڵوقەی ناوچەی سیواس و ئەلعەزیز و ئەرزنجانی دا و بروسکەیەکی بۆ سەرکردەکانی ناوچەی دەرسیم نارد بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان دیار بکەن. سەرکردەکانی ناوچەی دەرسیم بەم جۆرە وەڵامیان دایەوە: «ئێمە باش دەزانین حکوومەتی تورکی نیازی وایە کورد لەناو ببات هەروەکو: ئەرمەنی لەناو برد، بۆیە لە تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین و بەرگری لە مافە ڕەواکانمان دەکەین». [(٣)]

حکوومەتی ئەنقەرە حسابێکی زۆری بۆ ناوچەی دەرسیم کرد و لەشکرێکی گەورەی نارده سەر ناوچە ڕزگار کراوەکان... «شەڕ مانگێکی خایاند و لە ئەنجامدا شۆڕشی کوچگیری شکستی خوارد و چەند سەرکردەیەکی کورد بەدیل گیران و لەسەریان درا». [(٤)]

لەوە بەدواوە سیاسەتی شۆڤینی تورک بەرامبەر خەڵکی کوردستان قووڵتر بۆوە، «هەر لە ڕاگواستنی کورد بۆ ناوچە تورکنشینەکان و تا گرتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە و قەدەغە کردنی زمانی کوردی». [(٥)]

### ٣- شۆڕشی سمکۆی شکاک:

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ناوچەی ورمێ کە مەیدانی ململانێ و ناکۆکی کوردی سونە و عەجەمی شیعە بوو، پشێوییەکی بەردەوامی تیا بوو. یەکەم جار عوسمانییەکان پەلاماریان دا و ئاژاوەیان نایەوە، ئینجا ڕووس هات و عوسمانی دەرکرد و بارەکەی ئاڵۆزتر کرد... لەو سەروبەندە و لەو

(١) م. أ. حسرتيان، كردستان تركيا بين الحربين، ل ٣٩، ٤١.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣ - ٤٥.
(٤) م. أ. حسرتيان، القضايا القومية في تركيا، ص ٣٤ - ٣٥.
(٥) دەربارەی ئەم بابەتە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
أ/ م. أ. حسرتيان، هەردوو سەرچاوەی پێشوو.
ب/ جليلي جليل، واخرون،... سەرچاوەی پێشوو.



ناوچە پشێوەدا سمکۆی شکاک سەری هەڵدا کە ناکۆکی دێرینی کورد و ئازەریی بۆ بەجێ ما بوو. ساڵی (١٩٠٥) «دەسەڵاتی ئێران جەعفەر ئاغای برای بەفێڵ لە تەورێز کوشت». [(١)]

لەو کاتەدا (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە مەیدانی سیاسی و ڕۆشنبیری لە کوردستان سەری هەڵدا. «لە ١٩١٣ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لە خویی دامەزراند». [(٢)] پێش شەڕ سمکۆ هاوکار و هاوبیری عەبدولڕەزاق بوو. عەبدولڕەزاق پڕۆژەیەکی گەورەی بەدەستەوە بوو بۆ شۆڕش و دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، لەوەدا پشتی بەسمکۆ ئەستوور بوو کە «بەهاوکاریی کۆمەڵەی (جیهاندانی)یان دامەزراند». [(٣)] دوای کۆتایی هاتنی شەڕ بارودۆخی کوردستانی ئێران لە ئاژاوەدا بوو، هیچ دەسەڵاتێکی بەهێزی تێدا نەبوو، بارودۆخی ورمێ زۆر ئاڵۆز بوو.

لە شوباتی (١٩١٩)، سەرکردەکانی کورد کۆبوونەوەیەکیان کرد بۆ باسکردنی بەرپا کردنی شۆڕشێکی سەرتاسەری. کەس دژی ئەم بیرە نەبوو، بەڵام بڕیاریان دا چاوەڕوان بن چونکە: «نیازی دەوڵەتە گەورەکان لەبارەی کوردی ئێران و گەڕانەوەی ئەرمەن باش ڕوون نەبووبۆوە». [(٤)]

لەو ساڵەدا دوو ڕووداو بوونە هۆی تەقینەوەی ناکۆکی دێرینی نێوان کاربەدەستانی ئێران و کورد بەتایبەتی شکاکی ناوچەی ورمێ: «پیلانی کوشتنی سمکۆ و ناردنی حاکمێکی نوێ بۆ سەرکوت کردنی کورد لە ورمێ». [(٥)]

سمکۆ توانی لە کانوونی دووەمی ١٩١٩، بەهاوکاری سەید تەها هەموو ناوچەی ورمێ بگرێتە دەست بەقەرەغیز و سەلماسیشەوە کە هی ئەرمەن بوون. حکوومەتی ئێران باشترین هێزی کۆکردەوە و بەسەرکردایەتی عەقیدی ڕووسی (فیلیبۆڤ) ناردیە سەر سمکۆ، «سمکۆ ناچار بوو لە ناوچەی ورمێ بکشێتەوە و تەنیا پارێزگاری لە ناوچەی چهریق بکات»، [(٦)]

پاشان (فیلیبۆڤ) لەگەڵ سمکۆ کەوتە گفتوگۆ و پێی ڕاگەیاند کە ئەو نایەوێ دەست بۆ ناوچەی ورمێ درێژ بکا. (فیلیبۆڤ) گەڕایەوە و سمکۆ وردە وردە تەواوی مەڵبەندی ورمێی گرت.

لە ماوەی ١٩٢٠ - ١٩٢١ ناوچەکە هێمن و ئارام بوو. لەم ماوەیەدا سمکۆ لە ورمێ ڕۆژنامەیەکی

(١) Ghilan, Les Kurdes Persans et Linvasion ottomane, Revue du, monde musul-man, Mai, N 5. p. 7.
(٢) د. كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، مطبعة اركان، بغداد، ١٩٨٥، ص ٢٤٤.
(٣) جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، نقله الى الروسية، باقي نازي، د. ولاتو، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٦، ص ١٧٣.
(٤) م. س. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.
(٥) صالح محەمەد ئەمین، کورد و عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، ١٩٩٢، ل ٣٤٥.
(٦) م. س. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣ - ١٠٤.

دەرکرد بەناوی (ڕۆژی کورد - شەوی عجم) کە پاشان بوو بە(ڕۆژی کورد) و پاشتریش تەنیا بەناوی (کورد) دەردەچوو.[1]

دوای ئەوە شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لە نێوان هێزی سمکۆ و هێزەکانی ئێران ڕووی دا تا لە ناوەڕاستی تەمووزی (١٩٢٢) هێزی دەوڵەت توانی بەسەر لەشکری سمکۆدا سەربکەوێت و بارەگای سەرەکی لە (چهریق) داگیر بکا. سمکۆ ناچار پەڕییەوە بۆ ناوخاکی کوردستانی تورکیا و دواتر هاتە کوردستانی عێراق.[2] بەڵام پێش هاتنی بۆ کوردستانی عێراق «ناو و شۆرەتی (سمکۆ) و باس و حەکایەتی ئازایەتی و قارەمانی ئەم کوردە ناودارە دەمێک بوو گەیشتبووە کوردستانی عێراق».[3]

چووە سلێمانی بۆ لای شێخ و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە ژمارە (٨)دا لاپەڕەیەکی لەسەر پێشوازی کرانی سمکۆ نووسیوە و دەڵێ: «لە تەرەف شاگردانی مەکتەبەوە بەمناسەبەتی ئەو ڕۆژە موبارەکە و ئەو زاتە موحتەرەمەوە نوتقێکی جوان و ڕەوان خوێندرایەوە کە عەرزی خۆش ئامادەی حەزرەتی ئاغای نامدار و دوعای بەقای موەفەقییەت و تەرەقی حەزرەتی مەلیک و مەلیکی کورد بوو».[4]

سمکۆ نزیکەی مانگێک لە سلێمانی مایەوە ئینجا گەڕایەوە تورکیا و لە ١٩٢٤ گەڕایەوە ئێران و لە ١٩٢٥ چووەوە چهریق و پەیمانی دا ئیتر بەئارامی دابنیشێت، بەڵام دوای ساڵێک بەهاوکاری چەکدارانی هەرکی پەلاماری شاری سەلماسی دا، بەڵام ئەمجارەش شکا و کشایەوە بۆ سنووری ئێران - تورکیا. لەوێ گرتیان و پاش ئەم دیو و ئەودیو کردنێکی زۆر لە نێوان ئێران و تورکیا و عێراق،[5]

لە (٢١)ی حوزەیرانی (١٩٣٠) حکوومەتی ئێران لەدووی نارد بچێتە شنۆ بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری هێزی ئێران بکا، بەڵام لەوێ پیلانێکیان لێ دانایەوە و کوشتیان. شۆڕش و شۆرەتی سمکۆ لە هەموو کوردستان دەنگی دایەوە و تەنانەت کەوتە ناو فۆلکلۆر و ئەدەبیشەوە. هەر بۆ نموونە وەکو: لاوکی (سمایل ئاغا)[6] و شیعری (شیوەنی سمایل خانی شکاک)ی میرزا غەفوور.[7]

---

(١) محمد تمدن، اوزاع ایران درجنگ اول یا تاریخ رضائیە، مؤسسە مطبوعات تمدن، رضائیە - اورمیە، ١٣٥٠ شمسی، ص ٣٧١.

(٢) د. کمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، ص ٢٥١.

(٣) ڕەفیق حلمی یاداشت، بەشی دووەم، چ ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٠، ل ٥٧٧.

(٤) ڕۆژی کوردستان، قهرمانی کوردستان حضره اسماعیل اغا - سمکۆ، ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٨، ساڵی ١٩٢٢، ل ٤.

(٥) کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩ - ٢٠دا، چ ١، وەرگێڕانی محەمەد ریانی، تاران، ١٣٦٩، ل ١٥٣ - ١٥٤.

(٦) ئوردیخانی جەلیل، سترانێ زارگوتنا کوردا یەتاریقیێ، شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆ و فەرهەنگیان بۆ کردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ٩٧٧، ل ٦٠.

(٧) میرزا غەفوور (دیوان) چ ١، کۆکردنەوەی عەبدوڵڵا ئاگرین، ١٩٩١، ل ٥٩.



## ٤- شۆڕشی شێخ سەعید:

تورکیا دوای ئەوەی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی خۆی گرتەوە و جێ پێی خۆی قایم کرد، بۆ نەهێشتنی پەرەسەندنی گیانی نەتەوەیی لەناو کورد، سیاسەتێکی شۆڤینیانەی گرتە بەر. بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵک و ڕێنماییکردنی ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد، «ساڵی (١٩٢٢) ڕێکخراوێکی سیاسی کوردیی نوێ بەناوی (ئازادی) دامەزرا».[1] کە ڕێخراوێکی نهێنی بوو «لە یەکگرتنی هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکانی پێشووی کورد پێکهاتبوو، ناوی تەواویشی: (کۆمەڵەی ئازادی کوردستان) بوو»[2].

(عەقید خالد بەگ جبرانلی)ش سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بوو. «ئەو ڕۆژەی خەلافەت هەڵوەشایەوە لە (٣)ی ئازاری (١٩٢٤)، بەیەک بڕیار هەموو قوتابخانە و کۆمەڵە و چاپەمەنی کوردی لەگەڵ بنکە و قوتابخانە ئایینییەکان قەدەغەکران و ئەمەش بوو بەهۆی لێکداپچڕانی یەکجارەکی کورد و کەمالیستەکان».[3] لەبەر ئەوەی شێخ سەعید دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو لە کوردستانی تورکیادا و پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، کۆمەڵەی ئازادی بیریان کردەوە کە پەیوەندی پێوە بکەن.

«لە هاوینی (١٩٢٣) (یوسف زیائەدین) کە یەکێ لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی بوو، چووە لای شێخ سەعید و لەبارەی بەرپا کردنی شۆڕشێکی کوردی گفتوگۆی لەگەڵ کرد».[4]

لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٢٤) عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید سەردانی دیاربەکر و حەلەبی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد قسە بکات و ڕۆژێک بۆ دەست پێکردنی شۆڕش دیار بکەن «لە کانوونی یەکەمی (١٩٢٤) کۆنگرەیەکیان لە حەلەب بەست، کە کەسایەتی و نیشتمانپەروەری کوردی عێراق و تورکیا و سوریا تێیدا ئامادە بوون و گەیشتنە ئەوەی کە کورد تەنیا بەشۆڕش دەتوانێ مافی خۆی وەربگرێ، بۆیە بڕیاریان دا لە (٢١)ی ئاداری (١٩٢٥) شۆڕشێکی سەرتاسەری لە کوردستانی تورکیا دەستی پێ بکرێت، هەر لەوێش دەستەیەکی سەرکردایەتی بۆ شۆڕشەکە هەڵبژێردرا».[5] بەڵام هەندێ پێشهات بووە هۆی ئەوەی شۆڕش لە کاتی دیاری کراویدا دەست پێنەکا، بۆیە (ئیحسان نوری) و (ڕەزا بەگی برای یوسف زیائەدین) کە سەر بەلیژنەی ئازادی بوون بروسکەیەکی نهێنییان لە یوسف زیائەدینەوە بۆ هات ئەوانیش بەهەڵە تێی گەیشتن و «دەستیان بەهەڵگەڕانەوە کرد لە لەشکری

---

(١) قدري جميل پاشا (زنار سلوپي)، مسألة كردستان، ٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية، ط ٢، تنقيح وتقديم الدكتور عزالدين مصطفى رسول، بيروت، ١٩٩٧، ص ٩٥.

(٢) د. كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ط ١، بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ص ٤٩.

(٣) کەندال نەزان و ئەوانی تر... گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی م. گۆمەیی، سوێد ١٩٩٨، ل ١٣٥.

(٤) جليلي جليل واخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

(٥) م. أ. حسرتيان، كردستان تركيا بين الحربين، ص ٧١.

تورکیا».[١] ئیدی حکوومەتی تورکیا بەنەخشەی شۆڕشەکەی زانی و کەوتە گرتنی ئەوانەی گومانیان لێ دەکران وەکو: (خالید بەگی جبرائلی) و (یوسف زیائەدین). «دوای گیرانی خالید بەگ، کە سەرۆکی لیژنەی ئازادی بوو، شێخ سەعید بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە هەڵبژێردرا».[٢]

شێخ سەعید و هاوڕێکانی کەوتنە گەڕ بەناوچەکانی خەرپووت و دیاربەکر و گونج و داراهینی بۆ هاندانی جوتیاران و ڕێگا خۆشکردن بۆ شۆڕش. «لە (٨)ی شوباتی (١٩٢٥)، دەستەیەک لە سەربازی تورک چوونە ناو گوندی پیران، کە مەڵبەندی (شێخ سەعید) بوو، کەوتنە گرتنی چەند کەسێکی نزیک لە شێخ سەعید»،[٣] پاشان شێخ داوای لە ئەفسەرەکە کرد دەست لەم کارە هەڵبگرێ، بەڵام ئەو گوێی بەشێخ نەدا و «شەڕێکی خوێناوی قەوما و هەندێ سەربازی تورک کوژران و ئەوانی تر لەگەڵ ئەفسەرەکە بەدیل گیران»[٤] ... دوای ئەم ڕووداوە (شێخ سەعید) لە (١٤)ی شوبات (١٩٢٥) (داراهینی) کرد بەپایتەختی کوردستان و خۆی بەفەرماندەی گشتی لەشکر دانا. «هەرزوو خەرپووت و باکووری دیاربەکر و ئارگانا و پالو و ناوچەکانی تریش کەوتنە دەست شۆڕشگێڕان».[٥]

ڕۆژی (٢)ی ئاداری (١٩٢٥)، سەرۆک وەزیرانی تورک (فەتحی بەگ) وازی لە سەرۆکایەتی حکوومەت هێنا، چونکە نەیدەویست توند و تیژی لەگەڵ شۆڕش بەکار بهێنێ.

«عیسمەت ئینونوی سەرۆک وەزیرانی پێشوو، حکوومەتی دروست کردەوە و بەڵێنی دا بەتوندترین شێوە شۆڕشی شێخ سەعید دابمرکێنێتەوە».[٦]

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە هێزەکانی کورد یەک مانگ دەستیان بەسەر هەرێمێک داگرت کە سێیەکی کوردستانی تورکیا بوو، لەو ماوەیەدا: «حکوومەتی تورک کوردە دیلەکانی وەکو: یوسف زیائەدین و خالید بەگ و هاوڕێکانی لە سێدارەدان».[٧]

لە کۆتایی ئاداری (١٩٢٥)دا هێزێکی تورکیا بەیارمەتی دەسەڵاتی فەرەنسا لە سوریاوە لە پشت شۆڕشگێڕان سووڕانەوە و توانیان (ماردین و دیاربەکر داگیر بکەن و هێزی شۆڕشگێڕانیش ناچار بوون بەرەو باکوور بکشێنەوە).[٨] شێخ سەعید ویستی بچێتە ئێران، بەڵام لە ڕێگا لەگەڵ هاوڕێکانی

(١) کاوە بەیات، شۆڕشی کوردی تورکیا و کارتێکرنا وێ لەسەر پەیوەندییێن دەڤەرێن ئێرانێ ٩٢٨ - ١٩٣١، پشکا ئێکێ، وەرگێران ژ فارسی مصدق توڤی، گۆڤاری مەتین، ژمارە (٧٧)، حوزەیران ١٩٩٨، ل ٢٧.
(٢) جلیلي جلیل واخرون...، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٨.
(٣) کەنداڵ و ئەوانی تر...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.
(٤) جلیلي جلیل واخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩.
(٥) کریس کوچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.
(٦) د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥.
(٧) کەنداڵ و ئەوانی تر...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.
(٨) م. أ. حسرتیان، القضایا القومیة في ترکیا، ص ٩٧ - ٩٨.



کەوتنە بۆسەی جەندرمەی تورکی و «بەدیل گیران و ڕەوانەی دیاربەکر کران و لەوێ لە (٢٩)ی حوزەیرانی (١٩٢٥) لە سێدارەدران».[١]

## ٥- شۆڕشی ئارارات:

ڕاستە شۆڕشی شێخ سەعید لە (١٩٢٥) شکستی هێنا، بەڵام کوردستانی تورکیا ئارامی بەخۆیەوە نەدی. حکوومەتی تورکیاش، سەرەڕای توند و تیژی نەیتوانی بەسەر زۆربەی هێزەکانی بزووتنەوەی کوردی زاڵ بێت، چونکە: «پەنایان بردبووە بەر شاخەکانی نزیک سنووری تورکیا - ئێران و، کوردەکانی ئێرانیش یارمەتییان دەدان».[٢]

لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگوێزانی کوردان بۆ ناو ئەنادۆلی ڕۆژئاوا، «ئیبراهیم حەسکۆ تەللی، کە تا ئەو کاتە لەگەڵ حکوومەتی تورکیا بوو، هەڵوێستی خۆی گۆڕی و کەوتە دژایەتی کردنی سیاسەتی تورکیا و چووە ڕیزی شۆڕشگێڕان».[٣]

ساڵی (١٩٢٦) هەواڵی شەڕ و پێکدادانێک لە ناوچەی ئارارات لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد: بەسەرکردایەتی (ئیبراهیم پاشا حەسکۆ تەللی) و لەشکری تورکیا، بڵاو بووەوە، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی تر لە کوردەکان پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کرد، وەکو: (تەمەر ئاغای شەمکی) سەرۆکی هۆزی شەمکان و (شێخ عەبدولقادر) کە یەکێ بوو لە سەرکردەکانی هۆزی ساکان کە لە ئەزمیر دوور خرابووەوە.[٤]

پاش چەند پێکدادانێک، ناوچەی ڕزگارکراو فراوانتر بوو و حکوومەتی تورکیا ترسی گەیشتێ و «لە پاییزی (١٩٢٧) هێزێکی گەورەی نارد بۆ ئەوەی پەرتە بەشۆڕشگێڕان بکەن و شۆڕشەکە لەناو ببەن، بەڵام شۆڕشگێڕان توانیان بەسەر لەشکری تورکیادا زاڵ بن، دەستکەوتێکی باشیان ببێ»[٥] هەر لەم کاتەدا ئیحسان نوری پاشا، کە لە ئێران بوو، خۆی گەیاندەوە ناو شۆڕش[٦] و بەماوەیەکی کەم توانی شۆڕشگێڕان بەڕێکوپێکی ڕێک بخا، «کە خۆیبوون زانی ژەنەڕاڵ (ئیحسان نوری پاشا) گەیشتۆتەوە ناوچەی ئارارات. سەرکردایەتی هێزی ئارارات و هەموو دەسەڵاتێکی پێبەخشی. (ئیحسان نوری پاشا) وەکو: سەرکردەی هێزی کورد لەگەڵ خۆیبوون کەوتە ڕێکخستنی هێزی شۆڕش و حکوومەتێکی کوردییان

(١) قدری جمیل پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.
(٢) د. خلیل علي مراد واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.
(٣) کڎنی ڒەش، جمعیة خویبون ١٩٢٧ ووقائع ثورة ارارات ١٩٣٠، ط ١، مؤسسة موکریاني للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٠، ص ٣٧.
(٤) احسان نوري پاشا، انتفاضة اکري: (١٩٢٦ - ١٩٣٠) (مذکرات)، ترجمة صلاح برواري، بیروت ١٩٩٠، ص ٢٥.
(٥) کۆنێ ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.
(٦) کاوە بەیات، شۆڕشا کوردێن تورکیا و کارتێکردنا وێ لەسەر پەیوەندێین دەرڤەیێن ئێرانی ١٩٢٨ - ١٩٣٠، پشکا دوێ، وەرگێڕان ژڤاری، مصدق توڤی، گۆڤاری مەتین، ژمارە ٧٨، تیر مەه ١٩٩٨، ل ١٤.

بەسەرۆکایەتی (ئیبراهیم حەسکۆ تەللی) دانا و ڕۆژنامەیەکیشیان بەناوی (ئاگری) دەرکرد».(١)

پاشان حکوومەتی تورکیا بەئاگر و ئاسن کەوتە گیانی شۆڕشی ئارارات. بەڵام دوای گفتوگۆ کردنی نێوان حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕش، «حکوومەتی تورکیا لێبوو ردنێکی گشتی ڕاگەیاند، شۆڕشی ئاراراتیش سوودێکی زۆری لێ وەرگرت. بۆ بەهێز کردنی ڕیزەکانی خۆی».(٢)

لە کۆتایی نیسانی (١٩٣٠) تا سەرەتای مانگی حوزەیران، حکوومەتی تورکیا لەشکرکێشیێکی گەورەی کردە سەر دەوروبەری ئارارات. «سەرەتا کۆمەڵەی خۆیبوون و سەرکردایەتی شۆڕش وایان پێ باشبوو بەرگری لە ناوچەکە بکەن، نەک هێرش بکەن، چونکە وا مەزەندە دەکرا هێشتا کاتی شۆڕشێکی سەرانسەری نەهاتووە».(٣)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش خۆی بۆ هەر پێشهاتێک ئامادە کردبوو وەکو: لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە: «ئیحسان نوری بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەی خوبیوونی ناردبوو و پێشنیاری کردبوو شەوی (٤/٣)ی ئابی (١٩٣٠) دەست بەهێرشێکی گەورە بکرێ لە دژی لەشکری تورکیا»،(٤) ئەوە بوو لەشکری تورکیا لە (٢٤)ی جۆزەردانی (١٩٣٠) دەستی بەهێرش کرد و بۆ ناوچەی (ئەرجیش) بەڕێ کەوتن، بەڵام شۆڕشگێران ناچار بوون بەرەو دواوە بکشێنەوە و هەندێکیان لە سنووری ئێران ئاوديو بن، دەسەڵاتی تورک لە (٢١)ی تەمووزی (١٩٣٠) جارێکی تر هێرشێکی تری کردە سەر ئاگری داغی بچووک و گەمارۆی خستە سەر شۆڕشگێران.(٥)

حکوومەتی ئێران تا ئەو کاتە بێ لایەن بوو، بەڵام دوای ئەم ڕووداوانە هەڵوێستی خۆی گۆڕی و «فشاری خستە سەر هۆزە کوردەکانی ناوچەی سنوور و ڕێگای دا لەشکری تورکیا بەناو خاکی ئێراندا هێرش بکاتە سەر شۆڕشی کوردی ناوچەی ئارارات».(٦)

یەکێتی سۆڤێتیش نەک هەر پشتی کوردی نەگرت، بگرە یارمەتی شەڕیی و سیاسیشی بۆ تورکیای دەدا و ڕاستەوخۆ دژی شۆڕشگێرانی کورد دەجەنگا، لە هەمان کاتدا ڕێگەی بەلەشکری تورکیا دا بەسنووردا بپەڕنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئارارات و ڕێگەی هاتوچۆی شۆڕشگێرانی کورد ببڕن(٧)، لەم بارە

(١) قدری جمیل پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧ – ١١٨.

(٢) محمد مةلا احمد، جمعیة خویبوون والعلاقات الكردیة الارمنیة، رابطة كاوا للثقافة الكردیة، اربیل – بلا تاریخ، ص ٥٤.

(٣) بلەچ شێرکۆ، القضیة الكردیة ماضي الكرد وحاضرهم، رابطة كاوا للثقافة الكردیة، بیروت، ١٩٨٦، ص ١١١.

(٤) قدری جمیل پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

(٥) د. خلیل علي مراد واخرون... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦/٥٥.

(٦) کاوە بەیات، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٧) ئارام عەلی، پەیوەندی نێوان کورد و ڕووسیا، کوردستانی قەفقاسیای سۆڤییەتی، چ ١، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩، ل ١١٥.



سەختەی کورددا، «کۆمەڵی خۆیبوون بەیاننامەیەکی ئاراستەی گەلی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) کرد، داوای کرد هەموو کورد یەک بگرن و دژی تورکیا بوەستن و پشتگیری تێکۆشانی چەکداری بکەن».(١)

لە وەڵامی ئەم بانگەوازەدا، (شێخ ئەحمەدی بارزانی) لە کۆتایی تەمووزی (١٩٣٠)دا نزیکەی (٥٠٠) سوار بەسەرکردایەتی (فەرزەندەی کوڕی حسێن) ڕەوانەی ناوچەی ئۆرەمار کرد، بۆ ئەوەی دژی لەشکری تورک بجەنگن، بەڵام لە ئەنجامدا شکستیان هێنا(٢) هەر بۆ ئەم مەبەستەش، کوردی سوریا چوار بەرەی شەڕیان پێک هێنا: بەرەی یەکەم بەسەرکردایەتی: (حاجۆ ئاغا هەڤێرکی) و هەندێ سەرۆک هۆزی کوردی جزیرە و (میر جەلادەت بەدرخان) و، بەرەی دووەم: بەسەرکردایەتی (قەدری جەمیل پاشا) و براکانی و هەندێ سەرۆک هۆزی ناوچەی ماردین و خەرس، بەرەی سێیەم: بەسەرکردایەتی کوڕەکانی (ئیبراهیم پاشای میللی) و بەرەی چوارەم: بەسەرکردایەتی: (عوسمان سەبری) و (مستەفا شاهین بەگ) و میرانی هۆزی بەرازان.(٣)

لە سەرەتای ئەیلوولی (١٩٣٠) لەشکری تورکیا هێرشێکی سەرتاسەری کردە سەر سەنگەرەکانی شۆڕشگێڕانی ئارارات و چەکدارانی (ئیحسان نوری پاشا)یان بەتەواوی گەمارۆدان و لە ئەنجامدا شۆڕشی ئارارات شکستی هێنا(٤) و سەرکردەی شۆڕش پەنای بردە بەر خاکی ئێران. دوای زاڵبوونی لەشکری تورکیا، حکوومەتی ئەنقەرە چەند بڕیارێکی شۆڤینی بۆ تواندنەوەی میللەتی کورد دەرکرد.(٥) لە ئەنجامدا بووە هۆی سستییەک لە خەباتی چەکدارانەی کورد لە کوردستانی تورکیا بۆ ماوەیەکی کەم.

## ٦- ڕاپەڕینی بارزان – ١٩٣١ – ١٩٣٢:

(شێخ ئەحمەدی بارزانی) یەکێ بوو لەوانەی یارمەتی (شێخ مەحموود)ی دابوو، هەڵوێستیشی دژی ئینگلیز بوو، هەروەها ڕازی نەدەبوو مل بۆ دەسەڵاتەکەی کەچ بکات،(٦) بۆیە ناوچەی بارزان بوو بەئامانجی لەشکری عێراق و فڕۆکەکانی ئینگلیز، حکوومەتی عێراق پروپاگەندەی دژی (شێخ ئەحمەد) بلاو کردەوە و هۆزەکانی ناوچەکەی لێ ڕاست کردەوە و (شێخ ڕەشید لۆلان)ی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بۆ ئەوەی بۆ مەرامی خۆی بەکاری بهێنێ.(٧)

(١) د. خلیل علي مراد واخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٢) کاوە بەیات، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٣) کۆنێ ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٤) کاوە بەیات، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٥) م. أ. حسرتیان، القضایا القومیة في ترکیا، ل ١١١ – ١١٢.

(٦) مسعود بارزاني، البارزاني والحرکة التحرریة الکوردیة، انتفاضة بارزان الاولی، ١٩٣١ – ١٩٣٢، مطبعة خةبات، کوردستان، ١٩٨٦، ل ١٧.

(٧) احمد خواجە، چیم دی، ب ٣، سلێمانی، ١٩٧٠، ل ١٠٢.

له هاوینی (١٩٣١) برادۆستییەکان هێرشیان کردە سەر چەند گوندێکی هۆزی شێروانی لە ناوچەی (بارزان) و (گرگال و کولەک و بابکی)یان تاڵان کرد و سووتاندیانن، بەڵام هەر زوو (مەلا مستەفا بارزانی) بەهانایانەوە هات و تاڵانەکەی گێڕایەوە. لە (١٩٣١/١١/٢٥)، برادۆستییەکان دووبارە پەلاماری ناوچەی بارزانیان دا، ئەمجارە (شێخ ئەحمەد) هێرشێکی گەورەی بەسەرکردایەتی (وەلی بەگ) ئامادە کرد بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی برادۆستییەکان بێتەوە، لە یەکەم پێکدادانا برادۆستییەکان شکان و کشانەوە.

لێرەدا حکومەتی عێراق هێرشێکی گەورەی بەسەرکردایەتی (عەقید بەرقی بەگ) ناردە سەر بارزان. «ئەم هێزە لە (١٩٣١/١٢/٩) گەیشتە نزیک گوندی بارزان و شەڕێکی سەخت ڕووی دا و هێزەکە زیانێکی گەورەی پێکەوت»(١) دوای ئەم شەڕە حکومەتی عێراق نەخشەیەکی گەورەی بۆ داگیرکردنی ناوچەی بارزان دانا، وەکو (هاملتون) باسی دەکا ئەم نەخشەیە بۆ دوو مەبەست بوو: دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ناوچەکە و ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی لەشکری عێراق.(٢) حکومەت داینا لە سێ لاوە هێرش بکاتە سەر ناوچەی بارزان: (ئامێدی و ئاکرێ و ڕواندوز). لە (١٩٣٢/٣/١٥) هێرشەکان دەستیان پێکرد و لە هەر سێ بەرەدا شکان، بۆ ماوەیەکی کەمیش شەڕ ڕاگیرا و حکومەت داوای لە (شێخ ئەحمەد) کرد خۆی بەدەستەوە بدا، بەڵام شێخ ڕازی نەبوو، بۆیە دوای دوو حەفتە شەڕ دەستی پێکردەوە و هێرشی ئاسمانی بەردەوام بوو. (شێخ ئەحمەد)، بۆ بەرژەوەندی گشتی بڕیاریدا ناوچەکە چۆڵ بکات و بچێتە تورکیا و «لە (٢١)ی حوزەیرانی (١٩٣٢) لە سنووری تورکیا پەڕینەوە».(٣)

بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئارامی ناوچەکە و بەپێچەوانەوە ئاڵۆزتر بوو، هەروەها زنجیرەیەک ڕاپەڕین و شۆڕشی بەرفراوانیش بەدوایدا هات.

**٧- شۆڕشی دێرسیم:**

خەڵکی ناوچەی دێرسیم شیعەن، بۆیە پێیان دەڵێن قزلباش. لە کاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جێگای متمانەی دەسەڵاتداران نەبوون، هەروەها بەوە تاوانباریان دەکردن کە لایەنگری دەوڵەتی سەفەوین لە ئێران. هەر لەبەر ئەوەش بوو لەناو لەشکر قەبوول نەدەکران، چونکە حکومەت پێی وابوو ئەمانە دڵسۆز نین. ئیدی ناوچەکەشیان پشت گوێ خرابوو. بەڵام دوای نەمانی شۆڕشی ئارارات، حکومەتی تورکیا دەستی کرد بەکۆنترۆڵکردنی ناوچەکە، یەکەم جار زانا و ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی تورک پروپاگەندەیان بڵاو کردەوە، گوایە کوردی دێرسیم لە بنەڕەتدا تورکن و لە میللەتی تورک دابڕاون و ئێستا حەز دەکەن بگەڕێنەوە سەر بنەڕەتی خۆیان و یەک بگرنەوە. ئینجا بۆ ئارام کردنەوەی ناوچەکە، ویلایەتێکی تازەیان لە ناوچەی دێرسیم دامەزراند بەناوی (تونجەلی). لەشکری تورکیا بەناوچەکەدا بڵاو

(١) حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان ١٩٣٢ - ١٩٤٧، ط ٢، بغداد، ١٩٣ ص ٣.

(٢) أ. م. هاملتون، طريق في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، مطبعة دار الجاحظ، بغداد ١٩٧٣، ص ٩.

(٣) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.



بووەوە و حکومەتی تورکیا کەوتە باج سەندن لە خەڵکەکە، کە پێشتر هیچ باجیان لەسەر نەبوو(١) و دەستی بەسەر زەوی هۆزە کوردەکان داگرت. ئەمە وای کرد خەڵکەکە دژی بوەستن، بۆیە نەخشەکەیان بۆ ماوەیەکی کەم ڕاگرت. بەڵام زۆری پێنەچوو هێزی لەشکری تورکی دەوروبەری دێرسیمی گرت و «لە بەهاری (١٩٣٧) شەڕ و پێکدادان لە ناوچەکە دەستی پێکردەوە»(٢) دوای ماوەیەک «سەید ڕەزا گیرا و ڕەوانەی دادگا کرا و ڕۆژی (١٨)ی تشرینی دووەم (١٩٣٧) لە سێدارە درا»(٣) دوای لە سێدارەدانی، شۆڕش هەر بەردەوام بوو. حکومەت هاوینی (١٩٣٨) سێ سوپا و بەشی زۆری هێزی ئاسمانی لە ناوچەکە کۆکردەوە و لە ئەیلول و تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا ڕاپەڕینەکەی تێکشکاند. بەم جۆرە ڕاپەڕینی دێرسیم کۆتایی هات، کە خەڵکەکەی هەزاران قوربانییان دا و ناوچەکە بەتەواوی وێران بوو.(٤)

**دووەم: باری ئابووری**

لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، گرنگترین سامانی کوردستان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات بوو.(٥) خەڵکی کوردستان بەگشتی دوو جۆر بوون:

گوندنشینەکان کە خەریکی کشتوکاڵ و کۆچەر بوون و ژیانیان لەسەر بەخێوکردنی مەڕوماڵات بوو و گەرمیان و کوێستانیان دەکرد،(٦) بەشەکەی تریش ئەوانە بوون کە لەناو شارەکاندا دەژیان.

زۆربەی خاکی کوردستان دەکەوێتە ئەو ناوچانەی توانای ئاوەدانیان هەیە، زەوییەکەشی بەپیتە و هەمە جۆرە بەرهەمێکی کشتوکاڵی تێدایە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێنرێن. کشتوکاڵی کوردستان زیاتر لە ناوچە دەشتاییەکانە و ناوچە شاخاوییەکانی بواری کشتوکاڵیان تێدا تەسکترە، بەڵام دارستانی شاخەکان قەرەبووی ئەو کەمی کشتوکاڵەی ناوچە شاخاوییەکانی کردۆتەوە.(٧)

کەرەستە و تەکنیکی کشتوکاڵی ئەو سەردەمە هەر ئەو کەرەستە و تەکنیکە بوو کە لە دێرزەمانەوە بەکار دەهات. «بۆ نموونە جووت و گا دەتوانێ بەدرێژایی ساڵ ٣ - ٤ هێکتار زەوی بکێڵێ».(٨)

(١) م. أ. حسرتيان، القضايا القومية في تركيا، ل ١١٩.

(٢) قدری جمیل پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣.

(٣) جليلي جليل واخرون...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

(٤) کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

(٥) لوسيان رامبو، الكرد والحق، ط ١، ترجمة عزيز عبدالاحد نباتي، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨، ص ٧٠.

(٦) د. شاكر خصباك، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٢، ص ٧٠.

(٧) منذر الموصلي، عرب واكراد، رؤية عربية للقضية الكردية، ط ٣، دار الغضون، بيروت، ١٩٩٥، ص ٥٦٠.

(٨) د. عبدالرحمن قاسملو، كوردستان والاكراد - دراسة سياسية وإقتصادية، المؤسسة اللبنانية للنشر، بيروت، ١٩٧٠، ص ١٢٧.

هەرچەندە کشتوکاڵ لەو ماوەیەدا بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستان بوو، بەڵام لە پاشکەوتنێکی بەردەوام بوو، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەم: نەبوونی دابینکردنێک بۆ خاوەنداریەتی زەوی (ملکیـة الارض)، دووەم: دەست باڵایی سیستەمی خێڵەکی لە کوردستاندا.(١)

جگە لەمانە هۆی تریش هەبوون ڕێیان لە پێشکەوتنی کشتوکاڵ دەگرت وەکو: دانانی باجی زۆر لەسەر دەرامەتی کشتوکاڵ یان کۆنترۆڵی حکومەت لەسەر زەوی. بەخشینی زەوی بەدەرەبەگایەتی سەر بەحکومەت بۆ ئەوەی بۆ لای خۆی ڕایان بکێشێ.(٢)

ئەمە لە عێراق و ئێران وا بوو. لە تورکیا (ئەنجومەنی نەتەوەی تورکی) ڕۆژی (١٩)ی حوزەیرانی (١٩٢٧) یاسای ژمارە (١٠٩٧)ی دەرکرد لەبارەی ڕاگوێزانی کورد لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا. هەمان ئەنجومەن لە حوزەیرانی (١٩٣٢) بڕیارێکی تری دەرکرد، ئەنجا ئەوانەی بەر ئەم دوو یاسایە کەوتن زۆربەی هەرە زۆریان جوتیار و شوان بوون، ئەمەش کاری خراپی کردە سەر کشتوکاڵ.(٣)

کوردی سوریاش پیشەی سەرەکییان کشتوکاڵە، بەڵام سیستەمی کاری ئەوان قورسترە چونکە: «لەسەر زەوی دەرەبەگی عەرەبی و کێڵگەی حکومەت کار دەکەن و هەندێکیان وەکو: کرێکاری کشتوکاڵ لە ناوچەکانی کوردی بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری سوریا ڕاگوێزراون».(٤)

جگە لەمانە نەبوونی ڕێگای خۆش لە کوردستان لەو سەردەمەدا گرفتێک بوو لەبەردەم فرۆشتنی بەروبوومی کشتوکاڵی کوردستان. لەبارەی بەرهەمی ئاژەڵیشەوە کە بەشێکی گرنگ بوو لە ئابووری کوردستان. دەڵێن «کوردستان ناوچەیەکی باشە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ. کاتی خۆی بەرهەمی ئاژەڵ باشترین داهاتی کوردستان بوو، بەڵام ئەویش مەترسی خۆی هەبوو، وەکو: وشکە ساڵی و بڵاوبوونەوەی پەتا و بگرە شەڕوشۆڕی خێڵەکیش کاریگەری خۆی لەم بوارەدا هەبوو».(٥)

سروشتی شاخاوی کوردستان و نەبوونی ڕێگای هاتوچۆی باش لە نێوان گوند و شار و بنکە بازرگانییەکان بوو بەهۆی ئەوەی کە خێزانی کورد بیر لەوە بکەنەوە پێویستی خۆیان لە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی لە گوند دروست بکەن. بەم ڕێگایە پیشەسازی سەرەتایی لە کوردستان دەستی پێکرد، وەکو: دروست کردنی جلوبەرگ و مافوور و شتی تر.

لە لایەکی تریشەوە پێویستی خێزان وای کرد پیشەسازی (فخار) لە کوردستاندا پەیدا ببێ، جگە لە

(١) د. شاکر خصباک، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.
(٢) البرت. م. منتشا شفیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٨.
(٣) م. أ. حسرتیان، القضایا القومیة في ترکیا، ل ٧٧.
(٤) د. سعد ناجي جواد، الاقلیة الکردیة في سوریا، جامعة بغداد، مرکز دراسات العالم الثالث، مطبعة التعلیم العالي، بغداد، ١٩٨٨ (للتداول المحدود)، ص ١٢.
(٥) د. شاکر خصباک، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.



هەندێک پیشەسازی تری وەکو: دروست کردنی زەمبیل و پیشەسازی داریی وەکو: دروستکردنی هەوجاڕ و خەنجەر و کەوچک و پێویستی ناو ماڵ. لێرەدا دەبێ باسی پیشەسازی شیرەمەنی بکەین وەکو: پەنیر و لۆر و کەشک و... «هەر وەکو: پێویستی ئارد بوو بەهۆی داهێنانی ئاشی ئاوی».(١)

جگە لە پیشەسازی تری وەکو: جۆڵایی و تەونکاری بۆ دروستکردنی پێویست وەکو: مافوور و بەڕە و جاجم و بەرماڵ و جەواڵ و خەروار و... دەبێ ئەوەش بڵێین کە پیشەسازی پترۆڵ لە کوردستاندا لەو سەردەمەدا سەری هەڵدا، بەڵام «داهاتی ئەم پیشەسازییە هەمووی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان و داگیرکەران دەچوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری هەبوو بۆ ئەو کرێکارانەی کاریان تێدا دەکرد».(٢) ئەمە بووە هۆی ئەوەی چینی کرێکار وردە وردە لە کوردستاندا پەیدا ببن.

چالاکییەکی تری ئابووری کوردستان بازرگانی بوو. دوو جۆر بازرگانی هەبوو: بازرگانی ناوەوە و دەرەوە. «لەبەر زۆرداریی حکومەتە داگیرکەرەکان و زۆری باجی گومرگ، بازرگانانی کورد لە ڕێگای بازرگانی بێگانەوە پەیوەندییان بەبازاڕی دەرەوە دەکرد».(٣)

هەروەها لەسەر بناغەی ڕێگەی بازرگانی ناوخۆ، مەڵبەندی بازرگانی لە شارەکانی وەکو: «کرماشان، قەسری شیرین، خانەقین، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر، جۆلە مێرگ، بدلیس، وان، ڕواندز، مەهاباد، سنە، سەقز، نەغەدە، سەردەشت، ورمێ، قامشلی و هتد» پەیدا بوون و ئەم شارە بازرگانیانە وەکو: مەڵبەندی ئابووری لە کوردستاندا پەرەیان سەند و بوون بەمەڵبەندی کۆبوونەوەی کرێکاران و ڕووناکبیران و بورژوازیی کورد.(٤)

**سێیەم: باری ڕۆشنبیری:**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، هۆشیاری نەتەوەیی کوردی لە گەشەسەندندا بوو، بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی کورد، لەو ماوەیەدا چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵە و یانەی کوردی دامەزران، کە زۆربەی هەرە زۆریان ئامانجیان بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی و خوێندن بەزمانی کوردی بوو. لە سەرەتای ساڵی (١٩١٠) قوتابخانەیەکی کوردی لە ئەستەنبوڵ کرایەوە.(٥) ساڵی (١٩١٣)ش قوتابخانەیەکی کوردی تر لەلایەن (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە شاری خوێ دامەزرا،(٦) دوای تەقینەوەی

(١) د. شاکر خصباک، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٣.
(٢) د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٣.
(٣) د. مجید جعفر، کردستان ترکیا دراسة اقتصادیة اجتماعیة سیاسیة في تحت التخلف الاستعماري، مطبعة میرال، بیروت، بدون تاریخ، ص ١٥٨.
(٤) د. عزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.
(٥) جلیلي جلیل، نهضة الاکراد الثقافیة في نهایة القرن التاسع عشر وبدایة القرن العشرین، نقله من الروسیة باقي نازي و د. ولاتو وکور، رابطة کاوا للثقافة الکردیة، دار الکاتب، بیروت، ١٩٨٦، ص ٧٩.
(٦) د. کمال مظهر احمد، دراسات في تاریخ ایران الحدیث والمعاصر، ص ٢٤٤.

جەنگی یەکەمی جیهانی بارودۆخی ناوچەکە گۆڕا و بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیش گۆڕانی بەسەر داهات.

لە تورکیا هەموو ڕێکخراو و یانە و قوتابخانە کوردییەکان داخران و بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغە کرا.[1] لە ئێران زمانی کوردی لە قوتابخانە و دامودەزگاکانی حکوومەت و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی قەدەغە کران و ناوی شارە کوردییەکان بەناوی فارسی گۆڕان[2] دوای داگیرکردنی خاکی کوردستان لەلایەن هێزی بریتانییەوە، دەسەڵاتی هێزی بریتانیا هەوڵی دا کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرەتای ساڵی (١٩١٨) ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بەزمانی کوردی لە بەغدا دەرکرد.[3]

دوای تەواو بوونی کێشەی مووسڵ «کۆمەڵەی نەتەوەکان لە بڕگەی (٣)ی بڕیاری (١٦)ی کانوونی یەکەمی (١٩٢٥) داوای لە حکوومەتی بریتانیا کرد کە مافە ئیدارییەکانی کورد دابین بکات».[4]

لەبارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا، لە یاداشتنامەی (لانسلونت ئولفنت)، ژمارە/ ئەی ٦٥ - ٤٤٠ - ١٣٦٧ لە ڕۆژی (٢)ی ئاداری (١٩٢٦) هاتووە کە: «ساڵی ١٩٢٥، (٢٥) قوتابخانە لە کوردستاندا هەبووە. پێنجیان تایبەتی بوون بەگاورەکان کە زمانی کوردی و عەرەبییان تێدا دەخوێندرا، شازدە قوتابخانەی تر بەزمانی کوردی بوون و چوارەکەی تر کە قوتابییەکانیان گاور و کورد بوون بەزمانی عەرەبی دەیان خوێند».[5]

مێژوونووسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە پێش ساڵی (١٩٣٠) زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی لیوای سلێمانی دەخوێندرا و لە لیوای کەرکووکیش سێ قوتابخانەی لێ هەبوو، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەو لیوایەدا (٥١ ٪)ە.

ئەوەش دەڵێ کە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەشی زۆری قوتابخانەکانی هەولێر بەردەوامە، بەڵام «لە لیوای مووسڵ لە هەر پێنج قەزا کوردییەکە کە لە چواری سێ بەشی کوردە، قوتابخانەیەکی کوردی نییە».[6]

(١) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في تركيا (مرحلة جديدة) مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٩١، ص ٨.
(٢) د. كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، ص ٢٥٥.
(٣) د. کمال مظهر احمد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل ١٠٢.
(٤) د. فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی مووسڵ، وەرگێڕانی محەمەد شاکەڵی، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٢٦.
(٥) عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات، ط ٥، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٨٢، ص ١٥٥.
(٦) محەمەد ئەمین زەکی، دوو تەقەلای بێ سوود، توێژینەوەی سەباحی غالب، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن، ١٩٨٤، ل ٧٦ - ٧٧.



دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەکەمبوونەوەی دەسەڵاتی بریتانیا لە عێراق بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و دامودەزگاکانی حکوومەت کەم بووەوە. لە سووریاش بارودۆخی کوردەکان لە پارچەکانی تری کوردستان باشتر نەبوو. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی پارچەی کوردستانی سوریا لەلایەن دەسەڵاتی فەرەنساوە. ڕێگا بەکوردەکان درا چەند چاپەمەنییەک بەکوردی بڵاوبکەنەوە و چەند یانە و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی کوردەکاندا دابمەزرێنن. ڕۆشنبیر و سەرۆک هۆزە کوردەکانی سوریاش، لە (١٩٢٨/٦/٢٣) یاداشتێکیان ئاراستەی دەسەڵاتی فەرەنسا کرد و داوایان کرد:

١- زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ڕەسمییەکانی تر لە ناوچەی کوردەکان بەکار بێ.
٢- زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ناوچەی کوردەکان، بخوێندرێ.
٣- ئەو فەرمانبەرانەی لە ناوچەی کوردەکان کار دەکەن، کورد بن.

یاداشتنامەکە پێشنیاری کرد بوو هێزێکی کوردی بەئیدارەی فەرەنسی بۆ پاراستنی سنوور پێکبهێنرێ.[1] بەڵام ئەم داوا ڕەوایانە بەرەو ڕووی سیاسەتێکی شۆڤینیانەی داگیرکەران بوونەوە.

بۆ پێشخستنی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی چەند ڕێکخراو و کۆمەڵە و یانەی تایبەتی دامەزران، وەکو:

**١- کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاری کوردی:** (جمعية نشر المعارف الكردية)، کە ساڵی (١٩٠٨) دامەزرا.[2] کاری سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە کردنەوەی قوتابخانە و چاپکردنی کتێبی کوردی بوو. (خەلیل خەیالی) ڕۆڵێکی سەرەکی لەم کۆمەڵەیەدا هەبوو کە کاروبارەکانی بەیارمەتی دەوڵەمەندە کوردەکان بەڕێوە دەچوو.[3]

**٢- کۆمەڵەی پەروەردە.**[4]

ڕووناکبیری کورد (عەبدوڕەزاق بەدرخان) لە سەرەتای (١٩١٣)دا ئەم کۆمەڵەیەی دامەزراند. بەتەما بوو چاپخانەیەکیش دابنێ، بەڵام بۆی نەلوا، ئەم کۆمەڵەیە قوتابخانەیەکی لە شاری خوێ دامەزراند.[5]

**٣- کۆمەڵەی زانستی:**

ناوی (جمعیتی زانستی کوردان)[6] بوو، لە ساڵی (١٩٢٦) بەیارمەتی نیشتمانپەروەرانی کورد لە

(١) د. سعد ناجی جواد، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤ - ١٥.
(٢) د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، بغداد ١٩٨٩، ص ٣٥.
(٣) جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية، ص ٧٨.
(٤) فيصل الدباغ، اضواء على كتاب الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨. مطبعة الثقافة في اربيل، ١٩٩٧، ص ١١١.
(٥) عبدالستار طاهر شريف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣.
(٦) غەفوور میرزا کەریم، کۆمەڵەی زانستی سلێمانی، مطبعه دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٥، ل ١٥.

سلێمانی دامەزرا، کاری سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە وەکو: لە پرۆگرامەکەیدا هاتووە: (تعمیم علم ومعرفتە لە کوردستان).[1] ئەویش بەهۆکاری جۆراوجۆر دەبێ وەکو: «نشر غزتە و وسائل معرفتە، ترجمە وتالیف کتب تدریسیە وسائرە، مکتب کردنەوە واجرای تدریسات بەرۆژ و بەشەو، بەصورت محاضرە اهالی تنویر کردن، کتێبخانەی کردنەوە، بو اکمال تحصیل بو ممالک مرتقیە قوتابی ناردن».[2] هەروەها «کۆمەڵەکە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ سیاسەت خەریک نابێت».[3] ئەم کۆمەڵەیە دەورێکی زۆری بینی لە بڵاوکردنەوەی خوێندن و ڕۆشنبیری.

**٤- کۆمەڵەی لاوان:**

ساڵی (١٩٣٠) لەناو قوتابیانی پەیمانگای بەغدا لە لایەن کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران دامەزرا. بایەخی بەڕۆشنبیری و ئەدەب و کاروباری کۆمەڵایەتی دەدا. (محەمەد ئەمین زەکی) سەرپەرشتی دەکرد. دوو ژمارەی لە گۆڤاری (دیاری لاوان).[*] بڵاو کردەوە و ئامانجی سیاسی نەبوو.[4]

جگە لەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی باسکران، هەموو ڕێکخراو و حزب و کۆمەڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد، بەشێکی گەورەی ئەم ئەرکە ڕۆشنبیرییەیان گرتبووە ئەستۆ. زۆربەی زۆریان بەدەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە دەوری گەورەیان لە وشیار کردنەوەی نەتەوەیی و بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری کورد گێڕان.

باسکردنی باری ڕۆشنبیری کورد، دوور لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئەنجامێکی تەواو بەدەستەوە نادا، بۆیە لێرە بەدواوە بەکورتی باس لە ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سەرەتاوە تا دەرچوونی گۆڤاری هاوار لە ١٩٣٢دا دەکەین.

**أ- ڕۆژنامەکان:**

**١- ڕۆژنامەی کوردستان:**

لە ڕۆژی (٢٢)ی نیسانی (١٨٩٨) یەکەم ژمارەی لە قاهیرە دەرچووە. «لە سەرەتادا لەلایەن (مقداد مدحت بەگ)ەوە دەرچوو. ژمارە (٦ - ١٩) لە جنێف و ژمارە (٢٠ - ٢٣) دووبارە لە قاهیرە و ژمارە (٢٤) لە لەندەن و ژمارە (٢٥ - ٢٩) لە فۆلکستۆن و ژمارە (٣٠ و ٣١) جارێکی تر لە جنێف لەلایەن برای (مقداد بەگ)، (عەبدولڕەحمان بەگ)ەوە دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە بەکوردییەکی جوان و ڕەوان، شێوە زاری (کرمانجی سەروو - جزیرەی بۆتان) بەدوو هەفتە جارێک لە چوار لاپەڕەی (٢٥,٥ ×

(١) سەرچاوەی پێشوو.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) احمد خواجە، چیم دی، بەرگی (٣) چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٢، ل ٤١.
(*) بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨.
(٤) عبدالستار طاهر شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.



٣٢,٥سم)یدا دەردەچوو، بەپیتی عەرەبی لەسەر تەرزی فارسی چاپ دەکرا».[1]

**٢- کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی:**

ئۆرگانی یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی کورد بوو، دوای شۆڕشی (١٩٠٨) لە ئەستەنبۆڵ دەریان دەکرد.[2] بەهەردوو دیالێکتی (کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو)ی کوردی و بەزمانی تورکی دەردەچوو. خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی: (تۆفیق سلێمانی) بوو، سەرنووسەری: (ئەحمەد جەمیلی دیاربەکری) بوو. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکە بەزمانی تورکی نووسرابوو. ئێستا هەفتەی جارێک دەردەچێت. ڕۆژنامەیەکی ئایینی، زانستی، سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتییە.[3]

**٣- کوردستان:**

ئەم ڕۆژنامەیە دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتیەتی (١٩٠٨) لە ئەستەنبۆڵ دەردەچوو، لە (١٣)ی نیسانی (١٩٠٩) داخرا، (ثریا بدرخان) دەری دەکرد.[4]

**٤- پەیمان:**

ساڵی (١٩٠٩) لە دیاربەکر لەلایەن لایەنگرانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقییەوە بەزمانی کوردی و تورکی دەردەچوو. ڕۆژنامەیەکی فیکری سەربەخۆ بوو. هەموو هەفتەیەک، ڕۆژی دووشەممە دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیاز و بەرپرسی (میر کاتب زادە شوکری) و سەرنووسەری (أ. باکی) بوو.[5]

**٥- تێگەیشتنی ڕاستی:**

ئەم ڕۆژنامەیە ساڵی (١٩١٨) لە شاری بەغدا دەردەچوو. هەموو نووسەرەکان ناوی خۆیان تێدا نەدەنووسی، بەڵام (دکتۆر کەمال مەزهەر) دەڵێ: «ورد بوونەوە لە چەند ڕاستییەک و بەراورد کردنیان گومان لە بەشداریی دوو کەس ناهێڵن، یەکەمیان: مێجەرسۆن و دووەمیان: شوکری فەزلی».[6]

**٦- پێشکەوتن:**

ژمارەی یەکەمی لە (٢٩)ی نیسانی (١٩٢٠) دەرچووە، (مێجەرسۆن) دایمەزراند. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکە نووسراوە: (حەفتەی جارێک دەردەچێت). لەسەر ناوی ڕۆژنامەکە وشەی (سلێمانی) نووسراوە. (مستەفا پاشا) یامولکی سەرنووسەری بووە.[7] (١١٨) ژمارەی لێ دەرچوو، دوا ژمارەشی

(١) محمود زامدار، (کوردستان)ی دایک، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٧ -٨.
(٢) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ٢١٧.
(٣) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، ل کوردستانا باکوور و ل تورکیێ ڕۆژنامەگەرییا کوردی ١٩٠٨ - ١٩٩٢، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (لاتینی)، ل ٣٣ - ٣٥.
(٤) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.
(٥) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧ - ٤٩.
(٦) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ١٨.
(٧) وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، دەزگای گوڵان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٣٤.

له (٢٧)ی تەمووز (١٩٢٢) دەرچوو.[١]

### ٧- ڕۆژی کرد - شەوی عەجەم، ڕۆژی کورد، کورد:

ئۆرگانی بزووتنەوەی سمکۆ بوو، بەکوردی و فارسی دەردەچوو. له ژێر ناوەکەی دەنووسرا: (ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ادبی، اخباری سرمقالی ترجمه دکری بفارسی. دینوسی کوردێک بۆ همو کوردان).[٢]

یەکەم جار بەناوی (ڕۆژی کرد - شەوی عجم) و ئنجا (ڕۆژی کورد) پاشان (کورد) بلاوەکرایەوە. (محمد تمدن) لەبارەی دەرکردنی ڕۆژنامەکە دەنووسێ: (مەلا محەمەد تەرجانی ناو ڕاسپاردرابوو ڕۆژنامەی کوردی چاپ و بلاو بکاتەوە...

ئەویش تابلۆی چاپخانەی (تمدن)ی هەڵگرتبوو و تابلۆی چاپخانەی (غیرت)یان لە جێ دانابوو و ڕۆژنامەیەکیان بەزمانی فارسی و کوردی دەردەکرد، کە بەناوی ڕۆژنامەی هەفتانەی کوردی: (ڕۆژ کرد - شوی عجم)، کە پاشان بەناوی (ڕۆژ کرد) بلاو دەکرایەوە و پاشانیش تەنیا بەناوی (کرد) دەریان دەکرد).[٣] «ژمارەی یەکەمی لە (١٢)ی شەوالی (١٣٤٠) بەبەڕێوەبەرایەتی محەمەد تورجانی لە چاپخانەی غیرەت لە ورمێ چاپ کراوە».[٤]

### ٨- بانگی کوردستان:

ژمارەی یەکەمی لە (٢٢)ی ئابی (١٩٢٢) دەرچووە. ئۆرگانی حکوومەتی شێخ مەحموود بوو لەولاو لەولای ناوەکەیەوە نووسراوە: (صاحب امتیاز ومدیر مسؤول مصطفی پاشا، محرر کردی و فارسی علی کمال و م. نوری - محرر تورکی ڕەفیق حیلمی).[٥] لە ژێر ناوەکەشی نووسراوە (علمی، اجتماعی، ادبی، غەزەتێکی حوڕ و سەربەستی میللییە، هەفتەی جارێک دەردەچێ).[٦]

شەش لاپەڕە بوو بەئەندازەی (٣٢ × ٣٠)سم. دوا ژمارەی کە دەکاتە ژمارە (١٧)، لە (١/٤/١٩٢٦) دەرچووە.

### ٩- ڕۆژی کوردستان:

ژمارەی یەکەمی لە (١٥)ی تشرینی دووەمی (١٩٢٢)، لە شاری سلێمانی وەکو: ئۆرگانی حکوومەتی شێخ مەحموود دەردەچوو. لەسەر بەرگەکەی نووسرا بوو: «سیاسی، ادبی، اجتماعی،

---

(١) عەلی ناجی، کاکەمین عەتار، سیروان بکر سامی، پێشکەوتن - یەکەم ڕۆژنامەی سلێمانی ٩٢٠ - ٩٢٢، هەولێر، ١٩٩٨.

(٢) محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول، ص ٣٧١.

(٣) سەرچاوەی پێشوو.

(٤) صالح محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٤.

(٥) جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان، لە چاپخانەی دار الحریة، بغداد، ١٩٧٤، ل ٣٧.

(٦) هەمان سەرچاوە.



غەزەتێکی رسمییە، هەفتەی جارێک دەردەچێ.

صاحب امتیاز و مدیر مسؤول م. نوری، محرر علی کمال».[١] بەکوردی دەردەچوو جاروبارێش شیعر و وتاری بەتورکی بلاو دەکردەوە.[٢]

### ١٠- بانگی حەق:

ژمارەی یەکەمی لە (٨)ی ئاداری (١٩٢٣) لە ئەشکەوتی جاسەنەی سلێمانی دەرچووە، تا نیسانی (١٩٢٣)، (٣) ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی (٣)ی دوو لاپەڕە بوو.[٣] لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکە نووسراوە: «ناشکێ بەطوپ و بومبا سرفرازە بانگ حق/ سیاسی، ادبی، اجتماعی، غزەتێکی رسمیە لە قرارگاهی عمومی اردوی کوردستان طبع اکری/ غایە و املی استحصال حقوق کوردانە».[٤]

### ١١- ئومێدی ئیستقلال:

«ژمارەی یەکەمی لە (١٩٢٣/٩/٢٠) لە شاری سلێمانی بلاو کراوەتەوە».[٥] ئۆرگانی بزووتنەوەی شێخ مەحموودی بەرزنجی بوو. لە لای ڕاستی ناوەکەی نووسراوە: (مدیر مسؤول خواجە افندی زادە احمد صبری).[٦] لە ژێر ناوەکەشی ئەم چوارینەی ڕەفیق حیلمی نووسراوە:

(خودایا بەسیە ئیتر لابەری دەیجوری اضمحلال
طلوعی پێ بکە خورشیدی ڕۆژی پاک استقبال
لەگەڵ خولیایی هیجرەت بەسەر چوو عومری شیرینم
دەسا نۆبەی ویسالە، آه.. ئەی ئومێدی استقلال).[٧]

(٥٢) ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.

### ١٢- ژیانەوە:

یەکەم ژمارەی لە (١٧)ی موحەڕڕەمی (١٣٤٣) بەرامبەر بە(١٨)ی ئابی (١٩٢٤) لە شاری سلێمانی بلاوبۆتەوە: «ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی حکوومەتییە، هەفتەی جارێک دەردەچێ».[٨] لە

---

(١) جەمال خەزنەدار، ڕۆژی کوردستان، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٧٣، ل ١٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤، ٣٠...

(٣) ڕەفیق صالح، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر (١٩٢٣ - ١٩٢٤)، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠١.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١)ی بانگ حق، ل ١.

(٥) وریا جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩ - ٤٠.

(٦) ڕەفیق سالح، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر، (١٩٢٣ - ١٩٢٤). امید استقلال ژمارە (١)، ل ١.

(٧) هەمان سەرچاوە.

(٨) عەبدولا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ١٩٢٤ - ١٩٢٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ژمارە (١)، ل ١.

ژمارە (١٩)ەوە لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە: «غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، هەفتەی دووجار دەردەچێ».(١) ڕۆژی (١٤)ی کانوونی دووەمی (١٩٢٦) دوای پەنجا و شەشەمین ژمارە لە دەرچوون وەستا.(٢)

**١٣– ژیان:**

«یەکەم ژمارەی لە (٢١)ی کانوونی دووەمی (١٩٢٦)، لە شاری سلێمانی بلاو بۆتەوە، بە(٤) لاپەڕە دەردەچوو لە چاپخانەی شارەوانی چاپ دەکرا»(٣) پیرەمێردی شاعیر بەڕێوەبەری بوو. «لە ١٩٣٨/٣/١٠ ژمارەی ڕۆژنامەکە گەیشتە (٥٥٣) ژمارە و ئیتر ڕاگیرا و ئیمتیازەکەی لە پیرەمێرد سەندرایەوە».(٤)

**١٤– ڕۆژنامەی ئاگری:**

ئەم ڕۆژنامەیە ئۆرگانی شۆڕشی ئارارات بوو، لە نێوان ساڵانی (١٩٢٩ – ١٩٣٠) لە شاخی ئارارات دەردەچوو.(٥)

لە ژمارە یەکدا، سروودی لەشکری کوردی تێدا بلاوکراوەتەوە، کە سەرەتای بەم جۆرە دەست پێدەکا:

(ئاگری ئاگر تو ئاگر بوو
ناڤ دنیایێ سەر بلند بوو
ل کوردستان تو چرا بوو
هێلبە ئاگری هێلبە ئاگری
رونایی درساند هەردەران
ئاگر دڕژاند سەرسەران
ئەرد دهەژاند جار جاران
هێلبە ئاگری هێلبە ئاگری)(٦)

**١٥– ریبا تازە:**

ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان بوو. ژمارەی یەکەمی لە (٢٥)ی ئاداری (١٩٣٠) لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان بلاوبۆتەوە... لە لایەن کوردەکانی ئەرمەنستانەوە یەکەم جار بەپیتی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١.
(٢) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ٢٢١.
(٣) سەرچاوەی پێشوو.
(٤) وریا جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١ – ٤٢.
(٥) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.
(٦) قدری جمیل پاشا، مسألە کردستان، ل ١١٣.



لاتینی کوردی و ئینجا بەپیتی سلاڤی بەشێوەی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەردەچوو. ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەپێکردنی ئەدەبی کوردی لە ئەرمەنستان هەبوو. بەتێکچوونی یەکێتی سۆڤیەت باری ڕۆژنامەکە شێوا، بەلام هێشتا دەردەچێت، پاش ئەوەی (٦١) ساڵ خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی کرد.(١)

**ب – گۆڤارەکان:**

**١– ڕۆژی کورد – هەتاوی کورد:**

ئۆرگانی کۆمەڵەی (هێڤی کورد) بوو. بەکوردی و تورکی لە ئەستەنبۆڵ دەردەچوو، لە چوار ژمارەی پێشیندا ناوی گۆڤارەکە (ڕۆژی کورد) بوو، بەلام لە دوای ژمارەی چوارەم ناوەکە گۆڕا و بوو بە(هەتاوی کورد) و سێ ژمارەی لێدەرچوو، هەر چوار ژمارەی ڕۆژی کورد لە (١٩١٣) دەرچوون. سەرنووسەری هەر چوار ژمارەی پێشەوە (عەبدولکەریم سلێمانی) بوو، سەرنووسەری ژمارەکانی هەتاوی کوردیش (عەبدولعەزیز بابان) بوو.(٢)

**٢– یەک بوون:**

یەکێکە لەو گۆڤارانەی کۆمەڵی هێڤی لە شاری ئەستەنبۆڵ بەزمانی کوردی و تورکی بلاوی کردۆتەوە. چوار لاپەڕە بوو. حەفتەی دوو جار دەردەچوو. خۆی لە سیاسەت نەدەدا.

ئەرکی سەرەکی ناساندنی کورد بوو. بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤارەکە: (ئیبراهیم کوردی) بوو. یەکەم ژمارەی لە (٩)ی ئەیلوولی (١٩١٣) بلاوکرایەوە، ژمارە دووی لە (١٩)ی ئەیلوول و ژمارە سێ لە (٣٠)ی ئەیلوولی هەمان ساڵدا بلاوکرایەوە.(٣)

**٣– بانگی کورد:**

گۆڤارێکی ئەدەبی بوو. بەزمانی کوردی و تورکی هەر دوو هەفتە جارێک لە لایەن (جەمال بابان) دەردەچوو. ژمارەی یەکەمی لە (٢٦)ی کانوونی یەکەمی (١٩١٣) بلاوبۆتەوە. پێنج ژمارەی لێ دەرچوو. (٢٤) لاپەڕە بوو، لە چاپخانەی ئاداب لە بەغدا چاپ دەکرا.(٤)

**٤– کوردستان:**

گۆڤارێکی مانگی بوو، لە شاری ورمێ لە لایەن (عەبدولڕەزاق بەگ بەدرخان)ەوە دەردەچوو. پاش دوورخستنەوەی عەبدولڕەزاق بەگ لە لایەن قەیسەرییەکانەوە، (سمکۆ ئاغای شکاک) ئەرکی بەڕێوەبردنی خستە ئەستۆی خۆی، هەتا ساڵی (١٩١٤) بەردەوام بوو.(٥)

(١) وریا جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.
(٢) بەکر شاکر کاروانی، کۆمەلا هێڤی و گۆڤاری هەتاوی کورد و فۆادی تەمۆی شاعیر سێ ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردین، گۆڤاری مەتین، ژمارە ١١١، نیسانا ٢٠٠١، ل ٥١.
(٣) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.
(٤) جبار جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ٩٧٥، ص ٣١.
(٥) جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل ١٩.

### ٥- ژین:

یەکەم ژمارەی لە (٧)ی تشرینی دووەمی (١٩١٨) لە شاری ئەستەنبۆڵ دەرچووە. بەهەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردی و بەزمانی تورکی بڵاوبۆتەوە. بەرپرسیاری گۆڤارەکە لە ژمارەکانی (١ - ٢٠) (هەمزەیێ موکسی) بوو، لە ژمارەکانی (٢١ - ٢٥) (مەمدوح سەلیم بەگ) بوو. ئامانجی سەرەکی گۆڤارەکە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی ژیانی گەلی کورد و مافە نەتەوەییەکانی بوو، هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە لایەن (محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان) کۆکراوەتەوە و لە پیتی عەرەبییەوە کراوە بەپیتی لاتینی و لە ئوپسالا، لە بڵاوکراوەکانی (وەشانخانا دەنگ) جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە.[١]

### ٦- کوردستان:

یەکەم ژمارەی لە (٣٠)ی کانوونی دووەمی (١٩١٩) بڵاوبۆتەوە. لە شاری ئەستەنبۆڵ، لە چاپخانەی (نجم استقبال) چاپ دەکرا. سەرنووسەری (ئەرواسی زادە محەمەد شەفیق) بوو، خاوەنی ئیمتیاز و بەرپرسیاری (محەمەد میهری) بوو، بەڕێوەبەری بەرپرسیاری (سەید حوسەین) بوو. گۆڤارێکی سیاسی، ئیجتماعی، ئەدەبی و علمی بوو، دوو هەفتە جارێک دەردەچوو.[٢] (دکتۆر کەمال مەزهەر) لە باسی ئەم گۆڤارەدا دەڵێ: (بەپێنج زمان: کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسی وتاری بڵاو دەکردەوە)[٣].

### ٧- دیاری کوردستان:

گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، وێنەدار بوو، بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکی هەفتەی جارێک لە بەغدا دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازی: (سالح زەکی ساحیبقران) بوو، بەڕێوەبەری: (ڕشید شەوقی) بوو، یەکەم ژمارەی ڕۆژی (١١)ی مارتی (١٩٢٥) و دوا ژمارەی کە ژمارە (١٦)یە لە (١١)ی مایس (١٩٢٦) دەرچووە.[٤]

### ٨- زاری کرمانجی:

یەکەم ژمارەی لە (٢٥)ی مایسی (١٩٢٦) لە ڕەواندز دەرچووە. لە چاپخانەی زاری کرمانجی چاپ دەکرا. خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری: (سەید حوسێن موکریانی) بوو، بەڕێوەبەری ئیدارە: (عەبدوڕەحمان) بوو. لە ژێر ناوەکەی دەنووسرا: (گۆڤارێکی اجتماعی، تاریخی، فەنی، ادبی مانگییە) وتارەکانی هەمە جۆر بوون: (مێژوو، ئەدەبی، پەخشان، دەنگوباس...) هیچ ناوی نووسەریان بەسەرەوە نییە، یەک دوو جار نەبێ، ناوی (خدۆک) و (داماو) هاتووە، ئەمانەش نازناوی حوسێن موکریانی

---

(١) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

(٢) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

(٣) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ٢٣٣.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

رفیق سالح، دیاری کوردستان (١٩٢٥ - ١٩٢٦)، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠١.



خۆیەتی.[١] ئەمە یەکەمین گۆڤاری کوردییە وشەی (گۆڤار)ی[*] بەکارهێنابێت.

### ٩- پەیژە:

هەر یەک ژمارەی لێدەرچووە، ساڵی (١٩٢٧) لە بەغدا بڵاوبۆتەوە و لە ژێر ناوەکەی نووسراوە: (ادبی، اجتماعییە بەکوردی بۆ کوردایەتی ادوێ).[٢] دانەری (مستەفا شەوقی) بوو. ناوەڕۆکی بریتییە لە ژمارەیەک وتار و شیعر، لەوەدەچێ هەمووی (مستەفا شەوقی) خۆی نووسیبێتی، چونکە کوردییەکەی ڕێکوپێک و ڕەوانە.[٣]

بەرلەوەی دوایی بەم بەشە بهێنین پێویستە ئەوە نیشان بدەین کە ئەم بارودۆخە مێژوویی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەی لە ماوەی دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەم و بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی دووەم لە کوردستان لە ئارادا بووە، زۆر بەڕوونی لەسەر لاپەڕە و ژمارەکانی گۆڤاری هاواردا ڕەنگی داوەتەوە. بەجۆرێک کە ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بوون بەسەرچاوەیەکی کەم وێنە بۆ هەر توێژەر و باسکارێک کە بیەوێت لە هەلومەرجی ئەم ڕۆژگارانە بکۆڵێتەوە. هەر ئەم ڕووداو و، بەسەرهاتانەش بوون بەماک و هەوێنی گەلێ بەرهەمی ئەدەبی و ڕووناکبیری کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ تەعبیر لەو بارودۆخانە دەکەن و لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە. لێرەدا هەر بۆ نموونە ئاماژە بۆ چەند بەرهەمێک دەکەین کە لە کات و ژمارە جیاوازەکانی گۆڤارەکەدا هاتوون لەو بارەوە:

- شیعری (تولاکاروێن)ی جەلادەت بەدرخان، (ژ ١٧، ل ٦).
- شیعری (تولاباڤان)ی هەڤاڵ شوکری، (ژ ٢٢، ل ٤).
- شیعری (شاهناما شەهیدان)ی جەگەرخوین، (ژ ١٨، ل ٥) و (ژ ١٩، ل ٤).
- شانۆگەری (هەڤند)ی جەلادەت بەدرخان، (ژ ٢٠، ل ١).
- چیرۆکی (دلاوەرێ چاردە سالی)ی (سبحی رسول)، (ژ ٢٩، ل ٧).
- چیرۆکی (بەرتەڤنا مەهفورێ)ی جەلادەت بەدرخان، (ژ ٤، ل ١).
- چیرۆکی (گولێ)ی نوردەین یوسف، (ژ ٢٩، ل ٨).

---

(١) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ٢٣٤.

(*) لەم بارەیەوە، د. کمال مەزهەر ئەحمەد لە گوتارێکدا لە ژێر ناوی (گۆڤاری هاوار و کوردی عێراق) لە ژمارە (١٨٣)ی ١٩٩٩ی گۆڤاری (بەیان)دا (ل ٤) دەڵێت: (شایانی باسە جەلادەت بەدرخان یەکەم کەسە وشەی گۆڤاری بەکارهێناوە). بەڵام لە ڕاستیدا پێش جەلادەت بەدرخان، ئەم وشەیە لەلایەن سەید حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا بەکارهاتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گۆڤاری زاری کرمانجی، هەروەها بڕوانە: وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل ٤٣.

(٢) مومتاز حەیدەری، مستەفا شەوقی و پەیژە، شرکة مطبعة الادیب البغدادیة المحدودة، بغداد ١٩٨٥، ل ٩٧.

(٣) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ٢٣٤.

– چیرۆکی (لاوکێ من)ی د. کامەران عالی بەدرخان، (ژ ٤، ل ۷).

– لەگەڵ چەندین بەرهەمی تری نووسەرانی گۆڤارەکە کە ئاماژە بۆ ئەو ڕووداو و شۆڕش و ڕاپەڕینانە دەکەن، لەگەڵ ڕابەر و سەرکردە و شەهیدەکان... کە لەو ڕۆژگارانەدا لە ئارادا بوون.





# شیعر لە گۆڤاری هاواردا

میر جەلادەت بەدرخانی خاوەن و بەرپرسی گۆڤاری هاوار، لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا، گوتارێکی بلاوکردۆتەوە لە ژێر ناوی: «ئارمانج، ئاوایێ خەبات و نڤیساندنا هاوارێ»[1] کە پرۆگرامی گۆڤارەکەی تێدا ئاشکرا کردووە و لە خاڵی چوارەمدا باسی شیعر و شاعیران دەکات و دەڵێ: پۆلێنکردن و بلاوکردنەوەی شیعری کوردی لەگەڵ ژینامەی شاعیران دەبێتە بناغەیەک لەو پرۆگرامەدا. گۆڤاری هاوار بەدرێژایی سالانی دەرچوونی، کە (٥٧) ژمارەی لێ دەرچووە، (١٨٧) شیعری کوردی جۆراوجۆری بلاوکردۆتەوە، جگە لە سێ شیعری عەرەبی کە (الكردي الواني) نووسیویێتی و لە ژمارەکانی (١٣، ١٧، ٢٠)دا بلاوکراونەتەوە.

چوار شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی فرەنسایی بەدەستکاری کردووە بەکوردی. یەکەم شیعری (لوری یا شەهیدان)ی فیکتۆر هۆگۆیە، (ژ ٢٧، ل ٩)، دووەم (سترانا مرنێ)ی لامارتینە، (ژ٢٨، ل ٨)، سێیەم (مرنا گوری)ی ئەلفرێد دوڤینییە و جەلادەت بەدرخان وەری گێڕاوە (ژ ٣١، ل ٤)، چوارەم شیعری (دەلالی یا دەلالان)ی بۆدلێرە و سەیدایێ گەرۆک وەریگێڕاوە (ژ ٣٨، ل ٩).

دەبێ ئەوەش بلێین کە دکتۆر کامەران بەدرخان سەد و یەک چوارینەی خەیامی کردووە بەکوردی و لە ژمارەکانی (١٧ – ٢٦) بلاوی کردوونەتەوە.

هەروەها دیوانی مەلایێ جزیری لە لایەن (قەدری جەمیل پاشا)وە ئامادە کراوە و لە ژمارەکانی (٣٥ – ٥٧) بلاوکراوەتەوە. دیسان مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە لایەن هەرە کۆل ئازیزان.[*] کە نازناوی (جەلادەت بەدرخان)ە،[2] ئامادە کراوە و لە ژمارەکانی (٤٥ – ٥٧) جگە لە ژمارەکانی (٥٢) بلاوکراوەتەوە. زیاتر لە پەنجا شاعیری ئەو سەردەمە، بەهەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردی (کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو) بەرهەمیان لە هاوار بلاوکردۆتەوە، کە شەقڵی تازە کردنەوە بەبەرهەمەکانیانەوە دیارە. ئەم خاڵە لای شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمە شتێکی ئاشکرا بوو، ئەوەتا گۆران دەڵێ: «هەر لەم کاتەشا لە سووریە کامەران بەدرخان و قەدری جان لە ڕووی هەستێکی

---

(١) گۆڤاری هاوار، ژ (١)، (١٥)ی گولانی ٩٣٢، ل ١.

(*) هەرە کۆل ئازیزان: ناوی هاوینەهەوارێکی شاخاوی بۆتانە. شاخێکی زۆر بەرزە، بەسەر جزیرەی بۆتاندا دەڕوانێ، سەلمان عوسمان (کۆنێ ڕەش)، (الامیر جلادت بدرخان، حیاته وفكره، مطبعة الكاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢، ١٦٦).

(٢) سلمان عوسمان (کۆنێ ڕەش)، الامیر جلادت بدرخان، ل ١٤٧.

نەتەوایەتییەوە هەڵبەستی هیجائییان دادەنا، لە گۆڤاری (هاوار)دا بڵاویان دەکردەوە». (١)

ئەو بەرهەمانەی لە گۆڤاری (هاوار)دا بڵاو دەبوونەوە، بارودۆخی شیعری ئەو سەردەمەیان پیشان دەدا.: «بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخی بەدیالێکتەکانی کرمانجی سەروو و خواروو بڵاو دەکردەوە». (٢) واتە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کلاسیکی، هەوڵی تازە کردنەوەی شاعیرانیشی بڵاودەکردەوە. هەروەها هەندێ شیعر بەڕوخسار کلاسیک و بەناوەڕۆک تازە لەسەر لاپەڕەکانی (هاوار) بەرچاو دەکەوتن، بەتایبەتی کە ئەو کاتە سەردەمی قۆناغی گواستنەوە بوو، لەبارەی ئەم قۆناغەوە د. مارف خەزنەدار دەڵێ: «ئەدەبی نوێی کوردی لە ڕێڕەوی پێشکەوتنیدا بەدوو قۆناغ تێپەڕیوە: یەکەم قۆناغی دروست بوون و چەسپان، کە لەم قۆناغەدا ئەدەب ڕوخسار و ئامرازی هونەری کلاسیکی پاراست، ئەندازەی تازەکردنەوەی ئەم قۆناغە لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدایە. نموونەی ئەم قۆناغەش بەرهەمی ئەحمەد موختار و ئەحمەد حەمدی و عەلی کەمال باپیر و ئەوانی ترە، لە قۆناغی دووەمدا لەگەڵ نوێ کردنەوەی ناوەڕۆک، ڕوخسار و زمانیش تازەکرانەوە، وەکو: شیعرەکانی: گۆران، بێکەس، دڵدار، نووری شێخ ساڵح و هی تر...». (٣)

بۆ ئەوەی باشتر شارەزای ئاستی شیعر و شاعیرانی گۆڤاری (هاوار) بین، بەپێویستی دەزانین ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی شی بکەینەوە و هەڵیان سەنگێنین:

## یەکەم: ڕوخسار

### ١- کێش:

کێش ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، زۆرجار کێش دەبێ بەڕەگەزی جیاکەرەوەی شیعر لە ژانرەکانی تری ئەدەبدا. کێش ئاوازی سەرەکی دەرەوەی شیعرە و لەگەڵ ئاوازی ناوەوە پێکدێنێ، کە لە دەنگ و وشە و پەیوەندی ڕەگەزەکانەوە دروست دەبێ، ئاوازی گشتی شیعرەکەش تەواو دەکا.: «کێش لە شیعری هەموو زمانێکدا هەیە، هەریەکە بەپێی تایبەتی خۆی». (٤) هەر لە کۆنەوە شاعیرانی کورد بەپێی ئەو تایبەتییە مامەڵەیان لەگەڵ شیعردا کردووە،: «کێشی خۆماڵی کە بەژمارەی برگە و وەستانی ناوەڕاستی لەتە دێڕ دیار دەکرێ و هەر لە کۆنەوە سروود و گۆرانی و بەیت و سەراپای شیعری فۆلکلۆری بەو کێشە داڕژاوە و هەموو شیعری زاری گۆرانی، چەند نموونەیەکی کەم نەبێ،... بەژمارەی برگەیە، جگە لەوەی کە شیعری

(١) عەبدولڕەزاق بیمار، دانیشتنێک لەگەڵ گۆراندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢)، شوباتی ٩٧٠، ل ٣.

(٢) عزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراورد کردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٦٧ – ٦٨.

(٣) دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٢٤.

(٤) د. معروف خەزنەدار، موجز تاریخ الادب الکردي المعاصر، ترجمة، د. عبدالحمید شیخو، الناشر هوشنگ کرداغی ١٩٩٣، ص ٩٦.



نوێش گەڕاوەتەوە سەر ئەو کێشە خۆماڵییە». (١)

جگە لەو کێشە ڕەسەنە کە کێشی برگەیی (پەنجە)یە، شاعیرانی کورد جۆرە کێشێکی تریشیان بەکارهێناوە، کە کێشی عەرووزییە،: «دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەڕییەوە ناو هەڵبەستی ئەو گەلە موسڵمانە نا عەرەبانەی، کە یەکێک لەوان گەلی کوردە». (٢)

بەڵام کورد عەرووزی عەرەبی لە ڕێی شیعری فارسییەوە وەرگرتووە و بەپێی خاسیەتەکانی خۆی دەستکاری تێدا کردووە و گونجاندوویەتی. شیعری گۆڤاری (هاوار) لەسەر هەر دوو جۆرە کێش نووسراون، کێشی عەرووزی و کێشی برگەیی.

### کێشی عەرووزی

ئەو کێشە عەرووزیانەی کە لە شیعرەکانی هاواردا هاتوون، بەهەردوو جۆرییەوە، شیعری کلاسیکی و شیعری سەردەم، ئەمانەن:

کێشی هەزەج: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢: «هەرچەندە ئەم کێشە لە عەرەبیدا زۆر بەکار نەهاتووە، بەڵام لە کوردیدا هەر لە سەرەتاوە لای بابا تاهیر و جزیرییەوە، تا ئێستا هەموو ئەو شاعیرانەی کێشی عەرووزیان بەکارهێناوە کەم و زۆر شیعریان بەکێشی هەزەج نووسیوە». (٣) ئەم کێشە جێگایەکی بەرچاوی لە شیعرەکانی (هاوار)دا گرتووە و چەند قاڵبێکی جیاوازی تێدا هاتووە:

أ- هەزەجی هەشتی موسەببەغ: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

د. کامەران بەدرخان لە (ژ ١١، ل ٣)ی هاواردا، لە شیعری (مەشهەدا عبرەتێ)دا، دەڵێ:

مەلایێ من و شێخێ من مەلایێ ئەردێ کوردستان
شەهیدێ ئەرد و ئەزمانی شەهیدێ گوزگە و بۆتان

(ئەحمەد نامی)یش لە (ژ ٥٥، ل ٦)دا شیعرێکی بەناوی (دل ژارێ غەمگین) بڵاوکردۆتەوە لەسەر هەمان کێشە. (مستەفا ئەحمەد بوتی)ش شیعرێکی لەسەر هەمان کێش بەناوی (دنیا تاری) لە (ژ ٣١، ل ٩)دا بڵاوکردۆتەوە.

ب – هەزەجی هەشتی تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢

تاهیر فوئاد شیعرێکی لە (ژ ١٢، ل ٤)دا بەناوی (خەیاڵ) بڵاوکردۆتەوە:

وەرە ئەی دڵ هەتا شەمعی حەواست پرتەوی ماوە
بەغەفلەت فەیزی هۆشت دامەنێ فورسەت کە یەک تاوە. (٤)

(١) عەزیز گەردی، کێش شیعری کلاسیکی کوردی – ل ٩٤ – ٩٥.

(٢) عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی دار الحریة، بغداد، ١٩٩٢، ل ١٧.

(٣) عەزیز گەردی، کێش شیعری کلاسیکی، ل ١٣٨.

(٤) دیوانی تاهیر فؤاد، چ ١، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٠، ل ٣١.

لەسەر هەمان کێش، (گۆران)یش شیعری (ئەی گەلاوێژ)ی لە (ژ ١٢، ل ٣) بلاوکردۆتەوە و شاعیرێکی (ئاپتێن) ناو لە شەهرەزوور شیعرێکی بەناوی: (بۆ خاوەنی هاوار) لە (ژ ١٤، ل ٤)دا بلاوکردۆتەوە. (لاوێکی کورد - عەونی)یش شیعرێکی بەهەمان کێش لە (ژ ٢٢، ل ٣)دا بلاوکردۆتەوە. جەگەرخوینیش شیعرێکی لەسەر ئەم کێشە بەناوی (یارەب) لە (ژ ٥٧، ل ٤)دا بلاوکردۆتەوە.

ج - هەزەجی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ: (مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلان) × ٢.

لە (ژ ٤، ل ٥)دا، شیعری (ئەی کوردینە وشیار بن)ی حاجی قادر بلاوکراوەتەوە لەسەر ئەم کێشەیە:

خاکی جزیر و بۆتان یەعنی ولاتی کوردان
صەد حەیف و صەد مخابن دەیکەن بەئەرمنستان(*)

د - هەزەجی هەشتی مەحزووف: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن فعولن) × ٢.

جەگەرخوین شیعری (پەیامەکە جەگەرخوین)ی لە (ژ ٢١، ل ٢)دا بلاوکردۆتەوە کە لەسەر ئەم کێشەیە:

بگوری بم ژ بۆتە ئەی برایێ من تو کانی
ژ دووری ڤە تە دەستێ خوە دنێڤ دەستێ من دانی

تێبینی: زەربەکەی لەنگە، دەبێ بگوترێ (م دانی) بۆ ئەوەی کێشەکەی دەربچێ.

هـ - هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور: (مفعول مفاعیلن مفاعیلن فعولان) × ٢.

گۆران شیعری (بۆ خانمێک) لە (ژ ١٥، ل ٧)دا بلاوکردۆتەوە کە لەسەر ئەم کێشەیە:

قاسید وتی پێم: بگرە سەبر خانم ئەوا دێت
سا فەرموو... سەبر بێ بەفیدای خاکی بەری پێت(**)

ئەسیریش شیعرێکی بەناوی (ژ کتێبا گۆرانی)(***) لەسەر هەمان کێش لە (ژ ١٨، ل ٢)دا بلاوکردۆتەوە.

و - هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) × ٢.

شیعرێکی تاهیر فوئاد بەناوی (ئەی دڵ) لە (ژ ١٣، ل ٥)دا بلاوبۆتەوە و لەسەر ئەم کێشەیە:

(*) ئەم شیعرە لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، لە لاپەڕە (٨٥) لە ژێر ناوی (خاکی جەزیر و بۆتان) لەگەڵ چەند گۆرانییەک بلاوکراوەتەوە.

(**) ئەم شیعرە لە سەرجەمی دیوانی گۆران، ئامادەکردنی محەمدی مەلا کەریم، ل ٣٦ بلاوکراوەتەوە.

(***) دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، بەغدا، ل ١٩٨٧ ئەم شێوەی تێدا نییە.



ئەی دڵ وەرە مالّی بە ئیتر لادە لە وەحشەت
بەس نەقدی حەیاتت بکە سەرفی خەوی غەفلەت

هەروەها (جەگەرخوین)یش شیعری (دەردێن جەگەرخوین)ی لە (ژ ٢٧، ل ٦)دا بلاوکردۆتەوە، لەسەر هەمان کێشەیە.

دیسان جەگەرخوین مستەزادێکی لەسەر ئەم کێشە، بەناوی (ئەز و دلبەر) لە (ژ ٢٥، ل ٤)دا بلاوکردۆتەوە. (ئوسمان سەبری)ش مستەزادێکی بەناوی (هێڤی یا نو) لەسەر هەمان کێش نووسیوە و لە (ژ ٥٧، ل ٥)دا بلاوی کردۆتەوە:

رازامە لەبەر دەرگەهێ مەیخانەیێ ناچم
سەرمەستی یو بێ هەش

ز- هەزەجی شەشی مەحزووف: (مفاعیلن مفاعیلن فعولن) × ٢.

جەگەرخوین ئەم کێشەی لە شیعری (گوتنا وەلات)دا بەکارهێناوە کە لە (ژ ٤، ل ٦)دا بلاوبۆتەوە:

وەلاتێ من دگوتی من برازی
ل نەزمێ گوهـ بدێرە گەر دخوازی

ئەم شیعرانەی گۆڤارەکەش لەسەر هەمان کێش نووسراون:

- جەگەرخوین، (کولا دل)، (ژ ٩، ل ٦).
- جەگەرخوین، (شەهناما شەهیدان)، (ژ ١٨، ل ٥)، (ژ ١٩، ل ٤).
- جەگەرخوین، (وەلاتێ من)، (ژ ٢٦، ل ٤).
- مستەفا ئەحمەد بوتی، (جەنگا جانی)، (ژ ٣٤، ل ١٣).

٤- هەزەجی شەشی مەقسوور: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل) × ٢

ئەحمەد نامی، شیعری (داخواز نامە)ی لە (ژ ٩، ل ٦)ی گۆڤارەکەدا لەسەر ئەم کێشەی نووسیوە:

من دی روهنییێکی هل بوو ژ داماس
شەفەق دابوو جزیرێ و ئەردێ قافقاس

تێبینی: سەدری لەنگە، دەبێ بگوترێ (م دی...) بۆ ئەوەی کێشەکە ڕاست بێتەوە.

ت - هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزووف: (مفعول مفاعلن فعولن) × ٢.

ئەم کێشە زۆر لە شیعرەکانی (هاوار)دا بەکارهاتووە، بەتایبەتی لای (د. کامەران عالی بەدرخان).

دیارە سەراپای مەم و زینی خانی لەسەر ئەم قالبە کێشە و قالبە کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەقبوزی مەقسوورە. چونکە لە مەسنەوی درێژدا ئەم قالبە پێکەوە دێن. هەندێ دێر ئەم و هەندێ دێر ئەو دەبن.

ئەمین عالی بەدرخان لە (ژ ٩، ل ٤)دا شیعرێکی بەناوی (چەند چەند) لەسەر ئەم کێشە نووسیوە:

ناکـەس هەمی بوونە فـەقـیـر و ئاغـا
یێ ئـەڤ کـــری مــــالاوی نـە ئاڤـــا

ئەم شیعرانەش لە گۆڤارەکەدا لەسەر هەمان کێش هاتوون:

- د. کامەران عالی بەدرخان، (خانی)، (ژ ٢، ل ٤)
- بەهمەن زەردەشت، (ژ خانی را)، (ژ ٨، ل ٣)
- ئەحمەد نامی (لە بو شەهیدەکی)، (ژ ١٢، ل ٥)

ی - هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبوزی مەقسوور: (مفعول مفاعلن فعولان) × ٢.

د. کامەران عالی بەدرخان لە (ژ ٤، ل ٤)دا شیعرێکی لەسەر ئەم کێشە بەناوی (یەکبوون و یەکێتیا کوردی) بڵاوکردۆتەوە:-

ئەڤ لور و بەخـــتــیـــاری و بابان
کــوردمــانج و هەڤــرەمــانی و زازان

هەمـان شاعـیر، شـیـعرێکی تری بەناوی (وەلاتێ کوردان) لەسەر هەمـان کـێشـدا لە (ژ ٦، ل٥) بڵاوکردۆتەوە.

ک - هەزەجی چواری تەواو: (مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.

د. کامەران عالی بەدرخان شیعرێکی بەناوی (لاڤە لاڤ) لە (ژ ٣، ل ٢)دا بەم کێشە نووسیوە:

خـــودان مـــالی خـــودان پەردە
جـــهێ تە گـــەش حـــەمی ئەردە

مـستـەفا ئەحـمـەد بوتیش شیـعـرێکی بەناوی (دیلبەر) لە (ژ ٢٠، ل ١٢)دا بڵاوکردۆتەوە و لەسـەر هەمان کێشە.

کێشی رەمەل: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن ) × ٢.

کـێشی رەمـەل: (لە کـوردیدا، ڕەمـەل یەکـێکە لە کـێـشـە زۆر بەکـارهاتووەکـان. لە جـزیرییـەوە بگرە تا نزیکترین شاعیری ئەم سەردەمەمان کە بەکێشی عەرووزی شیعر دادەنێن رەمەلیان بەکارهێناوە).[(١)]

ئەم کێشە بەچەند قاڵبێکی جیا جیا لە گۆڤاری هاواردا هاتووە:

أ - رەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلان) × ٢.

د. کامەران عـالی بەدرخان شیعری (ما چمان دچی؟) لەسەر ئەم کێشـەی نووسیوە و لە (ژ ٣، ل ٥)دا بڵاوبۆتەوە:

---

(١) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل ١٥٩.



دل کـەتیـمـە، دیلم ئەز، دوتمیـر و فـەرمـانداری تـو
سـال و هەیڤ هەردەم تویی هەم رو ڤەژین هەم رو هلات

ئەم شیعرانەش لە گۆڤارەکەدا لەسەر هەمان قالبە کێشی رەمەل هاتوون:

- زبیر کورد، شیعری (هەر بژی)، (ژ ١٢، ل ٨)
- هەشیار، شیعری (دل ژارییەک)، (ژ ٣١، ل ١٣)
- هەشیار، شیعری (ئاگا هییەک)، (ژ ٣٢، ل ٨)
- هەشیار، شیعری (خەباتا هاوارێ)، (ژ ٣٢، ل ١٥)
- هەشیار، شیعری (ئاوایێ ئەڤینێ)، (ژ ٤٢، ل ٢)
- د. کامەران عالی بەدرخان، شیعری (شین و پەسنا زینێ)، (ژ ٥، ل ٢)

ب - ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) × ٢

عبدالخالق ئەسیری، ئەم کێشەی لە شیعری (ولاتی کوردان) بەکارهێناوە لە (ژ ٥، ل ٣):

کـــابرا مـــەڕوانە مـــاڵ و خـــانەیی وێرانی من
تێـــبگە زانینی فـەن و کـــردەوە و عـــیـــرفـــانی من[(*)]

لە گۆڤاری هاواردا ئەم شیعرانەش لەسەر هەمان قاڵبە کێش نووسراون:

- فایق بێکەس، شیعری (کوردەواری)[(**)]
(ژ ٦، ل ٤)
- جەگەرخوین، شیعری (بەردیللک)، (ژ ١٠، ل ٣)
- ئوسمان سەبری، شیعری (مارشا خورتان)، (ژ ٢٧، ل ٧).
- م. معصومێ حامدی، شیعری (ژینا مللەت)، (ژ ٣٠، ل ١٤).
- فایق بێکەس، شیعری (دیاری وەتەن).[(***)] (ژ ١٢، ل ٢).
- عبدالخالق ئەسیری، شیعری (هۆ جەگەرخوین)،[(****)] (ژ ١٤، ل ٥).
- جەگەرخوین، شیعری (مارشا ڕێچە ناسان)، (ژ ٢٨، ل ٨).
- مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (فەریاد)، (ژ ٥٧، ل ٧).

---

(*) ئەم شیعرە لە بەرگی یەکەمی دیوانی ئەسیری ئامادە کردنی مستەفا عەسکەری، نییە.

(**) ئەم شـیـعرە لە هەردوو چاپی دیوانی بێکەس، ئەوەی محـمـدی مەلا کەریم (١٩٨٠ بەغدا) و ئەوەی ئومـێد ئاشنا (سلێمانی ١٩٩٩) بەناوی (ئامۆژگاری بۆ میللەت) بڵاوکراوەتەوە.

(***) ئەم شیعرەی بێکەس لە هەردوو چاپەکەی دیوانەکەیدا بەناوی (ئەی وەتەن) بڵاوکراوەتەوە.

(****) ئەم شیعرەی لە بەشی یەکەمی دیوانی ئەسیری، کۆکردنەوەی مستەفا عەسکەری نییە.

کێشی ڕەجەز: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن ) × ٢.

بەلای هەندێ لێکۆڵەران، ئەمە کۆنترین کێشی عەرەبییە.(١)

ئەم کێشە: (تواناى گۆڕانی زۆری هەیە و نزیکترین کێشە لە پەخشان، بۆیە پێی دەڵێن کەری شعیر یان کەری شاعیران...)(٢)

ڕەجەز لە کوردیدا: «ئەگەرچی لە کێشە بەکارهاتووەکانە، بەڵام بەو زۆرییە نییە».(٣)

لە گۆڤاری هاواردا چەند قاڵبێکی ئەم کێشە لە شیعرەکاندا بەکارهاتووە و لەوانە:

أ – ڕەجەزی هەشتی تەواو: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن ) × ٢.

شێخ مەمدوح بریفکانی(*) لە شیعری (پیرۆزی یا جەژنێ) ئەم کێشەی بەکارهێناوە لە (ژ ٥٠، ل ٨).

ڕۆژ بێتە دەر ئال سوور و زەر، ئەڤر و ل سەربانێ تەبت
هەردەم بژی ب کیف و خوەشی جەژنا تەژی پیرۆز ببت

ب – ڕەجەزی چواری تەواو: (مستفعلن مستفعلن) × ٢.

جەگەرخوین لە (ژ ٥١، ل ٤)ی هاواردا، شیعری (سلاڤ ل سفرا حازرە)، بلاوکردۆتەوە و لەسەر ئەم کێشەیە:

ئەی سوختە یێ بێ ناڤ و دەنگ
دژمن ل سەر بەلا فرە

تێبینی: زەربەکە لەنگی تێدایە.

ج – ڕەجەزی چواری مورەففەل: (مستفعلاتن مستفعلاتن) × ٢.

ئەمین عالی بەدرخان ئەم کێشەی لە شیعری (دەلالی یا زارووان) پەیرەو کردووە و لە (ژ ٥، ل ٢)دا بلاوبۆتەوە:

بنڤە خوەشیا دل و دو چاڤان
دادێ ژ تەرە هەر رو نیگەهبان

(١) جمال نجم العبيدي، الرجز – نشأته واشهر شعرائه، بغداد، ١٩٧٠، ص ٦٨.

(٢) د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ط ٤، بيروت، ١٩٧٢، ص ١٢٣.

(٣) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل ١٥٤.

(*) شێخ مەمدوح بریفکانی کوڕی شێخ موحسینی کوڕی شێخ عەبدولجبارە، ساڵی (١٩١١) لە گوندی (بادێ)ی نزیک شاری دهۆک لە دایک بووە. لە (١١)ی نیسانی (١٩٧٦) کۆچی دوایی کردووە و دیوانێکی چاپکراوی هەیە، (سادق بەهائەدین ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٦٠٥ – ٦٠٨).



ئەم شیعرانەی گۆڤارەکەش لەسەر هەمان قاڵبە کێش هاتوون:

– جەگەرخوین، شیعری (زارینک)، (ژ ١١، ل ٨)

– مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (ما ئەم تەنێ)، (ژ ١٤، ل ٢)

– جەگەرخوین، شیعری (کی بیا من دکە)، (ژ ٢٩، ل ٩).

کێشی بەسیت: (مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن) × ٢.

عەلائەدین سجادی(١) و هەردی(٢) وای بۆ دەچن، کە ئەم کێشە لە کوردیدا بەکارنەهاتووە، بەڵام عەزیز گەردی دەڵێ: «ڕاستە بەسیت لە کێشە زۆر بەکارهاتووەکان نییە وەکو: هەزەج و ڕەمەل و موزاریع، بەڵام کێشێکی ئەوەندە دەگمەنیش نییە لە کوردیدا وەدەر بنرێ».(٣)

ئەم کێشە لە هاواردا بەم قاڵبە بەکارهاتووە.

أ – بەسیتی هەشتی مەتوی: (مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن) × ٢. عبدالخالق ئەسیری لە شیعری (سنوور)دا،(*)

کە لە (ژ ١١، ل ٤)دا بلاو کراوەتەوە، ئەم قاڵبە کێشەی بەکارهێناوە:

کوردە دەزانی لە کوو جێگرە خزمانی تۆ
گوگرە بۆتی بلێم جێگەیی خێلانی تۆ

هشیاریش شیعری (هالان)ی لەسەر هەمان کێش نووسیوە، شیعرەکەش لە (ژ ٣٦، ل ٥)دا بلاوبۆتەوە.

کێشی موزاریع: (مفاعیلن فاعلاتن مفاعیلن) × ٢.

ئەم کێشە لە عەرەبیدا: (بەتەواوی بەکار نەهاتووە).(٤) هەمیشە بەمەجزوئی بەکار هاتووە، کەچی لە کوردیدا بەپێچەوانەی عەرەبی بەزیاد کردنی دوو پێ، واتە بەهەشتیی بەکار هاتووە یەک قاڵبی ئەم کێشە لە هاواردا هاتووە ئەویش:

– موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف: (مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن) × ٢.

گۆران شیعری (ئاواتی دووری) لە (ژ ٩، ل ٥)دا بلاوکردۆتەوە. شیعرەکەش وەکو: گۆران خۆی لە پێشەکی شیعرەکەدا دەڵێ: لەسەر ئوسوولی فەقەرە دامەزراوە و کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی تێدا تێکەڵ کراوە. کێشی عەرووزییەکە لەسەر ئەم قاڵبەیە: لە دێری یەکەمدا دەڵێ:

(١) عەلائەدین سەجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٠، ل ٩٧.

(٢) ئەحمەد هەردی، کێش لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری برایەتی، ژمارە (١٠)، ساڵی ١٩٧١، ل ٣.

(٣) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل ٢٠٦.

(*) دەقی شیعرەکەی هاوار و ئەوەی دیوانی ئەسیری جیاوازییان هەیە.

(٤) د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ص ١٦٧.

ئەی چاوو چەشنی بازی قــەفــەس هەڵوەری پەڕت
کــوا باڵە تیــژەکــانی نیگای حــوسنی دلبــەرت؟

**کێشی بڕگەیی - پەنجە**

ئەم جۆرە کێشە بەتەنیا پشت بەژمارەی بڕگەی لەتە دێڕ و شوێنی وەستانی پێیەکان دەبەستێ. ئەمەش لە تایبەتییەتی زمانی کوردییەوە هەڵقولاوە و کێشی ڕەسەنی شیعری کوردییە: «لە گۆرانییەکانی فۆلکلۆریدا بەکار هاتووە و ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی ناوچەی هەورامان، شیعرەکانی خۆیان لەسەر ئەم کێشە داناوە».(١) واتە ئەم جۆرە کێشە لە کوردیدا ڕەسەنە و هەر لە کۆنەوە هەموو گۆرانی و سروود و شیعری میللی و بەیتی پێ نووسراوەتەوە نزیکەی هەر هەموو شاعیرانی زاری گۆرانیش بەکاریان هێناوە و، لە بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا شاعیران وردە وازیان لە کێشی عەرووزی هێناوە و گەڕاونەتەوە سەر ئەم جۆرە کێشە.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسول تازە کردنەوەی شیعری کوردی بەبزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردەوە دەبەستێتەوە وەکو: دەڵێت: «یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی؛ بەرەو شتێکی تازەی سەر بەجیهانی شیعری جیهانی لە سروودی کوردیدا بوو».(٢) کەچی گۆران هۆی تازە کردنەوەکە بۆ کاریگەری ئەدەبی تورکی دەباتەوە و دەڵێ: (ئەدەبی تورکی، قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا ببوو، کە پێیان دەوترا (ئودەبای فەجری ئاتی) لەوان «تۆفیق فیکرەت) و (جەلال ساهر) بوون و ئەدیبێکی تورک کە (عبدالحق حامید)ە، ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەر پێی موتەئەسیر بووین».(٣) بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتای تازە کردنەوە لە شیعری کوردیدا، کاکەی فەلاح دەڵێ: «دەکرێت نێوان ساڵەکانی ٢٠ - ٣٠ مەیدانی تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی ئەم ڕاپەڕینە شیعرییە بێت».(٤)

دکتۆر مارف خەزنەداریش لەم بارەیەوە ڕای وایە کە: (نێوان هەر دوو جەنگ ماوەی داهاتنی شیعری تازەی کوردی، واتە قۆناغی ڕۆمانتیکی بوو، لەم سەردەمەدا ئەم ڕێڕەوە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا خۆی گرت و بەتاقی کردنەوەیێکی سەرکەوتوو تێپەڕی).(٥)

---

(١) کمال معروف، الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث ٩١٤ - ٩٦٥، ستوكهولم، مطبعة (ازاد)، ١٩٩٢، ص ٢٨٣ - ٢٨٤.

(٢) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، شیعری تازەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٥)، ١٩٨٥، ل ١٩٥.

(٣) عەبدولڕەزاق بیمار، دانیشتنێک لەگەڵ گۆراندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢)، ١٩٧١، ل ٣.

(٤) حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٣٠.

(٥) د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٢٩ - ١٣٠.



گۆڤاری هاوار، کە یەکەم ژمارەی لە (١٥)ی گوڵانی (١٩٣٢) دەرچووە، ڕۆڵی خۆی لە تازە کردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە، لەم بارەیەوە د. عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێ: «زۆر بەڵگە لە هاواردا دەبینین کە یەکێتی ڕاپەڕینی تازە کردنەوەی شیعری زمانی کوردی ئەو سەردەمە دەسەلمێنێ و ئەوە دەردەخەن کە نووسەران و شاعیرانی کورد ئاگاداری یەکتر بوون و بەشێکی گەورەی چالاکییان لەسەر لاپەڕەکانی هاوار دەنگی داوەتەوە».(١)

لایەنێکی تازە کردنەوەی شیعری کوردی لەم سەردەمەدا گەڕانەوەی شاعیران بوو بۆ بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی - پەنجە، کە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی هاوار ئەم کێشە خۆماڵییەیان لە شیعرەکاندا بەکارهێناوە. گرنگترین کێشی پەنجەی خۆماڵی گۆڤاری هاوار ئەمانەن:

١- کێشی حەوت بڕگەیی: (٤ + ٣)

هەر لەتە دێڕێک لە حەوت بڕگە پێکدێ. بۆ نموونە قەدری جان لە (ژ ١، ل ٥)دا، لە شیعری (هاوار هەبە گازی ل دویە) ئەم کێشەی بەکارهێناوە:

ژیـن چ قـــــاس دەلالـە
دنــێــڤ بــاڤ و بــران دا
دل هـەیـە کــــــو نـەنـالـە
بـەر بـریـنـێـن ڕمــــــان دا

ئەم شیعرانەش بەهەمان کێش نووسراون:

- ئوسمان سەبری، شیعری (بەردیللک)، (ژ ٢، ل ١٠).
- د. کامەران عالی بەدرخان، شیعری (ئالا کوردان)، (ژ ٨، ل ٧).
- جەگەرخوین، شیعری (سەر خوە بوونا مریشکان)، (ژ ٢٠، ل ١٢).

نزیکەی سی شیعر لە هاواردا بەم کێشە نووسراون لەلایەن شاعیرانی وەکو: قەدری جان و جەلادەت بەدرخان و ئوسمان سەبری و د. کامەران عالی بەدرخان و لاوێ فندی و جەگەرخوین و عەبدولڕەحمان فەوزی و حەبەش ئیسماعیل و سوبحی دیاربەکری...

٢- کێشی هەشت بڕگەیی: (٤ + ٤)

ئەم کێشە لە کێشە کۆنەکانی کوردییە. محەمەد موکری لای وایە ئەم کێشە لەگەڵ کێشی دە بڕگەیی لە کەلەپووری کوردیدا زۆر باو بوون.(٢)

ئەم کێشە لە لایەن چەند شاعیرێکەوە لە گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە. سلێمان بەدرخان لە شیعری

---

(١) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەدبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠، ل ٤٨.

(٢) د. محەمەد موکری، گۆرانی یا ترانەهای کوردی، وەرگێڕان و پێشەکی د. شوکریە رەسول، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ١٩٩٩، ل ٢٦.

(ئاخ کوردستان)، کە لە ساڵی (١٩١١) نووسیویەتی و لە (ژ ١٠، ل ٢)دا بڵاوبۆتەوە. ئەم کێشەی بەکارهێناوە:

حەچی وەلات ناحەبینە
ڕوومەتا وی هەر حال نینە

جگە لەوە ئەم شیعرانەش لە هاواردا هاتوون و لەسەر ئەم کێشەن:

- لاوێ فندی، شیعری (هشیار نامە)، (ژ ٨، ل ٣).
- مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (مارشا کوردی)، (ژ ٩، ل ٧).
- ئیسماعیل حەبەش، شیعری (نالە نالا دل)، (ژ ١٢، ل ٦).

لە گۆڤاری هاواردا (١٧) شیعر لەسەر کێشی هەشت بڕگەیی نووسراون کە لە لایەن ئەم شاعیرانە:لاوێ فندی، مستەفا ئەحمەد بوتی، سلێمان بەدرخان، د. کامەران عالی بەدرخان، عەبدولڕەحمان فەوزی، ئیسماعیل حەبەش، قەدری جان، ئیبراهیم مەلا، جەگەرخوین، ئوسمان سەبری، سالح بامەڕنی.

٣- کێشی دە بڕگەیی: (٥ + ٥)

ئەم کێشە، کێشێکی فۆلکلۆری کوردی کۆنە: «گۆران بەکێشی میللی شیعری کوردی دا دەنێ».[١]

ئەم کێشە بەڕادەیەکی زۆر لە شیعری فۆلکلۆری کوردی بەکارهاتووە و: «زۆربەی چیرۆکەکانی دڵداری، قارەمانی، لەسەر شێوەی بەیت بەکێشی (دە) هیجایی کێشراون».[٢]

ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی گۆڤاری هاوار لە شیعرەکانیاندا پەیڕەوی ئەم کێشەیان کردووە، بۆ نموونە: د. کامەران عالی بەدرخان کە لە (ژ ١، ل ٦)دا شیعری (خاتر خوەزیا مەمێ)ی لەسەر ئەم کێشە داناوە،

مەمێ گوت، دێ کەرەم کە ئەزبەنی توو
دێکا منی تو نەبایی وەک دوو

ئەم شاعیرانەش هەمان کێشیان لە هاواردا بەکارهێناوە:

- جەگەرخوین، شیعری (پەسنا دێرکێ)، (ژ ٥، ل ٧).
- قەدری جان، شیعری (بەردێلک)، (ژ ٦، ل ٢).
- مەلا عەلی، شیعری (گول بانەکێ هیشاریێ)، (ژ ٦، ل ٤).

لە سەراپای گۆڤاری هاواردا (٢٠) شیعر بەم کێشە لە لایەن ئەم شاعیرانەوە نووسراون: د. کامەران

---

(١) عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ڕۆشنبیری نوێ، ژ، (١٠٥)، ل ٣٦.

(٢) معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، ل ٤٥.



عالی بەدرخان، جەگەرخوین، قەدری جان، مەلا عەلی، پیرۆت، گۆران، عەبدولڕەحمان فەوزی، هێمن، ع. حەسەن، م...، ئوسمان سەبری، ڕەمۆیی قەنجۆ، پیرەمێرد، ب. فەرەیدون، بەنگینە، مەلا ئەنوەر، أ. شێرکۆ.

٤- کێشی یازدە بڕگەیی: (٤ + ٤ + ٣)

ئەم جۆرە کێشە وەک دیارە دوو وەستانی تێدایە. دوای چوارەم و دوای هەشتەم بڕگە. شاعیرانی گۆڤاری هاوار چەند نموونەیەکی شیعریان بەم کێشە نووسیوە.

جەگەرخوین، لە (ژ ٦، ل ٤)دا، شیعری (ژ بونا هاوارێ)ی بڵاوکردۆتەوە کە لەسەر ئەم کێشەیە:

هەزار جاری پیرۆز بتن ئەڤ هەوار
هەزار ئاهو زارین دکن لێ ئەزم

ئەم شاعیرانەش ئەم کێشەیان بەکارهێناوە:

- قەدری جان، شیعری (تابوتا بخوین)، (ژ ١١، ل ٦).
- هەرە کۆڵ ئازیزان، شیعری (بێرییا بۆتان)، (ژ ٢٥، ل ٢).

٥- کێشی دوازدە بڕگەیی: (٤ + ٤ + ٤)

هەر نیوە دێرێک لە سێ پێ پێکدێ، واتە دوو وەستانی تێدایە، دوای بڕگەی چوارەم و دوای بڕگەی هەشتەم. جەگەرخوین شیعری (پەندنامە)ی بەم کێشە نووسیوە و لە (ژ ٥٢، ل ٤)دا بڵاوی کردۆتەوە:

هنگی گەریام ئەز ل دنێ من قە نەدی
کەس مسلی مە بێ یار و برا دۆست و خوەدی

٦- کێشی چواردە بڕگەیی: (٤ + ٣ +٤ + ٣)

ئەم کێشە بریتییە لە چواردە بڕگە لە هەر نیوە دێرێک. (وەستان لە ناوەڕاست دایە ٧ + ٧).[١]

واتە نیوە دێرەکە سێ وەستانی تێدایە، دوای بڕگەی چوارەم و دوای بڕگەی حەوتەم و دوای بڕگەی یازدەم. چەند شیعرێکی گۆڤاری هاوار بەم کێشە نووسراون: خدۆک (کە نازناوی حوسێن حوزنی موکریانی)یە شیعری (هەی وەتەن)ی بەم کێشە نووسیوە و لە (ژ ١٠، ل ٤)دا بڵاوی کردۆتەوە:

لە خەوی غەفڵەت هەڵستە کە دەمێکی تەنگە
چەرخی کەچڕەو بەشەڕ و شۆڕ و ڕق و نەی ڕەنگە

- قەدری جان، شیعری (دادێ)، (ژ ١٤، ل ٣)
- مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (کانێ ئاخا کوردان)، (ژ ١٦ ، ل ٢).

شایەنی باسە شیعرەکەی مستەفا ئەحمەد بوتی موستەزادە، واتە دوای هەر لەتێک تیکەیەکی (٧) بڕگەیی بۆ زیاد کراوە.

---

(١) د. معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، ل ٤٥.

– مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (کوردستانا بێ دبستان)، (ژ ١٧، ل ٣)، ئەم شیعرەش وەکو: ئەوەی پێشوو لەسەر شێوەی موستەزاد ڕێکخراوە.

**کێشی ئازاد:**

پێویستە لە باسی کێشی شیعرەکانی (هاوار)دا ئاماژە بەوە بدەین کە چەند نموونەیەکی شیعری ئازاد لە گـۆڤـارەکـەدا بەرچاو دەکـەون. بۆ نموونە: لە (ژ ٦، ل ٣)دا. بۆزان شـاهین شـیـعـری (هاوارە)ی بڵاوکردۆتەوە کە شیعرێکی ئازادە.

هاوارە کورێ من هاوارە
تو خەو مەکە
گەرەکە کو سندووف و مەربەند
تو زەمت مەکە
گولیێن کەچێن کوردان
د دەستێن ڕۆمان دا
هاوار دکە
تو خەو مەکە لاوێ من ها وەرە
تو خەو مەکە

د. کـامـەران عـالی بەدرخـانیش لە (ژ ٨، ل ٣)دا شـیـعـری (سـترانا دلان)ی لەسـەر کـێـشی ئازاد نووسیوە.

**سەروا:**

هەر کاتێ باسی ڕەگەزەکانی شیعر بکرێ نابێ سەروا پشت گوێ بخرێ، چونکە: «سەروا مۆسیقای شیعر زیاد دەکات، لەبەر ئەوە خۆشیی شیعرەکە زیاتر دەبێت».[١] لە مێژووی لێکۆڵینەوەی سەروای شیعردا، پێناسەی جیا جیا، لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بۆ سەروا کراوە. بەپێی ڕێبازی خەلیلی کوڕی ئەحـمـەدی فـەراهـیـدی: «سـەروا لە پـیـتـی کـۆتایی دێرەوە تا یەکـەم پـیـتـی بزواوی پێش دوو پـیـتـی وەسـتـاوە»،[٢] بەلای هەندێکی ترەوە: «سەروا بەشی دووەمە لە دێرە شیعر بەتەواوەتی».[٣] کـەچی بەلای ئەخفەشەوە سەروا: «وشەی کۆتایی دێرە».[٤] هەندێکی تر بۆ ئەوە دەچن کە: «سەروا هەمووی

(١) احمد امین، النقد الادبي، ط ٤، دار الکتاب العربي، بیروت، ١٩٦٧، ص ١٠٧.
(٢) احمد محمد الشیخ، دراسات في علم العروض والقافیة، دار الجماهیریة للنشر والتوزیع والاعلان، ١٩٨٨، ص ٢١٥.
(٣) احمد محمد الشیخ، دراسات في علم العروض والقافیة، ص ٢١٦.
(٤) د. صفاء خلوصي، فن التقطیع الشعري والقافیة، ص ٢١٣.



دێرە شیعرە».[١] گرنگی سەروا بۆ ئیقاع و ئاوازی شیعر لە هەموو زمانەکاندا وەکو: یەک نییە: «لە هەندێ زماندا سەروا نییە وەکو: زمانی گریکی».[٢] لە هەندێ زمانی تردا هەر پێویستییەکی پێویست بووە وەکـو: زمـانی عـەرەبی. بەڵام لە کـوردیدا: هەر لە کـۆنەوە پەیڕەوی سـەروا کـراوە، چ لە شـیـعـری فۆلکلۆری و بەیتی میللی و سروود و داستانەکاندا بێ و چ لە شیعری بەرزی شاعیران. ئەو شیعرانەی لە گۆڤاری هاواردا بڵاوکراونەتەوە پەیڕەوی سەروای جۆراوجۆریان کردووە. لە خوارەوەش دابەشبوونی سەروا لەو شیعرانەدا باس دەکەین:

**١- سەروای ستوونی- (یەکێتی سەروا):**

مەبەست ئەوەیە لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتایی پەیڕەوی یەک سەروا بکرێ: «ئەم سەروایە لە قەسیدە و غەزەل و قیتعە بەکار دێت».[٣] ئەم جۆرە سەروایە لە هەندێ شیعرەکانی گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە، وەکو: (ئاغـایێ مێـردینێ)(*) کە شـیـعـری (وەلات)ی لە (ژ ١٩، ل ٢)دا بڵاوکردۆتەوە. شـیـعـرەکەش لەسەر ئەم جۆرە سەروایەیە و سەرەتاکەی ئەمەیە:

ئەو چیـایێن بلند ئاڤـێن دسار پاریزێن(**) ڕەنگێن
ئەو دەشتـێن ب رەز، گوندێن ب پەز، باژێرێن زەنگێن

سـەروای ئەم شـیـعـرە (ین)ە، هەمـوو وشـەی دێرەکـانی تریش هەر بەم سـەروایە کـۆتاییـیـان هاتووە، وشەکان ئەمانەن: (نارین، دین، زین...).

لە گۆڤاری هاوار (٣١) شیعر بەیەکێتی سەروا نووسراون، ئەمانە نموونەی هەندێکیانن:
– حاجی قادری کۆیی، شیعری (ئەی کوردینە وشیار ببن)، (ژ ٤، ل ٥).
– عەبدولخالق ئەسیری کەرکوکی، شیعری (وڵاتی کوردان)، (ژ ٥، ل ٣).
– فایق بێکەس، شیعری (کوردەواری) (ژ ٦، ل ٤).

**٢- مەسنەوی:**

ئەم زاراوەیە بۆ شـیـعـرێک بەکـاردێت کە دێرەکـانی هەریەکە دوو لەتەی هاوسـەروا بن و سـەرواکـە لە دێرێکەوە بۆ دێرێکی تر بگۆڕێ: «دەشبێ شاعیر چەند دێرێک بەهەمان سەروا بێنێ، بەڵام ئەمە لزوم ما

(١) احمد محمد الشیخ، دراسات في علم العروض والقافیة، ص ٢١٦.
(٢) د. محمد غنیمي هلال، النقد الادبي الحدیث، دار العودة، بیروت، ١٩٧٣، ص ٤٦٨.
(٣) د. اسعاد عبدالهادي قندیل، فنون الشعر الفارسي، مکتب الشریف وسعید رافت للطباعة و النشر والتوزیع، ١٩٧٥، ص ٢٢٩.
(*) حوسێن حەبەش لە کتێبەکەیدا (ڕاپەرینا چاندا کوردی (گۆڤارا هاوارێ)دا لە لاپەڕە (١١٣) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناوی دروستی ئەم شاعیرە (ئەحمەد مێردینیە).
(**) پاریز = گوڵزار (حدیقة الزهور)

لا يولزمه له مەسنەويدا». (د. محەمەد نورەدين عەبدولمنعم) لەبارەی ئەم جۆرە سەروایە دەڵێ: «مەسنەوی ڕەگەزە شیعرێکی باوە لە زمانی فارسیدا. شاعیرانی فارس هەوڵیان داوە بەم جۆرە سەروایە خۆیان لە کۆتی یەکێتی سەروا ڕزگار بکەن».(١) ئەم جۆرە سەروایە بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە شیعرەکانی گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە، کە دەگاتە نزیکەی (٤٠٪)ی هەموو شیعرەکان... د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (خاتر خوەزی یا مەمێ) لە (ژ ١، ل ٦)دا دەڵێ:

مەم گوت دێ کەرەم کە ئەزبەنی توو.................أ

دێکا منی تا نەبایی وەک دوو....................أ

قەدرێ تە ئەرێ گەلەک گرانە......................ب

مەم قەدرێ دێ یان گەلەک دزانە..............ب

نموونەی تری مەسنەوی وەکو:

– جەگەرخوین، شیعری (پەسنا دێرکێ)، (ژ ٥، ل ٧).
– نەوزاد،(*) شیعری (دەست ژێ بوون)، (ژ ١٦، ل ٤).

**٣- سێیینە:**

ئەم جۆرە سەروایە لە شیعرەکانی (هاوار)دا زۆر بەرچاو دەکەوێت، د. عەزیز گەردی لەبارەی ئەم سەروایە دەڵێ: «سێیینە بریتییە لە پارچەیەکی بچووک، لە سێ لەتە دێڕ پێکدێ، دەکەوێتە قاڵبە سەروای جۆراوجۆرەوە. سێیینە دەشێ بەتەنیا بێ و مانای سەربەخۆی هەبێ و دەشێ لە هۆنراوەیەکی پارچەدار بێ، پارچەکانی یەکسان بن (هەموو سێیینە بن) یان جیا بن».(٢)

هەرچەندە باسی سێیینە، زۆر کەم لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی کوردیدا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سێیینە لە شیعری میللی و فۆلکلۆریدا زۆر هاتووە و شاعیرانیش ئاوڕیان لێداوەتەوە. بۆ نموونە جەگەرخوین شیعری (زار و دلبێ)ی(*) (ژ ١٣، ل ٥)ی هاواری بەم جۆرە سەروایە نووسیوە.

(١) د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي في القرن الخامس الهجري، دار الثقافة للطباعة والنشر القاهرة، ١٩٧٦، ص ٢٤٧.

(*) گۆڤاری (پەلین)، کە گۆڤارێکی ئەدەبییە و لە ئەستەنبۆڵ دەردەچێ، لە ژمارە (٧)، ل (١٠٤)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نەوزاد نازناوی قەدری جانی شاعیرە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو شیعرانەی بەم نازناوە نووسراون لە هی قەدری جان دەچن، هەروەها شیعری (دێرێک)، کە لە ژمارە (٢٤)ی هاواردا بەو نازناوە بلاوبۆتەوە ئەم رایە زیاتر دەچەسپێنێت، چونکە: (دێرێک) ناوی گوندی قەدری جانە.

(٢) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ١٩٨.

(*) ئەم شیعرە لە دیوانی (یەکان)دا (ل ١٢٥)، لە ژێر ناوی (کوما میللەتان) لەگەڵ چەند گۆڕانییەک بلاوکراوەتەوە.



وەلاتێ کوردان هەمی چیمەنە.............أ

عەگید و شێر و پلنگ تێ هەنە............أ

هەمی هەڤال و کور باڤێ مەنە.............أ

بەڵام عەبدولڕەحمان فەوزی لە شیعری (کولا دل) (ژ ١٣، ل ٦)دا سێیینەی بەجۆرە دابەشبوونێکی تری سەرواوە نووسیوە و دەڵێ:

دلێ من تێرە، تێر دەرد و برین.................أ

مێژڤە دەرکەتم ژ وەلاتێ خوە دور...........ب

دلێ من هەرێ تەڤ کولە بخوین...............أ

سەروای لەتی یەکەم و سێیەم وەکو: یەکن سەروای لەتی دووەم جیایە.

جەلادەت عالی بەدرخان لە شیعری (داوەتە)دا کە لە (ژ ٨، ل ٣)دا بلاوبۆتەوە، جۆرە دابەشبوونێکی تری سەروای سێیینەی بەکارهێناوە و دەڵێ:

ژ زوزانان هات قولنگ.................أ

خەبەر ئانی ژ خوەبینگ................أ

دبێ وەرن داوەتە.............ب

لە هەموو سێیینەکاندا لەتی یەکەم و دووەم هەمان سەروایان هەیە، کە لە سێیینەیەکەوە بۆ سێیینەیەکی تر دەگۆڕێ، بەڵام سەروای لەتی سێیەم لە هەموویان یەک شتە.

**٤- چوارین:**

چوارین هونەرێکی شیعرییە: «چوار لەتییە و کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ. زۆر جاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە، هەر چوارینەیەکی بیرێکی بچووک دەگەیەنێ، لە چوارچێوەی گشتی و سەرەکی هەموو هۆنراوەکە».(١) سەرچاوەکان ئەم هونەرە بۆ فارسەکان دەگەڕێننەوە و لەو بڕوایەدان کە سەرەتا لە شیعری فارسییەوە دەستی پێکردووە.(٢) کێشی چوارین: «لە هەموو کێشە باوەکانی شیعری عەرەبیدا جیایە، فارسەکان بیست و چوار لقە کێشیان لە بەحری هەزەج دەرهێناوە و زیحاف و عیللەی وایان تێدا

(١) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢٠٤.

(٢) دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە:

١- د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ص ٢١٩.

٢- د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي... ص ٢٣٥.

٣- د. اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، ص ١٦٧.

بەکارهێناوە، کە لە شیعری عەرەبیدا نین». [1] هەر چوارینەیەک لەسەر کێشێکی تر بێ، جگە لەم بیست و چوار قاڵبە (پێی دەگوترێ دوو بەیت). [2]

چوارین، هەر لە سەردەمی بابا تاهیری عوریانەوە لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهاتووە و بەچەند جۆر و قاڵبی جیا جیا هاتووە. چوارین لە گۆڤاری هاواردا بەرێژەیەکی زۆر هاتووە و قاڵبی جۆراوجۆری هەیە، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

– مستەفا ئەحمەد بۆتی لە شیعری (شەهیدێ گەورە)، (ژ ١١، ل ٥)، جۆرە چوارینەیەکی نووسیوە، کە هەر چوار لەتیان یەک سەروایان هەیە.

روهەلات حەتا روئاڤا...........أ

مالا خودێ هزار جار ئاڤا........أ

خەلک پیر بوون ئیرۆ بوون زاڤا...........أ

کوبکن ژ شیری گرتیە داڤا...........أ

د. کامەران بەدرخان، لە شیعری (گولێ)دا کە لە (ژ ١٣، ل ٢)ی هاواردا بڵاوبۆتەوە، جۆرە دابەشبوونێکی تری سەروای چوارینی بەکارهێناوە. لەتی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروان و لەتی سێیەم سەروای جیا و سەربەخۆیە:

نە کانی نە ڕووبارە...........أ

دنێ ئێڤار و سارە...........أ

ڕوێی گولێ ئەز کوشتم...........ب

ئەرد ئەڤرازە و خوارە...........أ

قەدری جان لە شیعری (جەگەرخوین) کە لە (ژ ١٢، ل ٢)دا، بڵاوکراوەتەوە، جۆرە سەروابەندییەکی تری چوارینی بەکارهێناوە، کە هەر سێ لەتی پێشەوەی وەکو: یەک وان و سەروای لەتی چوارەمیان جیایە، ئەو سەروای لەتی چوارەمینە لە هەموو چوارینەکاندا وەکو: یەک وایە:

هەڤالێ خۆشەویست پەسنا گوندێ من.............أ

ب ئاه و کەسەران پێشکێش ددی من.............أ

ژ نو ڤە پێتەک ئاردا سەر داخێ من................أ

دەرد و کول تەڤ داین تەوشە(*) جەگەرخوین... ...ب

جەگەرخوین لە شیعری (ژ بو هاوارێ)، کە لە (ژ ٦، ل ٤)دا بڵاوبۆتەوە، شێوەیەکی تری سەروابەندی

---

(١) د. اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، ص ١٦٧، ١٦٨.

(٢) د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي حتى القرن الخامس الهجري. ص ٢٣٧.

(*) (تەوش) = بێ هوودە، (عبث، هراء)



چوارینی بەکارهێناوە و لەم چوارینەدا سەروای لەتی یەکەم و لەتی دووەم جیان، سەروای سێیەم و چوارەم وەکو: یەک وان:

گولستانێ زارێ مەیە ئەی جوان.............أ

دبێم ئاخ وەلات ئاخ وەلات.............ب

ژ بو بولبولێ دل نەخوش بوو بهار.............ج

ئەڤینا تە کوشتم کرم تارومار....................ج

د. کامەران بەدرخان لە شیعری (برین)دا (ژ ٧، ل ٣)، شێوەیەکی تری سەرواسازی چوارینی بەکارهێناوە، چوارینەکەش وەکو: دوو دێری مەسنەوی وایە:

نە گول و نە کولیک مان.............أ

نە پاریز و گولستان................أ

نە دەنگێ خوەش نە مەقام..........ب

پێڤە ژ ئاه و ئینتیقام.............ب

دیسان هەرەکۆل ئازیزان لە شیعری (ئالێ کوردان)دا، لە (ژ ٥، ل ٤)دا شێوەیەکی تری سەروای چوارینی بەکارهێناوە، کە سەروای لەتی یەکەم و چوارەم وەکو: یەکن و سەروای لەتی دووەم و سێیەمیش جیا و سەربەخۆن:

ئالێ کوردان دناڤ ڕوک.............أ

چ بەدەو و ب هەیبەت...............ب

ب چار ڕەنگی، ڕەنگێن تە..........ج

چ دەلال و چ خوەشکوک................أ

## ٥- **پێنجینە:**

پارچەیەکی کورتە و لە (٥) لەت پێکدێ، کە بەدابەشبوونی جیاوازی سەروا و کێشی سەرواوە دەنووسرێ. وا دەبێ سەربەخۆ بێ و وا دەبێ پارچەیەک بێ لە شیعرێکی دوور و درێژ، کە بەسەر پارچەی پێنج لەتیدا دابەش دەبن.

د. مارف خەزنەدار لەبارەی ئەم هونەرەوە دەڵێ: «هونەرێکی شیعری باو و بڵاوە لە ئەدەبی کلاسیکی نەتەوە موسڵمانەکان»دا. [1] د. عەزیز گەردی باسی چەندین جۆری ئەم هونەرەی کردووە لە ئەدەبی گەلانی تردا و دەڵێ: «پارچەی پێنجینە، جا هەر جۆرێک بێ، زۆر قاڵبی جیا جیای هەیە». [2] پێنجینە

---

(١) د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل ١٨٤.

(٢) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢١٩.

بەچەند قاڵب و جۆرە دابەشبوونێکی سەروا لە شیعرەکانی گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە. ئەمەش چەند نموونەیەکن:

سالح بامەڕنی،(١) لە شیعری (هیڤی یا مە) کە لە (ژ ٣٩، ل ٤)دا بڵاوکردۆتەوە، ئەم هونەرەی پەیڕەو کردووە:

ئاخ و ئۆفـــێت مـــە دژوارن..........أ

برین کـــوورن ســـەد هەزارن..........أ

خـــۆشی یا مـــە وەلات و وارن..........أ

هەمی لا دیپـــشک و مـــارن..............أ

وەلات بێ تە ئـەم نەمـــێنن..........ب

لێـرەدا هەر چوار لەتی یەکەم هاوسەروان، لەتی پێنجەم جیـان و لە هەمـوو پارچەکـاندا یەکە. ئەم شیعرانەش بەهەمان دابەشبوونی سەروا نووسراون:

خدۆک،(٢) لە شیعری (هەی وەتەن) (ژ ١٠، ل ٤).

لاوێکی کورد - عەونی، شیعری (بۆ خاوەنی هاوار)، (ژ ٢٢، ل ٣).

م. مەعسومێ حامدی، شیعری (ژینا میللەت)، (ژ ٣٠، ل ١٤).

د. کامەران بەدرخان لە (ژ ١٢، ل ٣)دا شیعری (هەیڤ و ستێر)ی بڵاوکردۆتەوە، کە قاڵبێکی تری پێنجینەی تێدا بەکارهێناوە. لەم پێنجینەدا سەروای هەر سێ لەتی پێشەوە وەکو: یەک وان و دوو لەتی دواوەش وەکو: مەسنەوی وان و لە کۆتایی هەموو پێنجینەکاندا دووبارە دەبنەوە:

بێ خـوەیی مـە ئەز تنێ مـە..............أ

یەک ژ جـا مـەرێن دنێ مـە..............أ

ژ بێ بەختی ئەز کە تی مـە..............أ

دل کەتی مـە و سینگ ژارم..............ب

بـێ وەلات و بـێ بـاژارم.................ب

---

(١) دیارە لە سـەردەمی گـۆڤـاری هاواردا سـەیدا سـالّح یوسـفی بەوناوە بەرهەمی بڵاوکـردۆتەوە، چونکە ئەو بەرهەمانەی لە ژێر ئەم ناوەدا لە هاوار بڵاوکراونەتەوە لە دیوانی سەیدا سالّح یوسفیدا هاتوون. شایەنی باسە سـەیدا سالّح یوسفی لە سـالّی ١٩١٨، لە گـوندی بامـەڕنی لە دایک بـووە و لە ڕۆژی (٢٥)ی حـوزەیرانی ١٩٨١ بەزەرفێکی مینرێژ شەهید کرا.

(٢) خدۆک: نازناوی حوسێن حوزنی موکریانییە. بۆ دڵنیابوون بڕوانە:

أ- کریم شارەزا، حوزنی موکریانی مێژوونووس، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە (٦٢)، ل ٥٨.

ب- عومەر ئیبراهیم عەزیز، یادی مێژوونووس حوزنی موکریانی، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٣٥)، ل ٢١.

ج- ڕووناکی، یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، ئامادە کردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢١.



**٦- شەشینە:**

پارچەیەکە لە شەش لەت پێکدێ و بەشێوەی جۆراوجۆر سەرواکەی دابەش دەبێ، «شەشینە لە ئەدەبی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەکارهاتووە».(١) لە گـۆڤـاری هاواردا چەند قـاڵبێکی جیـاوازی شـەشینە بەرچاو دەکەون.

سلێمان بەدرخان(*) قـاڵبێکی شەشینەی لە شیعری (ئاخ کوردستـان) (ژ ١٠، ل ٢) بەکارهێناوە،. شایانی باسە لەم ژمارەیەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە شیعرەکە سالّی (١٩١١) نووسراوە. ئەگەر ئەم مێژووە بۆ دانانی شیعرەکە ڕاست بێ، ئەمە دەبێ بەهەنگاوێکی تازە لە شیعری کوردیدا چونکە د. عەزیز گەردی دەڵێ: «لە ڕێی تورکیشەوە شێخ نووری و گۆران و پیرەمێرد لە بیستەکانی ئەم سەدەیە (مەبەست سەدەی بیسـتـەمـە) بەدواوە و لە ڕەوتی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی و قـووڵکردنەوەی لایەنی شکلّی، وەریان گرتووە و سەروای شیعری کوردییان پێ دەوڵەمەند و بەهێز کردووە».(٢)

سلێمان بەدرخان لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

کـــانـی وەلات بـاڤ و بـران..............أ

کـانی ئەو دەنگ کـا دلبـەران..............أ

کـــانـی چیـــا کـــانـی زوزان..............أ

کانی ئەو بەرف و کانی باران..............أ

حـوبـا وەلات ژ ئیـمـــانێ..............ب

ئاخ کوردستـان ئاخ کوردستـان..........ج

ئەم شەشینەیە لەسەر شێوەی تەرجیع بەند نووسراوە، دوو لەتی دوایی لە هەموو پارچەکان وەکو: خۆی دووبارە دەبێـتـەوە. هونەری تەرجیـع بەند بەرێژەیەکی زۆر لە گـۆڤـاری هاواردا هاتووە، هەر بۆ نموونە: شیعری (بوهار)، (ژ ١، ل ٤). شیعری (ئەز بشورم)، (ژ ٢١، ل ٧). شیعری (ب یەک بن)، (ژ ٢٨، ل ٧).

---

(١) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢٣٥.

(*) سلێمـان بەدرخان کوڕی خـالید بەدرخانە، سالّی ١٨٩٠ لە (حاصبـیا) لە باشووری لوبنان لە دایک بووە. سالّی ١٩١٢ بەدەستی سەربازێکی تورک کوژراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
مـالمیسـانژ، البدرخـانیـون فی جـزیرە بوتان، تـرجمە دلاور الزنگی و گـوڵبـهار بەدرخان، مطبعـة (ادمیـرال)، بیروت، ١٩٩٨، ص ١٧٣.

(٢) د. عەزیز گەردی، سەروا، (ل ٢٣٥ - ٢٣٦).

**٧- مووەششەح:**

هونەرێکی تری شیعری، کە لە گۆڤاری هاواردا دەکەوێتە بەرچاو، مووەششەحە، ئەم هونەرە لە بنەڕەتدا عەرەبییە. مووەششەح: «شۆڕشێک لە سروشتی قەسیدە، بزووتنەوەیەکی تازەکردنەوە بوو».(١) لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی مووەششەح، ئیبن خەلدون دەڵێ: «لە ئەندەلوس لەسەر دەستی موقەددەم کوڕی موعافیری ئەلغەریری سەری هەڵداوە».(٢)

د. محەممەد مەهدی ئەلبەسیر بەم جۆرە پێناسەی مووەششەح دەکات و ڕوونی دەکاتەوە: «جۆرێکە لە ئاخاوتنی کێشدار، بەپێی حەز و توانای شاعیر کێشەکانی زۆر دەبن و سەرواکانی هەمە ڕەنگن».(٣) مووەششەح گەیشتۆتە ناو ئەدەبی کوردی و زۆر شاعیر بەهرەی خۆیان تێدا تاقی کردۆتەوە. لەناو شیعرەکانی گۆڤاری هاواریشدا نموونەی هەیە. شاعیرێک بەناوی (لاوێکی کوردی) شیعری (ئەی فەجر)ی لەسەر شێوەی مووەششەح نووسیوە و لە (ژ ٧، ل ٧)دا بلاوی کردۆتەوە.

ئەی فەجری جوان، فەجری ئەمەلمان
ئاسمان ڕووناک کە ڕۆشن کە ولاتمان
لابە تاریکی لەسەر باغ و چیامان        **مەتلەع**
ڕاپەڕینە لە خەو ڕۆحدار و ولاتمان

بلێ بەسیە نووستن
بلێ بەسیە سستی        **دەور**

بلێ بەسیە پەستی
ئیتر ئینتیباهـ        **قوفل**

هەروەها جەگەرخوین لە (ژ ٢٩، ل ٩)دا شیعرێکی نووسیوە، بەناوی (ئالا ڕەنگین) کە لەسەر جۆرێکی مووەششەحە:

ئالا ڕەنگین پیرۆز بی خوەش
تەهل دگرم دچم ب مەش        **مەتلەع**
تو ل سەر ملێن خورتێن جوان
دناڤ تەدە یەک ڕۆژەک گەش

(١) د. احسان عباس، تاريخ الادب الاندلسي في عصر الطوائف والمرابطين، ط ٥، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٧، ص ٢١٧.
(٢) حنا الفاخوري، تاريخ الادب العربي، المكتبة البوليسية، بيروت، بدون تاريخ، ل ٨١١.
(٣) د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ص ٣٠١.



ئالا سێ ڕەنگی تو
ب ناڤ و دەنگی تو        **دەور**
نیشانا جەنگی تو

ئەی خورتێن کوردان
سلاڤێ لێ بکەن        **قوفل**

**زمانی شیعر:**

زمان وەکو: زیندەوەرێکی پێشکەوتوو، لە گۆڕان و بەرەو پێشەوە چوون دایە. مرۆڤ بەزمان لە گیاندارانی تر جیا دەکرێتەوە و بەزمان بیر و هەست و نەستی خۆی بەوانی تر دەگەیەنێ و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی پێ مەیسەر دەکات و شارەزایی و کەلەپووری ژیریی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەهۆی زمان دەپارێزێ و دەگوازێتەوە. زمان ئامرازی دەربڕینی هەست و بیری مرۆڤە... کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە، بۆیە نرخ و هێزی ئەدەبی هەر بەرهەمێک بەڕادەیەکی زۆر بۆ زمانەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو هێزە شاراوەیە دەگەڕێتەوە کە لەودیو وشەکانەوە پرشنگ دەداتەوە. کە نووسەری بەرهەمی ئەدەبی بیەوێ بەوردی و خەستی و دروستی هەست و بیری خۆی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە: «بەکارهێنانی زمان دەبێ بەکارێکی گران و زەحمەت».(١) بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە نووسەری بەرهەمی ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەتیتر لە خەڵکی ئاسایی زمان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێ کار لە خوێنەر بکا. لەبەر ئەوەی هەر نووسەرێک توانا و شێوەی تایبەتی خۆی لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشەکانی زمان هەیە، بۆیە زمانی ئەدەبی دەبێ بەپێناسەیەک بۆ کەسایەتی نووسەرەکە خۆی. کە دەگاتە ڕادەیەک دەبێ بەخاوەنی شێوازی تایبەتی خۆی. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە زمان لە شیعردا تایبەتی خۆی هەیە، چونکە جگە لە واتا و ئاماژەی هونەری، پێویستی بەمۆسیقا و ڕیتم و خەستی و ئیحای قووڵ هەیە. بۆیە هەڵبژاردنی وشەکە چەند دەورێکی جیاواز لە شیعردا ببینێ کارێکی یەکجار زەحمەتە و بەرپرسیارێتی ئەو کارە بۆ توانای شاعیر دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە کاری شاعیر زۆر زەحمەتە، «عەرەب و گریکە کۆنەکان ڕایان وابوو کە هێزێکی ڕۆحی شاراوە لە پشت شاعیرەوە هەیە، ئیلهامی شیعری بۆ دێنی. بەلای گریکەکانەوە وابوو کە شاعیر خوداوەندی شیعری هەیە ئیلهامی پێ دەبەخشێ. عەرەبیش ڕایان وابوو کە هەر شاعیرێک جنۆکەیەکی هەیە شیعری بۆ دەنێرێ».(٢)

ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەدرێژایی مێژوو قۆناغی جیا جیای بڕیوە و لە هەر قۆناغێک سیمایەکی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام لە هەر هەموویاندا زمان بڕبڕەی داهێنانی ئەدەبی بووە. ئەگەر لە زمانی شیعری کوردی وردبینەوە دەبینین: «زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی هەر لە سەرەتاوە هەتا

(١) د. عزالدين اسماعيل، الادب وفنونه دار الفكر العربي، ١٩٨٧، ص ٣١.
(٢) د. خليل ابراهيم العطية، التركيب اللغوي لشعر السياب، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤، ص ٢٥.

جەنگی یەکەمی جیهانی زمانێکە تەواو لەگەڵ زمانی ئەدەبیاتی فارسی و تورکی، لە دیمەنی گشتیدا، یەک دەگرێتەوە.»(١) بەپێی لاسایی شاعیرانی سەر بەم ڕێبازە: «شاعیر وشەی هەموو شیعری ڕۆژهەڵات و زمانانی ڕۆژهەڵات بەموڵکی خۆی دەزانێ، لەبەر ئەوە وشەی ناو شیعری کوردی ئەو سەردەمە لە کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی و زۆر تەعبیر و ئیستیلاحی ئیسلامی تێکەڵە».(٢) لەگەڵ تازە بوونەوەی شیعری کوردی و گۆڕانی سیماکانی، زمانی شیعریش کەوتە گۆڕان. لە قۆناغی یەکەمی گۆڕانەکە: «زمانێکی تازە هاتە ناوەوە، ئەو زمانە تەواو لە ژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو، کە لە پاڵ وشەی کوردیدا پڕ بوو لەو وشە تورکی و عەرەبییانەی لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی تورکییەوە وەرگیرا بوون».(٣)

شاعیران جگە لە ڕوخسار و ناوەڕۆک بایەخی زۆریان بەزمان داوە. ئەم تازە کردنەوەیە وەک: «ڕوخسار و ناوەڕۆکی گرتەوە، لە هەمان کاتیشدا زمانە شیعرییەکەشی گۆڕی و لە سەردەمی ئەماندا تەنها واتاکەی خۆی دەبەخشی، واتا وشەکاری تیایدا نەدەکرا، کەچی لە شیعری کلاسیکیدا وشەکارییەکی فراوانی تیادا دەکرا».(٤) لە قۆناغی سێیەمی ئەو نوێ کردنەوەیەدا: (زمانی ئەدەبی کوردیش بەرەو کوردیی پەتی ڕۆیشت).(٥) لە گۆڤاری هاواردا، ژمارەیەکی زۆری شیعر بڵاوکراوەتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بەدوو جۆر:

١- شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی وەکو: جزیری و حاجی و ئەسیری... لەگەڵ ئەو شاعیرانەی کە لەسەر ڕێبازی ئەوان دەیاننووسی.

٢- شیعری شاعیرە هاوچەرخەکانی هاوار کە بەدید و بۆچوون و زمان و تەکنیکی تازە دەیاننووسی.

جۆری یەکەمیان هەر ئەو زمانەیان بەکارهێناوە، کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەگشتی بەکارهاتووە...، جۆری دووەمیان بەلای ئێمە لەسەر وەستانی پێویستترە، چونکە شیعرەکان ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی واقیعی ئەوسای کوردستان بوون، ئەو کاتە کاتی ڕاپەڕین و شۆڕش و بەرخودان بوو لە سەرانسەری کوردستاندا، جا: «بونا هشیار کرنا سیاسی شاعرێن گوڤارێ ب ئاوایەکێ هونەری سادە و ڤەکری بانگی هەمی چین و ڕێزێن گەلێ خوە دکرن».(٦)

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، شاعیرانی کورد زمانێکی سادە و پاک و پەتییان بەکاردەهێنا و ئەم دیاردەیە

(١) د. عزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٥)، ل ١٩٩.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) هەمان سەرچاوە.
(٤) خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل ١٢٩.
(٥) د. عزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٥)، ل ٢٠٠.
(٦) حوسێن حەبەش، ڕاپەڕینا چاندا کوردی د گۆڤارا هاوارێ دە، ل ١١٧.



بەئاشکرا لە شیعرەکانی ناو گۆڤاری هاواردا دەبینرێ. بۆ نموونە: ئوسمان سەبری لە (ژ ٢، ل ١٠)دا شیعری (بەردیلک)ی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ:

ژیین خوشە ب خورتی
ل کوردستان ب کوردان
باڤ و بران چ بکەم
حەموو تێ من ب دەردان.

دەربڕینەکانی زۆر سادە و ئاشکران، وشەی کوردی پەتین، هیچ وشەی بیانی بەکارنەهێناوە. داڕشتنی ڕستەکانی ڕێک و ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵە.

د. کامەران عالی بەدرخان، لە (ژ ٩، ل ٤)دا، شیعری (کوردستان)ی بڵاوکردۆتەوە، زمانێکی پاک و پاراو و پەتی تێدا بەکارهێناوە و دەڵێ:

ئێڤارە
پرسارە
چولە، گروچیان بێ دارن
تارییە
زارییە
بێ تە دل و جان بریندارن

وشەکان هەموو کوردی پەتین، لە شوێنی خۆیان بەکارهاتوون، ڕستە و دەستەواژەی کورت و سووکی بەکارهێناوە.

جەگەرخوین لە (ژ ٥٤، ل ٢)دا، شیعری (پێش کەڤن)ی بڵاوکردۆتەوە، کە نموونەی کوردییەکی ڕەوان و ڕەسەنە:

خورتنۆ وەرن ئەم ب پشت و مل
بۆ وەلات خەبات ئەم بکن ژ دل
سەر خوە بون دڤێ بومە هەر دەمی
پێشکەڤن هەمی، پێشکەڤن هەمی

هەر لەبارەی زمان و زاری شیعری ئەو سەردەمەوە د. عیزەدین دەڵێ: «شاعیر خۆی بەدیالێکتێکی قسە کردنەوە نەدەبەستەوە، بەڵکو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون».(١) ئەم دیاردەیە لەناو هاواردا ئاشکرایە. جەگەرخوین لە شیعری (بەردیلک)دا کە بۆ ئەسیری

(١) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٥)، ل ٢٠٠.

نووسیـوە و لە (ژ ١٠، ل ٣)دا بڵاوی کـردۆتەوە، هەوڵی داوە دەست لە زاری خـۆی (کرمـانجی سـەروو) هەڵگری و بەزاری ئەسیری (کرمانجی خواروو) بنووسێ، بەڵام وشەی لە زاری خۆشی تێ ئاخینوە، وەکو: گوری، صهتان، ئەز، خوە:

ئەی برا شـەهبـازی ئەوجی فـەنن و هەم عـیـرفـانی تۆ
صــد وەکی ابن الاثـیــری گــوری یو قــوربانی تۆ
تیری خوشخوانی تە صهتان جان و دل ئەی کاکی خۆم
ناتوانم ئەز خـوە ڕاگـیــرم لەبەر خـوشـخــوانی تۆ

بەم جۆرە هاوار دەورێکی گەورەی لە ڕەوتی بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری کوردی دیوە و شاعیرانی ئەو سەردەم بەتەکنیک و زمانێکی پاک و ڕەسەنی کوردی هاتوونەتە مەیدان و شیعری کوردییان بەرەو پێشەوە بردووە.

### دووەم: ناوەڕۆکی شیعری گۆڤاری هاوار:

دیوانی شیعری هاوار بریتییە لە بەرهەمی شاعیرە گەورەکانی کورد بەهەردوو زاری زمانی کوردی، جگە لە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی... کە سەر بەڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردین، زۆر شاعیـری سەردەمی گۆڤـارەکە بەرهەمـیـان لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاوکردۆتەوە وەکو: پیرەمێرد و گۆران و جەگەرخوین و ئەسیری و قەدری جان و بێکەس و د. کامەران بەدرخان و ئوسمان سەبری و ئەحمەد نامی و حەسەن هشیـار... هتد. دەربارەی ناوەڕۆکی شیـعـرەکان بەتایبەتی شیـعری شاعیرانی هاوچەرخی هاوار، زۆر بابەت و مەبەستی جۆراوجۆر بوونەتە هەوێنی شیعری شاعیرەکان، وەکو: بابەتی نیشتمانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دڵداری و شیوەن و... کە لە خوارەوە بەنموونە باسیان دەکەین:

### شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی:

شیـعری نیشـتـمـانی و نەتەوەیی بەیەکەوە باس دەکەین، چونکە هەر هیچ نەبێ بەش بەحاڵی کورد، هەمـوو باسێـکی نیـشـتـمـانی بەلای نەتەوایەتیدا دەچێت و باسی نەتەوەی کـوردیش حەقـیـقـەتی باری نیشتمانەکەی دەردەخا. وەکو: لە بەشی یەکەمدا باس کراوە، لە ماوەی دەرچوونی هاواردا (١٥ی گوڵانی ١٩٣٢ تا ١٥ی ئابی ١٩٤٣) خەڵکی کوردستـان لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی و نیـشـتـمـانی دابوون. لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان بەسەر و ماڵ قوربانیان داوە. هەڵبەت ئەم بارودۆخە داگیـرساوە کـاری زۆری کـردبووە سـەر شـاعـیـرانی ئەوسـای کـورد کـە بەشـیـعـر گوزاریشتـیـان لە ئازاری خۆیان و میللەت و وڵاتەکەیان دەکردەوە و شیعریان وەکو: چەکی بەرگری دژی دوژمن و داگیـرکـەران بەکـاردەهێنا. دەبێ ئەوەشـمـان لە بەرچاو بێ کـە گـۆڤـاری هاوار لە شـاری دیمەشق دەردەچوو، ئەو کاتەش سوریا لە ژێر ئینتدابی فرەنسی دابوو، بۆیە گۆڤارەکە ببووە ڕووگەی ڕۆشنبیران و شاعیرانی کورد لە هەمـوو پارچەکانی کوردستـاندا، کە بەشیعری بەسۆزی نیشـتـمـانی هاواریان بەسەر



دەکردەوە، ڕێژەی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی لە هەموو بابەتەکانی تر، زیاتر بایەخی پێدراوە. تەنیا ئەو شیعرانەی کە ناونیشانیان نیشتمانە، (وەلات)، ژمارەیان دەگاتە (١٧) شیعر، هەر بۆ نموونە:

- جەلادەت بەدرخان، شیعری (تو لا وەلێت)، (ژ ٢، ل ٢).
- جەگەرخوین، شیعری (گوتنا وەلات)، (ژ ٤، ل ٦).
- ئەسیری، شیعری (ولاتی کوردان)، (ژ ٥، ل ٣).
- د. کامەران عالی بەدرخان، شیعری (وەلاتی کوردان)، (ژ ٦، ل ٥).

ئوسمان سەبری لەبارەی مێژووی کورد و سنوور و خاکی کوردان، لە شیعری (مارشا خەلاتێ)دا، لە (ژ ٥، ل ٧)دا دەڵێ:

ژ ناڤێ مە تێـتـە زانین شـەلـپـێن(*) مـێـرانی
مـا هەوجـەیە کـو ئەم بێـژن جـیـهـان دزانی
ژ کـەیقـوباد هەیا دگـێـهـە ئاسـتـیـاغێ زور
مـەد سـەردەست بوون د ئاسـیـادە ژێر و ژور

ئەسیری لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا (سنوور)(**) کە لە (ژ ١١، ل ٤)دا بڵاوی کردۆتەوە، هەوڵی داوە سنووری کوردستانی گەورە دیاری بکا وەک لە سەرەتادا دەڵێ:

کـوردە دەزانی لە کـوێ جـێگرە خـزمـانی تۆ
گـوێ گـرە بۆت بڵـێم جـێگەیی خـێـڵانی تۆ

دەربارەی خاک و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، خدۆک لە شیعری (هەی وەتەن) لە (ژ ١٠، ل ٤)ی هاواردا، لە پێنجینەیەکدا دەڵێ:

گـــەر لە خـــاکی سنە و بانە ئەگـــەر بابانیم
گەر لە کوردی لەک و لوڕ گەر لە شنۆ و لاجانیم
گەر لە گـۆران و جیـهـان بگلو ئەگەر سۆرانیم
گـــەر بروکی و بەکـــری ئێلی دزە و بۆتانیم
هەمـوو وەک یەک بەبەشی سـوود و زیانی ناون

لە پێنجینەیەکی تری هەمـان شیـعردا، شاعیـر (خدۆک) باس لەوە دەکا کە چۆن کـوردستـان ئایینی جیاواز و جۆراوجۆری تێدایە و لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوکەرانی هەموو ئایینەکان بەتەبا و تفاقی لەتەک یەکدا لە یەک وڵاتدا ژیانی پڕ ئاسوودە و هێمن و بێ وەی بەسەر دەبەن و هەموویان لە کاتی تەنگانەدا وەک پەنجەکانی یەک دەست مشتێکی توند پێکدێنن بۆ لێدانی دوژمن:

---

(*) شەلپ = شڵپە (دەنگی ئاو کە شتێکی بەتوندی پێ دابدرێ).

(**) دەقی ئەم شیعرە لەگەڵ ئەوەی دیوانەکە نەختێ جیاوازی هەیە.

گــەر مــوسلمــان و دیانین و یەزیدی و گــەبرین

زادەی یەک ڕەگــەزی و تیــرە و شــاخ و بەفــرین

وەکـو: پێنج قـامکی دەسـتێکی زلین تا دەمـرین

گـــەر وەفـــر بین لە دەمی دوژمن وەک بەبرین

ور بلاو بین و بەتەنهـا وەشکیین ئەدەین سـوتاون

جەگەرخوین لە بارەی خێر و خۆشی و سوود و بەرەکەتی خاکی بەپیت و فەڕی کوردستان لە شیعری (گوتنا ڕاست) کە لە (ژ ١٣، ل ٣)دا دەڵێ:

ئەم جانێ خوە ددن قەت تەرکا کوردستانێ ناکن

لەوا پڕ خـــوەشــە دەشت و نوال و چیـــا و نزار

هەمی گـول و یاسـەمین و بنەفش و ناز و ریحـان

هنجــاز و مــشــمش و خــوخ و ترێ و هەم هنار

ڕەمۆیێ قەنجۆ لە شیعری (فەرمانا کوردان)دا، لە (ژ ٢١، ل ٨)ی هاواردا، زۆر بەوردی وێنەی ئەو زوڵم و زۆرە پیشان دەدا کە داگیرکەرانی کوردستان بەپشتیوانی زلهێزەکان لە کوردیان دەکرد و ئەنجوومەنی نەتەوان (عصبة الامم)یش خۆی لێ بێدەنگ دەکردن:

فـەرمـانە مـیـرۆ لۆ مـیـرۆ فـەرمـانە

فـەرمـانا مـەیە فـەرمـانا کـوردان

نەتەنێ فـەرمـان بۆ مـیـر و ئاغـان

فـەرمـانا مـەیە فـەرمـانا گـشکان

فـەرمـانا مـیللەت فـەرمـانا وەلێت

دل ب شــەواتە دەورا مـــەژی پێت

فەرمان مەبەست فەرماندانی داگیرکەرانی کوردستانە بۆ قەلاچۆکردنی کورد و خاپوورکردنی خاک و وڵاتەکەیان. شاعیر ئەوە بیر دەخاتەوە کە ئەم جۆرە فەرمانە هەر تەنیا دژی سەرۆک و میرە کوردەکان نییە، بەڵکو دژی هەموو کورد، دژی میللەت و وڵاتە.

شاعیرانی کورد بەرامبەر بەسیاسەتی شۆڤینی داگیرکەران، بێدەنگ نەبوونە و گوێی خۆیان لە ئاه و ناڵەی خەڵکی کوردستان کەڕ نەکردووە، بەڵکو شیعر و وشەیان وەکو: چەکی بەرگری بەکارهێناوە و خەڵکیان هان داوە بۆ شۆڕش و پتەوکردنی ڕیزەکان و قوربانیدان لە پێناوی ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە.

جەلادەت بەدرخان لە شیعری (داوەتە)، (ژ ٨، ل ٣) گەنج و لاوانی کورد بانگ دەکا بۆ ئەوەی وریا بنەوە و یەک بگرن و بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان، ئەوەتا لەسەر زاری نیشتمان بانگی کوردان دەکا و دەڵێ:



داوەتـە خـــــــــوەش داوەتـە

ژ کـــــوردان ڕە ڕوومـــــەتـە

داوەت شـــەڕە شـــاهینەت(*)

بێ خـوەیی مـان گـوند، کـەلات

گـــــازی دکـــــە ئـەڤ وەلات

دبــــــێ وەرن هــــــەوارە

شاعیرانی کورد، وەکو: تاقمی ڕۆشنبیر و پێشەنگی خەبات و بەرخودان، زۆر بەڕاشکاوی و ئاشکرایی هیوا و ئاواتی خەڵکی کوردستان دەردەبڕن و داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. بەهەمەن زەردەشت لە شیعری (ژ خانی ڕا) (ژ ٨، ل ٣) باسی شۆڕشی شێخ سەعید دەکات و لە ژێر کاریگەری بیروڕای نەتەوەیی خانی، داوای سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد دەکات و دەڵێ:

شـەش سالـە هەمی ب خوێن دبازن

ئازادی و خـوە ب خـوەیی دخـوازن

یا دێ بمرن وە یا بژین مـــێـــــر

قـەت لایقـە کـورد بمێننتـە ئێـسـیـر

**ئاڵا:**

ئاڵا هێمای بوون و سەربەخۆیی وڵاتە: «ڕێکخراوی (کورد تشکیلات اجتماعیە جمعیتی) لە کۆتایی (١٩١٩) بەسەرۆکایەتی ئەمین عالی بەدرخان و چەند کەسایەتی کوردی نیشتەجێی ئەستەنبۆڵ دامەزرا». (١) یەکێ لە کارەکانی ئەم ڕێکخراوەیە: «دەستنیشانکرنا ئالایێ کوردی بوو ب سێ ڕەنگا: ل سەری سوور و ل ناڤەڕاست سپی، کە ڕۆژەکا گەش دناڤ دایە، ل خوارێ کەسک و یێ بژاندی کو ئەڤە ئالایێ وەلاتێ کوردانە». (٢)

هەر لەو ڕۆژەوە ئەو ئاڵایە بوو بەڕەمزی سەربەخۆیی کوردستان و هەموو کورد بەهیوای ئەوە بوون کە بەچاوی خۆیان ئەو ئاڵایە ببینن لەسەر خاکی کوردستانی یەکگرتوودا دەشەکێتەوە. شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد زۆر ڕێزی ئەو ڕەمزەیان گرتووە و هیوایان ئەوە بووە ئەم ئاڵایە، بەشەکاوەیی لەسەر خاکی کوردستان ببینن و، لەبەر گرنگی ئەم ئاڵایە زۆر جار شاعیران کردوویانە بەبابەتی شیعرەکانیان. جەلادەت بەدرخان لە شیعری (ئالێ کوردان)، (ژ ٥، ل ١٤)دا، باسی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان دەکات:

---

(*) شاهینەت: ئاهەنگ (حفلة، احتفال)

(١) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ ن ژمارە، (١٠٥)، ل ٢٠٠.

(٢) موسەدەق توڤی، ئالایێ کوردستانێ د دیرۆکێدا، گۆڤاری پێشمەرگە، ژ (١٥)، ئەیلول، ١٩٩٩، ل ٢٧.

ئالێ کوردان دناڤ روک

چ بەدەو و ب هەیبەت

ب چار ڕەنگی ڕەنگێن تە

چ دەلال و چ خوە شکوک

خێزەک کەسک و خێزەک سوور

ناڤ سپی و نیڤەک زەر

کەسکە سوورە ب ڕۆژە

ئەڤ ل ژێر و ئەو ل ژوور

د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (ئالا کوردان)، (ژ ٨، ل ٧) جگە لە دیاریکردنی ڕەنگەکانی ئالای کوردی، شوێنی ئەو ئالایەش دەستنیشان دەکا کە جان و سەرە، واتە لە بەنرخترین شوێندا جێی خۆی کردۆتەوە:

قەهرەمانێ جەنگ و شەڕ

قیبلەگاهێ مێ و نەر

جا یە گاهێ جان و سەر

ئافتابا دار و بەر

ئالا کوردان سەر بەسەر

سوور و گەورە کەسک و زەر

جەگەرخوین لە شیعری (ئالای ڕەنگین) (ژ ٢٩، ل ٩)دا هیوای ئەوە دەخوازێت، ڕۆژێک بێت و ئالای کوردی بەرز بێتەوە:

ئیرو مە تو کرییە هەمبێز(*)

ڕۆژەک وێ بێ تە بکن ڕیز

د ئەیوانان ل سەر بانان

ڕۆژێن شادی تو خەمل و خێز(**)

**شەهیدان:**

بزووتنەوە یەک لە دوای یەکەکانی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، هەروا بێ قوربانیدان نەڕۆیشتوون، هەزاران خەباتگێڕ لەو پێناوەدا شەهید بوون و بەخوێنی گەشی خۆیان خاکی کوردستانیان ئاوداوە و

(*) هەمبێز = باوەش (حضن)

(**) خێز = جیاز و زێوەری بووک، هەمیشە لەگەڵ وشەی خەمل دێ: خەمل و خێز.



کاروانی ئازادییان هەنگاوێکی تر بردۆتەوە پێش. ئەو شەهیدانە جێگایەکی تایبەتییان لای شاعیران هەیە کە زۆر جار شیعرەکانیان بۆ پیاهەڵدانی شەهیدان تەرخان کردووە. گۆڤاری هاوار زۆر شیعری تێدایە: کە قوربانیدانی شەهیدان و دەوریان لە بەرەو پێش بردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پێشان دەدەن. هەر بۆ نموونە: بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و گشت شەهیدانی کوردستان، جەگەرخوین شیعرێکی دوور و درێژی بەناوی (شەهناما شەهیدان)، لە (ژ ١٨، ل ٥) و (ژ ١٩، ل ٤)دا بڵاوکردۆتەوە:

د خوازم ئەی دلۆ ژار و ب چاکی

هەری مێرێن وەلاتێ مە تو راکی

ببێژن ئەی شەهیدێن دین و میللەت

بەسە ڕابن سەرێ ڕۆژا مە دەرکەت.

**زمان:**

زمان: وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی و بگرە پتەوترین ڕەگەزی بوونی نەتەوەیە و، کەرەستەیەکی سەرەکی شاعیرانە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بابەتی شیعری و هەست و نەستی ناوەوەیان. شاعیران بایەخێکی زۆریان بەزمان داوە، چونکە شیعر زمانێکی مەجازی و چڕ و خەست و پتەوی گەرەکە، چ لە بایەخدان بەزمانی پەتی نووسین و چ لە پیاهەڵدانی زمانی نەتەوایەتی. شاعیرانی هاوار زۆر جار زمانیان وەکو: بابەتی شیعر بەکارهێناوە و هەستی خۆیان بەرامبەر زمانی نەتەوایەتی دەربڕیوە.

د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (زمانێ من)، (ژ ١١، ل ٢)دا، باس دەکا کە زمان پرسی (کێشەی) سەرەتا و کۆتاییيە و دەڵێ:

کوردمانجی زمانێ باڤ و کالە

تربا خوەدە دێ ب وێ د نالە

کوردمانجییە دەنگ و پرسا پێشین

کوردمانجییە دەنگ و پرسا پاشین

دیسان لاوێ فندی لە شیعری (هشیار نامە)، (ژ ٨، ل ٣)دا، داوا دەکا کە قسە بەزمانی دوژمن نەکەن، بایەخ بەدەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بدەن:

هەوار کوردنۆ نەکن نەکن

ب زمانێ نەیار گال گال نەکن

زمانێ کوردان هون فرە کن

کەچ و بووکان پایمال(*) نەکن

(*) پایمال: دابەشکردنی تالان بەسەر تالانکەراندا.

### ئەنجوومەنی نەتەوان:

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەماوەیەکی کەم، ئەنجوومەنی نەتەوان (عصبة الامم). بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەوڵەتانی جیهان دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە بوو بەجێگای ئومێد و بایەخی گەلانی بن دەست کە خەونی ڕزگاری و سەربەخۆییان پێوە دەدی.

کوردیش یەکێ بوو لەو گەلانەی تەمای زۆری بەوە هەبوو ئەنجوومەنی نەتەوان شتێکی بۆ بکات و لە ژێر ئەو چەپۆکە تیژانەی داگیرکەران دەری بێنێ. شاعیرانی کورد زۆر بانگی ئەو ڕێکخراوەیان کردووە بۆ ئەوەی بەهانای کوردەوە بێت و چارەیەک بۆ کێشەی کورد دابنێ،[1] جەگەرخوین لە شیعری (زار و دلبن)، (ژ ١٣، ل ٥)دا، ڕوو لە ئەنجوومەنی نەتەوان دەکات و دەڵێ:

کوما میللەتان ماقەی تو کەڕی
چاڤێ تە کورە تو ل مە نانێڕی
یان کال و کوتی تو ل مە ناگری

شێخ سەلام لە شیعری (لە بۆ جڤاتی میللەتان) کە لە (ژ ٢٢، ل ٧)دا بڵاوبۆتەوە، بانگی (عصبة الامم) دەکات و فێڵەکانی بەڕوودا دەداتەوە و دەیکا بەکوتەکی دەستی هندرسن:

عصبة الامم کۆمەڵی گەورە
بەپێچ و پەنا بەفێڵ و دەورە
چۆن عاجز نابی لەم خوێن ڕشتنە
لە لای تۆ ئەلبەت حقوق کوشتنە
ناترسی تەئریخ لەعنەتت بکەن
کوتەکی دەستی مستر هندرسن.

### شیعری کۆمەڵایەتی:

بابەتی شیعری کۆمەڵایەتی: بریتییە لە دەستنیشانکردنی دەردە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: ململانێی چینەکان و نەخۆشی و نەبوونی و دابونەریتی جۆراوجۆری کۆن و نوێی کۆمەڵایەتی... کە دەبن بەکۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵ. شاعیرانی کورد هەریەکە بەپێی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتانە کردووە.

---

(١) زۆربەی شاعیران لە (عصبة الامم) نائومێد بوون و بێزارییان بەرامبەر دەربڕیوە. شیعرەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف زۆر بەناوبانگە و وەکو پەند کەوتۆتە سەر زارەوە:

ئەم قەراری عوسبەیە وا خەڵک ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی ڕووتە و قسەی ڕووتیش ناچێتە ناو گیرفانەوە

(دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ئامادە کردنی عیزەدین مستەفا ڕەسول، بەغدا، ١٩٨٦، ل ١٣٤.



### نەهێشتنی نەزانین و هاندان بۆ زانیاری:

نەزانین دەردێکی کوشندەی کۆمەڵە و بەهۆی نەزانی و نەخوێندەوارییەوە میللەت تووشیی زۆر تەنگ و چەڵەمە دەبێ و ڕوانینی کورتتر و چارەسەرەکانی سستتر و هەوڵەکانی بێ هێزتر دەبێ. گۆڤاری هاوار زۆر شیعری بڵاوکردۆتەوە کە زیانی نەخوێندەواری و سوودی زانین و خوێندەواری پێشان دەدەن و خەڵک هان دەدەن تا زووە خۆیان لە تاریکی نەزانین و نەخوێندەواری ڕزگار بکەن. فایق بێکەس لە شیعری (کوردەواری)[1] دا لە (ژ ٦، ل ٤)دا داوا لە مرۆڤی کورد دەکا کە لە نەزانین دوور بکەوێتەوە و ڕوو بکاتە زانین:

نیوەڕۆیە هەڵسە ئیتر بەرگی سستی داکەنە
زوڵمەتی شەو وا بەسەر چوو وەعدەیی وشیارییە
ڕێی نەزانین بەربدە و ڕێگەی مەعاریف بگرە بەر
نیشتمانت زۆر کەساسە و ژینی هەر غەمبارییە

### جیاوازی چینایەتی:

کێشەی جیاوازی چینەکانی کۆمەڵ هەر لە کۆنەوە جێگای لەسەر وەستان بووە. شاعیران و نووسەران زۆر چاک هەستیان بەو جیاوازییە کردووە و هەوڵیان داوە لایەنگری چینی چەوساوە بکەن و دەستی زوڵم و چەوسێنەری لەسەر لاببەن. بێگومان چەوساندنەوەی چینایەتی لەمپەرێکی سەخت بووە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵ. چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵ بەزیانی چینە چەوسێنەرەکانی تەواو دەبێ.

جەگەرخوین لە شیعری (سلاڤ ل سفرا حازرە)، (ژ ٥١، ل ٤)دا دەڵێ:

کنجێ ل شێخ چوخ و قوماش
کنجێ ل سۆفی چادرە
ئاغا ب دەه گوندێ خوە ڤە
باوەڕ دکە کەی خوسرەوە
تالانکەر و دز و کەلەش
وی دایە سەر ڕێچا گورە
حاڵی مە کورمانجان ئەڤە
ئەم دێ چلو سەربەست بژین

---

(١) ئەم شیعرە لە چاپەکانی دیوانی بێکەسدا بەناوی (ئامۆژگاری بۆ میللەت) لەگەڵ چەند جیاوازییەک بڵاوکراوەتەوە.

### بێگانەپەرستی:

پەتایەکی تری کۆمەڵی ژێر دەست، بێگانەپەرستییە، کە هەندێ لە خەڵکەکە بۆ سوود و بەرژەوەندی خۆیان دەبن بەداردەستی بێگانە و دژی خاک و نەتەوەی خۆیان دەوەستن. ئەمانە کلکی ئەو بیورەن کە دار دەبڕێتەوە، بێگانەپەرستی هەر لە کۆنەوە سەرنجی شاعیرانی ڕاکێشاوە و هەوڵیان داوە بەشیعر ڕسوایان بکەن و ڕووی ڕەشیان بۆ میللەت دەربخەن.: (بەنگینە)ی شاعیری میللی هێما بۆ دەردێکی سامناک دەکات کە (بێگانەپەرستییە و لە زمانی (پۆڕ و کەو)ەوە ئەنجامی ئەو پەتایە دەدات بەدەستەوە).[1] بەنگینە شیعری (پۆڕ و کەو)ی یەکەم جار لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە، پاشان دووبارە لە (ژ ٤٥، ل ١٠)ی گۆڤاری هاوار بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ:

پۆڕ بەکەو ئەڵێ: ئەی کورد تەبیعەت
لەبەرچی هاوڕێت ئەخەیتە زیللەت
بۆچ بۆ بێگانە تۆ خۆت ئەمرێنی
بەقەسپە قەسپ بۆچی ئەخوێنی.

### شیعری دڵداری:

بابەتی شیعری دڵداری ئەوەیە کە: «دەربڕین لەو هەست و سۆزە دەکا کە پیاو بەئافرەت دەبەستێتەوە. وێنەی خۆشەویستی پیاوی تیایە و وەسفی ڕوخساری ئافرەت و ڕەوشت و ئەو خۆشەویستەی لە نێوانیاندا ڕوودەدات، دەکات».[2] بابەتی دڵداری جێگایەکی زۆری لە شیعرەکانی دیوانی (هاوار)دا گرتووە. د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعرێکدا و بەناوی (سترانا دلا) لە (ژ ٨، ل ٣) دەڵێ:

سوری ڕوهەڵاتی
دەنگ و نایی
بوهار و بلووری
بروسک و بایی
پۆڕێن تە زێر و زەر
جانێ تە زیڤ
تو ببە ژ من ڕە
تاشتێ و شیڤ

(١) محمد دلێر امین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩، ل ٥٨.
(٢) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩، ل ٤٠.



هەروەها مستەفا ئەحمەد بوتی لە شیعری (دیلبەر)، (ژ ٢٠، ل ١٢)دا وەسفی جوانی خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێ:

بخوازە دیلبەرا من تو
د جیهاندا سەرانسەر تو
حمی شێرن هیڤی تو
ژ ڕۆژێ پڕ خوویاتر تو
وەرە زلفان بدە بایی
ژ ناڤ عالەم هلین تایی

گۆران لە شیعری (بۆ خانمێک)، لە (ژ ١٥، ل ٧)دا هەستی خۆی بەرامبەر بەخۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و باسی تاسە و پەرۆشی خۆی دەکا بۆ بینینی یارەکەی:

قاسید وتی پێم: بگرە سەبر، خانم ئەوا دێت
سا فەرموو سەبر بێ بەفیدای خاکی بەری پێت
حەسرەتکەشی ئەو شان و مل و گەردنە ڕووتەم
وەختە بمرم بۆ نەفەسی بۆنی توالێت

جەگەرخوین لە شیعری (ئەزویار)، لە (ژ ٥٧، ل ٦)دا هەستی خۆی بەم جۆرە بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێ:

پێژنا مەکر و هوڤەنەدا ڕەنگێ خەزالان
دورکەت و نێری هەر دوو بری ڕەنگی هلالان
من گوت: تو چما دور دڕەڤی قەی مە نەناسی
گۆ: شەرم و فەهێتە مە ژڤان دوست و هەڤالان

### شیعری شیوەن:

بابەتی شیعری شیوەن: «مێژوویەکی کۆنی هەیە».[1] ئەم جۆرە بابەتە شیعرییە: «دەربڕین لە سۆزی بەرامبەر بەمردوو دەکات بۆ مردووەکە دەگری و هەموو خاسیەتیەکانی دەژمێرێ و وێنە ڕێژی لە ژیان و مردندا دەکات».[2] گۆڤاری هاوار زۆر شیعری بڵاوکردۆتەوە کە شین بۆ ناوداران دەکەن و دەیانلاوێننەوە، کوژرانی (شێخ عەبدولڕەحمانی گارسی) بۆتە بابەتی زۆر شیعری شین و، شاعیران

(١) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٨، ل ٩٧.
(٢) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ٦١.

هەستی خۆیان بەرامبەر گەورەیی و نەمری ئەو شەهیدانەی ڕێگای ڕزگارییان گرتووە دەربڕیوە. بۆ نموونە: قەدری جان لە شیعری (تابوتا بخوین). لە (ژ ١١، ل ٦)دا هەستی خۆی بەرامبەر بەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەردەبڕێت و دەڵێ:

ل ئەردی دنێرم دلۆپێن خوینێ
ددەمە سەر شۆپێ چ ببینم ئەز
دار و بەر کەڤر و گوچ دکن شینێ
بێ حەمدێ جانی خوە دقیڕینم ئەز

هەر دەربارەی ئەم ڕووداوە دیسان مستەفا ئەحمەد بوتی لە شیعری (شەهیدێ گەورە)، (ژ ١١، ل ٥)، شین بۆ گارسی دەکات و کول و خەمی دڵی خۆی بەو بۆنەیەوە دەردەبڕێ:

شێخێ من ئەزم پەپووک ل دەردا
شێخێ من ژ تەرە ڕەش گرێدا
ئەم ناڤێ تە دکن ئالا
لە چیان و نێڤ نالا

د. کامەران عالی بەدرخانیش لە شیعری (مەشهدا عیبرەتێ)ی (ژ ١١، ل ٣)، لە ژێر کاریگەری هەمان کارەساتدا نووسیویە و دەڵێ:

ب مێرانی و گەڕناسی تو بووی سەیدا تو بووی ڕێبەر
دەلالێ میر و جامێران دەلالێ رەب و پێغەمبەر
ب مالاتە، عەشیراتە، حەمی میللەت بریندارن
گرین و ئاخ و زارینە، گرین و ئاخ و هاوارن

هەر لە بابەتی شین، جەگەرخوین لە شیعری (شاهناما شەهیدان)، (ژ ١٨، ل ٥) و (ژ ١٩، ل ٤) هەستی خۆی بەرامبەر هەموو شەهیدانی گەل و نیشتمان بەگشتی دەردەبڕێت و لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:

بەلێ ڕۆژا گو کوشتن چوون وەفاتە
چ خۆش ڕۆژە وەکی جەژنا وەلاتە
ژ وێ ڕۆژێ جەگەرخوین و جگەرسۆز
ب قوربانا وەبم عەیدا وە پیرۆز

## شیعری وەسف و ستایش:

سروشتی جوان و جۆراوجۆری کوردستان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و نەست و دەروونی شاعیرانی کورد بووە و شاعیران هەستی خۆیان بەرامبەر دیمەنی جوان و قەشەنگی کوردستان دەربڕیوە و



سروشتی کوردستان بۆتە بناغە، یان کەرەستەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ دروست بوونی تابلۆی ڕۆمانسی لای شاعیر و هونەرمەندی کورد.

گۆڤاری هاوار کۆمەڵێ شیعری تێدایە کە وەسفی دیمەنەکانی کوردستان دەکەن و ئوسمان سەبری لە شیعری (بەهار) (ژ ٤٩، ل ٧)دا وەسفی بەهاری کوردستان دەکات:

گاڤا دێ دبە بهار
دبشکڤن دەڤی و دار
زوزان تێنە گهارتن زوو
مینا جلێن بووکێن نوو
نێرگز،سوسن، کولیلکو گوڵ
دڕەڤین خەمان ژ دل

گۆران لە شیعری (ئەی گەلاوێژ)، (ژ ١٢، ل ٣)دا، وەسفی شەو و بێدەنگی و ئەستێرەی گەلاوێژ دەکا:

بەشەو گەشتوگوزاری خاتیرات هەروەک شنەی شەوبا
لە ڕۆحی پڕ تەئەسورما ئەکا سەهرەی خەفەت پەیدا
ئەڵێی بەحرێکی قووڵ و مەنگە دنیای پڕ لە بێدەنگی
بەسەریا هاژە هاژ ئەڕژێ، ئەنینم، سۆزی ئاهەنگی.

د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (هەنەک)، (ژ ١٤، ل ٤)دا باسی وەرزەکانی ساڵ دەکات و دەڵێ:

دلو ڕابە بوهارە
کەسک و سۆر و ب دارە
دنێ گەرمە نەسارە
دلۆ ڕابە بوهارە

هەر د. کامەران بەدرخان لە شیعرێکی تردا بەناوی (پەهێز) (ژ ١٣، ل ٢)، وەسفی وەرزی پاییز دەکا کە بەرامبەر شیعرەکەی پێشوو (بەهار) دەوەستێ:

پەهیزە، دل پەهیزە
دنێ تاری ب زیزە
پەلێن داران گرینن
جەندەکێن وان برینن

## چیرۆکی شیعری:

هونەرێکی تری شیعری، ئەو جۆرەیە کە چیرۆکە و بەشیعر (بەزۆری شیعری مەسنەوی و کێشی کورت) دەگێردرێتەوە. ئەم جۆرە شیعرە وا پێناسە کراوە: «هەر شیعرێک چیرۆکێک بگێڕێتەوە و مەبەستی ئاشکرای شیعرەکە گێڕانەوەی چیرۆک بێت».[1] هەندێ لایان وایە: «دانانی چیرۆک بەشیعر لە پێشا لە مەیدانی شەڕ و شۆڕەوە دەستی پێکردووە پاشان شێوەی دڵداریشی داگیر کردووە و لەوێشەوە گۆڕاوە بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و کەموکورتییەکانی تری ناو کۆمەڵ».[2] تا ئێستا زاراوەی تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەم هونەرە شیعرییە نەچەسپاوە ئەگەرچی جاروبار وشەی شیعری چیرۆک ئامێزی بۆ بەکار دێ بەڵام زاراوەکە نەرۆیشتووە. کەچی وەکو: بابەت چیرۆکی بەشیعر: «شوێنەواری چەرخەکانی کۆنە».[3] ئەم جۆرە شیعرە بەگشتی دەکرێ بەدوو جۆر: «شیعری داستانی epic poetry و چیرۆکی شیعری میللی Ballad).[4] هەردوو جۆریان لە ئەدەبی کوردا هەن، بەڵام جۆری دووەمیان (چیرۆکی شیعری میللی) لە گۆڤاری هاواردا زۆر بەرچاو دەکەوێت. شاعیر وەکو: چیرۆک بەڵام لە قاڵبی شیعردا ڕووداوێکی سەردەم یان چیرۆکێکی پەند ئامێز بەشیعر دەگێڕێتەوە.

قەدری جان لە شیعری (دشۆرە زارەکێ دە)، لە (ژ ١٠، ل ٤)دا چیرۆکی دەربەدەرکردنی کورد لەسەر خاک و زەوی خۆی، لەناو گوند و شاری خۆی دەگێڕێتەوە و باسی ئێش و ئازار و دەرد و چەرمەسەری کورد دەکا بەدەست داگیرکەرانەوە. لە پارچەیەکی ئەو چیرۆکە شیعرییەدا دەڵێ:

ڕۆژەکێ دیسان ژ ڕۆژان قەت حال دمە نەما بوو
نە گوند و نە گوندییەک ئەو جە پێدا تەنها بوو
چما شووندا هنەک دەنگ هاتە ژناگیهانێ
لێ بالا خوە ددەمێ ئەو دەنگ پڕ کوور دنالی

لە درێژەی چیرۆکەکەدا دەڵێ:

من ژێرە گوت ئەی برا تە چ حال و هەواڵە؟
چمان وسان ل ئەردێ ڤەکەتی و د نالە؟
ویژی ل من ڤەگەڕاند، گوت: دەردێ من گرانە
چیرۆکا من درێژە، بێت نڤیسین ڕۆمانە

پاشان پێدادەچێ و چیرۆکی ژیانی دەربەدەری و چەوساندنەوەی خۆی دەگێڕێتەوە. باس دەکا چۆن خۆی

(١) احمد امین، النقد الادبي، ط ٤، بیروت، لبنان، ص ٩٧.
(٢) بورهان قانع، چیرۆکی کوردی بەشیعر، گۆڤاری رزگاری، ژمارە (١٥)، ل ٢٢.
(٣) د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونه، دار الفکر العربي، ١٩٨٧، ص ١٤٩.
(٤) د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونه، ص ١٤٩.



خەڵکی مەلازگردە بەڵام حەوت ساڵە دەربەدەرە و دەربەدەرییەکەی بەهۆی ئەوەوەیە کە زمانی کوردییە و زمانەکەیان لێ (یاساق) کردووە و زمانی (خوار)ی خۆیان بەسەردا سەپاندووە.

زمانێ مەی دەلال (یاساق) کرن ب زۆری
زمانێ خوەی خوار بۆ مە کرن مەجبووری

نەوزاد لە شیعری (دەست ژێ بوو)، لە (ژ ١٦، ل ٤)دا چیرۆکی دەربەدەربوونی خۆی لە خاکی خۆی دەگێڕێتەوە:

دلێ من ب کول چاڤ ژی ب هێسیر
دەرد ژ دەرد زێدە غەم ژ غەم بێتر
فەلەکێ ڤاژی چەرخا خوە گەڕاند
لەیلا و مەجنوون ژنک هەڤ قەتاند

ئەم چیرۆکە شیعرییە (٣١) دێڕە. جۆرێکی تری چیرۆکی شیعر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار بەرچاو دەکەوێ کە لەسەر زمانی گیانداران دەگوترێ و پێی دەگوترێ (فابل Fable). فابل بەم جۆرە پێناسە کراوە: «چیرۆکێکی کورتە بەشیعر یان پەخشان، کە پەندێکی تێدایە، کەسەکانی بەزۆری ئاژەڵ یان شتی بێ گیانە).[1] لەوانەیە ئەم هونەری شیعرییە سەرەتا لای گریکەکانەوە سەری هەڵدابێ و یەکەم کۆمەڵە فابل ئەوەی ئیزۆپی یۆنانییە (سەدەی ٦ی پ. ز). دوای ئەو زۆر کەس پەیڕەوی نووسینی ئەم هونەرەیان کردووە و پەند و ئامۆژگارییان پێ بڵاوکردۆتەوە وەکو: فابلەکانی فایدرۆس و بریوس. لە ڕۆژهەڵاتیش ناودارترین کۆمەڵە فابل ئەوەی بەیدەبای فەیلەسووفی هیندە کە لە ئەسڵدا ناوی (پەنجا تەنترا) بووە و پاشان بەناوی ئاژەڵە پاڵەوانەکان (کلیلە و دمنە) ناوی ڕۆیشتووە(*) مەبەست لەم جۆرە فابلە ئەوەیە: «هەربەکە و مەبەستێکی تایبەتی تێدایە، جا ئامۆژگاری بێ، هۆشیار کردنەوە بێ لە مەترسی، پەند و عیبرەت بێ، سوود وەرگرتن بێ لە زیان و بەدبەختی خەڵک، هەرچی هەبێ».[2]

لە هاواردا شاعیرانی وەکو: ئوسمان سەبری و جەگەرخوین و مەلا ئەنوەر و بەنگینە و هی تر ئەم جۆرە شیعرەیان نووسیوە، هەموشیان مەبەستی سەرەکیان لە شیعرەکان نیشتمانی و نەتەوەییە.

جەگەرخوین لە شیعری (سەر خوە بوونا مریشکان)، (ژ ٢٠، ل ١٢)دا باسی دووبەرەکی و نەبوونی یەکگرتن و هەر کەس خۆ بەزل زانین لەسەر زاری مریشکان دەکات و دەڵێ:

لە وەلاتێ مەغەرزا
دیکەک هەبوو شەهرەزا

(1) J. A Cuddon A Dichanary of lierny Terms penyuin Boele 1997.
(*) شایانی باسە تا ئێستا ئەم دوو بەرهەمە دوو جار کراوە بەکوردی جارێک لە لایەن عومەر تۆفیق (١٩٦٨) و جارێکیش لە لایەن دلاوەر (٢٠٠١).
(٢) ئیزۆب، چیرۆکەکانی ئیزۆب، وەرگێڕانی عەزیز گەردی چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٣.

روکێ ئەو چوو ناڤ دیکا
ژ وان رەگو هێدیکا
بەس خوە بدن ئەنیشکا
وەرن بێژن مریشکا
مریشک تەڤدە بوون کوم
بەرێ خۆدانە جەم بوم...

ئوسمان سەبری لە شیعری (روڤیێ ژیر)، (ژ ٢٩، ل ٨)دا، باس دەکا چۆن ڕێوی توانی شێر تەفرە بدات و دەڵێ:

من بهیست ئەڤ ژ کالان
شیرەت ژ بو هەڤالان
دبێن ڕۆژەک ژ ڕۆژان
رۆڤێکی رەق دکوژان
ژ خەونێن گوور و شێر
ڕابوو رەڤی سەر بەر ژێر
گووری لە پێ کر گازی
رووڤی گوت چ د خازی.

بەم جۆرە بەبەر چیرۆکەکەدا دەڕوا و هەمووی دەگێڕێتەوە. هەروەها مەلا ئەنوەر لە شیعری (بەیتا کەوێ)، (ژ ٥٢، ل ٧)دا، باسی گرنگی جێگا و نیشتمان دەکات و دەڵێ:

بێژن جارەکێ کەوەک ل ژوور وان
دەرکەفت بو بوو سەهران و گەڕیان
هاتە گوند ل بەر گوندی دپرسی
دا بزانت چییە کا حاڵێ کەوان.

### نامەی شیعری:

نامەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا دیاردەیەکی کۆنە و بەناوبانگترینیان دوو چامەکەی نالی و سالمە. ئەم دیاردەیە بریتییە لەوە دوو شاعیر نامە بەشیعر بۆ یەکدی بنووسن. لە گۆڤاری هاواردا نامەی شیعری جێگایەکی تایبەتی هەیە. جگە لەو نامە شیعرانەی کە بۆ جەلادەت بەدرخانی خاوەنی گۆڤارەکە نووسراون، شاعیرانی تریش بەشیعر نامەیان ئاراستەی یەکتر کردووە: «ئەسیری و جەگەرخوین دوو شاعیری بەناوبانگی سەدەی بیستەم بوون و لە دوو پارچەی کوردستان چاویان هەڵهێناوە و کورد بوون و بۆ کورد شیعریان چڕیوە... هەردووکیان پێکەوە پەیوەندییەکی پتەویان هەبوو... پەیوەندی نێوان ئەسیری و



جەگەرخوین ئەگەڕێتەوە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی(*) هاوار».(١) جەگەرخوین شیعری (بەردیلک)ی، (ژ ١٠، ل ٣)ی بۆ ئەسیری پێشکەش کردووە، دەڵێ:

سەد سەڵاحەدین و پێ سەد وەک ئەبی موسلم هەبێ
فائیدە بۆ مە هیچ نادن سەتوەت و شاهانی تۆ

لە (ژ ١٤، ل ٥)دا، ئەسیری وەڵامی جەگەرخوینی داوەتەوە بەشیعرێک کە لە ژێر ناوی (هو جەگەرخوین) نووسیویەتی:

فەنن و زانینت ئەسەل بەرز بوونەوە و سەرکەوتنە
گەل کە نادان بوو بەشی دیلی و پولی و مردنە

دیسان جۆرە پەیوەندییەکی تر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار دەبینرێ. گۆڤاری هاوار وەکو: دایکێک کە بانگی کوڕی نۆبەرەی خۆی دەکا (قەدری جان)، ئەویش بەسۆزێکی بەتین وەڵامی دایکی دەداتەوە. لە (ژ ١٤، ل ٣)دا قەدری جان لە شیعری (دادێ)دا بانگی هاوار دەکات وەکو: دایک، دەڵێ:

بوهارا ژیانا من بێ تە پایزە دادێ
بو من دیارێ جەنەت بێ تە فایزە دادێ
چێل کەوا(٢) لنگ شکەستی ل پێ هەڤالێن خوەما
چێل کەو ئەزبم و نەگریم ماقەی جایزە دادێ

لە (ژ ١٨، ل ٣)دا، هاوار(٣) لە شیعری (جهانا دایکێ) وەڵامی کوڕەکەی خۆی دەداتەوە دەڵێ:

قەدری قەدری جانێ من
کورکێ من چاڤێ من
نڤیساراتە گەها
خوەش مەقام و پڕ بەها
هەرێ زیزە ب کولە
خوەش بهنە ئەو سور گولە

نموونە بۆ پەیوەندی و نامە گۆڕینەوەی نێوان قەدری جان و گۆڤاری هاوار (جەلادەت بەدرخان) زۆرن.

---

(*) هاوار، ڕۆژنامە نییە گۆڤارە.
(١) مستەفا نەریمان، پەیوەندی نێوان ئەسیری و جەگەرخوین، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٣١)، مایسی ١٩٨٧، ل ١٤ - ١٥.
(٢) چێل کەو = باڕە کەو = فرخ القبج (الحجل)
(٣) ئەو بەرهەمانەی بەنازناوی هاوار نووسراون هی جەلادەت بەدرخانن (سلمان عوسمان - کۆنێ ڕەش) الامیر جلادت بدرخان حیاته وفکره، مطبعة الکاتب العربي، دمشق ١٩٩٢، ص ١٤٧.

دیسان گۆڕینەوەی نامەی شیعری لە نێوان جەگەرخوین و ئوسمان سەبریدا لە گۆڤاری هاواردا دەکەوێتە بەرچاو. لە (ژ ۲۱، ل ۲)دا. جەگەرخوین شیعری (پیامەکە جەگەرخوین)ی بۆ ئوسمان سەبری نووسیوە و دەڵێ:

بگوری بم ژ بوتە ئەی برایێ من تو کانی
ژ دوری ڤە تە دەستی خوە لە نێڤ دەستی من دانی

لە (ژ ٤۹، ل ٤)دا. ئوسمان سەبری بەشیعری (مارشا جانبێزاران) وەڵامی جەگەرخوینی داوەتەوە و دەڵێ:

کوردێ گەل پارێز
ژ بو سەر خوە بون
دڤێ برژینی
ب جو مەردی خوین

**شیعری عەرەبی:**

لە گۆڤاری هاواردا بۆ ئەوەی هاوار ببێتە مەیدانێکی فراوان و شاعیرانی کورد تیا کۆببنەوە و یەک بگرن و بەرهەمی خۆیان لەو ڕێگایە بڵاوبکەنەوە و بیروبۆچوونی خۆیان بەبێ ترس دەرببڕن، گۆڤاری هاوار دەرگای خۆی بۆ هەموو شاعیرانی کورد خستبووە سەرپشت، نەک هەر ئەوانەی بەکوردی دەیاننووسی، بەڵکو ئەوانەی بەعەرەبیش شیعریان دادەنا. شاعیرێک بەناوی (الواني الكردي) سێ شیعری بەزمانی عەرەبی لە ژمارەکانی (۱۳ - ۱۷ - ۲۰)دا بڵاوکردۆتەوە. لە (ژ ۱۳، ل ٦)دا، شیعرێکی بەناوی ( بكاء بكاء بكاء) وەکو: شیوەنێک بۆ (ئەحمەد شەوقی)ی میری شاعیرانی عەرەب نووسیوە و دەڵێ:

سمعت بانني من ابي وهو قائل
من الكرد اصلي جئت في العرب ناشيا

وقد جاء في (الذكر الحكيم) الا ادعهم
لابائهم ان كان ثم تقاضيا
اذا انت كردي وشاعر عصرنا
وملك قريض العرب لازلت راعيا

لە (ژ ۱۷، ل ٤)دا، شیعری (حب الوطن من الايمان)ی بڵاوکردۆتەوە کە بەزمانی عەرەبی هەستی خۆی بەرامبەر نیشتمان دەردەبڕێ و دەڵێ:



لي في هوى الاوطان قلب يخفق
وبحب اكراد الجزيرة ينطق
ان صب ارضك يا جزيرة انني
دامي الحشى بك مستهام شيق

لە (ژ ۲۰، ل ۱۳)دا، شیعری (الطير والوتر والشعر)ی بڵاوکردۆتەوە کە داوای زانین و هونەر دەکات و دەڵێ:

على الاغصان طير الروض غنت
بالحان عن الاوتار اغنت
وناحت بالنوى والرصد والت
فيا لله ما بالرصد اولت
وغنتنا بلحن الكرد حتى
علمنا انها للكرد حنت

# پەخشان لە گۆڤاری هاواردا

پەخشان بەشێکی سەرەکی ئەدەبە و بەچەند خاڵێک لە شیعر جیا دەبێتەوە. وشەکە (پەخشان) لە ڕووی فەرهەنگییەوە بەمانای بڵاو دێت و لە ڕووی زاراوەوە: بەواتای نووسینی بێ کێش و سەروا دێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پەخشان دوورە لە هونەر. پەخشان بەگشتی دوو جۆرە:

**پەخشانی ساکار:** ئەم جۆرەیان بەشێوەیەکی سادە و ساکار و دوور لە هونەرکاری دەنووسرێ.

**پەخشانی هونەری:** ئەم جۆرەیان بەشێوەی سەروادار (سجع) و شێوازی هونەری دادەڕێژێ و پێی دەگوترێ پەخشانی ئەدەبی.

دەربارەی پێناسەی پەخشان (قدامەی کوڕی جەعفەر) دەڵێ: «دەزانم کە زۆر دەستەواژە لە قسەی عەرەبدا یان بەهۆنراوە یان بەپەخشان گوتراوە، هۆنراوە واتە شیعر، بەڵام پەخشان قسەیە». (١)

ئیبن خەلدونیش دەڵێ: «دەزانم کە زمانی عەرەب و قسەکردنیان لە دوو هونەر پێکهاتووە؛ شیعر و نەزم کە ئەمەیان: قسەی کێش و سەروادارە».

«ئەو نووسراوەی بەکێشدا دەڕژێ هەمووی لەسەر یەک ڕێڕەو دەڕوا کە سەروایە، کەچی لە پەخشاندا قسە بێ کێشە». (٢) دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی پەخشان بەگشتی عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: «لە ڕووی مێژوویشەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین: کۆنترین دەقی ئەدەبیات، کە بەدەستمان گەیشتبێ هەڵبەستە نەک پەخشان». (٣) هۆی درەنگ هاتنی پەخشانیش ئەوەیە وەکو د. عیزەدین مستەفا رەسول دەڵێ: «پەخشانی هونەری نووسراو لە شیعر دواکەوتووە، لەبەر ئاسانی لەبەرکردنی شیعر و گواستنەوەی بەشێوەی زارەکی، سروشتی شیعر کە موزیکیە و نزیکە لە سروشتی مرۆڤ خۆی». (٤)

لەبارەی سەرەتای پەیدا بوونی پەخشانی کوردییەوەش ڕای جیا جیا هەیە. عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: «لە کوردیدا دوور نییە کتێبە ئایینییەکانی یەزیدی (جیلوە) و (مەسحەفی ڕەش) کۆنترین نموونەی پەخشانی کوردییان بۆ بەجێهێشتبێن، یان کتێبی (سەرئەنجام)، کە ئەویش کتێبێکی ئایینییە، بەو دەورە

(١) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ل ١٢٥.

(٢) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٢٥.

(٣) عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٨، ل ٧.

(٤) د. عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة في الادب الكردي، منشورات المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، ٢٠٤.



پیرۆزە هەستا بێت». (١) بەڵام (ڕەشید فندی) لەم بارەیەوە ڕایەکی تری هەیە، بەلای ئەوەوە: (عەلی تەرەماخی) یەکەمین پەخشاننووسی کوردییە، دەڵێ: «پشتی مە پەرتووکا (تەرەماخی) خواندی و تێک ڤەدای مە دیت بکوردییەکا ڕاست و ڕەوان و پەخشانەکا جوان هاتییە نڤیسین، تەرەماخی پەرتووکا خو ل سالا هزارا کۆچی یان (١٥٩١ - ١٥٩٢)ز نڤیسیە. تەرەماخی ئێکەمین ڕێزماننووس و پەخشاننڤیسێ کوردە...». (٢)

هەر لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردییەوە، (د. شوکریە رەسول(٣) و د. فەرهاد پیربال)(٤) مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩ - ١٨٦٧) بەیەکەم پەخشاننووسی کورد دەزانن، کەچی د. عیزەدین مستەفا رەسول لەم بارەیەوە ڕایەکی تری هەیە. کە دەڵێ: «یەکەم پەخشاننووسی کورد شێخ حوسێنی قازییە(٥) کە لە (١٧٩١ - ١٨٧٠)دا ژیاوە».

پەخشان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی هەیە: «چونکە نەک هەر لای کورد بگرە لای هەموو نەتەوەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار مینبەری بڵاوبوونەوەی پەخشانن و پەخشان زاد و زەخیرەی ئەوانە». (٦) سەرەڕای ئەو هەوڵانەی پێش پەیدابوونی ڕۆژنامەی کوردی بۆ نووسینی پەخشانەوە هەبوون، «پەخشانی کوردی لەو ڕۆژەوە ڕۆژنامەنووسی کوردی سەری هەڵداوە، بنکە و بنەمایەکی پتەوی بۆ دامەزراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ کاروانی پڕ شکۆمەندی ئەودا ڕۆیشتووە و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوەڵی گیانی بەگیانی بووە». (٧)

بەم پێیە ئاشکرایە کە پەخشانی کوردی لەگەڵ یەکەم هەنگاوی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە ڕۆژنامەی کوردستانە (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨) و لە شاری قاهیرە دەرچووە، بەشێوەیەکی نووسراو بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە، پاشان گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی تر پەخشانی ئەدەبی و جۆرەکانیان چەند هەنگاوێک بردە پێشەوە، یەکێ لەو گۆڤارانە: (هاوار) بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستنی

(١) عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٣١.

(٢) ڕەشید فندی، عەلی تەرەماخی ئێکەمین ڕێزماننڤیس و پەخشاننڤیسێ کوردە، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٥٢ - ٥٥.

(٣) مەلا مەحموودی بایەزیدی، دابونەریتی کوردەکان، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە د. شوکریە رەسول، چاپخانەی ئۆفێستی العداله، بەغدا، ١٩٨٢، ل ٦.

(٤) د. فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩ - ١٨٦٧ یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٥.

(٥) د. عزالدین مصطفي رسول/ الواقعیة في الادب الكردي، ل ٢٠٥ - ٢٠٦.

(٦) عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئەدەبیات ١٩٨٧، ل ٩.

(٧) محمد دلێر امین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، ل ٧٥.

پەخشانی ئەدەبی کوردی بەگشتی بەشێوەی دیالێکتی کرمانجی سەروو بەتایبەتی هەبوو. ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردی ئەو سەردەمە بەشداری نووسینی پەخشانی کوردییان دەکرد و لاپەڕەکانی هاواریان بەبەرهەمەکانی خۆیان دەڕازاندەوە وەکو: (گۆران، جەلادەت بەدرخان، شاکر فەتاح، حامید فەرەج، نورەدین زازا، د. کامەران عالی بەدرخان، بشاریێ سەگمان، مستەفا ئەحمەد بوتی و هی تر... وەکو: دەردەکەوێ نووسەرەکان سەر بەهەردوو دیالێکتی سەرەکی کوردین (کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو).

پەخشانی کوردی دەبێتە چەند جۆرێک وەکو: (١- وتار ٢- خوتبە ٣- چیرۆک (کورتە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان)، ٤- شانۆگەری ٥- ژینامە ٦- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ٧- بیرۆکە (خاگرە) ٨- دانان ٩- لێکۆڵینەوە ١٠- نامە ١١- وەرگێڕان ١٢- مێژوو ١٣- وتووێژە (مناظرە).[١] گۆڤاری هاوار ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پەرەپێدانی جۆرە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی وەکو:

## **یەکەم: وتار**

وتار جۆرێکە لە پەخشان و بەڕۆژنامەگەرییەوە بەستراوە. هەر بۆیە: «مێژووی وتار بەمێژووی ڕۆژنامەگەریی بەسراوەتەوە».[٢] د. شوکریە ڕەسول بەم جۆرە پێناسەی وتار دەکا: «نووسینێکی ئەدەبییە لایەنێ لە لایەنە دیاریکراوەکانی ژیان دەگرێتە خۆ، یا بابەتێکی تەسکی ژیان لێکدەداتەوە».[٣]

ئەحمەد ئەمین بەشێوەیەکی تر پێناسەی پەخشان دەکات و دەڵێ: «وتار (essay) گرنگترین و خۆشترین وێنەی پەخشانی ئەدەبییە. داڕشتنێکی پەخشانی کورت و تەواوە، باسی تەنیا بابەتێک دەکات و زۆربەی جار ناکەوێتە ناو قاڵبێکی تایبەت و دیاری کراوەوە».[٤]

مەرجی سەرەکی وتار ئەوەیە «دەبێ دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە بێ لە کەسێتی نووسەر).[٥] بێگومان هەر هونەرێکی ئەدەبی خاسییەت و بناغەی خۆی هەیە، خاسییەتە سەرەکییەکانی وتاریش ئەمانەن:

**١- قەبارە:** وتار ئەوەندە درێژ نییە کە چەند لاپەڕەیەک بگرێ: «چونکە ئەو بیروبۆچوونانەی پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، هەموویان ناگرێتە خۆی، وەکو لە لێکۆڵینەوەدا هەیە».[٦] وتار تەنیا بیرێک وەردەگرێ و بەکورتی و خەستی بۆچوونی نووسەر پێشان دەدا.

---

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٢٥.

(٢) د. عزالدين اسماعيل، الادب وفنونه، دار الفكر العربي، مصر، ١٩٧٨، ص ٢٨٨.

(٣) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٢٨.

(٤) احمد امين، النقد الادبي، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، ١٩٦٧، ص ١٢٦.

(٥) د. فائق مصطفى ود. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث، منطلقات وتطبيقات، ص ١٦١.

(٦) د. فائق مصطفێ ود. عبدالرضا علی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.



**٢- شێوازی نووسین:** لەبەر ئەوەی وتار بەشێکە لە پەخشان دەبێ بەشێوەی پەخشانیش بنووسرێ نەک شیعر.

**٣- تەکنیک:** لەبەر ئەوەی وتار کەسێتی نووسەر پیشان دەدا، واتە گوزارشت دانەوەیە لەو کەسێتییە، بۆیە هەموو وتارێک بەیەک شێواز نانووسرێ، بەڵکو هەر نووسەرێک تەکنیکی خۆی تێدا بەکار دێنی و هەر کەسە شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

**٤- خۆیەتی** (WD C): وتار هەرچۆنێک بێت و باسی هەرچی بکات: «خاسیەتێکی ئاشکرای هەیە ئەویش خودییە. نووسەر هەرگیز ناتوانێ سۆزداری تایبەتی خۆی بشارێتەوە».[١] بەڵکو نووسینەکە ڕەنگ و سیمای نووسەرەکەی هەر پێوەدیارە.

گۆڤاری هاوار بەپێی پڕۆگرامی خۆی گرنگی زۆری بەوتار داوە. وتاری هەمەجۆر لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بەرچاو دەکەون بەهەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کوردی. چەندین نووسەر و ڕۆشنبیری ناوداری کورد بەشداریان لە نووسینی وتارەکاندا کردووە. ئەو وتارانەی لە گۆڤاری هاوار بڵاوکراونەتەوە. بەپێی ناوەڕۆک دەکرێنە هەشت جۆر:

* **وتاری ئەدەبی و هونەری:** ئەو وتارەیە کە نووسەر بەزمانێکی ئەدەبی پاک و پاراو بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی بابەتێکەوە دەردەبڕێ. وتاری ئەدەبی لە گۆڤاری هاواردا ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی نووسەرەکانیانە لەبارەی ئەو بابەتانەی لێیان دواون. بۆ نموونە: (هەڤند سوری) لە (ژ ٥، ل ١)دا، وتارێکی لە ژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی) نووسیوە، پێناسەی ئەدەب دەکات و دەڵێ: «ئەدەبیات پێکهێنان و گوتنی مێشک و فیکری ئینسانە بەچەشنێکی جوان و خۆش و ساف کە تەئسیر بکات لەسەر ئینسان، ئایا ئینسان غەمگین و دڵتەنگ دەکات، یان فەرەحناک و دڵخۆش و کەیفدار دەکات. ئەدەبیات ئەو شتانەیە کە لە دڵی ئینسان گرد دەبێتەوە و دێت و دەچێت و دەری دەکاتە دەرەوە و دەیلێت بەزمانێکی شیرین و جوان».

بەبۆچوونی ئێمە ناوەڕۆکی ئەم وتارە بۆ ئەو ڕۆژە شتێکی تازە و گرنگ بووە. لە هەمان ژمارەدا (ژ ٥، ل ٣) جەلادەت بەدرخان وتارێک لە ژێر ناوی (لوری یا بەدرخان) بڵاوکردۆتەوە. لەو وتارەدا شیعری (دەلالیا زاروان)ی ئەمین عالی بەدرخانی باوکی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەڤ لوریا کو ب خوە ب زمان و مانا خوە ڤە هێژایە، ژ بونا من، ژ هێلە کە دن بیرەکە مەزن و زەلولە. پێ باپیر، باڤ، دێ و برایێ من - کو هەر چار ژ زودا گەهشتن رەحمەتا خوەدێ - تێنە بیرا من». لە جێگایەکی تری ئەم وتارەدا ئەم شیعرە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەوەندە هەر کەس باوەڕ دکت کو ئەڤ لوریا ها دەلالیا بەدرخانێ مەزن، لوریا باپیرێ منە. لێ نە وەلێیە. ب ڤێ لوریێ نە باپیرێ من بەدرخان، لێ نەڤیێ وی، برایێ من بەدرخان دنڤیناند و دلوراند».

---

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٣٩.

شاکر فەتاح لە (ژ ٦، ل ١)دا، وتارێک لە ژێر ناوی (هاوار) بەشێوەیەکی ئەدەبی پڕ سۆز و بەکوردییەکی پەتی نووسیوە و هەستی خۆی بەرامبەر دەرچوونی گۆڤاری هاوار دەربڕیوە و دەڵێ:

«هاوار لە چاوی هەموو کوردێکا دەخوێندرێتەوە، هەتاکو، دار و بەردی وڵاتەکەشمان دەقیژێنێ، هاوار!... هاوار!... هاوار دوکەڵێکی ڕەشی ئاهو ناڵەی لێ قەوماوانی کوردە لە دەروونی سالحییەوە دێتە دەرەوە... هاوار: ئاوازێکی توند و کاریگەرە لە کۆمەڵە گۆڕی مردووانی ئەییوبی و بەدرخانییەوە دێتە دەرەوە... هاوار: ناڵەیەکە لە شوێنێک دێتە دەرەوە، ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، شوێنی دوارۆژی عالەم، بەڵام چی شینی ئێستای کورد...». لە (ژ ١٤، ل ٤)دا ئوسمان سەبری وتارێکی بڵاوکردۆتەوە ڕەخنە لە هەندێ بابەتی گۆڤارەکە دەگرێت وەکو: لاوازی و نزمی ئاستی ئەو بەرهەمانە، مەبەستی نووسەرەکان، دەڵێ: «گەلی بران گۆڤارا هاوارێ ئیرۆ هەفت مەهن لەسەر زارێ کورمانجی ب دەر دکەڤە بنافیا چاپ کرنا هاوارێ، ژ بوونا دانینا بنگەهێ زمێن بوو، ژ بۆ ڤێ یەکێ ژی خوەدیێ هاوارێ د هژمارا (١)دا دا بو زانین کو قەسدا بلاڤە کرنا هاوارێ جڤاندنا پرسێن کوردی یێن کو وندا بوونە، ئەدەبیات کەڤنار و نوژەن، چیرۆک، چیرچیرۆک، قەوایدێن وێ بوون. ئەز نهۆ دنهێرم کوهنەک برایێن مە یەکجار، ژ بۆکو ناڤێن خوە د گۆڤارێ دە ببینن چاڤدانە بەندکان، هنەک بێ پەسنا خوە پێڤە توتشتی نانڤیسینن. گەلو نزانم ئەڤ نڤسارێن هایێن تەوش[*] دلێ من تنێ دئێشینن؟ ئان هەڤالێن من هەنە؟» ئەگەر بەوردی سەیری ئەم پارچە وتارە بکەین دەبینین بەزمانێکی پەتی و پاراو نووسراوە، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە شتێکی تازە بوو.

**❋ وتاری زانستی:**

ئەم جۆرە وتارە لە بابەتی زانستی دەدوێ. وەکو بابەتی پزیشکی یان زانستێکی سروشتی یان پراکتیکی. باسی بابەتێکی لەو جۆرە دەکا و ڕوونی دەکاتەوە. گوتاری زانستی بەڕێژەیەکی باش لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بەدی دەکرێ. بۆ نموونە: جەمیلێ تاجدو لە (ژ ٣٨، ل ٥)دا وتارێکی دەربارەی مێژوو و چۆنیەتی دروستکردنی (نوقار – غواصة) بڵاوکردۆتەوە و لە شوێنێکدا دەڵێ: «یەکی ئەمریکانی ب ناڤێ (داڤید بهنەل) نوقارەک چێ کر بوو و ناڤێ (تورتەل) لێ کرد بوو. تورتەل نەوەکو نوقارێن ئیرۆ بوو بتەنێ نووقی ئاڤێ دبوو و دبن بەهرێ ڕەدچوو. شکلێ وی گرۆڤر و درێژ وەکە سیگارەکێ بوو. تێدە پەیاکی ب تنێ دڕونشت و ئەو دمەشاند. سەرێ نوقارێ وەک سنگوکێ تووژ بوو و پێڤە بومبەیەک هەبوو».

نووسەری ئەم وتارە دێتە سەر قۆناغەکانی دروستکردنی نوقار تا دەگاتە جەنگی یەکەمی جیهانیی و دەڵێ: «نوقارێن تورپیل ئاڤێژ د شەڕێ (١٩١٤) ئان دە پەیدا بوونە دڤی شەڕێ کەتنە شکلەکی تە کوزتر و نوقارێن ئیرۆدە ل گورا مەزناهیا نوقارێ (٤٠ – ٥٠) دەریاڤان چەند تۆپ و تورپیل هەنە».

هەرەکۆل ئازیزان لە (ژ ٥٦، ل ٢)دا وتارێکی دەربارەی داهێنەری بەنج، زانای ئینگلیزی جیمس

(*) تەوش = بێ هوودە، (هراو، عبث)



سمپسون (١٨١١ – ١٨٧٠) بڵاوکردۆتەوە، باسی ژیانی ئەو زانایە دەکات، پاشان دێتە سەر چۆنیەتی دۆزینەوەی بەنج و لە بڕگەیەکی وتارەکەیدا دەڵێ: «چارێ چریا پاشین سالا (١٨٤٧) ئان بوو. د (لە بوراتورا سمپسون) دە دوو پژیشکێن دن هازر بوون، د. کەیت و، د. دونکان، هەر دوو ژی معاونێن وی. سمپسون بەنجەک نوو چێ کر بوو و دڤیا بوو وێ ب جەربینە. لێ تەجریبە نە ل سەر کێڤروشکان، لێ بەلێ ل سەر نەفسا دکتۆران بخوە دێ بهاتا چێکرن. د. کەیت دەست پێ کر و قەدەرەک ژ وی دەرمانێ بهن کر. پشتی دوو دەقیقان کەیت بێ هش کەتبوو ئەردێ. سمپسون و دونکان دابوون پەی. هەر سێ پژیشک ب ئەنجامەکە نەناس ڤە خوە ل ئەردێ درێژ کر بوون. ژ زندیان بێتر دمان مریان، ئان ئەوێ ڤەگەڕیانا ژینێ و ئینسانیەت ژ ئێشا عەمەلیاتێ دێ خەلاس بوا ئان هەرسێ ژی د خزمەتا ئینسانیەتێ دە دێ ب قوربان ب چوان».

**❋ وتاری کۆمەڵایەتی:**

وتاری کۆمەڵایەتی بابەتەکانی: «لە ناخی کۆمەڵەوە وەرگیراون. نووسەر ڕووبەڕووی گرفتێکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و ڕای خۆی دەردەبڕێ، وەک: هەژاری و نەخۆشی و نەزانی و دابونەریت و ئافرەت و زانست و ئازادی».[1] چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بوونەتە هەوێنی هەندێ وتاری گۆڤاری هاوار. جەگەرخوین لە (ژ ١٠، ل ٥)دا وتارێکی بەکوردی نووسیوە بەڵام ناونیشانەکەی عەرەبییە (قولوا الحق ولو على انفسكم)، ڕەخنە لە شێخ و مەلاکانی کورد دەگرێت، چونکە خەڵک هان نادەن بۆ خوێندن و زانیاری: «گەلی سەیدان ئەزێ چەند گوتنا ژ وەرە بێژم، گەرەک هون (نەخەیدن).[*]

ژ ڕێڤە چمان ئەم بەلنگازن و خەڵک دەوڵەمەندن. لەورا ئەم نزانن. چمان ئەم گازا چوخ ب دەه مەجیدیان دکرین و ئەم گازا شالی خوە ب دەه قروشان ناکرن؟ وەها ڕەنگە کڕین و فروتنا مە تەڤدە ژ مەرە زیانە، نەکارە ئەڤ ژی ژ دەستێ مەلا و شێخان تێ سەرێمە. لەورا جارەکێ دناڤ وەعزو گوتنێ خوەدە ژمەرە نابێژن چمان ئەم نەزانن؟».

لە (ژ ٢٧، ل ٧)دا ڕەوشەن بەدرخان وتارێک دەربارەی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵدا نووسیوە و لە ژێر ناوی (کەبانی و مامۆستە). داوا دەکا کە ئافرەتی کورد بخوێنێت، چونکە ئەرکەکانی لەو قۆناغەدا لە ئافرەتی وڵاتانی تری جیهان زیاترە، تەنیا زانست و زانین یارمەتی ئافرەتی کورد دەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و دەڵێ: «بێ شک وەزیفا ژنان ئا پێشین دیاتی و کەبانێتییە، ژ بو ژنان ژڤان پێشتر وەزیفە نینە و هەر کار و وەزیفە دپەی وان رە تێت. لێ گاڤا مرۆڤ بالاخوە ددە و تەسیرا ژنان لەسەر ژیانا میللەتان ئا جڤاکی دەرپێش دکە دبینە کو ژن ڕاستەڕێ و نەڕاستەڕێ و بەئاوایێن تیڤە ل ژیانا مللەتان کار دکن ژ لە ورە ژنان ژ وەزیفەیێن خوە ئێن ئەسلّی پێڤە وەزیفەیێن دن ئێن مهم هەنە».

لەبەر گرنگی باری کۆمەڵایەتی و ڕووداوە زۆرەکانی ئەو سەردەم، گۆڤاری هاوار بایەخێکی بەرچاوی

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٤٠.

(*) نەخەیدن: تووڕە نەبن، عاجز نەبن.

بەم لایەنە داوە و چەند وتارێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە:

أ- جەمیل حاجۆ، وتاری (دەردێ سادۆ)، (ژ ١٣، ل ٤).

ب- لاوێ فندی، وتاری (دەردێ نەزانییێ)، (ژ ١٤، ل ٢).

ت. ک...، وتاری (لە کوردستانی خوێنین دا)، (ژ ١٤، ل ٦).

پ. یەکی ڤەخاندی، وتاری (دوو سەرساڵ)، (ژ ١٥، ل ١).

لەگەڵ کۆمەڵێ وتاری تری کۆمەڵایەتی.

*** وتاری سیاسی:**

هەرچەندە جەلادەت بەدرخان لە (ژ ١، ل ١)ی هاواردا دەڵێ: «هاوار ژوپێڤە ب هەر تشتی کو کوردانی و کوردێتی پێ بەندەوارە دێ مژول ببە. تنێ سیاسەت ژێ دوورە، خوە نا ئێخە سیاسەتێ. هاوارێ سیاسەت ژ چڤاتێن ولاتی رە هشتیە»، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر ئەوەی کوردستان لە هەموو بوارێکدا لە ژێر کاریگەری سیاسەتدا دەژیا، هاوار و نووسەرەکانی نەیانتوانیوە خۆیان لەو بارودۆخە بەدوور بگرن و بەبێ هەڵوێست بن، بۆیە دەبینین بابەتەکانی گۆڤارەکە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە و وتاری سیاسی جێگایەکی فراوانی لەناو لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا گرتووە. جەلادەت بەدرخان لە (ژ ٩، ل ١)دا وتارێکی لە ژێر ناوی (وەلات، وەلاتینی و ئال) بڵاوکردۆتەوە، باسی نیشتمان و نیشتمانپەروەری و ئاڵا دەکات و دەڵێ: «وەلات ئەردێ باب و کالکێن مەیە. وەلات ئەو درە کو پێشییێن مە ل وی رابونە، ژ بونا ئاواهییا وی خەبتینە و ل وی مرنە. وەلات ئەو دیارە کو ئەم تێدا سەکنینە و ڕۆژەکێ دناڤ ئاخێن وی بێنە ڤەشارتن» لە جێگایەکی تری هەمان وتاردا باسی هاونیشتمانی دەکات و دەڵێ: «وەلاتی بقەنجیا هەڤ شاد بن، بەر خراپیا هەڤ دکەڤن. شین و شاهینە تاوان یەکن. خەڵکێ وەلاتەکی براییێن هەڤ، پسمامێن هەڤن، هەر گاڤ ب هەڤرە، دەست بەدەست ژبونا خوەشی، ئاڤاهی و ئازاهییا وەلاتێ خوە دخەبتن. کام و ئارمانجا وان یەکن». دەربارەی ئاڵاش هەر لەو وتارەدا دەڵێ: «ئالا ناموسە، روومەت و بەختێ مللەتانە. زارویێ هەر میللەتێ ژ بونا بلندی و بقەدر بوونا ئالا خوە، بێ پەروا خوە ددەن کوشتن». لە (ژ ٤٩، ل ٢)دا، رەشید کورد وتارێکی دەربارەی زاراوەی جڤات واتە ئەنجوومەن بڵاوکردۆتەوە، لەسەر واتا و ئەرکەکانی ئەنجوومەن دەدوێت و دەڵێ: «د کورمانجیدا ژ کومبوون و جڤینا چەند مروڤان را جڤات تێ گوتن. لێ ژ گوتلەک مروڤ را وێ چاغێ جڤات دبێژن کو ئەو گوتل بو جیهانینا دوزەکێ ئان گالاز و دەهـ کەکێ جڤیابە و خورتی سەر دەستی یا ل باتان ل سەرهەڤ هەبە، (بکورتی: رامان و ئارمانجەکە جڤاتێ هەبە). ئەگەر رامان و ئارمانج ژ جڤاتێ دوور بە ئەوێ بێتە گوتن کو (دەهبەژی پەڤ را دژین و دخەبتن). لێ نەوسایە خەبات و جڤینا دەهبەیان ب ئاژوتنەکە نەهشییە. پشییێن وان چاوان بوون ئەو ژی وەک وانن و ئەوێ هەر وەبن. جڤینا مرۆڤان بەهەش و ژیرەگیێ هاڤلا شەهرەزایێیە، بزانین و بنگەهە، هەر جڤینەک مرۆڤان پێشڤە چوونەکە». بابەتی سیاسی لە هاواردا زۆرن و چوارچێوەیەکی فراوانیان داگیر کردووە و بەچەند بیروبۆچوونی جیا جیا بەپێی نووسەرەکانیان لە



سیاسەتی گشتی ئەو سەردەم دواون و شییان کردۆتەوە و ئەنجامیان لێ بەدەست هێناوە. هەروەها لە ژمارەکانی (٣٠ - ٥١) (نێرەڤان)[1] دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانیی، زنجیرە وتارێک لە ژێر ناوی (رەوشا دونیایێ) بڵاوکردۆتەوە.

*** وتاری مێژوویی:**

لە خاڵی حەوتەمی پڕۆگرامی گۆڤاری هاواردا هاتووە کە یەکێ لەو بوارانەی گۆڤارەکە گرنگییان پێدەدا بواری مێژووە. بۆیە گۆڤارەکە بایەخی تایبەتی بەمێژووی کورد و کوردستان داوە. خاوەن و نووسەرە دیار و بەردەوامەکانی هاوار گەیشتبوونە ئەو ڕاستییە، کە بەشێکی زۆری مێژووی کورد و کوردستان لە لایەن بێگانەوە نووسراون، بۆیە ئەو مێژووە پێویستی بەپێداچوونەوە و ڕاست کردنەوە و سەرلەنوێ نووسینەوە هەیە. هەر بۆیەش هاوار دەرگای بۆ بابەتی مێژوویی هەموو سەردەمەکان خستبووە سەر گازی پشت و، شارەزایانی کورد چەندین وتار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر لاپەڕەکانی هاوار نووسیوە. بۆ نموونە: لە (ژ ٣٢، ل ٤)دا هەرەکۆڵ ئازیزان وتارێکی لە ژێر ناوی (کاردوخ و وەلاتێ کاردوخان ئان کورد و کوردستان دوەختێیە و نانستانا کەڤن دە) نووسیوە و لە شوێنێکدا دەڵێ: «پشتی مرنا داریوشێ دووەم کورێ وی یێ مەزن ئەردەشێر لەسەر تەختێ عەجەمستانێ روونشت. برایێ وی یێ کچک کورش، کوڕی پەری زادێ، دلێ خوە لێ خرا کر بوو. ئەردەشێر پێ هەسیا، برایێ خوە داگرتن کر کو وی بکوژە. لێ کورش، ب هەمدەرڤانیا دیا خوە جانێ خوە خەلاس کر. ئەردەشێر لە برایێ خوە بووری، ئەو ب خاترێ پەریزادی دلێ ل جەم خوە نەهشت. ئەردەشێر کورش کرە والیێ ئەنەدۆلێ و ژ جەم خوە ب دوورخست».

ئەمە دەربارەی مێژووی کۆنی کورد. لە (ژ ١٣، ل ١)دا جەلادەت بەدرخان وتارێکی مێژوویی لە ژێر ناوی (سولتان سەلاحەدینێ ئەیوبی) بڵاوکردۆتەوە باسی گەورە پیاوانی کورد دەکات و لە بڕگەیەکدا دەڵێ: «ژ میللەتێ کوردان گەلەک مرۆڤێن مەزن دەرکەتنە. هەر وەکی شارموی - زاناکی رووسی - گوتیە. ئەزێ چەند پرسێن شارموی ب کورتی بگهێزمە هەوە (میللەتێن هەنە بجەنگاوەری و دلاوەری یا هەن سەردارێن خوە، خوە دانەناس کرن و ژهن دەولەتێن ئاسیا و ئەفریقایێ پادشاهێن دانە. کورد ژوانن. ناڤێ کوردان، هێژ د پێشیا زەمانێ کەڤن دە بدربێن رۆستەم و پێشدە تر ب کێشوەر کشاییێن سەلاحەدین و برایێ وی مەلکێ عەدل، بلند و گەش بوویە. ژڤان پێڤە ئەڤ میللەتێ ما مەزنێن دن ژی گەهاندنە. هەر وەکی کەریم خانێ زەند کو دنێڤێ بابە لیسکا هەڤدەهەم دە مالباتا زەندی دانییە و زانایێ مەزن ئیبن ئەلئەسیریێ جزری و ئەبو ئەلفیدا، ژمێرکێن ئەیوبی و دیروکنڤیسا زراڤ ئیدریسێ بەدلیسی...». هەروەها دەربارەی مێژووی نوێی کورد. هەڤند سوری لە (ژ ١٧، ل ١)دا وتارێکی دەربارەی کتێبی (مێجەر هەی) نووسیوە، کە لە ساڵی (١٩١٨)دا حاکمی سیاسی ناوچەی سۆران بووە و دواتر کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستاندا)ی نووسیوە و دەڵێ: «مێجەر هەی لەو کتێبە نایابەی زۆرجار لەلایەن کوردەکانەوە فیکری

(١) نێرەڤان، نازناوی جەلادەت بەدرخان بووە، بڕوانە: سەلمان عوسمان (کۆنێ ڕەش)، الامیر جلادت بدرخان حیاته وفکره، مطبعة الکاتب العربي - دمشق ١٩٩٢ - ص ١٤٧.

خۆی دەرخستووە کە دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین. جوانترینی (قەنجتر) ئەو قسانە ئەمەی خوارەوەیە:

ئەمێ لێرەدا دەبیێژین بێشکو کوردەکان عیبرەتی لێ وەربگرن.

مێجەر هەی بێژیویەتی: (کوردەکان لە جڤاتێکی (کۆمەڵێکی) خێڵات پێکهاتوون کە قەد بەیەکەوە نەنووساون و یەکگرتنیان پەیدا نەکردووە، وە زۆر کەم دەیانەڤێت کە یەکیەتییێک لەناویانا پێک بێت، ئەوان دەیانەڤێت وە هێڤی دکەن کە لە جێگا سەختەکانی ناو چیاکان و کوێستانان (زۆزان) بژین و ڕابوێرن، وێرگ بدەنە هەرچی حکوومەتێک ئەگەر هێزدار بێت)...».

*** وتاری زمانەوانی:**

هاوار هەر لە سەرەتاوە لە (ژ ١)دا ئاماژەی بەگرینگی زمان کردووە: «زمان شەرتا هەیینێ ئا پێشینە» واتە زمان مەرجی سەرەکی هەبوونە. هاوار لەبەر ڕۆشنایی ئەم گوتنە یان ئەم دروشمە، بایەخی زۆری بەزمانی کوردی داوە. هەر لە یەکەم ژمارەدا جەلادەت بەدرخان دەستی کرد بەبڵاوکردنەوە و دانان و بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکی تازە بۆ زمانی کوردی بەپیتی لاتینی: «دڤێ ڕۆژێ دە کوردمانج بوونە خوەدیێ ئەلفا بیێکە ب سەرخوە ئەلفا بیێکە کوردی و ژنیری ئەلفا بیێن مللەتێن دن، مللەتێن بیانی خەلاس بوون. ئەڤ ئەلفا بێ ئالەکە، ئالا بسەر خوە بوونە هەیینا مە ئا ئەدەبییە».(١)

دەربارەی مێژووی دانانی ئەم ئەلف بێیە جەلادەت بەدرخان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێ: «بەڵێ، ئەلف بایە کو ژ سالا هەزار و نەهـ سەد و نوزدان ڤە ئەز لێ دەخبتم، من ئەو دوێ ڕۆژێ دە، درو پەلێن هاوارێ دە بلاڤا کر».(٢) هەندێ دەیانگوت جەلادەت بەدرخان ئەم ئەلف بێیەی لە تورکی وەرگرتووە، جەلادەت خۆی وەڵامی ئەو جۆرە کەسانە دەداتەوە و دەڵێ: «ئەز پاشێ ژی ب ئەلفا بێ یا خوە مژول دبوم، لێ هەتانێ کو ترکا ئەلفا بێ یا خوە بلاڤ کرن یامە وەکە خوە دما و تێدا مە تشتەکی بنگەهی نەگوهارت. من هەر تشتێن خوە پێ نڤیساندن و ناسین خوە رە ددا زانین. وەکی ترک ئەلفا بێ یا خوە بلاڤ کرن مە دیت کو ددەنگێن هن حەرفان دە ئەلفا بێین مە نەمینا هەڤن. دەنگێن هەبوون کو ترکان نە بوان حەرفێن کو مە نیشان کرنە لێ ب حەرفێن دن نیشان کر بوون. هەر وەکی مە بەرێ ژی چەند جاران گوت بوو، ژبونا هێسانی کرنا خوەندنا نڤیسارێن مە، ژ کوردمانجێن ترکیێ رە، مە دەنگ هن حەرفان ب هەڤ گوهارتن و هەر چەند هەبوو مە ئەو چەند ئەلفا بێ یا خوە خست نیزنگێ ئەلفا بێ ترکان».(٣)

ئەو ئەلف و بێیەی جەلادەت بەدرخان دایناوبوو ئەمرۆ شان بەشانی ئەو ئەلف و بێیەی لە کوردستانی عێراق و ئێران کوردی پێ دەنووسن، لە زۆر جێگای جۆراوجۆر بەکاردێ و کوردی پێ دەنووسرێ.

(١) جەلادەت بەدرخان، سێ تاریخێن هاوارێ، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢٧)، (١٥)ی نیسانی ١٩٤١، ل ٤.
(٢) سەرچاوەی پێشوو.
(٣) جەلادەت بەدرخان، روپەلنێن ئەلفا بێ، چاپخانا تەرەقی شام ١٩٣٢، کتێبخانا هاوارێ، هەژمار (٢)، پێشگوتن.



بۆ ئەوەی خوێنەری کورد فێری نووسینی کوردی ببێ بەئەلف بێی لاتینی، جەلادەت بەدرخان زنجیرە وتارێکی بڵاوکردەوە و کە پازدە ئەڵقە بوو. لە (ژ ١ تا ژ ١٨) جگە لە ژمارەکانی (١٤، ١٥، ١٦). لەو زنجیرە وتارەدا زۆر بەوردی باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی پیتەکانی بەنموونەوە کردووە و بۆچوونی خۆی ڕوون کردۆتەوە. شایانی باسە لە (ژ ١)ی هاواردا، ئەلف بێیەکەی خۆی بەپێنج زمان: کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و فرەنسی بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی بەهەموو خوێنەرانی ئەو زمانانەی بناسێنێ.

پاشان لە (ژ ٢، ل ٥)دا وتارێکی لە ژێر ناوی (ئەلفبایێ کوردی) بڵاوکردەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لەوانەیە ئەلفابایەکەی هەندێ کەموکورتی تێدا بێ: «هەروەکی د گەلەک تشتان دە تێت دیتن دبە کو د جارا پێشین دە د ئەلفا بێ یا مەدە ژی کێم و زێدە هن کێمانی دێ بکەڤن بەر چاڤان. ئەڤ کێما نیێن ها د ئەسلێن خوە دە ژکێما نیێ بێتر پاشیاهن کوتەکیانن کو مرۆڤ ژی وان نکارە خوە بدە ئالی».

وەنەبێ گۆڤاری هاوار تەنیا گرنگی بەدانان و چەسپاندنی ئەلف بێ دابێ و بەوەندە وازی هێنا بێ، بەڵکو درێژەی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی تری زمانەوانی داوە، وەکو: ڕێزمان و مێژووی زمان و دیالێکتەکانی.

لە وتاری (سێ تاریخێن هاوارێ) کە لە (ژ ٢٧، ل ٤)دا بڵاوکراوەتەوە، جەلادەت دەربارەی پێناسەی ڕێزمان دەڵێ: «ب کورتی گرامێر تەڤاییا قەیدەیێن (قاعدە) ڕاست ئاخافتن و ڕاست نڤیساندنا زمێنە. ئەڤ قەیدە ب خوە ژ زمێن تێنە دەر، بەلێ هەر کەس ب زمانێ خوە ئێ مادەر بێی کو بدە ئەقلێ خوە ڕاست دئاخڤە. ئەڤ ڕاستیی ب هن قەیدان تێتە پێ و مرۆڤ دەما خەبەردانێ دە بێی کو ب زانە ب وان ڤە دچە». جەلادەت بەدرخان وەکو شارەزایەکی پسپۆر لە بواری زمانەوانیدا دێتە مەیدانی نووسین و زنجیرە وتارێک لە (٢٢) ئەڵقە بڵاو دەکاتەوە، کە لە (ژ ٢٧)ەوە دەست پێدەکات و تا (ژ ٥٧) بەردەوام دەبێ. لەبارەی مێژووی دەست پێکردنی نووسینی زمانی کوردی دەڵێ: «گرامێرا کو ئەز ئیرۆ د هاوارێ دە بلاڤ دکم، من بنگەهێن وێ د سالا (١٩٢٩) ئان دە ل هەسیچێ (حەسەکە) دانی بوون. ژ هنگێ ڤە ئەز لێ د خەبتم».(١) لە (ژ ٣٥، ل ١٤)شدا وتارێکی لەبارەی ڕێزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە باسی ڕاناوە کەسییەکان دەکات و دەڵێ: «پرۆناڤێن کەسین ژ ڤان پرۆناڤان رە پرۆناڤێن کەسین دبێژین. ژ بەر کو ئەو نەمازە د کەڤن شونا کەسان و وان دنمینن. د کەسەکی دە سێ کەس هەنە دکەڤن ئاخافتنێ. ئێ خەبەر بێژ، یانی یێ کو دئاخێڤە، ئو یێ کو پێ رە تێتە ئاخافتن و کەسێ کو ئاخافتن ل سەر وییە. دگرامێرێ دە ژوانرە کەسێ پێشین، کەسێ دووەم. کەسی سێیەم دبێژن». گەورەترین کێشەی زمانی کوردی ئەوەیە کە بەسەر چەند دیالێکتیک دابەش بووە و تا ئێستا زمانێکی ستاندەرد لەو دیالێکتانە نەهاتۆتە ئاراوە. ئەم کێشەیە سەرنجی خاوەن و نووسەرانی گۆڤاری هاواری ڕاکێشاوە، بۆیە بایەخی تایبەتییان بەم لایەنە داوە و چەند وتارێکی زمانەوانی لەبارەی یەکگرتنی زمانی کوردی لەسەر

(١) جەلادەت بەدرخان، (خوە دیێ هاوارێ)، سێ تاریخێن هاوارێ، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢٧)، (١٥)ی نیسانی ١٩٤١، ل ٥.

لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار بڵاوکراوەتەوە. لە چوارچێوەی بایەخدان بەم بابەتە گرنگە. (پیرۆت) لە وتارێکدا کە لە ژێر ناوی (عەکسی صەدای هاوار) نووسیویە و لە (ژ ١٠، ل ١)دا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: «من ئومێدم وایە ئەگەر هاواری خۆشەویست بۆ مودەتێکی مناسب لەسەر ئەم ڕێگایەوە بڕوا ئەوسا لەهجەیەکی مشتەرەکی کوردی دادەمەزرێت و بۆ لەیەک تێگەیشتن مەجبوور نابین بەکەڵک هێنانی زمانێکی ئەجنەبی».

هەر لەبارەی یەکگرتنی زمانی کوردی (عەلی سەیدو گۆرانی) لە (ژ ٢٢، ل ١)دا بەشداری لەو گفتوگۆیەی کردووە کە لەبارەی ئەو بابەتەوە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکە دەکرا، پێشنیاری کردووە کە: «بەری هەر تشتێ دڤێت ئەم زارەکی ژ بو خوەندن و نڤیساندنێ ب بژێرن، پشترە پرسێن زارێن دن بێخن ناڤ وی زاری». هەر لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردی و پێویستی کورد بەو زمانە، (هەڤند سوری) لە (ژ ١٦، ل ١)دا وتارێک لە ژێر ناوی (لە بۆ یەکێتیا زمانی کوردی) بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ: «هەمووتان دەزانن پایەی یەکەمین، بەشکو پایەی هەرە گەورەی (یەکیەتی)، یەکیەتی زمانە و بەبێ یەکیەتی زمان و شێوە، یەکیەتی قەومی پێک نایێت».

لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار، ئاوڕدانەوەیە لە وشەی زمان و داواکردنە بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە. (لاوێکی کورد) لە (ژ ٢١، ل ١)دا وتارێکی لە ژێر ناوی (یەکێتیا زمانی کوردی) بڵاوکردۆتەوە، زیاتر ئاوڕی لە پاککردنەوەی زمانی کوردی داوەتەوە لە وشەی بیانی.

پێشنیازی کردووە چەند کۆمەڵێک دابمەزرێ ئەرکیان پاککردنەوەی زمان و دۆزینەوەی وشەی کوردی پەتی و دانانی فەرهەنگی کوردی بێ. بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی زمانی کوردی، د. کامەران عالی بەدرخان لە (ژ ٣، ل ١)دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (د دور هەڤ خستنا زمانان دە)دا. دەڵێ: «ڤێجا ژ بونا ڤەژاندنا زمانێ مە دڤێت کورد هەمی، گاڤا د ئاخڤێن، ئان دنڤیسن، باڵا خوە بدن و پرسێن نە کوردی تە ڤلێ زمانێ خوە مەکن. ب ڤێ ئاوایی زمانێ مە پرسێن خوە یێن ژ بیر کری ئان وندا بووی ژ نووڤە پەیدا دکە. ژ بلێ دن ژی پرسێن نو دزێ و هالو زمانی ڤە دگەڕە سەر خورتی یا خوە ئا پێشین» بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وتاری زمانەوانی دەوری کاریگەری خۆی هەبووە لە هۆشیار کردنەوەی خوێندەوارانی کورد بۆ زیندووکردنەوە و پاککردنەوە و پەرەپێدانی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی زمانێکی یەکگرتووی وا کە هەموو کورد پێی بنووسێ و بخوێنێ.

### * وتاری وەسفی:

وتاری وەسفی بەشێکە لە پەخشانی ئەدەبی. نووسەر لەم جۆرە وتارەدا وەسفی شتێک یان دیمەنێک یا دیاردەیەک دەکات و بەرێگەی ئەو وەسفکردنەوە بیروبۆچوون و هەستی خۆی دەردەبڕێ: «لێرەدا وەسفکردن هۆکارە و ئامانج نییە. هۆکارێکە بۆ چەسپاندنی ئەو ڕایەی دەیەوێ دەریببڕێ. لەوانەیە بابەتەکە سروشت بێ یان گیانلەبەرێک بێ. نووسەر لە سەرنجدان و دەستنیشانکردنی بابەتەکەش



مەبەستی ئەوەیە ببێ بەیاریدەدەرێک بۆ دەربڕینی ئەو ڕایانەی دەیەوێ پێشنیاریان بکا».[١]

گۆڤاری هاوار وەکو گۆڤارێکی ئەدەبی... هەمەچەشن و دەوڵەمەند بەهونەرەکانی شیعر و ئەدەب، وتاری وەسفی جێگایەکی زۆری لەسەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە بەخۆوە گرتووە. چەندین نووسەری کوردی بەتوانا بەشدارییان لە نووسینی وەسفیدا کردووە. گۆران لە (ژ ١٢، ل ٤)دا وتارێکی وەسفی ئەدەبی جوان و پڕ هەست و سۆزی نووسیوە، دەڵێ: «ئەگەر جوانی نەمامێکی سەوزی پاراو بێ، چاو جووتێ گوڵی گەشە بەتەوقەسەرەکەیەوە. چاو جووتێک شا ئەستێرەیە بەبەرزایی ئاسمانەوە، چریسکە چریسک ئەدرەوشێتەوە، جووتێک گەوهەری پڕشنگدارە، تاجی عیشق و جوانی ئەڕازێنێتەوە، جووتێک پەنجەرەی ڕووناکە، ئەنوارێ بەسەر باخچەی ڕۆحا. چاو دوو پەڕەیە لە کتێبێکی مقدەس، پڕە لە ئایەتی حوسن!... حەقیقەتەکانی ڕۆح، سڕەکانی دڵ، ڕازەکانی دەروون بەحەرفی نوور تیا نووسراوە!... ئاخۆ لە چاو بەلیغتر، لە چاو پڕ مەعناتر، لە چاو سحراویتر، چ ئەسەرێکی ڕۆحی، چ کتێبێکی عاسمانی هەیە؟...» دیسان گۆران لە (ژ ١٣، ل ٥)دا وتارێکی هونەری نووسیوە، پەخشانێکی شاکارە لە وەسفی فرمێسک دەدوێ: «فرمێسک چییە؟ دڵۆپێک ئاو... بەڵام لە ئاو ڕوونتر، لە ئاگر ڕووناکتر، لە نەشتەر تیژتر... دڵۆپێک کە لە خوێنی دڵی عاشق سویرتر، لە جگەری ڕۆڵە کوژراو گەرمتر، لە وجدان سافتر، لە ئەخلاق پاکتر، لە عیشق حەساستر...»

لە (ژ ١٩، ل ٣)دا نەزیر لەوەند وتارێکی لە ژێر ناوی (ب خوالێ خوەڤە) بڵاوکردۆتەوە، لە بڕگەیەکی وتارەکەدا وەسفی نیشتمان دەکات و دەڵێ: «وەلاتێ من خوەشە، دەلال و رندە، تەڤ زیڤ و زێڕە. چ فیدە لێ خوەدی نینە وەکە پەزێ بێ شڤان وەلاتێ مە کانییا قیز و خورتانە. وەلاتێ مە هەمی هنارە، خورتێن دوان فەنا گورێ هارە، قیزێن وان تەڤدا گەردن بموری نە». لە (ژ ٢، ل ٣)دا، وتارێک بەبێ ناوی نووسەر بڵاوکراوەتەوە و ناوی (لەهی) بەسەرەوەیە واتە لافاو. نووسەرەکە وەسفی لافاو دەکات بەڵام مەبەستی بیرێکی سیاسییە، دەڵێ: «لەهی ژ هەڤ گەهانا دلۆپێن بارانێ پێڤە نە توشتە. پەشکێن بارانێ گاڤا ژ هەڤ جودا و یەک ب یەک د کەڤن روێ ئەردێ، ئەرد وان داد قورتینە، تهنیا خوە پێ ڤە دکوژینە. لێ گاڤا دگەهن هنگی ژوان پەشکێن قەلس لە هیکە بوش ڕا د بە. دلۆپ و پەشکێن بارانێ و یەکبوونێ د تفاقێ دەنە». وەک دیارە ئەم وەسفی لافاوە بەمەبەستی هاندانی ڕۆڵەکانی گەل نووسراوە بۆ ئەوەی یەکبگرن، چونکە بەیەکگرتن دوژمن ڕادەماڵن، بەڵام ئەگەر پەرشوبڵاو بن و تاک تاک بڵاو ببنەوە دوژمن هەڵیاندەلووشێ و ورگی خۆیان پێ تێر دەکا. هاوار زۆر وتاری تری وەسفی تێدایە کە پێویست ناکا باسی هەموویان بکەین.

(١) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٤٠ .

**٭ وتاری شیوەن:**

وتاری شیوەن ئەوەیە یەکێ هەستی خۆی بەرامبەر کارەساتێک یان ڕووداوێکی دڵتەزێن یان شەهید بوونی قارەمانێک یان کۆچکردنی کەسێکی نزیک دەربڕێت. بۆ نووسینی ئەم جۆرە وتارە پێویستە نووسەر وشەی وا بەکاربێنێ و ڕستەی وا دابڕێژێ کە کار لە هەست و سۆزی خوێنەر بکا. لەوانەیە هەندێ لێکۆڵەرەوە ئەم چەشنە وتارە بخەنە چوارچێوەی وتاری کۆمەڵایەتی یان وەسفی، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە لەبەر ئەوەی وتاری شیوەن تایبەتە بەجۆرە ڕووداوێکی ناخۆش و جەرگبڕ و وشەی تایبەتی خۆی تێدا بەکار دێ و جۆرە شێوازێکی تایبەتی هەیە، جۆرە وتارێکی سەربەخۆیە. لەبەر ئەوەی شیوەن جێگایەکی زۆری لەسەر لاپەڕەکانی هاوار داگیر کردووە بەپێویستم زانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی بکەم وەکو دەزانین هاوار لە دوای نسکۆ هێنانی چەند شۆڕشێکی کوردی دەرچوو و لە ماوەی دەرچوونیشیدا هەندێ شۆڕشی تری کورد تووشی شکست و نوشوست هاتن، ئەم هەموو نسکۆ و نوشوستانە زۆر قوربانیان تێدا درا و کارەساتی جەرگبڕیان بەدوا داهات، بێگومان ئەم بارودۆخە سەختەی کورد و کوردستان ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر نووسەرانی گۆڤارەکە و، لە ناخەوە هەژاندوونی و وای لێکردوون بەسۆزێکی گەرم و هەستێکی بریندارەوە شیوەن بۆ شەهیدەکان بگێڕن و، کول و کۆڤانی دڵیان بەرامبەر کارەساتەکان دەربڕن و بانگەوازی مەزلوومیەتی کورد بەگوێی دنیادا بدەن، خەڵکی کورد هان بدەن بۆ ئەوەی سووربن لەسەر خەبات و قوربانیدان تا کورد بەئامانجی خۆی دەگات.

بەبۆنەی شەهید بوونی شێخ عەبدولرەحمان گارسی، جەلادەت بەدرخان لە (ژ ١١، ل ١)دا وتارێکی شیوەنی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ: «شین... شین... شین هەر دەر رەش، نەما هسین، دل ب کول، جان ب کەسەر، چاڤ ب گرین، بانگدان، شێخ عەبدورەحمانێ گارسی نەما، هاتبوو خێری، چوو رەحمەتێ... بەلێ شێخی من، من ژ تەرە کفنەکێ وەلێ بژارت کو هێژ تو کەلاش پێ نەهاتیە پێچاندن، من ژ تەرە تربەکە وەلێ کولاند کو هین تو مری نەکە تنێ... من کفنێ تەکر: سور، سپی و کەسک و زەر، ئالاتە و، من تو ڤەشارتی ناڤ روپەلێن هاوارێ و لەسەرێ وی کێلاتە داچکاند... بگری کوردستانێ بگری، بگری بوتان بگری، بگرین گارسی بگرین، بگری گوزگەهێ بگری. کەچ و بووکێن کوردستانێ، گولێین خوە کور بکن، خوەلی ل سەرێن خوە بکن، رەشاخوە گرێ بدن، شین. شین بکن و ب ئاخ و زارینێ بگرین. تو ژی میرو بگری! بکەڤە پێشیا حەمیان، بگری و بنال».

لە (ژ ١٧، ل ٣)دا، د. کامەران عالی بەدرخان وتارێکی شیوەنی بۆ یادی شێخ سەعیدی پیران نووسیوە، نموونەیەکی خەم و پەژارە و کەسەری قووڵی نووسەرە بەرامبەر بەیادی شەهید بوونی ئەو سەرکردە کوردە بەجەرگە، دەڵێ: «سورا ئێڤارێ لێڤا خوە هێدی هێدی دگەهینە تربا تە. بێدەنگی یا وێ دەمێ دە تنێ دەنگێ تەئێت بهیستن. ئەنیا من گران وتاری، ڕوییێ من سار و دلێ من هشکە، هاتم بەر تربا تە راوەستیامە. کێلاتە نابینم، ئاخاتە هێژ نەرمە، تربا تە نە ناڤکری و بێ رەوشە. ناڤێ تە، ب حەرفێن خویندار و روهن ل سەر رێیا پیران، خارپێت و دیاربەکرێ دەنڤسیاندییە. ناڤی تە سەر پولاو هەسن، سەر فەرش و ل سەر دلێ جامێران دە د چرسەو د بروسکە. ئەڤ چەند سالن کو چێبوویە، لێ



نهۆژی ژ ناڤێ تە دژمن دلەرزە».

لە (ژ ٢٢، ل ٦)دا بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەلیاس ئەفەندی کە دەکاتە خاڵی قەدری جان، قەدری جان شیوەنێکی گەرم و بەسۆزی بۆ کردووە بەناوی (شینا خوالێ من). دەڵێ: «د سسێی حوزەیرانی دە، ل ئەزمانێ کوردان، گوفانەک عەجیب قەومی، هستیرکەک پڕ ب شەوق و پڕ ب نور ژ نشکاڤە رژییا، خەیدی، خوەدا ری یا دونیاکە دن و نەهات! ژ بەرڤێ حالییە کو ئیرو ل دونیا مە روناهی کێم، حوزن و مەلال زێدەتر بوویە، ئەهلێ دونیا کوردان نەمازە روشنداری ژ رەوشاوی هستیرەکێ کەزەب برین و دل بخوین مانە».

هەروەها لە (ژ ١١ ل ٦ – ٧)دا، دوو وتاری تری شین بڵاوبوونەتەوە. یەکەم دەربارەی کۆچکردنی (د. ئەحمەد بەیرەقدار) و لە لایەن جەلادەت بەدرخان نووسراوە و، دووەمیش هەر جەلادەت بەدرخان نووسیویەتی، بەڵام ئەمەیان بەبۆنەی کۆچکردنی خەلیل رامی بەدرخانە.

**دووەم: ژینامە**

ژینامە هونەرێکی پەخشانی ئەدەبییە، ئەوەیە کە «لەبارەی کەسێکی هەڵکەوتووەوە دەنووسرێ بۆ ئەوەی زیاتر کەسێتی و شکۆمەندی ئەو مرۆڤە دەربخرێ و پلە و پایەی بخرێتە بەرچاو».(١) هەربۆیە زۆر کەس وای بۆ دەچن کە (ژینامە واتە ژیانی مرۆڤ).(٢) لە (ژ ١، ل ٧)ی هاوار و لە گۆشەی فەرهەنگۆکدا، بەم جۆرە پێناسەی ژینامە کراوە:

«ژینە نیگاری ئاوایێ ژیانێ و تەڤایا ب سەرهاتێین مرۆڤەکی ژینە نیگارییا وییە».

ئەم هونەرە ئەدەبییە لە «ڕۆژئاوا بۆ مێژوویەکی دێرین دەگەڕێتەوە».(٣) بەڵام لە کوردیدا «یاداشت و ژینامە و ئەوەی باس لە (خۆ) دەکات تازەیە و نموونەی کەمە».(٤) مەبەست لە نووسینی ژینامە، جگە لە دەرخستنی کەسێتی مرۆڤەکە لە بوارە جیا جیاکانی ژیاندا، پیشاندانی ڕووداوەکانی سەردەمەکەیە، چونکە ژینامە وەکو ئاوێنە وایە هەموو کارەسات و ڕووداو و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، «چونکە ژیانی ئەو کەسانە دەنووسرێتەوە کە خاوەنی ئەزموونێکی فرەن لە ژیاندا و لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیاندا دەوریان هەیە و، ڕەنگە هەندێ ئاکار و تایبەتی ژیانی ئەو کەسە بەشێکی زیندوو لە ژیانی کۆمەڵەکە ڕوون بکاتەوە».(٥)

ئەم هونەرە ئەدەبییە وەکو هەموو هونەرەکانی تر بنەما و مەرجی خۆی هەیە، نووسەرەکە دەبێ «ڕاستگۆ بێ و خۆ بەدوورگرتن لە زێدەڕۆیی و قەبە کردن، هەروەها بایەخدان بەشێوەی هونەری لە

(١) د. عزالدين اسماعيل، الادب وفنونه، ص ٢٧٥.
(٢) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، ل ١٥٣.
(٣) هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.
(٤) عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ١٨٣.
(٥) هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

نووسینەکەدا». [1] ڕەچاو بکات. ژینامە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە:

(ژینامەی بابەتی Biogrophy و ژینامەی خودی Auto Biogrophy). ئەم هونەرە لە سەردەمی گۆڤاری هاواردا لە ئەدەبی کوردی هێشتا تازە و ساوا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا کردۆتەوە.

لە (ژ ٦، ل ٣)دا هەرەکۆل ئازیزان (ژینە نیگاری مەلایێ جزیری) نووسیوەتەوە و لە بڕگەیەکدا دەڵێ: «مەلایەک ژ شاعیر و دانایێن مەزن و ناڤداریێ کوردستانێیە. ناڤێ وی ئەحمەد نیشانی بوو. لێ ب ناڤێ مەلایێ جزیری ناس و دەنگینە. مەلا د جزیرێ دە خوەدێ دایە.

خوەند ناوی ئا پێشێن ژی د جزیری دە بوویە، پێشتر ژ بوونا خوەندنێ چوو بوو عێراق، سوریا، میسر و عەجەمستانێ. بەر دەڤکێ میرێ جزیری بوو. لێ جارەکێ ژێ ئەنری و چوو بوو دیاربەکرێ. مدەکە خوەش ل وێ مایە، برەک ژ شیعرێن خوە ل دیاربەکرێ نڤسیاندییە».

هەروەها قەدری جان لە (ژ ٣، ل ٤)دا پوختەیەکی لە ژینامەی سلێمان بەگی بەدرخان بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ: «سلێمان بەگی کوڕی خالید بەگ بەدرخانە. د (١٨٩٠) دە هاتیە دنێ، ل ئەستەنبولێ د سولتانییێ دە خوەندییە، خورتەکی ژیر، عاقڵمەند و دەلال بوو، ژ مللەتێ خوە گەلەک حەژ دکر... بەلێ سلێمان بەگ ب جوانی سەرێ خوە درێ یا وەلات دا... بیست و دوو سالی بوو، لێ حەسرەتا وەلات پێ رانەما دگەل ڤێ قاسێ رێ یا خوە نەقەداند. لێ ب نێڤیکر، فکر و سەرهاتێین وی ژ بوونا خورتێن کوردان بو دەرسەک، دەرسەک ب عیبرەت».

لە (ژ ٤، ل ٧)ی هاواردا هەڤندی سوری کورتییەکی لە ژینامەی حاجی قادری کۆیی نووسیوەتەوە و دەڵێ: «حاجی قادری کۆیی شاعیری قەومی بەرز و بەقیمەتی کوردە. لەساڵی (١٢٣٢ک)دا لە گوندی (گور قرج)ی نیزیک کویسنجەق هاتووەتە دنیا، لە پاشان چووەتە ئەستەمولڵ و لەوێ میوانی کوڕانی بەدرخان پاشا بووە و لە ساڵی (١٣١٢)دا لەوێ وەفاتی کردووە». جگە لەم نموونانە، لە گۆڤاری هاواردا نموونەی تریش لە ژینامە بەرچاو دەکەون کە وەکو هەنگاوی سەرەتایی؟ بۆ ئەم جۆرە پەخشانەی ئەدەبی کوردی.

### سێیەم: نامە

نامە هونەرێکی تری پەخشانە، وا پێناسە کراوە کە «ئەو ئاخاوتنەیە کە دەنگت ناگاتە یەکێک ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ بکەی، جا دێی بەنووسین یان بەڕاسپاردنی یەکێکی تر بەزار پێی ڕادەگەیەنی». [2] نامە وەکو هەموو هونەرێکی دی، مێژووی خۆی هەیە، «مێژووی نامەنووسین کۆنە، لە مێژەوە هەبووە، لە دوای پەیدابوونی خوێندن و نووسینەوە کەوتۆتە برەو». [3] هەروەکو دەزانین خوێندن و

(١) محمد دلێر امین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، ل ١١٣.
(٢) محەمەد دلێر ئەمین، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، ل ١٢٣.
(٣) محەمەد دلێر ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٤.



نووسین بەزمانی کوردی درەنگ هاتووە لەبەر ئەوە «پەخشانی نامەنووسین لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی نوێیە و لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاردا سەرەتای دەرکەوتووە». [1]

نامە بەگشتی دوو جۆرە:

### نامەی گشتی و نامەی تایبەتی:

نامەی گشتی «بریتییە لە نامەی میری و کاربەدەستانی دەوڵەت، یان نامەی ئیشوکار». [2] ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین (كتاب رسمي).

جۆری دووەم کە نامەی تایبەتییە، ئەوەیە «کە نووسەر بۆ گەیاندنی نیازی خۆی بەیەکێک یان دۆستێک یان خزم و کەسوکاری خۆی دەینێرێ». [3]

هەر دوو جۆرە نامە ناوەڕۆکی جۆراوجۆریان هەیە. ئاڵوگۆڕکردنی نامە لە ناو گۆڤاری هاواردا بەڕادەیەکی زۆر هاتووە، چ لە نێوان گۆڤارەکە و خوێنەرانی بێ و چ لە نێوان نووسەرەکان خۆیان. ژمارەی ئەو نامانەی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاوکراونەتەوە زۆرن و بۆ مەبەستی جیا جیا نووسراون. لە (ژ ٢٤، ل ٩)دا خاوەنی گۆڤارەکە، کە جەلادەت بەدرخانە، نامەیەکی ئاراستەی (لاوانی کورد لە عێراق) کردووە و ڕۆڵی نووسەرانی بۆ ئەو سەردەمە پێشان داوە و گلەیی لەوە کردووە کە بۆچی بۆ گۆڤارەکە نانووسن و دەڵێ:

«هەتا (١٥ - ١٦) ژمارەی هاوار بەهەر دوو کوردی دەردەچوو، بەڵام لە پاشا کوردی سۆرانی، یانی بابا - کوردی خۆی کەم کرد، چونکی وەکو لە پێشەوە وتمان هاوار ئیتر نەدەچووە عێراق. ئێوە نووسراوی خۆتان لە هاوار نەدەدی وەبەری کۆششی خۆتان نەدەخوارد، بەڵام ئەی لاوان باش بزانن ئەم ڕەوشتی ئێوەیە ڕاست نییە.

ئەوەلجار بەری کۆششی ئێمە بۆ ئێمە نییە؟ ئەوا بۆ نەوەی پاشەڕۆژە، ئێشی ئێمە تۆو بەزەوییەوە چاندنە. ئەمە کە ئێمە پێی ئەڵێین تۆو دەنکە بەسەر زەویدا بڵاو دەکرێتەوە و، بەگاسن دەخرێتە بن زەوییەوە لێ پاش ئەوە لە ئێمەوە دیار نییە هەتا سەوز دەبێت. نووساری ئێمەش هەر وایە، ئێمە ئەوە لەسەر ڕوو پەڕەی هاوار دەڕێژین، ڕەنگە سەوزی ئەو ببینن و، ڕەنگیشە نەیبینن، نابێ ئێوە لەبەر ئەوە دڵتەنگ بن و لە دڵی خۆتان بڵێن: (نووسراوێک کە من لە شکلی چاپدا نایبینم بۆچی و بۆ کێ بنووسم). ئێوە ئەوە بۆ یەکیەتی زمانی کوردی و بۆ نەوەی پاشەڕۆژ بنووسن».

لە شاری سلێمانی نووسەرێک بەناوی (لاوێکی کوردپەروەر) نامەیەکی دوور و درێژی بۆ (تەوفیق وەهبی بەگ) ناردووە و داوای لە تۆفیق وەهبی کردووە کە هەوڵ بدات خەبات و تێکۆشانی خۆی لەمەڕ

(١) عبدالرزاق بيمار، پەخشانی کوردی، ل ٢٣٣.
(٢) عەبدولڕەزاق بیمار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣.
(٣) عەبدولڕەزاق بیمار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣.

یەکگرتن و یەکبوونی زمانی کوردیدا لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان پتەو بکات و یەک بخات بۆ بەرژەوەندی میللەتی کورد. ئەم نامەیە لە (ژ ١٥، ل ٢)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ: «بەڵێ!. جەنابتان ئەو ئیشە گەورانەتان کردووە و بەتەنیا زۆر تێکۆشیون و هەوڵتان داوە... بەڵام بەڵکو خۆتانیش بزانن هەموو شتێک بەکۆمەڵی دەتوانرێت بناغەی بۆ دابندرێت و، چی ئیشێک لەم زەمانەدا بەبێ کۆمەڵی و یەکگری ناسازێت و نالوێت و ڕێک ناکەوێت، بەشکو پێکنایێت. ڕۆیشتنی جەنابتان بۆ سوریە و دانیشتنتان لەوێ، وابزانم ئێوەی زۆر نزیک کردەوە لە کوردخواهان و کوردپەرستان و ماوەییێکی زۆر چاکتان بۆ هەڵکەوت بۆ تێکۆشین بەکۆمەڵی، بەیەکدی گری، بەهەموایی...» وەنەبێ هەر نامەی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاوکرابوونەوە، بەڵکو نامەی دڵداریش جێگای خۆی تێدا کردۆتەوە. ئوسمان سەبری لە (ژ ٤٩، ل ٤)دا نامەیەکی پڕ هەست و سۆزی لە ژێر ناوی (ل پێشبەرێ یارێ) نووسیوە و ئاراستەی دلبەرەکەی خۆی کردووە و دەڵێ: «دەلالا من! د روپەلێن ژینا خوەدا ئەڤ بوو جارا ددوان کو ب بەر پلێن هەز کرنێ دکەڤ مە. بێ شڤیک نڤشاپاشین، پەرێ تاڤا تەیروکا تە ل من دا...

دایلانا من! ئەز ناخوازم وەک ئەڤینکەرێن مای پەسنا روچک و وسنچییێن تە بدەم. هە کە من وەلێ کر، دوور و نزیک، پر و هندک ئەز ژی دکەڤم سەر شوپا وان...»

ئەم جۆرە نامەیە بۆ ئەو ڕۆژە شتێکی نوێیە، هەنگاوێکی تازە بووە بۆ دەوڵەمەند کردنی پەخشانی ئەدەبی کوردی. دەبێ ئەوەش بگوترێ نموونەی تری نامەنووسین لە لاپەڕەکانی هاواردا بەرچاو دەکەون، وەکو: دوو (ڕەشبەلەک) لە هەردوو (ژ ٤٤، ل ٣)، (ژ ٤٨، ل ٢)ی هاواردا، کە جەلادەت بەدرخان بۆ هەردوو کۆرپەکانی خۆی (سینەم و جەمشید)ی نووسیون. دیسان لە (ژ ٤٩، ل ٦)دا نامەیەکی تر بەناوی (ژ شەبستان) بڵاوکراوەتەوە. لە (ژ ٨، ل ٥)دا نامەیەکی تر لە ژێر ناوی (هاوارەک)، لە نووسینی وەجدی جەمیل پاشا بڵاوکراوەتەوە ئەم نامەیە ئاراستەی خاوەنی هاوار کراوە و، وەکو برازایەک بانگی مامی دەکات و گلەیی لەوە دەکات کە هێشتا منداڵە و لە قوتابخانەکانی بێگانە دەخوێنێت و حەز لە زمانی کوردی دەکات.

## چوارەم: دراما

دراما هونەرێکی ئەدەبی کۆنە و بەهەردوو شێوەی شیعر و پەخشان دەنووسرێ. دراما لە یۆنانی کۆن بەشیعر دەستی پێکرد، پاشان وردە وردە بەرەو پەخشان ڕۆیشت و لە سەردەمی تازەماندا، زۆربەی بەپەخشان دەنووسرێ.

دراما بەوە پێناسە کراوە کە «وەکو هەموو هونەرێکی تری ئەدەب، دارشتنێکی هونەری تایبەتە بەتاقیکردنەوەیەک و بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێک لەو ئامانجە زۆرانەی مەبەستی هەموو جۆرەکانی درامایە. ئەو ئامانجانە بەپێی سەردەم و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەگۆڕێن».[1]

(١) د. محمد مندور، الادب وفنونه، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٤، ص ٨٠.



کەچی ئەرەستۆ بەشێوەیەکی تر پێناسەی کردووە، ئەو دەڵێ دراما «چیرۆکێکە بۆ نواندن ئامادە کراوە، کرداری مرۆڤ و سۆزی هەڵچووی تێدا دەردەکەوێ».[1] مێژووی سەرهەڵدانی دراما بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ (سەدەی شەشەمی پێش مەسیح)،[2] دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی گریک. بەڵام مێژووی دەستپێکردنی درامای کوردی زۆر ڕوون نییە، «سەرەتای لە دایکبوونی ئەم هونەرە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەئەزانرا».[3] تا ئێستا سەرچاوەکانی ئەوەیان دیار کردووە کە (یەکەمین درامای کوردی نووسراو پیەسی مەمێ ئالانە، لە نووسینی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکارییە».[4]

کە لە ژمارەی (١٥)ی گۆڤاری (ژین)دا ڕۆژی (٣)ی ئاداری (١٩١٩) بڵاوکراوەتەوە. پاشان چەند شانۆگەرییەکی کوردی لە شاری سلێمانی پێشکەش کران و وردە وردە ئاستی هونەری درامای کوردی بەرەو پێشەوە چووە. گۆڤاری هاواریش بەشدارییەکی بچووکی لەم بوارەدا کردووە، ئەویش بەبڵاوکردنەوەی پیەسی (هەڤند)، کە خاوەنی هاوار: (جەلادەت بەدرخان) نووسیویەتی و لە (ژ ٢٠، ل ١)ی گۆڤارەکەدا کە لە (٨)ی گوڵانی (١٩٣٣) بڵاوکراوەتەوە.

دەربارەی پیەسی هەڤند، نووسەرەکەی دەڵێ: «ب بیست هەژمارێن کوڤارا مە کو هەتا نهو بەلاڤ بوونە مە دل کر ئەم هەر ئاوایێ نڤیساندنێ ب جەربینن و بێخن زمانێ خوە. هەروەکی ئاوایێن بنگەهی، نەزم و نەسر و چەند شکلێن نەسرێ کێم و زێدە د هاوارێ دە بەلاڤ بوونە. تەنێ ئاوایێ تەماشایێ نەبوو کو هێژ نەکەت بوو زمانێ مە. مینا کو خوەندەڤانێن مە دڤێ هەژمارێ دە دێ بخوینن مە ئەو شکل و ئاوا ژی جەرباند و خستە زمانێ خوە».[5] مەبەستی نووسەر ئەوەیە: ئەم جۆرە نووسینە، واتە شانۆگەری بەزمانی کوردی تاقی بکاتەوە. پیەسی هەڤند یەک پەردەیە و لە نووسینی جەلادەت بەدرخانە. ناوەڕۆکی ئەم درامایە ململانەیەکی بیری و لەشکری و کۆمەڵایەتییە لە نێوان بەرەی ڕزگاریخوازی کورد و هێزی داگیرکەر. جەخت لەسەر خەباتی چەکدار دەکات بۆ ڕزگاری نیشتمان.

لەم پیەسەدا بەرەی ڕزگاریخوازی بۆ یەک چینی کۆمەڵ پاوان نەکراوە، بەڵکو لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، لە ئاغا و بەگ و شێخ و مرۆڤی کوردی ساکار و ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ، پێکهاتووە.

ڕۆڵی ئافرەت لە شۆڕشدا خاڵێکی گرنگ و بەرچاوە لەم درامایەدا، بەبۆچوونی نووسەرەکە:

ئافرەت دەتوانێ شان بەشانی پیاو بەشداری لە خەباتی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازی کوردستان بکات و دەتوانێ ببێتە هاندەرێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و شۆڕشەکەی. دیسان لەم درامایەدا ڕێزگرتن لە

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٧٠.
(٢) حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دار افاق عربية للصحافة والنشر، بغدا، ١٩٨٥، ل ١٣.
(٣) حەسەن تەنیا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.
(٤) محەمەد ئوزون، دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی، وەشانێن بەیبوون، ئەنقەرە، ١٩٩٢، ل ٧٧، ٧٨ (بەپیتی لاتینی).
(٥) جەلادەت بەدرخان، هەینەکە یەک ساڵ، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢٠)، ل ١.

قوربانیدانی شەهیدان و درێژەدان بەڕێبازەکەیان بەکارێکی نەتەوەیی پیرۆز پێشان دراوە. پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی تری گرنگی ئەم پیەسە بکەین ئەویش بەکارهێنانی سروودی نیشتمانییە. واتە ئەم درامایە بەپەخشان نووسراوە، بەڵام شیعریشی تێکەڵ کراوە.

### پێنجەم- چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری هاواردا:

سەرهەڵدانی هونەری چیرۆکنووسی بەمانای نوێ، بۆ ئەوروپا دەگەڕێتەوە، لەوێوە گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات و کوردستان: «لە ئەدەبی جیهاندا سێ چیرۆکنووس بەداهێنەری بەردی بناغەی ئەم هونەرە دادەنرێن، چونکە ئەوان بوون ئەم هونەرەیان پێشخست و گەیاندیانە پۆپە: ١- ئەدگار ئالان پۆ - ئەمریکی ٢- گی دی مۆ پاسان - فرەنسی ٣- چیخۆف - رووسی».[١] بەتایبەتی موپاسان کە یەکەم چیرۆکنووس بوو، چیرۆکی کورتی بۆ دەربڕینی ڕووداوی ڕیالیزم و ساکار تەرخان کرد.

لە سەدەی نۆزدەدا جگە لەو پێشەنگانەی باسکران، چیرۆکنووسی زۆر گەورە هاتنە کایەوە وەکو: «بلزاک و فلوبێر و ستاندال لە فرەنسا و دیکنز لە ئینگلتەرا و گۆگۆل و تۆلستۆی و دیستۆفسکی... لە ڕووسیا».[٢]

چیرۆک وەک هەر جۆرێکی ئەدەبی تر، خاوەنی بنەما و ڕەگەز و چوارچێوەی تایبەتی خۆیەتی، وەکو ڕووداو و گێڕانەوە و بینا و کەسێتی و کات و شوێن و بیر. لە کوردیدا مێژووی دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەم هونەرە بەقۆناغی جیا جیا تێپەڕیوە و زۆر لەوانەی لەم بارەوە لە هونەری چیرۆکنووسییان کۆڵیوەتەوە، لەو باوەڕەدان سەرهەڵدانی ئەم جۆرەی ئەدەبی کوردی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە. لەبارەی سەرەتاکانی چیرۆک لە کوردیدا ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هەیە.

د. عیزەدین مستەفا رەسول سەرەتای حیکایەت و چیرۆک بۆ مەولوودنامەی شێخ حسێنی قازی (١٧٩٠ - ١٨٧٠) دەگەڕێنێتەوە و چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائب بەیەکەم چیرۆکی کوردی دەژمێرێت.[٣]

د. شوکریە رەسول ڕایەکی تری دەربارەی سەرەتای چیرۆکی کوردی هەیە کە دەڵێ: «یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی لە ڕێگەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ەوە پێمان گەیشتووە کە لە ساڵی (١٩١٣)دا لە ئەستەمووڵ چاپ کراوە».[٤]

بێگومان مەبەستی چیرۆکی (شەویش)ی فوئادی تەمۆیە کە بەتەواو نەکراوی ماوەتەوە. کەچی د. فەرهاد پیربال بۆچوونێکی تری هەیە و مێژووی دەستپێکردنی چیرۆکی کوردی بەجۆرێکی تر دەستنیشان

---

(١) عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، ل ٤٧.

(٢) د. فائق مصطفى و عبدالرزاق علي، في النقد الادبي الحديث، ص ١٣٢.

(٣) د. عزالدين مصطفى رسول، اراء في القصة الكردية، مجلة الاقلام، العددان ٢، ٣، ١٩٨٤، ص ١١٢.

(٤) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ٢١١.



دەکا و دەڵێ: «تا ئەم ساتەی ئێستا هیچ چیرۆکێکی تر، پێش ئەم تێکستە (١٨٥٦) (مەبەست چیرۆکی مەم و زینە، ع. أ) لە لایەن نووسەرانی کوردەوە نەنووسراوە. ئەمە لە کاتێکدا مەلا مەحموودی بایەزیدی جگە لە نووسینی ئەم مەم و زینە. خاوەنی چەندین چیرۆک و پەخشانی تریە، لەوانە چیرۆکی (لەیلا و مەجنوون)، لەگەڵ چل کورتە چیرۆک، کەواتە جێی خۆیەتی ناو لە بایەزیدی بنێین، یەکەمین چیرۆکنووسی کورد».[١] دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ ئەم مەم و زینەی ئەو، پوختەی مەم و زینی خانییە، بەڵام بەپەخشان نووسراوە. ئەو چل چیرۆکەش کە باس دەکا هەموویان هەقایەتی میللی و ڕووداوی کوردەوارین و بەقاڵبی چیرۆکی هونەریی نەنووسراون. لە لایەکی تریشەوە (د. عبداللە ئاگرین) لەبارەی سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی کوردی ڕای وایە کە: (ئەوەی تا ئێستا ساغ بۆتەوە ئەوەیە کە یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی... چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە).[٢]

جەمشید حەیدەرییش لەم بارەیەوە دەڵێ: «لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری ڕۆژی کورد ژانرێ چیرۆک لە دایک دەبێ، کە جیاوازی هەیە لەگەڵ چیرۆکی (حیکایەتی) فۆلکلۆری، کە لەنێو کوردا زۆر باو بووە و باوە، چونکە بۆ یەکەم جار چیرۆک ناوی نووسەری پێوەیە و زاخاوی مێشک و داهێنانی تایبەتی تاکە مرۆڤێکی ناسراوە کە بەم شێوەیە هاتبێتە بڵاوکردنەوە».[٣]

وەک دەرکەوت ئەم نووسەرانە و نووسەرانی تریش ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی دەستنیشانکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی کوردی، ئەمەش هۆی خۆی هەیە، چونکە «هەر نووسەر و توێژەرەوەیەک بەپێی بۆچوون و لێکدانەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و جۆری شارەزایی لە دنیای ئەدەبدا بیروڕای خۆی سەبارەت بەم مەسەلە گرنگە دەربڕیوە».[٤] نکوڵی ناکرێ ڕۆژنامەگەریی کوردی دەورێکی باڵای هەبووە لە سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی چیرۆکی هونەریی کوردی سەرهەڵدانی چاپ و چاپەمەنی و دەوری گۆڤار و ڕۆژنامەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی کوردی. هەر لەبارەی ئەم ڕۆڵە گرنگەی ڕۆژنامەگەریی عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: (یەکێک لەو بناغانەی کە چیرۆکیان لەسەر دادەمەزرێت ڕۆژنامەنووسییە).[٥]

ئەگەر چاوێک بەکتێبخانەی کوردیدا بخشێنین دەبینین بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆک تا دەوری نیوەی ساڵانی پەنجاکان، دواکەوتووە، لەمەوە دەوری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان بۆ دەردەکەوێ لە بڵاوکردنەوەی

---

(١) د. فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩ - ١٨٦٧، یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ل ٣٠.

(٢) د. عەبدوڵڵا ئاگرین، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، ١٩٦١ - ١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٥٠.

(٣) جەمشید حەیدەری، کورتەیەک لە مێژووی لێکۆڵینەوەی پەخشان و چیرۆکی کوردی تا ناوەڕاستی حەفتاکان، گۆڤاری وان، ژمارە (١)، ١٩٩٢، ل ٢٤.

(٤) د. عەبدوڵڵا ئاگرین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١.

(٥) عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٢٦٦.

چیرۆکی کوردی. یەکێ لەو گۆڤارانەی ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی چیرۆکی کوردی هەبوو، گۆڤاری هاوارە، کە هەر لە یەکەمین ژمارەوە پڕۆگرامی گۆڤارەکەی بڵاوکردۆتەوە و بایەخی بەچیرۆک داوە: «بەر هڤکرنا چیرۆک، چیر چیرۆک و هەر تەحلیلا لاڤژە و سترانییێ کوردی و برێڤە بەلاڤکرانا وان». خاڵی سێیەمی پڕۆگرامەکەیە.

گۆڤاری هاوار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کوردی. بەدرێژایی (٥٧) ژمارەی، توانی کۆمەڵێ چیرۆکنووسی بەتوانا لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، وەکو: جەلادەت بەدرخان، قەدری جان، مستەفا ئەحمەد بوتی، د. کامەران عالی بەدرخان، نورەدین یوسف (زازا)، ئوسمان سەبری، ژمارەیەکی تر، کە هەریەکە بەچیرۆکێک یان زیاتر بەشدارییان کردووە.

چیرۆکەکانی هاوار: هەندێکیان هونەرین و پلەی هونەرییان بەرزە و لە ڕیزی پێشەوەی چیرۆکی هونەرین و هەندێکی تریان سیمای حیکایەتی فۆلکلۆرییان پێوە دیارە و، برێکی تریان لەسەر زمانی گیانداران نووسراون، واتە (فابل. Fable) ئەوانەی دەتوانین ناوی چیرۆکیان لێ بنێین بەڕای د. فەرهاد پیربال:[1] ژمارەیان دەگاتە حەفتا چیرۆک لە گۆڤاری هاواردا. د. حوسێن حەبەش، نیوەی ئەو ژمارەیە واتە (٣٥) چیرۆکی هاوار بەچیرۆکی هونەری دەژمێرێ و نورەدین یوسف زازا بەچیرۆکنووسی یەکەم دەستنیشان دەکا لە گۆڤاری هاواردا.[2]

ئەم هەڵسەنگاندنەی د. حوسێن حەبەش، دەبێ بەتەواوکەرێک بۆ ڕای جەلادەت بەدرخان، کە بەنورەدین زازای گوتووە: «تۆ چەکوفێ مەیی».[3] ئەگەر بەوردی و زانستی لە ناوەڕۆک و تەکنیکی چیرۆکەکانی هاوار بکۆڵینەوە، شتی تازە و گرنگمان دەربارەی ئەم بابەتە بۆ دەردەکەوێ و، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەین بەجیا جیا لە ناوەڕۆک و تەکنیک و شێوەی هونەری چیرۆکەکانی هاوار بکۆڵینەوە.

### ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی هاوار:

ناوەڕۆکی بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار ڕەنگدانەوەی باری ڕیالیزمی ئەو سەردەمەی کوردستانە. چیرۆکەکان بابەتی نیشتمان و ئەو کێشانەی بەو بابەتەوە بەستراون، چارەسەر دەکەن. بۆ نموونە: (چیرۆکی دوو عەگید)ی د. کامەران عالی بەدرخان کە لە (ژ ٢، ل ٥)دا بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی هونەری لە ڕووداوێکی واقیعی دەدوێ و بەهەستێکی نیشتمانپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بابەتی چیرۆکەکە ئەمەیە: دوو عەگیدی کورد لە شەڕی نیشتماندا بەدیل دەگیرێن، بەچاوی خۆیان کوشتن و وێرانکاری نیشتمان و دەستگیرکردنی دوو سەرکردەی خۆیان دەبینن. یەکێ لەو دوو عەگیدە خەیاڵی بۆ لای خێزان و منداڵەکانی دەچێ و ئەوەی تر دەڵێ: «پیرەک ژ بو من چییە؟ زارو ژ بو

(١) د. فەرهاد پیربال، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤)، ١٩٩٧، ل ٤٣.
(٢) د. حوسێن حەبەش، ڕاپەڕینا چاندا کوردی د کوڤارا هاوارێ دە، ل ١٣٣.
(٣) د. نورەدین زازا، پێشەکی گۆڤاری هاوار، کۆکردنەوەی حەمرەش ڕەشۆ، بەرلین، ١٩٧٦، ل ٥.



من چییە؟ پێتەکە بلنتر د دلێ مندا رابوویە، پیرەک و زارو هەکە بر چینە، بەردە بلا هەرن بگەرن، وەلاتێ من، وەلاتێ من وندا بوویە».[1] ئەوەی تر دەڵێ: ئەگەر مردم تکا دەکەم لاشەکەم لە کوردستان بنێژن و من بەقیافەی تەواوی لەشکەریی لەگەڵ هەموو چەکەکانم بخەنە ناو گۆڕ بۆ ئەوەی کاتێ دەنگی پێی ئەسپەکانی عەگیدانی کورد و دەنگی تۆپ و تفەنگ هات، من لەناو گۆڕ بێمە دەرەوە، بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەم. هەرچەندە بەڕای (ئەنوەر محەمەد تاهیر) مەبەست لە ڕووداوی ئەم چیرۆکە، جەنگی یەکەمی جیهانییە.[2]

بەڵام من ئەم بۆچوونە بەدروست نازانم، چونکە نووسەری چیرۆکەکە، جەنگی یەکەمی جیهانی بەشەڕی کوردستان نەزانیوە، بەبۆچوونی من: ئەم ڕووداوەی چیرۆکنووس باسی دەکا، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانە و شیوەنەکەی بۆ زیندانییانی بن دەستی داگیرکەرانە.

(سبحی رەسول) چیرۆکی (دلاوەرێ چاردە سالی)ی کە لە (ژ ٢٩، ل ٧)دا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: «شەرە، ژ پیرانێ شێخەکی مەزن، سەر گە ڤازەکی هێژا رابوویە و دکە نەیاران ژ کوردستانێ دەرینە و وەلێت ئازاد و سەر خوە بکە». پاشان وەسفی دلاوەر دەکات و دەڵێ: «دلاوەر خورتەکی چاردە سالی بوو، ب زۆر دی یا خوە رازی کر، ژێ خاتر خواست، تفەنگا باڤێ خوە ب ملێ خوە ڤەکر و گها شەڕ ڤانان». هەروەها باس دەکا کە جەنگاوەران بەرەو کەلات دەچوون، ئەمە چوار سەد ساڵە دوژمنان ئالای کوردیان لەسەر کەلات هێناوەتە خوارەوە لەجیاتی ئەوە، ئالای خۆیان بەرز کردۆتەوە.

جەنگاوەرانی کورد گەیشتنە نزیک کەلات، دلاوەر خۆی لەسەر عەرد ڕاکێشا و خۆی گەیاندە پێشەوەی لەشکر و سەری بەرز کردەوە و گوتی: «میر خاسنۆ، وەلات وەکە گولەکێیە، جار جارا ب خوینا وەلاتیێن خوە دڤێت بێتە ئاڤدان. ئەز دبینم کو گولامە چلمسییە دڤێت ئەم وێ ب خوینا خوە ئاڤ دن».

دلاوەر هەرکە لە قسەکەی بووەوە، تەقەی لە تفەنگەکەیەوە هێنا و شەڕ دەستی پێکرد و نزیکەی دوو سەعاتی خایاند، دوژمن نەیتوانی خۆی ڕابگرێ، بەزی و هەڵات. دلاوەر پێش هەموو هاوڕێکانی گەیشتە ناو کەلات و ئالای دوژمنی داگرت و ئالای ڕەنگینی کوردستانی لەجیاتی چەقاند، بەم جۆرە دلاوەر بەئاواتی خۆی گەیشت، بەڵام عەردی ژێر پێی سوور بوو، هەرچەندە خەڵک وایان دەزانی کە ئەم ڕەنگە سوورە ئالای دوژمنە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە خوێنی دلاوەر بوو، چونکە دلاوەر بەسەختی بریندار بوو کەسیش پێی نەزانیبوو.

جەنگاوەران دەوری دلاوەریان دا و ویستیان برینەکەی تیمار بکەن، بەڵام دلاوەر دەیزانی برینەکەی سەختە بۆیە گوتی: «هەڤالینو، برینا من خەدارە، برینا مرنێیە، نە تو خەمە (دلاوەر هنەک سەکنی و ژ بیرکاخوە ئالەکە ڕەنگین دەرخست) بەتەنێ من ژ وە دڤێت هون ڤێ ئالێ بکن کەفەنێ من، جەندەکێ من

(١) د. کامەران عالی بەدرخان، دوو عەگید، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢)، ل ٥.
(٢) ئەنوەر محەمەد تاهیر، ڕۆڵی گۆڤاری هاوار بۆ پێشخستنا چیرۆکا کوردی یا هونەری، گۆڤاری مەتین، ژ (٧٥)، ١٩٩٨، ل ٣٨.

د ئالا کـوردان دا بپـێـچن و ژ دی یا من  ره بێـژن کـو برینا من نه ژ پار(*) ره بوو». ئەم بابەتە، واتە بابەتی نیشـتـمـانی بایەخێکی زۆری پێدراوە و چیرۆکنووسـانی هاوار چەندین چیـرۆکی بەپێزیان لەم بارەیەوە نووسیوە، وەکو:

چیـرۆکی (دل دزیا گـولەکێ)ی د. کـامـەران عـالی بەدرخـان، کـە لە (ژ ٥، ل ٥)دا بڵاوکـراوەتەوە، هەروەها چیرۆکی (لەیلانا راستیێ)ی هەمان نووسەر کە لە (ژ ١٠، ل ١)دا بڵاوبۆتەوە. نورەدین یوسف (زازا)ش چیـرۆکی (کـەسکە سوور)ی لە (ژ ٣٠، ل ٤)دا نووسـیـوە. ئەمـانە و چەندین چیـرۆکی تر کە پەیوەندییان بەبابەتی نیشتمانییەوە هەیە.

جگە لە بابەتی نیشـتـمانی، گۆڤاری هاوار گرنگی بەبارودۆخی کۆمەڵایەتیش داوە و ئەم لایەنە بۆتە تەوەرێکی گرنگی چیرۆکەکان. نەزانین و نەخوێندەواری و دابونەریتی دواکەوتوو و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوونەتە ناوەڕۆکی زۆر لە چیرۆکەکانی هاوار. بۆ نموونە: لە (ژ ٥، ل ٦)دا قەدری جان چیرۆکی (بەسرەکا زێڕین)ی بڵاوکـردۆتەوە، باسی ئەوە دەکـا کە (بەسـرەکا زێڕین) نـاوی گوندێکە و گـەورەی ئەو گـونـدە کە مـەکـسـیـە کـچـێکی هەیە ناوی پیـرۆزە، ئاغـایەکی تر هەیە نـاوی (مـیـرزا فـیـرۆز)ە و گـەورەی ناوچەی مەتینایە.

مـیـرزا مـەتینا حەز لە کـچی مـەکسی دەکـا، بەڵام ئەم، کـچی خـۆی ناداتێ، مـیـرزا نامـەیەک بۆ مـەکـسی دەنێرێ و هەڕەشەی لێدەکا ئەگەر داواکەی بەجێ نەهێنێ میـرزا ناچار دەبێ هێز بخاتە کار و هێرش بکاتە سەر بەسرەکا زێڕین.

مـەکسی ڕازی نـابێ و مل بۆ مـیـرزا کـەچ ناکـا. لە ئەنجامدا دەبێـتـە شەڕ لە بەینیـان و بەسـرەکا زێڕین وێران دەبێ و میرزا... (پیرۆز) بۆ خۆی دەبات.

شایانی باسە ئەم هەموو هەرایە دەقەومێ  بێ ئەوەی هیچ حیساب بۆ ڕەزامەندی پیرۆز بکرێ.

قـەدری جـان لە چیـرۆکی (گـونەه)دا، کـە لە (ژ ٣٩، ل ٦)دا بڵاوکـراوەتەوە، باسی ئەو دابـونەریتـە پاشکەوتووانە دەکا، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی و ئێش و ئازار، کورد پەنا دەبەنە بەر شێخ و مەلا.

قەدری جان وێنەی ئەوە دەکێشێت کە چۆن شێـخێک بۆ ئەوەی جنۆکە لە لەشی منداڵێک دەربکات. دەست دەکا بەفەلاقە دانی، تا بنی پێی خوێنی لێ دێ و لە کۆتاییدا منداڵەکـە لە ژێر ئەو دارکـارییەدا فـەراقی لەبەر دەبڕێ. نورەدین زازا لە (ژ ٢٧، ل ١٠)دا چیـرۆکی (خـورشـیـد)ی نووسـیـوە و باسی ئەوە دەکـات: کـە پیـاوێکی دەوڵەمـەند لە گـوندێکدا هەبوو ناوی خـورشـیـد بـوو، ڕۆژێ ڕوو لە مـەلا دەنێت و دەڵێ: «کوڕەکی من چێ بوو، ژێرە ناڤەکی شیرین ژ تە دخوازم» مەلا ناوی جەمشیدی بۆ هەڵبژارد.

خـورشـیـد زۆر بەنـاوی جـەمشـیـد شاد بـوو، چونکە لە ناوی خۆی دەهات. دوای شـازدە ساڵ جارێکی تر خورشید چووە لای مەلا و گوتی: «ئیسال کوڕێ من جەمشید خوەندنا خوە بر سەری و دناڤ هەڤالێن خوە دا ئێ پێشین دەرکەت، من دڤێت ئیرۆ ژێ را مەولودەکی بدەم خوەندن، ئەز هێڤی دکەم تو ئیشەڤ خوە ب

(*) پار = پشتەوە (خلف) واتە من بەرەو ڕووی دوژمن دەچووم کە بریندار کرام، نەک لەبەریان هەڵبێم.



ئێشینی بێی مالا مە و ب دەنگێ خوە ئێ شیرین ڤێ مەولودێ ژ مە رە بخوینی» دوای هەشت ساڵی تر جـارێکی دی خـورشـیـد لەگـەڵ چەند خزمێکی چووە حزوور مـەلا و پێی گـوت: «من ژ کـوڕێ خوە کـەچا جامێرەکی خواستییە، دەولەمەند، پر پەرە خوەست، لی کوڕێ من یەکە و ل بەر دلێ من بهایە، ژ کەرەما خوە مەهرا وان ببڕە»، مەلا چووە مارەیی بڕین و لێکی پیرۆزکردن.

چەند هەفـتـەیەکی پێچـوو خورشـیـد و جەمـشـیـدی کوڕی بەکـەشتی دەچوونە شار جلوبەرگی بووک و زاوایەتی بکڕن، بەڵام لە نـاوەندی دەریادا جەمشـیـد کەوتە ناو ئاو و خنکا. دوای ئەم ڕووداوە بەساڵێک خورشید دیسـان چووە ماڵی مەلا و پێی گوت: «هاتیمە تشتەکێ ب ناڤێ کوڕێ خوە (جەمشید) بدەم تە، ژ بو خوەندنا زاروکێن گوندئێن بەلەنگاز» ئینجا خورشید کیسە پارەیەکی لەبەردەم مەلا دانا.

مەلا بەخورشیدی گوت: ئەم پارە زۆرە، بەڵام خورشید گوتی: «بەلێ ئیرو من نیڤێ زەڤیێن خوە فروتن، جەمـشـیـد دخوەست ب دەستێ خوە ژ مللەتێ خوەرا قـەنجـیێن مـەزن بکە، لێ خوە دێ نەهشت، نها ئەز دەینی وی ددم».

مەلا دەستی خورشیدی گرت و پێی گوت: «وەرە ئەمێ هەژ کرنا خوەبدن زارویێن گوند و ژوان خورتێن خوەندا خورتو هێژا ببن پێ»، خورشید دوای بیرکردنەوە بەقسەی مەلا ڕازی بوو «خورشـیـد مـالێ خوە، مـەلا زانینا خـوە دابوون مللەت. پشـتـی شـانزدە سـاڵان ل گـوند دا داوەتا چل خـورتێن هێـژا، خـوەندا و مللەتپەروەر چێ دبوو. خورشید تێدە ب سەرێ سەر گوڤەندێ گرتبوو».

لەم چیرۆکـەدا سامـان و زانست یەک دەگرن بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیـار و لێهـاتوو بۆ خزمـەتی نیشـتـمان و میـللەت. چیرۆکنووسانی گۆڤاری هاوار ڕۆڵی ئافرەتیان لە بیر نەکردووە، بەڵکو بایەخێکی زۆریان پێـداوە. ئافرەت لە چەند چیـرۆکێکدا کـراوە بەپاڵەوانی سەرەکی. ئافرەت لەو چیرۆکـانەدا. هەر وەکو لە واقعیدا، دەوری دایک و خوشک و ژن و یـاریشی دیوە، جگە لەمانە ئافـرەت وەکو ئەندامێکی کاریگەر لە کـۆمـەڵی کوردەواریدا جێگای گرتووە. خاڵێکی گرنگی تر: ئەو چیرۆکانە لەبارەی مـامـەڵە کـردنیـان لەگـەڵ ئافـرەتدا ئەوەیە: دەوری ئابـووری ئافرەت نەتەنیا بەخێـوکردنی خۆیەتی و بەس، بەڵکو بەخێوکردنی هەمـوو خێزانەکەی دەگرێتەوە. وێنەی ئافرەت بەو شێوەی لە چیرۆکەکاندا هاتووە بەبۆچوونی من بۆ ئەو کاتە شتێکی نوێیە.

یەکێ لەو چیـرۆکـانەی باس لە دەوری ئافـرەت دەکـەن، چیـرۆکی (بەر تەڤنا مـەهفـورێ)ی جـەلادەت بەدرخانە کـە لە (ژ ٤، ل ١)دا بەهەر دوو جۆرە ئەلفوبایێ (لاتینی و عەرەبی) بڵاوکـراوەتەوە. مێـژووی نووسینی چیرۆکەکە (٥)ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٧)ی لەسەر  داندراوە و لە بێروت نووسراوە. جێگای ئاماژەیە مێژووەکە لەسەر ئەو دانەی بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراوە بەچەوتی نووسراوە (١٩٢٣)... دکتۆر فـەرهاد پیـربـاڵ ئەو مـێـژووەی لە وتاری خـۆیدا. کە لە ڕامـان بڵاوی کـردۆتەوە، بەچەوتی وەرگـرتووە.[١] بۆیەش (١٩٢٧) ڕاسـتـە و (١٩٢٣) چەوتە، چونکە لەناو چیـرۆکـەکـەدا ئامـاژە بەوەکراوە کـە ڕووداوی

(١) د. فەرهاد پیربال، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤)، ١٩٩٧، ل ٤٩.

چیرۆکەکە لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران قەوماوە، واتە لە ساڵی (١٩٢٥). چیرۆکی (بەر تەڤنا مەهفوریێ) باسی خێزانێکی کورد دەکات کە پیاوەکەیە و لە شۆڕشی شێخ سەعید شەهید بووە. بەر لە شەهید بوونی، وەسیەتی کردووە کە کوڕەکەی (گەفو) بچێتە قوتابخانە و خوێندنی خۆی تەواو بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر خزمەتی نیشتمان و میللەتەکەی بکات. دایکی گەفو ئافرەتێکی چالاک و لێهاتوو بووە. گەفو دوو خوشکی هەبووە (رندێ و زیزێ). دوای شۆڕشی شێخ سەعید گوندی بەنگی ئاغا وێران دەبێت و ئەم خێزانە ئاوارەی شار دەبن. لە شار گەفو دەچێتە قوتابخانە و خوشکەکان لە کارگەیەکی مەحفور و چینی ئیش دەکەن. هەر دوو خوشک تووشی زۆر کێشە و ئازیشە دەبن، چ لەبەر باری گرانی ژیان و چ لەبەر ئەوەی بەرپرسەکەیان لە کارگە پیاوێکی تورکە و هەر بەتورکی قسەیان لەگەڵدا دەکات و مامەڵەیەکی ناخۆشیان لەگەڵدا دەکات. لەگەڵ ئەم بارە نالەبارەش رندێ و زیزێ بیر لە وەسیەتی باوکیان دەکەنەوە، کە بەهەر دەردەسەرییەک بێ وا بکەن گەفوی برایان بۆ خەبات و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان پێ بگەیەنن: «ما زیزێ تو نزانی کو خەباتامە ژ بونا گەفویە، ژ بونا خوەندنا گەفویە.

– بەلێ رەندێ چاوان نزانم، وەرنە بووا کەنگێ دێ یامە ئەم ددان خەباتێ.

– نەخوە چرا دگری؟

– تو نابینی ئیدن ناگریم، لێ تشتەک هەیە، ما دنیا تەڤ نە زڤستانە، بوهار و هاڤین وێ ژی هەیە. بلا گەفو ل هاڤینێ بخوینە و ل زڤستانێ تەڤدا ل مالێ رونن، مانابە؟

– د بە زیزێ، لێ باڤێ مە وەساندییە کو بلا گەفۆ زانا ببە، ب زانە رێزکا دنیایێ بگەرینە، ژ بونا وی ژی خوەندنا هاڤینێ تێر ناکە، دڤێت ل زڤستانێ ژی بخوینە. داکو زانا ببە».

هەروەها بۆ سووککردنی کاریگەری جنێودانی سەروەستا (مراقب)ی تورک کچەکان لەناو خۆیاندا دەڵێن: «کو کوردستان ب سەرێ خوە ببە، هنگی هەر تشتێن وەلێتێ مە ژ مە دبن، ئەڤ سەر هوستە ژی ژ کوردان تێتە بژارتن و پرسا کورد نەوەک ئیرۆ پرسا دژوونێ لێ پرسا پەسنێ ببە. نەتنێ سەر هوستە، لێ ژ حاکمان هەتا پالەیان هەمی، ژ مە، ژ مللەتێ مە دێ ببن. وێ گاڤێ ئەڤ زمانێ کو ئەم پێ دئاخێڤین و ژمەرا شیرینە و هەر دەرێ د بێتە گوتن و بهیستن».

لەبەر ناخۆشی ژیان و دوورکەوتنەوەیان لە گوندی خۆیان و نەزانینی زمانی کار، کە زمانی تورکییە، رندێ و زیزێ زۆر خەمناکبوون، جا بۆ لە بیرکردنی ئەو ژیانە تاڵە، دایک و هەر دوو کچ پێکەوە دەگریان و بۆ تازەکردنەوەی ورەی خۆیان سەبووری دڵیان: «دگوهەکێ مەزەلێ دە پشت خەنجەرا بەنگی ئاغا هلاویستی بوو. ژو پێڤە ددەستێن وان دە تو تشتێ وی نەما بوو. ژ خوەرە کر بوون عادەت د دەمێن تەنگی و زیزێ دە ئەو زیارەت دکرن. هەر چاران بەرێن خوە دان خەنجەرێ و کەتن هەمبێزێن هەڤ».

دیارە خەنجەر هەم یادی سەرۆکی خێزانە و هەم رەنجی خەباتی شۆڕشگێڕییە.

نورەدین یوسف لە چیرۆکی (گولێ)دا، کە لە (ژ ٢٩، ل ٨)دا بلاوبۆتەوە، بەپێچەوانەی دیتنی کۆمەڵ بۆ ئافرەت، وێنەیەکی تازە دەکێشێ و هێز و توانای ئافرەت بۆ هەموو کەس ئاشکرا دەکات. گولێ



کچێکی گوندی شادیان بوو باوکی گولێ، بەداری زۆرێ گولێی دایە پیاوێکی گوندەکە. گولێ پیاوەکەی کوشت و خۆی گەیاندە لای (قوچۆ) کە حەزی لێ دەکرد.

قوچۆ سەرۆکی دەستەیەکی چەکدار بوو لە شاخ دەژیا. خەڵکی گوند بەچاوی ئافرەتێکی بەد رەوشت و داوێن تەڕ سەیری گولێیان دەکرد، رۆژێ لەشکری تورکیا هاتە سەر گوندەکە، خەڵکی گوند زۆر ترسان. قوچۆ و دەستەکەی دابەزینە ناو گوند و پارێزگاری و بەرگری کردنیان لە گوندەکە گرتە ئەستۆ، بەڵام کە خەڵکی گوندەکە گولێیان لەگەڵ قوچۆ دی زۆریان پێ ناخۆش بوو، کەوتنە تانە و تەشەر و جنێودان و هەڵبەستنی قسەی بێ بنەما.

دوای دانانی نەخشەی بەرگریکردن لە گوند، گولێ دەستی دایە چەک و بەرەو دوژمن چوو. خەڵکی گوند ئەمەیان بەدەرفەت زانی و کەوتنەبەرێ، دلی قوچۆ لەسەر گولێ سارد بکەن و پێیان گوت، ئەوە گولێ چوو زانیاری بۆ دوژمن ببا و هەر بەردەوام بوون لەسەر ریسوا کردنی گولێ و تاوانبارکردنی بە بەدڕەوشتی، تا وای لێهات قوچۆ دڵی کەوتە خەتەرە هەر ئەو شەوە، لە تاریکیدا گولێ، گەڕایەوە ناو چەکدارەکانی خۆیان، بەڵام قوچۆ تفەنگی لە بەژن و باڵای گولێ ڕاگرت و هەر لەوێ گولێی کوشت.

پاشان شەڕێکی گران لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و دوژمن رووی دا. دوژمن شکستی خوارد و هەڵات. کە شۆڕشگێڕان چوونە شوێنی لەشکری تورکیا دیتیان ئەفسەرێکی تورک کوژراوە و خەنجەری گولێی لەسەر لاشەی بەجێماوە، ئەوسا گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە گولێ ئەو ئەفسەرەی کوشتووە و کوژرانی ئەفسەرەکەش بۆتە هۆی شکانی لەشکری تورک. لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا هاتووە و دەڵێ: «چوون، لێ دژمن بێ ل بەرخوەدان رەڤین، کورد کەتن ئاسیگەهێ، هەر دەر ڤالا بوو. بەتەنێ د ئودەکێ دە تشتەکی ئەجیب دیتن. سەری زابتێ دژمن ژ لاشێ وی هاتبوو برین و مەزەل ب خوین بوو. ل سەر نڤینێ خەنجەرەکە ب خوین دەچرسی. قوچە خەنجەر راکر، وی ئەڤ خەنجەر دابوو گولێ... قوچو کولمکێن خوە گەز کرن و وی پلنگێ کو چیا دهەژاندن ژ بو جارا پێشین گری و گوتە گوندییان: (وە ب من گونە هێ پاشێن دا کرن، ژ گولا قەحپەرە مە قەحپەتی کر».

دیسان چیرۆکێکی تری نورەدین زازا بەناوی (هەڤینا پەریخانێ) لە (ژ ٣٧، ل ٥)دا بلاوکراوەتەوە، رۆڵی ئافرەتی کورد لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان پیشان دەدا. لە پاڵەوانێتی پەریخان دەدوێ، چۆن بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی باوکی لە داگیرکەرانی کوردستان خۆی لەناو ژمارەیەک سەرکردەی دوژمن دەتەقێنێتەوە و خۆی بەقوربانی کوردستان دەکا.

مێژوو و رووداوی مێژووییش جێگای خۆی لەناو چیرۆکەکانی هاواردا کردۆتەوە. ئەو چیرۆکانەی پەیوەندییان بەمێژووەوە هەیە زۆرن. یەکێ لە چیرۆکنووسانی هاوار، پسپۆریی لەم بوارەدا پیشان داوە و چەندین چیرۆکی مێژوویی نووسیوە، ئەویش: (بشارێ سەگمان)ە.

هەر بۆ نموونە: وەکو چیرۆکی (کیلوپاترە) کە لە (ژ ٥٠، ل ٣)دا بلاوکراوەتەوە و چیرۆکی (سەلاحەدین و ریچاردی شێردل) کە لە (ژ ٥١، ل ٣) بلاوبۆتەوە و چیرۆکی (شوشا دلان) کە ئەویش هەر لە (ژ ٥١، ل ٦) بلاوبۆتەوە و چیرۆکی (کەلەها شاهێن) کە لە (ژ ٥٢، ل ٣)نووسراوە.

چیرۆکنووس بشاریێ سەگمان لە پەڕەگرافێکی چیرۆکی (سەلاحەدین و ریچاردی شێردل)دا دەڵێ: «سەلاحەدین، ئیسلامیەت د سەر میللەت و نژادێ خوە، دسەر تشت رەگرت و قەومێ خوە، بژارتە ییێن مللەتێ خوە د رێیا ئیسلامەتییێ دە ب کوشتن دا و مللەتێ عەرەب ب عەسکەرێن کو ژ چیاییێن کوردستانێ دا دهاتن، گهاندە کیشوەرک شاییێ».

بشاریێ سەگمان لە پەڕەگرافێکی بچووکی چیرۆکی (شوشا دلان)دا دەڵێ: «ڤێنا، هنگێ دەه ساڵی بوو، کیلوپاترێ ئەو دیت و عەجباند بوو و ئەوژ خوە رە کربوو نەدیمە. نەدیمەییێن دن ژێ دەدەخسین و دناڤ هەڤ دە دگوتن: (ئەڤ کەچک خوەها مەلیکێ مەیە. بەتلامیوس هەژ ژنکەکە عەرەب دکر. ڤێنا ژێ پەیدا بوویە. بەتلامیوس ژنکا عەرەب کوشت و کەچک ب مروڤەکی خوەرە شاندە دەرڤەیی میسرێ، قەویتی لێ کر کو بەری یا مرناوی کەچک ڤەنە گەرت میسرێ. مێرک کەچک بروچوو. پشتی دەه سالان بەتلامیوس مر.

کیلۆپاترە بووە مەلیکا میسرێ. پەیایێ بەتلامیوس عەمرو دگەڵ کەچکێ یانێ ڤینایێ ڤەگەڕیا مسرێ».

جەگەرخوین، جگە لە شیعر بەهرەی خۆی لە چیرۆکنووسیش تاقی کردۆتەوە. چیرۆکێکی نووسیوە بەناوی (بەهرامێ گور) و لە (ژ ٣١، ل ٦)دا بڵاوی کردۆتەوە، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بابەتێکی مێژووییە، لەم چیرۆکەدا هاتووە: «رۆژا باڤێ بەهرامێ گورجانێ خوە سپارتە حەبانان و تاجا کیانی ب شون خوە ڤەهەشت، بەهرام خورتەکی بەنگی بوو. تاج دا سەرێ خوە و ل سەر تەختێ شاهانی بێ دل ئیشی و سەرگێژی روونیشت، چکو باڤ و باپیرێن ناڤ جوان و جهانگیرێن بێ هەمتا وەلاتێ فارس کر بوون وەکی گوستیلەکێ ئەلماس، بەهرام ب هێسانی و بێ دژواری تلیاخوە تێڕە کشاند. ب ناڤێ باڤ و کالان چەند سالان ب ڤێ ئاوایی وەلاتێ فارس خوار».

(کەڤرێ مووسایێ ئەحمەد) چیرۆکێکی مێژووییە لە نووسینی (ڕاستە دار)ە و لە (ژ ٣٦، ل ٥)دا بڵاوبۆتەوە. لە پەڕەگرافێکدا هاتووە: «لە وەلاتێ شیروان، دبن قەسرا شەبستانێ رە، کەڤرەک هەیە، ژیرە (کەڤرێ موسایێ ئەحمەد) دبێژن. قەسرا شەبستانێ ناڤەکی دن ژی هەیە کەلەها کورماسێ، بەری یا (٨٠ - ٩٠) سالی، گاڤا فەرمانا شێروان رابوو، میرێ وی وەلاتێ سەعید بەگ کوڕێ سالحێ دەلال بوو. سەعید بەگ مێرەکی سەر دەست بوو. شەڕێ دەولەتێ کر و گەلەک جاران رومی شکێناندن و ب کومێن سوور رەنگێ چیایێ خوەئی هەشین کریە سوور بەلەک. لێ کورمێ دارێ و ناڤ دارێ دە خوە تەڤدا».

## تەکنیک و زمانی چیرۆک:

چیرۆک وەک هونەر، تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە و «تەکنیکی هونەری تا ڕادەیەکی زۆر هونەری چیرۆکنووسین لە هونەرەکانی دی، وەکو وتار و ڕیپۆرتاژ نووسین، جیادەکاتەوە.



دەست کورتی لە تەکنیکەکانی هونەریی، ئاستی چیرۆکەکە لاواز و بێ بەها دەکات».[1] وەرچەرخان و بەرەو پێشەوە چوونێکی بەرچاو لە تەکنیکی چیرۆکەکانی هاوار بەدی دەکرێ «گرنگی و بایەخی ئەم چیرۆکانەی هاوار تەنها لە ڕووی چەندایەتی و ژمارەیانەوە نییە، بەڵکو لە ڕووی تەکنیک و ناوەڕۆک و شێواز و زمانی دەربڕینیشیەوەیە، ئەم چیرۆکانەی هاوار جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ چیرۆکە بڵاوکراوەکانی پێش سەردەمی خۆیان (١٩١٣ - ١٩٣٢) هەیە، تەنانەت چیرۆکی هونەری ئەوتۆیان تێدایە، کە بەنموونەی زۆر بەرز و پڕشنگداری چیرۆکی هونەریی کوردی لە قەڵەم دەدرێن».[2] ئەگەر تەکنیکی یەکەمی چیرۆکی کوردی گێڕانەوەی ئاسایی بێ و چیرۆکنووس ڕووداوی چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، ئەوا چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار لەم قۆناغە، تەکنیکی تازەی بەکارهێناوە وەکو: دایەلۆک، چیرۆکی (بەر تەڤنا مەهفورێ)ی جەلادەت بەدرخان کە مێژووی نووسینەکەی بۆ (١٩٢٧) دەگێڕێتەوە، وەک لە ژێرەوەی نووسراوە، تەکنیکێکی هونەری پێشکەوتووی تێدا بەکارهاتووە. لەبارەی تەکنیکی ئەم چیرۆکە، ئەنوەر محەمەد تاهیر دەڵێ: «چیرۆکەکا درێژە و گەلەک هونەرییە، لو کاوێ ژ ئالی تەکنیکی ڤە دێ هێلێت کو هەر بمینیت ژ چیرۆکێت زیندی».[3]

هەروەها د. حوسێن حەبەش لە ئاستی چیرۆکەکانی هاوار دەدوێ و دەڵێ: (یەک ژ تەکوزترین چیرۆکێن د هاوارێ دە بەلاڤ بوویە ل گور دیتنا من چیروکا جەلادەت بەدرخان «بەر تەڤنا مەهفورێ)»یە،[4] بەکارهێنانی دایەلۆگ، یەکێکە لە خاڵە هونەرییە بەرزەکانی ئەم چیرۆکە و لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا هاتووە: «بەلێ، کەفۆ بخوێنە و وەلێت.

- و وەلێت ب فلتینە، ولات ب خەباتا مرۆڤێن خوەندا خەلاس دبە.
- کو خلاس بوو، دێ ببە چی؟
- دێ ببە ب سەرێ خوە.
- کو بو سەرێ خوە؟»

وەک دەبینین دیالۆگ بەکارهاتووە و ناوی پاڵەوانەکانیش نەهاتووە، تەنیا هەر داشێک داندراوە و قسەکە نووسراوە. بەبێ ئەوەی بڵێ: فلان گوتی، فیسار گوتی...

لە تەکنیکدا نەک هەر تەنیا دیالۆگ بەکارهاتووە، بەڵکو زۆر مۆنۆلۆگیش لە چیرۆکەکانی هاوار بەکارهاتوون. ئەم تەکنیکە لە چیرۆکی (لاوکێ من)ی د. کامەران عالی بەدرخان دەکەوێتە بەرچاو، کە لە (ژ ٤، ل ٦)دا بڵاوبۆتەوە. دایکی تاجین کە مێردەکەی پێش پێنج ساڵ لە شەڕێکی نیشتمانیدا

(١) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، ل ١٧٣.
(٢) د. فەرهاد پیربال، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤)، ١٩٩٧، ل ٩٤.
(٣) ئەنوەر محەمەد تاهیر، ڕۆڵی گۆڤارا هاوار بۆ پێشخستنا چیرۆکا کوردیا هونەری، گۆڤاری مەتین. ژمارە (٧٥)، نیسانی ١٩٩٨، ل ٤١.
(٤) د. حوسێن حەبەش، ڕاپەڕینا چاندا کوردی ل گۆڤارا هاوارێ دە. ل ٣٤.

شەهید بوو قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات و لەبەر خۆیەوە دەڵێ: «گاڤا کو فەرمانا کوردان رابوو ئەم هێژ نو زەوجی بوون». یەکێکی تر لە تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکەکانی هاوار، بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی دووەمی تاکە (تو)، ئەویش هەر لەو چیرۆکەی پێشوودا هاتووە، کە دایکی تاجین لە خەیاڵی خۆیدا لەگەڵ مێردەکەی دەدوێ و دەڵێ: «شەڤەکی تو پڕ درەنگ مایی و گاڤا تو هاتی ماڵ، ددەستێن تەدە تفەنگەکە نوو چەند سەد بەرک هەبوون. دلێ من ترسیبیا و رەجفی من ژ تەرە ب دەنگەکێ لەرزی گوت:

(گورگین... دیسان چە هەیە؟ تە ل من ب هیڤینا چاڤان و ب کەسەرا دلان مێزە کر، پاشی ب دەنگەکێ خورت ل من ڤەگەراند: داوەت دست پێ دکە».

دەربارەی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی دووەمی تاک، د. فەرهاد پیربباڵ دەڵێ: «بۆ یەکەم جار دەبینین زمانی دووەمی تاک، بۆ گێڕانەوەی چیرۆک لە لای کامەران بەدرخان بەکارهاتووە». (۱)

هەر لەم چیرۆکەدا ئەو مۆنۆلۆگەی دایکی تاجین باسی مێردەکەی پێدەکا، کە پێنج ساڵە شەهید بووە. ئەم قسەیە بۆ ڕووداوی چیرۆکەکە دەبێ بە(فلاش باک) و باک گراوندێک بۆ ئەو ڕووداوە. ئەم تەکنیکە هونەرییە بۆ ئەو سەردەمە (۱۹۳۲) هەنگاوێکی زۆر تازە بوو. دەربارەی لایەنی هونەریی چیرۆکی د. کامەران عالی بەدرخان، ئەنوەر محەمەد تاهیر دەڵێ: «چیرۆکی دی یا دکتۆر کامەران بەدرخان کو لە (ژ ۲۲، ل ۲) ژ گۆڤارا هاوار بەلاڤ بوویە، دیار دکەت کو وەرار بوون و پێشکەفتنێ د چیرۆکێت ویدا پەیدا دبیت. چیرۆکا (نڤیسەڤان) هەکە ل هاوار ل سالا (۱۹۳۳) نەهاتبا بلاڤ کرن، کەسێ پسپۆر ژی د چیرۆکێ دا باوەڕ نەدکر کو چیرۆکەکا بڤی رەنگی ل وی دەمی بەلاڤ بوویە». (۲)

لەمەوە بۆمان ئاشکرا دەبێ کە زۆر تەکنیکی تازە و نوێ لە ڕێگای چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار بۆ یەکەم جار لە کوردیدا بەکارهاتوون و بوونەتە بناغە و سەرەتا بۆ گەشەپێدانی لایەنی تەکنیکی چیرۆکی کورت.

---

(۱) د. فەرهاد پیربباڵ، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، ل ٤٤.

(۲) ئەنوەر محەمەد تاهیر، ڕۆڵی گۆڤاری هاوار...، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (۷٥)، ل ۲۸.



**بەشی چوارەم**

# بابەتەکانی تری ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا

## ئەدەبی منداڵان:

منداڵی ئەمڕۆ پیاوی سبەینێیە. هەر بۆیە گرنگییەکی زۆر بەپەروەردەی منداڵ دەدرێ تا بۆ سبەینێ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دەستەبەر بکرێ. پەروەردەی منداڵان زۆر لایەن دەگرێتەوە و، گەلێ هۆ و پێداویستی هەن بەشداری لە پەروەردەی دروستیی منداڵ دەکەن، یەکێ لەو لایەنە گرنگانە ئەدەبی منداڵانە.

«وێژەی منداڵان؛ لقێکی نوێ و تازە بابەتی گرنگی وێژەیە، خاوەن تایبەتییەکانی خۆیەتی و جیاوازە لەگەڵ ئەدەبی گەورە، هەرچەندە هەردوو وێژەی منداڵان و گەوران لە ڕووی هونەر و دیمەنەوە یەک دەگرنەوە، بەڵام جیاوازییان هەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە». (۱)

ئەدەبی منداڵانی کورد تا ئێستا سیما و تایبەتێتی خۆی وەرنەگرتووە، چونکە لەمێژ نییە بایەخ بەم هونەرە دەدرێ و تا ئێستا دام و دەزگای تایبەت بەپەروەردە و ڕۆشنبیری منداڵان دانەمەزراوە، ئەگەرچی چەند گۆڤارێک هەن بۆ ئەدەبی منداڵان تەرخان کراون، بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین، چ لەبارەی زۆری و چ لەبارەی دەوریان لە پێگەیاندن و ئاراستەکردنی منداڵان بەگشتی و بەفراوانی، بەپێچەوانەوە داگیرکەرانی کوردستان هەستیان بەگرنگی دەوری منداڵان کردووە، بۆیە هەر زوو هەوڵیان داوە مێشکی منداڵانی کورد بشێوێنن و بەجۆرێ ئاراستەیان بکەن کە لە بەرژەوەندی سیاسەتی شۆڤینی خۆیان بێ و بەپێی توانا دووریان بخەنەوە لە بیروباوەڕ و هەستی نەتەوایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و زانایانی کورد بەپێی توانا و لە چوارچێوەی هەوڵی تاکە کەسیدا، بایەخیان بەم بابەتە داوە. شاعیر و ڕووناکبیری کورد ئەحمەدی خانی بەپێشەنگی نووسینی بەرهەمی منداڵان دادەندرێ، یەکەم کەسە فەرهەنگی (نوبهار)ی پێشکەش بەمنداڵانی کورد کردووە و بەم چەند دێڕە مەبەستی خۆی لە نووسینی کتێبەکە ڕوون دەکاتەوە:

ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی<br>
ناڤێ نوبهارا بچووکان لێ دانی<br>
نەژبو صاحب رەواجان<br>
بەلکە ژ بو بچوکێت کرمانجان

---

(۱) عەبدلسەتار تاهیر شەریف، وێژەی منداڵان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (۱۱۹)، ئەیلولی ۱۹۸۸، ل ۳۱.

وەکی ژ قورئانێ خلاص بن
لازمە ل سەوادێ چاڤ ناس بن.[1]

کاک ئەحمەدی شێخ بەناميلکەی (ئەحمەدی) و لە پاشان پیرەمێرد (١٨٦٧ - ١٩٥٠ز) هاتە مەیدان و ئەویش شوێن پەنجەی بەبابەتی ئەدەبی منداڵانەوە دیارە و چەند سروودێکی بۆ منداڵان نووسیوە، وەکو: (نەشیدی ماتەم)[2] و (ئێمە کوردین).[3] و (ئەی کچینە).[4] پاش ئەوانیش زۆر شاعیری تر سروود و شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە.

گۆڤاری هاوار بایەخی زۆری بەئەدەبی منداڵان داوە و خاوەنی گۆڤارەکە خۆی ئاوڕی چاکی لەم لایەنە داوەتەوە و بەشدارییەکی زۆری لەم مەیدانەدا کردووە. لە هەندێ ژمارەی هاواردا ستوونێکی هەبوو بەناوی (ستونا زاروان) کە بۆ منداڵانی تەرخان کرد بوو و شیعری تێدا بڵاو دەکردەوە: بابەتی ئەدەبی منداڵان لە گۆڤاری هاواردا زۆر پەل و پۆدارە، بابەتی سروشتی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و ئامۆژگاری گشتی و چەندین بابەتی تری گرتۆتە خۆی. لە بواری نیشتمانپەروەریدا، لە (ژ ٢، ل ٢)دا سروودێک لە ستوونی منداڵان بڵاوبۆتەوە بەناوی (تولا وەلێت) کە ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە، دەڵێ:

وەلات وەلات کانی خوەشی؟
قەوی ئیرو تو نەخوەشی
کانی ئەو کەن کانی گەشی؟
چما هولێ وەک دل ڕەشی؟
چما وسا تو بێ مادی؟(*)
ب کوڕێ خوەرە خەبەر نادی؟
کول و کوڤان ژ هەر ئالی
لەورا وەلات وەر دنالی.

وەکو لە ژێرەوەی نووسراوە، مێژووی نووسینی ئەم سرووده بۆ (٧)ی تەمووزی (١٩٣١) (شام) دەگەڕێتەوە. ئەم سرووده بەکێشێکی سووک نووسراوە «ب ئاوایەکی جوان کو بچیک بشێت ژ بەر بکت

(١) سادق بەهائەدین ئامێدی، نوبهارا سەیدایێ مەزن، ئەحمەدێ خانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ل ٢٩.
(٢) پیرەمێرد (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی فائق هۆشیار (و هی تر)، مطبعە الزمان، بەغدا، ١٩٩٠، ل ٣٢٤.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٧.
(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٣.
(*) ماد = میزاج



ئو حەژ وەلاتێ خۆ بکت ئوخۆ بۆ پاشەڕۆژێ ئەیفەز (حازر) بکت».[1] وەنەبێ ئەدەبی منداڵان هەر بابەتی نیشتمانی بووبێ لە هاوار، بەڵکو دیاردەی سروشتی بەشێوەی شیعر و بەشێوازێکی سادە و ساکار نووسراوە. لە (ژ ١، ل ٤)دا، سروودێک لە (ستوونی زاروان) بڵاوکراوەتەوە بەناوی (بوهار)، ئەویش بەکێشێکی سووک نووسراوە بۆ ئەوەی منداڵ بتوانن لەبەری بکەن:

بوهارە، نوه بوهارە
تەبیيەت گش ل کارە
چ هەیا دەدان چ حالە
هەر تشت زەندی رەوالە
بوهارە ئەڤ بوهارە
تەبیيەت گش ل کارە

لە سەراپای ئەم سروودەدا، کە ئەمەی ئێرە کۆپلەی یەکەمیەتی، نووسەرەکە بەوردی ئەو گۆڕانانە دەخاتە بەرچاو کە لە وەرزی بەهاردا بەسەر سروشت دادێن و بەشێوەیەکی زانستی بۆ منداڵانی ڕوون دەکاتەوە. هەر لە ستوونی منداڵاندا، لە (ژ ٣، ل ٢) سروودێکی تر دەربارەی دیاردەی شەو و ڕۆژ بڵاوکراوەتەوە. باسی ئەوە دەکات کە ڕۆژئاوا دەبێت و ئەستێرە و مانگ دەردەکەون:

شەڤە شەڤە روژ چوو ئاڤا
هنگوورێ(*)رە جهێ خوەدا
روژ سافری کەت ل دوران
سورنگا وێ مال بوران
ل شونا خوە ڤالا نەهشت
هێڤ و ستێرک شاندن ژ پشت

د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعرێکی تریدا کە بەناوی (پەهیزە) و لە (ژ ١٣، ل ٢)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی دیاردە و دیمەنی سروشت دەکا و ئەو گۆڕانکارییانە پێشان دەدا کە لە وەرزی پایزدا بەسەر سروشتدا دێن، دەڵێ:

پەهیزە دل پەهیزە
دنێ تاری ب زیزە
پەلێن داران گرینن
جەندە کێن وان برینن

(١) د. بەدرخان سندی، مللینی یا گوڤارا هاوار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٣)، ١٩٩٤، ل ٢٩.
(*) هنگوور: بوولێل، زەردەپەڕ (الغسق بعد الغروب)

گول نە خوینە ب خوینە
وەک برینا هەڤینە
پەلێن داران ل دەشتێ
قەی عەسکەرێن شکەستێ

شاعیر وەسفی پاییز دەکا، کە لەو وەرزەدا گەڵای دار هەڵدەوەرن و پەلوپۆی داران دەشکێ و وەکو لەشکری شکا و پەرشوبڵاو دەبێتەوە.

ئوسمان سەبری وەکو شاعیرێکی کورد بەشداری ئەدەبی منداڵانی کردووە. سێ پارچە شیعری بەناوی (دبستانە)، (بهار)، (تەفدیرا مشکان) لە (ژ ٤٩، ل ٧)دا بڵاوکردۆتەوە. لە شیعری دبستاندا دەڵێ:

دەسپێک ب ناڤێ یەزدان
ئەڤە دچم دبستان
دڤێ ئیدی بخوینم
بو زاستیێ ببینم
دا هەر تشتی بزانم
هەیا کوپێ بکانم
بەری ڤی یا گەلێ من
نەزان ما بوون مێر و ژن.

گۆڤاری هاوار نەبەس شیعر و سروودی منداڵانی بڵاوکردۆتەوە، بەڵکو چیرۆکی منداڵانیشی بڵاوکردۆتەوە، لە (ژ ٣٠، ل ١٣)دا نووسەرێک بەنازناوی (دەرکەتیکی دێرسمی) کە بەلای (فرات جەوەری)ەوە[(١)] ئەمە نورەدین زازایە، چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوە، بەناوی (کوردیەکن) و لە ژێر ناونیشانەکەیەوە نووسیویە «شاگردێن سنفەکێ وەک زاروێێن مالەکێنە»، هەروەها نووسیویەتی «ژ بو بچوکێن کوردان» واتە بۆ منداڵانی کورد. نورەدین زازا لەم چیرۆکەدا باسی واقیعی ئەو سەردەمەی کوردستان دەکا و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ئەوەیە، کە کوڕە کوردێک لە شاری مووش ئاوارە دەبێ و دەچێتە شاری جزیرە، لەوێ دەچێتە قوتابخانە، مامۆستا قوتابییەکی تر هان دەدا بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو قوتابییە ئاوارە و تازە هاتووە بدەن، پێیان دەڵێ: «زاروێێن من، دڤێ هون ئیرو پر کێف خوەش بن! نهو ژوەرە ژ کوردێن ژورین هەڤالەک تێ. ئەو ل مووشێ هاتییە دنێ، ل جییەکی دوور، ژ کەناری باکورێ کوردستانێ، قەدرێ وێ بگرن، ژ بەرکو ئەڤ کوڕێ جییەکی کوردستانێیە کو ژ مللەت رە مروڤێن ب ناڤ و دەنگ، خەباتکارێن باش و، لەشکرێن هێژا ب خوەدی کرنە و ئیرو ژی دکە.

(١) فرات جەوەری، نورەدین زازا و چیرۆکنڤیسکاری یا وی، گۆڤاری بەربانگک، ژمارە (٧٦)، ئابی ١٩٩١، ل ٢٣. (لاتینی)



هەژی وی بکەن کورێن من! دا کو ئەو غەریبیا خوە نەینە بیرا خوە. دابزانە کو زاروکەکی کورد ل هەر دبستانا کورد و ل هەر دەرێ کوردستانێ ژ خوەرە زوو هەڤالان و بران پێدا دکە».

ئنجا مامۆستا لەسەر نەخشەی کوردستان جێگای شاری مووش دەستنیشان دەکات و پێشانی قوتابیانی دەدا. پاشان داوا لە زیرەکترین قوتابی پۆلەکە دەکا کە بەناوی هاوڕێکانی بەخێرهاتنی ئەو قوتابییە نوێیە بکەن. هەموو قوتابییەکان پێکەوە لە شادی و خۆشیدا چەپڵە لێدەدەن، لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هاتووە. «کورکەکی ژ سلێمانییێ ژێرە رەسمێ سەرایا سلێمانی شاند، من بالا خوە دا، ئالا رەنگین سەررە پێل ددا و دچرسی»، واتە: کوڕێکی خەڵکی سلێمانی وێنەی سەرای سلێمانی پێشکەش بەو قوتابییە کرد و کە سەیری وێنەکەم کرد ئالای ڕەنگینی کوردستان لەسەر سەرایەکە زۆر بەرز و گەشاوە دیار بوو. هەر نورەدین زازا، لە (ژ ٣٢، ل ٢)دا چیرۆکێکی بەناوی (شیرەتێن ئەحمەدێ خانی) بڵاوکردۆتەوە. لە چیرۆکەکەدا هاتووە، کە ڕۆژێک ئەحمەدی خانی شەست منداڵی کوڕ و کچی کوردی بردە ماڵی خۆیان و داوەتی کردن. پاش تەواو بوونی خواردن ئەحمەدی خانی لەناویان دانیشت و ئامۆژگاری کردن و گوتی: «هون بچوکن، هون گەشن، بێ دەرد و غەم دلە یزن و دکەڤن، ئەڤ دەما دل خوشییێیە، ئەگەر هون د خوازن هەر گاڤ بەختیار بن و تو جاران پڕ بەدبەخت نەبن ل دو تشتان بگەرن: هەژ کرن و خەبات. کی هەژی وە دکە هەژی وی بکن.

ئیرو هەژی مەرڤێن خوە بکن، هەژی دیا خوە، هەژی باڤێ خوە بکن، هەژی هەڤالێن خوە بکن، بشترە هونێ هینی هەژ کرنا دی یامە گشان کوردستانێ بن». نووسەر چەندین ئامۆژگاری تری لەسەر زاری ئەحمەدی خانی پێشکەش بەمنداڵانی کوردستان کردووە.

هەر لە بواری چیرۆکدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە چەندین چیرۆک لەسەر زمانی گیانداران (فابل) لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاوکراونەتەوە. دیارە پاڵەوانی ئەم جۆرە چیرۆکانە ئاژەڵن و زیاتر لەگەڵ سروشتی دەروونی منداڵان دەگونجێن، بۆیە ئەم جۆرە چیرۆکانە دەچنە خانەی چیرۆکی منداڵانیشەوە. لە گۆڤاری هاواردا، وەنەبێ هەر تەنیا شیعر و چیرۆک لە بواری ئەدەبی منداڵان بڵاوکرابنەوە، بەڵکو هەندێ هونەری تری پەخشانی کوردیش بۆ منداڵان نووسراون، وەکو نامە. لە گۆڤاری هاواردا دوو جۆرە نامەی منداڵان بەدی دەکرێن: نامەی لە منداڵانەوە و، نامە بۆ منداڵان. لە (ژ ٨، ل ٥)دا منداڵێکی تەمەن (١٣)ساڵی بەناوی وەجدی جەمیل پاشا نامەیەکی لە ژێر ناوی (هاوارەک) بۆ خاوەنی هاوار ناردووە، گلەیی لەوە دەکات کە هەر چەندە منداڵە و دەچێتە قوتابخانە، بەڵام داخی ئەوەیە بەزمانی کوردی ناخوێنێ، بەڵکو بەزمانی بێگانە دەخوێنێ، لە شوێنێکی نامەکەدا هاتووە: «ئاپو، تو نزانی هاوار ب مە چ قاس خوەشە، چ قاس دەلال و بەهایە. تو نزانی چرا ئاپۆ؟ ژ لەورا کو ئەڤ سێ چار سالن ئەز ددبستانا بیانیان دە دخوینم، هین ئەز ب خوە نەحسیابوم لێ ئەڤ هاوارا دل شەوات ئەز دین کرم. شەڤ و روژ دخوینم، بەندێن وێ ژ بەر دکم و، دیسان ژێ تێر نابم. ئەز و هەڤالێن خوە ئەم د ناڤ هەڤ دا شێورین. بەلێ هەرچی کو ب زمانێ مەهاتە نڤیساندن ژ مەرا هێسانییە، خوەندنا وێ ب کێفە. کو مە ئەو جارەکێ خوەند ئێدی ژ بیرا مە ناچە ماژ بونا هەر کەسی ژی نە وسانە. هەرێ زمانێ هەر

کەسی ژێرە شیرین و هێسانییە».

جۆری دووەم ئەو نامەیە کە ئاراستەی منداڵان دەکرێ. مەرجە لە نووسینی ئەم جۆرە نامەیە هەست و سۆز و باری دەروونی منداڵ ڕەچاو بکرێ و، بەشێوەیەکی وەها بنووسرێ کە لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوە و باری دەروونی و حەز و ئارەزووی منداڵ بگونجێ و، کاریگەرییەکی باشی لەسەر بکات. جەلادەت بەدرخان دوو نامەی بۆ کچ و کوڕی خۆی (سینەم و جەمشید) نووسیوە، کە ئەوساکە لە بیروت بوون. نامەی یەکەم لە ڕۆژی (١٢)ی نیسانی (١٩٤٢) لە (ژ ٤٤، ل ٣)دا بڵاوبۆتەوە و نامەی دووەم مێژووی نووسینی لەسەر نییە، لە (ژ ٤٨، ل ٢)دا بڵاوکراوەتەوە. لە نامەی یەکەمدا دەڵێ: «زارونۆ! ئەڤ بونە دەهـ پانزە روژ وە تەرکا مالا باڤێ خوەدا و هون چونە بێروتێ نک مامێ خوە. باوەر بکن ئێدی وەختە کو ئەم ل سەر ڤێ چوینێ هنەک خەبەر بدن، بڤێ نەڤێ هون ژی هونێ بخوازن بزانن دپەی وەڕە و بێی وە دەرگەهێ مالا باڤێ وە چاوان دخویە و د پەرگارا مالا وە دە چ هاتییە گوهەرتن و ئەڤ چاوان گوهێرییە و بڤێ گوهارتنێ گەلو ئەم رازینە، ئان ئەم بێری یا وەختێ بەرێ، وەختێ کوهون ل مال بوون، دکن».

جەلادەت بەدرخان لە نامەی دووەمدا، باسی کۆچەر و کوێستان بۆ منداڵەکانی خۆی دەکات. نامەکە زۆر دوور و درێژە، لە پێشەکییەکەدا هاتووە:

«ژ جەمشید و سینەم خانێ ڕە، ێین کو بەرێ خوە دانە زوزانان و ئیرو د هاڤینگەها زەبەدانێ دەنە. زارونو! دیاوە، هورو مورێن وە ددان هەڤ، هون کار دبون. مە ژ وەرە گوت بوو کو هونێ هەرن زەبەدانێ. وە ژ من پرسی: زەبەدانێ چییە؟ ئەو ژی وەک باژارێ شامێیە؟ من ژوەرە گوت بوو، نو زەبەدانێ نە باژارە، زەبەدانێ زوزانە، هاڤینگەهە. وە دیسان پرسی: ما زوزان چییە؟ منێ ژوە رە بدایا زانین، لێ نزانم چ کەتە ناڤێ و شتە خالی یا مە هاتە برین. نهو گوهـ بدن، ئەزێ ژ وەرە دستونێن. هاوارێ دە ببێژم زوزان چییە؟...» نامەکە درێژە و نووسەر پێدادەچێ باسی زوزان بۆ ڕۆڵەکانی دەکات.

### لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە کوردیدا درەنگ دەستی پێکردووە. یەکەمین بەرهەم وەکو کتێبێکی سەربەخۆ دەربارەی ئەدەبی کوردی بەزمانی کوردی نووسرا بێ (ئەنجوومەنی ئەدیبان)ی ئەمین فەیزییە کە ساڵی (١٩٢٠) لە ئەستەنبوڵ چاپ بووە، «گرنگی و بێ هاوتایی ئەم کارە لەوەدایە کە یەکەم: بۆ دەست پێکردنی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی ئێجگار سوودبەخش بووە،

دووەم: لەم هەنگاوەدا ئەمین فەیزی بەگ هاوشانی نەبووە لەو سەردەمەدا».[1] دووەم بەرهەم لەم بوارەدا (کۆمەڵە شیعری شاعیرانی کوردە)[2] لە نووسینی عبدالکریم هەکزی کە ساڵی (١٩٣٨) لە

(١) ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجوومەنی ئەدیبان، تۆژینەوەی لیژنەی وێژە و کەلەپوور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٥.

(٢) د. معروف خەزنەدار، موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، ترجمة د. عبدالحميد شيخو، بيروت، ص ٩.



بەغدا چاپکراوە. دەستنیشانکردنی ئەم دوو بەرهەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ کاری تر نەکرا بێ، بەڵکو ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پێش ئەوانیش دەوری خۆی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بینیووە. یەکێ لەو گۆڤارانەی کە دەوری دیار و بەرچاوی خۆی هەبووە لە گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گۆڤاری هاوارە. هەڤند سوری کە نووسەرێکی ئەم گۆڤارەیە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بەزنجیرە لە ژمارەکانی (٥ – ٧ – ٨)دا بڵاوکردۆتەوە. نووسینەکەی تێکەڵە لە تیوری ئەدەب و مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی. چەند تێبینییەکی بچووکیشی تێدایە بۆنی ڕەخنەی ئەدەبی بەراوردی لێ دێ. لەبارەی پێناسەی ئەدەب، هەڤند سوری لە (ژ ٥، ل ١)دا دەڵێ: «ئەدەبیات پێکهێنان و گوتنی مێشک و فیکری ئینسانە بەچەشنێکی جوان و خۆش و صاف کە تەئسیر بکات لەسەر ئینسان، ئایا ئینسان غەمگین و دڵتەنگ دەکات یان فەرەحناک و دڵخۆش و کێفداری دەکات. ئەدەبیات ئەو شتانەیە کە لە دڵی ئینسان گرد دەبێتەوە و دێت و دەچێت و دەری دەکاتە دەرەوە و دەیڵێت بەزمانێکی شیرین و جوان».

لەبارەی گرنگی ئەدەب و پەیوەندی بەژیانەوە، پشت بەڕایەکی عەباس مەحموود عەقاد دەبەستێ کە دەڵێ: «ژیان چییە و ئەدەبیات چییە؟ دوو شتی لە یەک شت دروستکراون و بەیەک دەزوو چێنراون و لە یەک کارخانە دەرچوونە، لەمەوپێش خەڵک پێی نەدەویست کە بۆیان ئیسپات بکەن کە ئەدەبیات بەبێ ژیان پێک نایێت، بەڵام ئێستاکە زۆر پێویستیانە کە بۆیان ئیسپات بکرێت کە ژیان بەبێ ئەدەبیات نابێت». ئەم پێناسە و بۆچوونەی هەڤند سوری هەرچەندە بۆ ئەمڕۆ شتێکی سادە و ساکارە، بەڵام ئەوسا (١٩٣٢) هەنگاوێکی گرنگ بوو لە داڕشتنی تیوری ئەدەبی.

لە (ژ ٧، ل ٣)دا هەڤند سوری درێژە بەلێکۆڵینەوەکەی دەدات و دێتە سەر باسی مێژووی ئەدەب و قۆناغەکانی و پەیدا بوونی هونەرەکان دیار دەکات. ئەدەبی یۆنانی دەکا بەبەردی بناغە و، ئەدەب بەو هەڵدەسەنگێنی و دەڵێ: «بەڵێ، ئەدەبیاتی کوردی لە زەمانی کۆنی پێشوودا (گۆرانی) بوو. کوردانی زەمانی پێشوو فکر و مێشکی خۆیان، ئاواتی دڵیان، هەموو بەهەڵبەست ڕێکخستووە و دەستیان کردووەتە بێژین و گوتنی ئەو هەڵبەستانە بەگۆرانی، کوردانی پێشوو – هەر وەکو بەشێک لە کوردانی ئیمڕۆش – ئاواتی دڵی خۆیان بەهەڵبەست داناوە و، ئەو هەڵبەستانەیان بەگۆرانی گووتوە، لە دامەنی چیاکان، یان لەسەر ڕووباران، یان لەسەر کانی و سەرچاوەکان بەبلوور یان بەشمشاڵ ئەو هەڵبەستانەیان گووتوە. ئینجا نەختە نەختە ئەمە سەرکەوتووە... دەستیان کردووە بەڕێکخستنی ئەو شتانە، ئەحوالی ئەو پیاوە بڵندانە بەچەند هەڵبەستێکی چیرۆکیی دوور و درێژ.. هەر بەو چەشنە ئەدەبیاتی کوردی لە پایەی گۆرانییەوە سەرکەوت بۆ پایەی چیرۆک و، کوردەکان دەستیان کردە دانانی هەڵبەستی چیرۆکی یان ڕێکخستنی چیرۆکی خۆیان بەشکلی هەڵبەست».

پاشان هۆی پەیدا بوونی ئەدەبی کۆمێدی بەمەدەنییەت – شارستانییەت – دەبەستێتەوە و هۆی نەبوونیشی لەناو کورد هەر بۆ ئەوە دەباتەوە کە هێشتا هەتاوی مەدەنییەت کوردستانی ڕووناک نەکردۆتەوە: «ئەدەبیاتی کۆمێدی بەستراوە بەقەومە بڵندە موتەمەدینەکانەوە و زۆر پێویستی مەدەنییەتە و چونکە هێشتا هەتاکو ئێستاکە بەتەواوەتی پروشکەی هەتاوی مەدەنیەت وڵاتی کوردستانی ڕووناک

نەکردۆتەوە و، شاران و دێهاتی کوردستانیان بەبەرگی جوانی مەدەنیەت نەڕازاوەتەوە، لەبەر ئەوە ئەدەبیاتی کۆمێدی لە کوردستاندا دەرنەکەوتووە و ئەدەبیاتی کوردی هێشتا نەگەیشتووەتە پایەی سێیەم». بەم جۆرە هەڤند سوری باوەڕی بەگەشەسەندن و پەرەسەندن و یەک لە دوای یەک هاتنی ژانرەکان هەیە، ئەوەیە یەکەم جار شیعری گۆرانی، ئینجا چیرۆکی شیعری و پاشان کۆمێدی دەرکەوتووە. هەڤند گەشەسەندنی ئەدەبیات بەگشتی بەمەدەنیەت دەبەستێتەوە، تا مەدەنیەت زیاتر پێش بکەوێ ئەدەب زیاتر دەبووژێتەوە و گەشە دەکا، «هەرچەندە مەدەنیەت لە کوردستاندا بلاو بێتەوە، ئەوەندە ئەدەبیاتی کوردی سەردەکەوێت و بەرز دەبێت».

ئینجا بەلای ئەدەبی بەراوردەوە دەچێ و لە ڕێی مەم و زینەوە دەیەوێ بچێتە ئەو مەیدانەوە و دەپرسێ: «ئایا هەڵبەستی چیرۆکی (مەم و زین) چ فەرقێکی هەیە لەگەڵ هەڵبەستی چیرۆکی یۆنانی کۆن (ئیلیادا)؟ ئایا ئەو هەڵبەستانی چیرۆکی کە ئیمڕۆ لە ئەوروپا دەیبینین چی فەرقێکی هەیە لەگەڵ هەڵبەست و چیرۆکی ئیمڕۆ کە لە کوردستاندا بلاوبۆتەوە؟...» پاشان بۆ نموونە؛ هەڵبەستی چیرۆکی (شیعری لەشکری) نووسیوە کە لە ناوچەی سۆران بەناوبانگە...

لە (ژ ٧، ل ٤)دا وتارێک لە ژێر ناوی (جەواب نامە)دا بلاوکراوەتەوە. ئەم وتارە وەڵامە بۆ وتارێکی ڕەخنەیی، کە لە ژمارە (٢٤)ی گۆڤاری زاری کرمانجی بلاوکرابووەوە و ڕەخنەی لە شیعرێکی (حلیم رفقی).(*) کە نووسەری (جەواب نامە)یە، گرتبوو. بەڵام بۆچی ئەم جەواب نامە لە گۆڤاری زاری کرمانجی بلاوکراوەتەوە؟ نازانم. حلیم رفقی لە لایەکی جەواب نامەکەیدا دەڵێ: «مەقالەیەک کە حەوت ساڵ لەمەوپێش لە تەنقیدی شیعرێکدا لە دەفتەری خاطیراتی خۆتا نووسیوتە ئیمڕۆ ئەیخەیتە ساحەی ئینتیشارەوە و لە جەریدەی زاری کرمانجی عەرزی خوێندەوارانی ئەکەی... هەرچەندە تەنقیدەکەت بەڕاستی مەعقوول و مەقبولە بەڵام ئەگەر عاجز نەبی دەڵێم کە بۆ نەشری ئەو تەنقیدە لە ئینتخابی زەماندا ئیصابەتت نەکردووە، چونکی تەنقیدی فیعلێک ئوصولەن یا لە وەختی کردنی ئەو فیعلەدا و یا لە عاقیبەوە دەکرێت، ئەگەر وا نەبووایە تەئریخ بۆ ئێمە نەدەبوو بەدروسی عیبرەت، ثانیەن تەنقیدێک ئەبێ تەوجیهی هەدەفێکی موعەیەن بکرێ. ئەگەر وانەبێ بێ عەکسی صەدا ئەمێنێتەوە».

دیارە حلیم رفقی ڕای وایە دەبێ هەموو ڕەخنەیەک (تەنقید)، لە کاتی خۆی و بەئامانجی خۆی بکرێ ئەگەر نا سەرکەوتوو نابێ.

کێش وەکو لایەنێکی گرنگی شیعر لە کوردیدا لە زووەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە، کۆنترین لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا بۆ (نوبهار)ی خانی دەگەڕێتەوە و ئینجا (ئی. بی. سۆن لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)دا... قسە لە کێشی شیعری کوردی دەکا).(١) دیسان هەر دەربارەی کێشی شیعر، شێخ نوری شێخ ساڵح لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ساڵی (١٩٢٦ – ١٩٢٧)دا زنجیرە وتارێکی لە ژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی)دا

(*) لەوە دەکا (حلیم رفقی) هەڵگەڕاوەی ناوی (ڕەفیق حلمی) بێ.

(١) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کوردی، هەولێر، ١٩٩٩، ل ١٩.



نووسیوە و چەند ئەڵقەیەکی بۆ باسی کێشی شیعر تەرخان کردووە.(١)

گۆڤاری هاوار ئاوڕی لەم بوارەش داوەتەوە و جەگەرخوین لە (ژ ٢٢، ل ١)دا لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی (هەسپێن خوەشخوانێن کوردی) نووسیوە و باسی کێشی بڕگەیی ڕەسەنی خۆماڵی کوردی دەکات، چوار جۆرە کێش دەستنیشان دەکات و لەباتی وشەی کێش (دەریا، بەحر) وشەی (هەسپ) بەکاردێنێ. چوار کێشەکە (هەسپەکە) ئەمانەن:

(چەلەنگ، لاغر، سڤک، ڕەوان)، دەڵێ: «هەسپێ چەلەنگ دوو گاڤان داڤێژە. هەر گاڤەکی پێنج موڤک هەنە) لێرە ئەم زاراوانە دەکەونە بەرچاو = هەسپ = کێش، چەلەنگ = جۆرێکە لە کێش، گاڤ = هەنگاو = پێ = تفعیلە، موڤک = بڕگە، مەقتەع»، جەگەرخوین ئەم نموونەی خوارەوەی بۆ هەسپی چەلەنگ داوە:

گاڤا پێشی: گاڤا پاشی:

ئەزو دەلالێ/ چوونە قرشکا

موڤک/ ئە ز – و – دە – لا – لێ // چو – نە – قر – ش – کا

١ . ٢ ٣ ٤ ٥ //١ ٢ ٣ ٤ ٥

تێبینی: لە گاڤا پێشیدا دوو بڕگەی پێشەوە بەم جۆرە دابەش بن باشترە ئە – زو.

– ئێ لاغر دوگاڤان دا ڤێرە، هەر گاڤەکێ شەش موڤک تێ دەهەنە:

گاڤا پێشی: گاڤا پاشی:

بشار و نەماوو دورا گوند گریاوو

موڤک/ ب – شا – رو – نە – ما – وو// دو – را – گوند – گر – یا – وو

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ //١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦

– هەسپێ سڤک دو گاڤان داڤێژە. هەر گاڤەکی حەفت موڤک تێ دەهەنە:

گاڤا پێشی: گاڤا پاشی:

زەکو زەکو زەینەبێ هات کاروانێ حەلەبێ

موڤک/ زە – کو – زە – کو – زەی – نە – بێ// هات – کار – وا – نێ – حە – لە – بێ

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

هەسپێ ڕەوان دوگاڤان داڤێژە. هەر گاڤەکی هەشت موڤک تێ دەهەنە:

گاڤا پێشی: گاڤا پاشی:

(١) د. کامل بەسیر، شێخ نوری شێخ ساڵح لە کۆڕی ڕەخنەسازی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٣٣ – ٤٢.

بەژنا زراڤ شڤا زێڕو                    پوز ب قولی خزێم تیرو

موڤک/ بەژ - نا - ز - راڤ - ش - ڤا - زێ - ڕۆ// پوز - ب - قو - لی - خ - زێم - تێ - رو

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨

جەگەرخوین لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاماژە بۆ خاڵێک دەکا کە پێویستی بەلێ وردبوونەوە هەیە. ئەو ڕای وایە هەسپێ چەلەنگ و هەسپێ لاغر (دە بڕگەیی و دوانزە بڕگەیی) لە شیعری کوردیدا کەم بەکاردێن و هەسپێ سڤک و هەسپێ ڕەوان (چواردە بڕگەیی و شانزە بڕگەیی) زۆر بەکاردێن. چونکە ئەوەی تا ئێستا ساغ بۆتەوە لە کێشی خۆماڵی کوردیدا کێشی دە بڕگەیی لە هەموویان زیاتر بەکاردێت، تەنانەت گۆران بەکێشی نەتەوەیی کوردی داناوە.(١)

هەر لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا جەلادەت بەدرخان بەنازناوی هەرەکۆل ئازیزان لە (ژ ٣٣، ل ٦)دا لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ژیانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە ژێر ناوی (کلاسیکێن مە ئان شاعر و ئەدیبێن مەئێن کەڤن) بڵاوکردۆتەوە. لە دەستپێکی باسەکەدا پێناسەی کلاسیک دەکات دەڵێ: «لێ بەرێ ئەولێ دڤێت ئەم ل بێژەیا (کلاسیک)ی هور بن. ژ بەر کو ئەڤ بێژە ب مە نە ناسە، د ئەدەبیاتا مللەتێن ئەوروپایی دە هەیامەک هەیە ژێرە هەیاما کلاسیکان دبێژن. ئەو هەیاما کوتێ دە شاعر و ئەدیبێن کلاسیک رابوونە.

ژوان ئەدیب و شاعران ب خوە ژی کلاسیک دبێژن. ئەوان ئەدیبێن ها تەقلیدی ئەدیب و شاعرێن یۆنان و لاتینی دکرن و ل گورا ئوصول و قاعدەیێن وان دنڤیساندن. گەلەک بالا خوە ددان وان ئوصول و قاعیدان، یان گەلەک ئوصول و شکلپەرەست بوون. ژ ئەدەبیاتێ پێڤە هەر تشتێ رە کو دوەختێ کەڤن دەو ب ئوصولەکە بژارتە هاتە چێکرن کلاسیک دبێژن».

ئینجا لەبارەی ئەو سەرچاوانەی زانیاری لەسەر شاعیرە کلاسیکییەکان لێ وەرگرتوون دەڵێ: «دڤێ بابەتێ دە، ددەستێن مەدە تو وەسیقە نینن. تشتێن کو ئەز پێ دزانم، من پری وان ژ شێخی رەحمەتی، عەبدولڕەحمانێ گارسی بهیستینە. ژ ملێ دن دکتێبا کورد زانێ ئورس ئەلەکساندر ژابادە دەرحەقێ ئەدەبیاتا کوردی هن نوت هەنە. ژابا ژ مەلاکی کورمانج رە دحەقێ ئەدەبیاتا مەدە بەندەک دابو نڤیساندن».

دیارە مەبەست لەو مەلایە، مەلا مەحموودی بایەزیدییە. جەلادەت بەدرخان ڕەخنەی لە هەندێ لەو زانیارییانە گرتووە کە مەلا بەژابای داوە لەبارەی ژیانی هەندێ شاعیرەوە. دەڵێ: «ئەوی مەلایێ د بەندا خوەدە قالا تاریخا بوون و وەفاتا هەر شاعری ژی کرییە. لێ وەر دخویە کو مەلا دڤان تاریخان دا شاشە. مەلێ ئەو بێی کو ب راستی یا وان بزانە، ژبەر خوە دە و تەخمین گوتنە ول هەڤ سوار کرنە».

نووسەر لەسەر لاپەڕەکانی هاواردا باسی ژیان و بەرهەمی (٢٦) شاعیری کلاسیکی کوردی کردووە و نموونەی شیعری بۆ هەندێکیان هێناوە. شاعیرەکان ئەمانەن: عەلی حەریری، مەلایێ جزیری، فەقەهێ

(١) گۆران: ئەو کێشە بڕگەییانەی ئێستا باون، ژین، ژمارە (٢) ٢٧ /٥/ ١٩٧١.



تەیران، مەلایێ باتە، ئاغایێ بێداری، ئەحمەدێ خانی، سمایلێ بایەزیدی، شەرەفخان، مرادخان، سیەهپوش، ئاغایوک، مەولانا خالید، مەلا یەحیایێ مزووری، مەلا خەلیلێ سێرتی، شێخ عەبدولقادرێ گەیلانی، حاجی فەتاحێ هەزرویی، شێخ محەمەد هادی، شێخ عەبدلڕەحمانێ تاخێ، نالی، شێخ رەزا، حاجی قادری کۆیی، شێخ نورەدینی بریفکی، عەبدلڕەحمانێ ئاختەبی، عەلی تەرەماخی، مەلا یونسێ ئەرقەتینی، مەلایێ ئەرواسێ.

جەلادەت بەدرخان لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا باسی کتێبێک دەکات و دەڵێ: «د ڤێ پاشیێ کتێبەک کچک کەتییە دەستێن من. کتێبەکە مەوزون. تێدە قالا حسابێ کرنە. ئەڤن چەند بەیتێن وێ:

نەهـ جاران نەهـ ب خوە حسێب کە ب تەمام

هەشتێ و یەکن، تو بزان، یا ئەز خولام

هەشتت جاران چارچەندن ئەیا شیرین برا

ئەو سیهـ و دوونە هەرچی زێدە ژ تەرە

حەفت جاران پێنج چەندن ئەیا تفلێ بچووک

ئەو سیهـ و پێنجن دا کو پێ نەبی خودوک»

ئاماژە بەوەش دەکا کە لە کۆتایی کتێبەکەدا شەرحێک بەعەرەبی هەیە. بەپێی ئەو شەرحە نووسەری کتێبەکە ساڵی (١٣٤٥)ی ڕۆمی کتێبەکەی نووسیوە، وەک جەلادەت بەدرخان دەڵێ پێش حەڤدە ساڵ، بەڵام شوێنی نووسینی کتێبەکە دیار نییە.

### وەرگێڕانی ئەدەبی:

وەرگێڕان چالاکییەکانی مرۆڤایەتییە، دەوری لە لێک حاڵیبوون و لە یەکگەیشتنی گەلان و خەڵکانی خاوەن زمانی جیا هەیە. وەرگێڕان جۆری زۆرە و سوودی تایبەتی خۆی هەیە و، تەنانەت گیروگرفتی تایبەتیش هەیە بەوەرگێڕان بەگشتی و، وەرگێڕانی ئەدەبی بەتایبەتی. وەرگێڕان ڕابردوویەکی دوور و درێژی هەیە، «دەستنیشانکردنی مێژووی وەرگێڕان لە جیهاندا، کارێکی ئەستەمە، لەو ڕۆژە میللەتە جیاوازەکان تووشی یەک بوون، پێویستیان بەوە بووە لە یەکتر بگەن، لەوێوە زانینی زمان و وەرگێڕان دەوری خۆی گێڕاوە».(١) بەڵام ئەوەندەی هەیە کە «وەرگێڕان ئەوەندەی کۆنی شارستانیەتی و نووسراوە بنەڕەتییەکان کۆنە - بگرە لەوانیش کۆنترە».(٢)

هەر میللەتێک بەپێی ڕادەی پێشکەوتنی و بەگوێرەی پێویستییەکانی خۆی گرنگی بەوەرگێڕان داوە،

(١) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، ل ٢١٧.

(٢) د. یوئێل یوسف عزیز و هی تر، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، ل ٢٧.

هەر لە سۆمەرییەکان و ئاشوورییەکان و بابلییەکانەوە تاکو «ولاتە هاوچەرخەکان هەستیان بەگرنگی وەرگێڕان کردووە و، وەکو چەکێکی کاریگەر بەکاریان هێناوە لە پڕوپاگەندەی ڕامیاریدا و، ئەوەی سوودبەخش بوو بۆ بەهێز کردن و پتەوکردنی هەڵوێستەکانیان و بیروباوەڕەکانیان وەریانگێڕا بۆ سەر زمانی دوژمنەکانیان و دۆستەکانیان و لە ڕێگەی ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ڕاگەیانرا و لە کتێب و نامیلکەدا بلاوکرانەوە و هەموو جۆرە ڕێگەیەکی ڕاگەیاندن لە پێناویاندا تەرخان کرا».

لە سەردەمی ئێستادا، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنولۆژیا و سیاسەتی جیهانگیری کە ئەمڕۆ باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، وەرگێڕان بەپێی پێویستی ئەم سەردەمەمان برەوی پەیدا کردووە. وەرگێڕانی ئەدەبی ئەگەر لە وەرگێڕانی بوارەکانی تر گرنگتر نەبێ کەمتر نییە، چونکە وەرگێڕانی ئەدەبی جگە لە گواستنەوەی بیر و هەست و سۆز لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، داهێنانیشی تێدایە: (وەرگێڕانی ئەدەبی و بیریی، کارێکی داهێنانی بەرزە لە ڕووی گرنگییەوە شان دەدا لە شانی گرنگیی نووسراوە بنەڕەتییەکان و ئاسۆی نوێ لە پێش کەلەپووری ئەدەبی نەتەوەییدا فراوان دەکاتەوە و کەرەسەی کەلەپووری بیریی دەوڵەمەند دەکا).(١) لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری شاعیران و ڕۆشنبیرانی کلاسیکی کوردی ئەوانە بوون کە لە مزگەوت بەزانستە ئایینییەکان پێگەیشتوون و زمانی ئەو زانستانە زمانی بێگانە بوو، جا چ عەرەبی بێ یان فارسی یان زمانی تر و لە ڕێگای ئەو زمانانە ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕۆشنبیری و ئەدەبی ئەو گەلانە پەیدا کرد و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو ئەدەبانە. هەندێ لەو شاعیر و نووسەرانە بەرهەمی خۆیان بەزمانی بێگانە نووسیوە یان (شیعری شاعیرانی فارس و تورک و عەرەبیان وەرگرتووە و لەگەڵ شیعرەکانی خۆیاندا تێهەڵکێشیان کردووە).(٢)

ڕۆژنامەگەریی کوردی چۆن بوارێکی بەپیت بوو بۆ ڕسکانی هەموو هونەرەکانی ئەدەبی کوردی، ئاواش کەشوهەوایەکی لەبار بوو بۆ بووژانەوە و گەشەسەندنی وەرگێڕان.

یەکێ لەو گۆڤارانەی دەورێکی سەرەکی لەم مەیدانەدا هەبووە؛ هاوارە. جەلادەت بەدرخان لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەرانی وەکو: د. کامەران عالی بەدرخان و قەدری جان و نورەدین زازا و هی تر شارەزاییان لە زمانی بێگانەی وەکو: تورکی و عەرەبی و فرەنسی هەبوو، لەو زمانانە شتیان وەرگێڕاوە بۆ کوردی و تەنانەت لە کوردیش بەرهەمیان بۆ زمانەکانی تر وەرگێڕاوە. چونکە یەکێ لە بناغەکانی گۆڤارەکە ناساندنی گەلی کورد بەگەلانی تر بووە، بۆیە دەبینین زۆر بابەتی جۆراوجۆر لە زمانی کوردی کراون بەفرەنسی و، لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤارەکەدا (٤ - ٦) لاپەڕە بۆ بەشی زمانی فرەنسی تەرخان کراوە. جا چ بەرهەمی کوردی تێدا کرابێ بەفرەنسی و چ وتار و بابەتەکان هەر بەفرەنسی نووسرا بن.

بەگشتی دوو جۆرە وەرگێڕان لە هاوار دەکەونە بەرچاو:

١- وەرگێڕان لە زمانی ترەوە بۆ کوردی.

(١) د. نوئێل یوسف عزیز و هی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٢) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، ل ٢١٩.



٢- وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانی تر.

یەکەم جار باسی ئەو بابەتانە دەکەین کە لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕدراون. لەمەوەش بەشیعر دەست پێدەکەین. گۆڤاری هاوار بایەخێکی زۆری بەشیعر داوە، چ شیعری کوردی بێ و چ شیعری وەرگێڕدراو بێ بۆ کوردی، بەڕای د. حوسێن حەبەش هاوار لە وەرگێڕانی شیعر لە زمانی ئەوروپییەوە بۆ کوردی دەستپێشخەر بووە، دەڵێ: (بەری دەرکەتنا هاوارێ ژ من ڕە نە ئەشکەرەیە کو هەڵبەست ژ زمانێن ئەوروپی هاتینە وەرگەڕاندن بۆ کوردی).(١)

جەلادەت بەدرخان بەرهەمی چوار شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە سەرەوەی هەر شیعرێک نووسیویەتی: بەدەستکارییەوە وەرگیراوە.

لە (ژ ٢٧، ل ٩)دا، شیعری (لوری یا شەهیدان)ی ڤیکتۆر هوگو (١٨٠٥ - ١٨٨٥)ی لە لایەن مامۆستایێ گەڕۆک وەرگێڕاوە:

مێرێن کو ژ بونا سەربەستییێ،
ژ بونا ئازادی یا وەلاتێ خوە مرنە،
هێژانە کو مللەت گی بێ
و دپێشی یا گورا وان دە ب سەکنە
د ناڤ ناڤێن سپە هێتردە
یێن چەلەنگتر ناڤی وانە...

لە (ژ ٢٨، ل ٨)دا، شیعری (سترانا مرنێ)ی لامارتینی (١٧٩٠ - ١٨٦٩) کردووە بەکوردی و بەنازناوی (مامۆستایێ گەڕۆک)(*) بلاوی کردۆتەوە:

پیانا ژینا من هێژ تەژی و داگرتی شکیا
عەمر و هەستییێن من پێ کەسەرێن گران حەلیا
هێستر و گرین، ئاخ و زارین،
ژ دەردێ مرنێ رە نە تو دەرمانن

جەلادەت بەدرخان لە (ژ ٣١، ل ٤)دا شیعری (مرنا گوڕی)ی ئەلفرێد دوڤینی (١٧٩٧ - ١٨٦٣)ی وەرگێڕاوە بۆ کوردی و پێشکەش بەگیانی (سەفدەر)ی برای کردووە:

ئەور، دبەر دسەر هەیڤێ رە،
هەیڤا ئاگر گون،
ب لەز... دەرباس دبوون، دچوون،

(١) د. حوسێن حەبەش، ڕاپەڕینا چاندا کوردی دگۆڤارا هاوارێ دە، ل ١٦٩.

(*) سەیدایێ گەڕۆک و مامۆستایێ گەڕۆک، هەر دوو نازناوی میر جەلادەت بەدرخانە، بڕوانە: د. حوسێن حەبەش، ڕاپەڕینا چاندا کوردی دگۆڤارا هاوارێ دە، ل ١٦٩ - ١٧٠.

قەی دوو و دوومان بوون،

ژ شەواتێ هل دهاتن،

بلند وندا دبوون.

له هەمان ژمارەدا، جەلادەت بەدرخان بەنازناوی (سەیدایێ گەرۆک) شیعری (دەلالی یا دەلالان)ی چارل بۆ دلێر (١٨٢١ – ١٨٦٧)ی کردووه بەکوردی:

ستێراب سەرهاتییێن من، دەلالی یا دەلالان!

تو بهارا بەر دلێ منی،

بەختیاری و خوەشیا من ژ تە یە،

ژ تە یە سود و سەر بلندا هی یا من.

شیرین یا راموسان، دەست پاشلو دل خوەشیا من،

ژ بوتەیە!

هەر لە بواری وەرگێڕانی شیعردا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە د. کامەران عالی بەدرخان (١٠١)چوارینی خەیامی کردووه بە کوردی و لە ژمارەکانی (١٧ تا ٢٦) بڵاوی کردوونەتەوە و، پاشان بەناميلکەيەک بڵاوی کردوونەتەوە کە ژمارە (١٣)ی کتێبخانا هاواریێ بۆ دانراوە.(١) بەڵام بۆم ساخ نەبووەوە لە چ زمانێک کردوویە بەکوردی. لە یەکێ لە چوارینەکاندا دەڵێ:

ڤە شارتیێن پێشیێ نە تو دزانی و نە ئەز

ئەڤ حەرفا قەوسەلە نە تو دخوینی و نە ئەز

گوتنا من و تە د پاش پەردەیێ دەنە

کو پەردە کەت نە تو دمینی و نە ئەز

هەروەها لە (ژ ٥٠، ل ٧)دا جەلادەت بەدرخان چەند دێرە شیعرێکی حافزی شیرازی کردووه بەکوردی:

«حاجیا رەبەن دایە ری یا کەعبێ و دچە

هەر چی ئەز دجهێ خوەدە رونشتی، لێ ئەز دخوازم روو دیندار ببم

ئەو بەرێ خوەدایە خێنی و ل چار دیوارێن وی د گەرە

هەر چی ئەز، ئارمانجا من خوە دیێ خێنییە و ئەز لێ د گەرم.»

گۆڤاری هاوار هەر بەوەرگێڕانی شیعر نەوەستاوە، بەڵکو چیرۆکیشی وەرگێڕاوە و بڵاوکردۆتەوە. لە (ژ ٣٣، ل ٤)دا نورەدین یوسف (زازا) چیرۆکی (ستێرک)ی ئەلفۆنس دۆدیی بەدەستکارییەوە وەرگێڕاوە. لە شوێنێکدا دەڵێ: «وێ ڕۆژێ، ئەز چقاس شاد بووم، من ژوان نوچەییێن گوند دخوەستن، کو تشتێ کو

(١) د. کامەران عالی بەدرخان، چارینێن خەیام، چاپخانا تەرهقی، شام، ١٩٣٩. (لاتینی)



ئەز ژ هەر تشتێ بێتر دلخوەش دکرم پرسکرنا حالێ مژگانێ، مژگانا کەچا ئاغێ بوو».

هەروەها چیرۆکی (ئیشێ پاڤژ)ی (پوژنامەکە) لە لایەن شەڤگەر وەرگێڕدراوە لە (ژ ٤٢، ل ٦)دا بڵاوکراوەتەوە، سەرەتا بەم شێوەیە دەست پێدەکا:

«ئاشر بەگ چل و پێنج سالی بوو، لێ دهن ژن نە ئانی بوون، ئەڤ بوونە بیست و دوو سال ئاشر بەگ ل بەر ماسا دەفتەر خانەکێ دەخەبتی خوینگران بوو کارەک ژ دەستێ و ب زۆر دەردکەت...». نورەدین یوسف (زازا)، چیرۆکی (خاتوون ئان پلنگ)ی (فرانک ستوکتن)ی کردووه بەکوردی و لە (ژ ٤٤، ل ٥)دا بڵاوی کردۆتەوە،. چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکا: «دوەختەکێ دە پادشەهەک هەبوو، فکرێن ڤی پادشا هێ نەوەک فکرێن ئێن دن بوو. فکرێن وی ئێن عەجێب هەبوون. دوەختا وی دە پادشاهان ژ بۆ شاهی یا خەلکێ خوە د جەژن و داوەتان دە پەیا و دەهبە بەر ددان هەڤ».

لە (ژ ٤٧، ل ٣)دا چیرۆکی (مەهفوور)ی مۆریس بۆچور لە لایەن سلێمانی فەرحۆ کراوە بەکوردی و تێیدا هاتووە: «ل وەختێ بەرێ سلتانێ ستەنبۆلێ، ب خولام و بەر دەڤکێن خوەڤە چوو بوو وەلاتێ کوردان. کورێ وی ژی پێرە بوو. رۆژەکێ ئەو گهاشت بوون گوندەکی مەزن. گوند ب مێرگنە فرەه دور گرتی بوو. شەنهنە دێرا وی گوندی بوو. خەلکێ کێف دکر و تێجران هور مور دفروتن. نەمازە مەهفورێن سپەهی، مەهفورێن رەنگ رەنگ یێن کو دوی وەلاتێ دە چێ دکرن...»

دیسان نوردەین یوسف (زازا) چیرۆکی (دێ ئان خوشک)ی فرانک ستوکتنی وەرگێڕاوە و لە (ژ ٤٧، ل ٤)دا بڵاوی کردۆتەوە، لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا هاتووە: «ل گولەکێ، خورتەک دێ و خوشکا خوە د سەندالەکی دە دگەرینە. دنێ بهارە. بایەکی شێرین ل سەرویێ ئاڤێ ئێ شێن پێلێن سڤک چی دکەو وەک دەرگوشەکی سەندالێ د هەژینە».

لە (ژ ٥٧، ل ٣)دا سێ چیرۆکی گولستانی سەعدی شیرازی لە لایەن وەرگێڕێکەوە بەنازناوی (فارسی خانێ) کراون بەکوردی. لە سەرەتای چیرۆکی یەکەمیدا هاتووە:

«دبێژن رۆژەکێ نوشێروانی عادل چوو بوو نێچیری. ل وەختێ تاشتێ ژێرە نێچیرەک دبراشتن. خوێ نین بوو، رابوون لاوکەک رێ کرن گوندەکی دا کو ژوان رە خوێ بینە، نوشێروان گوتە لاوک: هەڤێ خوێ بدە و ببە، دا کو جەم خەلکێ نەبە عادەت تشتان بێ پێرە ژ گوندان بێن».

چیرۆکی دووەم بەم شێوەیە دەست پێدەکا:

«یەک هەبوو د سنعەتا پەهلەوانێن دە ب سەرکەتی بوو. ڤێ سنعەتێ دە سێ سەد و شێست فەن و بەند دزانین و هەر و ب فەنەکێ دچو ناڤێ...».

چیرۆکی سێیەم بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێدەکا:

«پادشاهەک ب خولامەکی عەجەمی رە د کەشتێکی دە رونشتی بوو. خولام تو جاران دەریا نەدیتبوو و زەحمەمەتا کەشتێ نەکشاند بوو. دەست بەگری و زاریێ کر لەرزە جانێ وی کەت. گەلەک پێرە خوەش کرن تو هاڤل ژێ چێنە بوو، پادشاهەک ژڤێ حالی گەلەک عاجز دبوو، لێ تو چارە ژێرە نەدهاتە دیتن...».

جگە لە شیعر و چیرۆک چەندین بابەتی تری جۆراوجۆر لە زمانانی بێگانە کراون بەکوردی و لە گۆڤاری هاواردا بڵاوکراونەتەوە. یەکێک لەوانە تەفسیری قورئانی پیرۆزە کە د. کامەران عالی بەدرخان وەری گێڕاوە و لە هاوار بڵاوی کردۆتەوە، هەر لە (ژ ٢٧، ل ١)ەوە دەستی بەبڵاوکردنەوەی کردوون تا ژمارەی کۆتایی جگە لە ژمارە (٥١) کە تەفسیرەکەی تێدا نییە.

ئەمەش نموونەیەکە لە وەرگێڕانی سورەتی (الفاتحە - دەست پێ کرن) کە لە (ژ ٢٧، ل ١)دا بڵاوبۆتەوە.

«سورەیێ دەست پێ کرنێ - هەفت ئایەتن د مەکێ دا هاتییە.

بناڤێ خودایێ پاکێ دلوڤان و مهرڤان * پەسن ژ خوەدێ رەیە ژ ناڤ و کەرەماوی رەیە، یێ کو خودانێ ئەرد و ئەزمانەیە * رەحمانە، دلۆڤانە، رەحیمە، مهرڤانە * خوە دیێ رۆژا پش داویە * ئەم عیبادەتا تە دکن و ژتە هێڤیدارن * مە د بەسەر ری یا راستییێ * ری یا وان مرۆڤێن کو تە ل وان هاتییە رەحمێ، نەپەیاییێن کو کەتنە بەر غەزەبا تە و نەکەسێن کو دانە سەری یا شاش *).

هەر لە بواری زانستەکانی ئایینیدا، هەندێ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) لە ژێر ناوی (حەدیسێن جەنابێ پێخەمبەر) لە لایەن د. کامەران عالی بەدرخان کراون بەکوردی و لە (ژ ٢٧، ل ٣)وە دەست بەبڵاوکردنەوەیان کراوە تا ژمارە (٤٧). سەرەتا بەو جۆرە دەست پێدەکا:

حەدیسێن جەنابێ پێخەمبەر

رەحمەت و سلاڤا خوە دێ لێ بە

ژبونا هەر دەری مفتەیەک هەیە، مفتا بهوشتێ ئەوە کو مرۆڤ ژ بچووک و بەلەنگازا حەز بکە و ل حالێ وان بپرسە».

جگە لەم بابەتانەی لە سەرەوە باس کران چەندین بابەتی تر کراون بەکوردی بەتایبەتی ئەو بابەتانەی گرنگی خۆیان بۆ ڕۆشنبیری و کێشەی گەلەکەمان هەبووە و لەگەڵ ڕێبازی گۆڤارەکە گونجاون، بۆ نموونە د. کامەران عالی بەدرخان لە (ژ ١٦، ل ٢)دا چەند پارچەیەکی لە کتێبە ناودارەکەی ئەولیا چەلەبی (سیاحەتنامە)(*) کردووە بەکوردی. لە شوێنێکدا دەڵێ: «د ئالیێ باکوری دە کوردستان ژ ئەرزە رومێ دەست پێ دکە؛ ژوان هەکاری، جزیر، ئەردەلان هەتا بەغدا و بەسرایێ (٧٠) قۆناغن. ئەڤ ئەرد ئەردێ کوردستانێیە، وەلاتێ کوردانە گوند و باژاران دە شەش هەزار عەشیر کورد رودنن. لێ کوردستان قاسی درێژا هی یا خوە نە پەهنە. د روهەلاتی دە ژ تخوبێن عەجەمستانێ هەتا ئەردێ شام و حەلەبێ بیست، بیست و پێنج قۆناغن. ئەردێ وێ ئێ تەنگ پانزە قۆناغن. ژ ڤێ وەلاتێ، ژ وەلاتێ کوردستانێ پێنج سەد هەزار عەسکەر دەردکەڤن، هەمی کوردێن جامێر و مێر خاسن و سەر مەزهەبێ شافعینە».

(*) شایانی باسە مامۆستا سەعید ناکام بەشێکی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی کردووە بەکوردی، ئەو بەشەی تایبەتە بەکوردستان، لە بەغدا چاپ کراوە (ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا سیاحتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.



د. کامەران عالی بەدرخان لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا دەربارەی ئەولیا چەلەبی و کێتبەکەی دەڵێ: «ئەولیا چەلەبی زەلامەکی تورک بوو. د سالا هەزار و شێستان دە د کوردستانێ دە گەرهایە و وەلاتێ کوردستانێ ب چاڤێ خوە دیتییە و چاوا بوو ناوێ هەمی زانی و نڤیساندییە».

هاوار بایەخی بەمێژووی کورد و کوردستانیش داوە و لەم بارەیەوە شتی وەرگێڕدراوی بڵاوکردۆتەوە، جەلادەت بەدرخان لە ژمارە (ژ ٣٢، ل ٣)دا بابەتێکی لە ژێر ناوی (کاردوخ و وەلاتێ کاردوخان) کە لە نووسینی زەینەفونی یۆنانییە کردووە بەکوردی پێشەکییەکی بۆ نووسیوە. لە جێگایەکدا دەڵێ: «عەسکەرێ زەینەفون خوە گهاند بوو بلند جهان و راسەرێ دژمنان بو بو. عەجەمان خوە داپاش و دکەتن رێکەدن. خریسۆف - کوماندارەکی یەونانی - ب عەسکەرێ خوەڤە داکەتی بوو دەشتێ، عەسکەرێ خوە ل گوندێن تێر زاد و زەخیرە ب جە دکرن...» جەلادەت بەدرخان درێژەی بەوەرگێڕانی بابەتی مێژوویی داوە و زنجیرە وتارێکی وەرگێڕاوە کە ڕۆژهەڵاتناس م. هارتمان لەبارەی کورد و کوردستان نووسیویەتی و، لە (ژ ١٩، ل ١)، (ژ ٢٣، ل ١)، (ژ ٢٤، ل ١)دا بڵاوبۆتەوە. ئەو وتارانە لە ژێر ناوی (کورد و کوردستان ب چاڤێ بیانیان) بڵاوکراونەتەوە. وەرگێڕ ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە ئەو وتارانە لە کتێبی (پێنج گوتار ل سەر ئیسلامێ) وەرگێڕاون، کە لە ساڵی (١٩١٢) لە شاری لایپزیک چاپ کراوە، لە شوێنێکدا دەڵێ: «هەکە دقەلەمرەوێ ئوسمانیان دە پێشڤەکەتنەکە مانەوی و خورت بێتە پێ ئەڤا هەر ژناڤ وان مللەتێن مسلمان دێ دەست پێ کەت کو نە تورک نژادن. ئەڤ مللەتێن ها چەند ل ترکان راسەر بن ژی هەتا نهو بن دەستیا وان کرنە. دناڤ وان مللەتان دە مرۆڤ د کارت ئەرنەوید، عەرەب و کوردان بژمێرت...» هەر لەم بوارەدا هەڤند سوری وتارێکی لە ژێر ناوی (هاواری بێگانەیەک) لە (ژ ١٧، ل ١)دا بڵاوکردۆتەوە،.

ئەم وتارە چەند لاپەڕەیەکە لە کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان)ی مێجەر هەی وەری گێڕاوە، تێدا هاتووە: «کورد لە دەرسە باشەکانی تاریخ نەیتوانی، وە نەیزانی عیبرەت وەربگرێت، وە لە شوێنە مومتازەکەی خۆی دەسکەوتێ (ئیستیفادە) بکات، وە جڤاکێکی یەک دڵ دامەزرێنێت، وە بەرامبەر بەلافاوی یەک لە دوای یەک بەکۆمەڵیەکی بێ هێز ڕابوەستێت» پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە گۆڤاری هاوار بەهەر دوو زمانی کوردی و فرەنسی دەردەچوو. مەبەست لە بەشە فرەنسییەکەی ناساندنی گەلی کورد و کوردستان و کەلوپوری کورد بوو بەبێگانان، بۆیە گرنگی بەزمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و هەندێ لایەنی ئێتنوگرافی خەڵکی کوردستان و بابەتی تر داوە، کە پەیوەندییان بەکۆمەڵی کوردەوە هەیە، وەکو: مۆسیقا و گۆرانی و دابونەریت و چەندین بابەتی هەمە چەشنەی تر، پێویستە ئەوەش بڵێین ئەو بابەتانەی لە بەشی فرەنسیدا بڵاوکراونەتەوە هەندێکیان لە کوردییەوە وەرگێڕدراون بۆ فەرەنسی و هەندێکیان هەر بەفرەنسی نووسراون. لەبەر ئەوە ئەمانە ناچنە خانەی نامەکەمانەوە بەپێویستمان نەزانی لێیان بکۆڵینەوە.

## ئەدەبی فۆلکلۆری:

مێژووی پەیدابوونی زاراوەی فۆلکلۆر بۆ زیاتر لە سەدە و نیوێک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی ئەرنهایم لە (١٨٤٦/٨/٢٢) لە لایەن شوێنەوارناسی بریتانی ولیام جۆن تۆماس (١٨٠٣ - ١٨٨٥) بەکارهاتووە.[١] ئەم زاراوەیە سەرەتا بۆ کەرەستەی فۆلکلۆری بەکار دەهات پاشان بۆ ئەو زانستە بەکار هات، کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەرەستەیە دەکات).[٢] دەبێ ئەوەش بزانین لە هەندێ لێکۆڵینەوەدا ئەم زانستە بە folkoristic ناو دەبرێ و لە هەندێ شوێندا وەکو: ئەلمانیا وشەی فۆلکسکوندەی volkskunde بۆ بەکاردێ.[٣] لەبارەی چەمک و چوارچێوەی ئەم زانستە، (لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی مادیدا، فۆلکلۆر تەنها بۆ ئەدەبی سەرزار بەکار دێ و لە پیشە دەستییەکان و کەلوپەلە مادییەکەی جودا دەکەنەوە، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا و ئەمریکادا فۆلکلۆر لایەنی سەرزاری و مادییەکەی دەگرێتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا بیروڕای زاناکانیان زیاتر گرنگی بەتاکە کەس و داهێنانی تاکە کەس دەدا و، دەوری کۆمەڵ پشتگوێ دەخا).[٤] فۆلکلۆر بایەخێکی گەورەی هەیە و مەیدانێکی دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری گەل و قۆناغەکانی ئەو ڕۆشنبیرییە و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا هاتوون. فۆلکلۆر گرنگیی زۆری هەیە بۆ مێژووی هەر نەتەوەیەک، چونکە وەکو کەرەستە وایە بۆ دیار کردنی قۆناغەکان و پەرەسەندنی ڕەوتی مێژوویی نەتەوەکە. لە هەمان کاتدا بەهۆی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆرەوە دەکرێ لە کەسایەتی نەتەوەیی هەر کۆمەڵێک بکۆڵدرێتەوە و، چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە دەسنیشان بکرێ. لە بواری سایکۆلۆجیشدا فۆلکلۆر دەوری گرنگی خۆی هەیە و باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ و تێکڕای نەتەوەی پێ دەدۆزرێتەوە، خۆ لە بواری زمان و ئەدەبدا، فۆلکلۆر بایەخی هەر ئێجگار زۆرە، چ لەبارەی زیندوو کردنەوەی زمانی نەتەوایەتی و پاراستنی وشەی زمانەکە بێ، چ لە ڕادەی چێژ وەرگرتن لە ئەدەب و مۆسیقا و هونەر بێ، لەبەر ئەم هۆیانە دەبینین ڕۆژهەڵاتناسان گرنگی زۆریان بەکۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی داوە بۆ ئەوەی بتوانن بەڕێگای فۆلکلۆرەوە کورد بناسن و بتوانن بەپێی بەرژەوەندی خۆیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

مێژووی تۆمار کردنی فۆلکلۆری کوردی زۆر کۆنە «کۆنترین سەرچاوەی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی دەستنووسی (میسروب ماشتوسە)یە لە ماتێنە دەرانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی کە ساڵی (١٧١١) لەوێ پارێزراوە. هێشتا نەزانراوە کێ ئەم دەستنووسەی نووسیوە».[٥]پاش ئەوە لە زۆر وڵاتی بێگانەدا

(١) د. شوکریە ڕەسوول، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٣.

(٢) يوري سوكولوڤ، الفلكلور قضاياه وتاريخه، ترجمة، حلمي شعراوي وعبدالمجيد حواس، الهيئة المعرفية العامة للتأليف والنشر ١٩٧١، ص ١٧.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٤) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، ل ٢٠٥.

(٥) د. شوکریە ڕەسوول، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، ل ٣٣.



فۆلکلۆری کۆکراوەی کوردی پارێزراوە، بەڵام ڕۆشنبیر و زانایانی کورد خۆیان درەنگ هەستیان بەگرنگی فۆلکلۆر کرد، بۆیە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی لەسەر دەستی کوردەکان کارێکی تازەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سیی سەدەی بیستەم.[١]

هەر زوو لە ساڵی (١٩٢٧) حوزنی موکریانی کورتە چیرۆکێکی فۆلکلۆری گیاندارانی بۆ منداڵان چاپ کرد.[٢] پاشان چەند هەوڵێکی تر دراون بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی چ وەکو بەرهەمی سەربەخۆ، چ لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان. گۆڤاری هاوار گرنگییەکی گەورەی بەفۆلکلۆری کوردی داوە، چونکە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆر لەگەڵ ڕێبازی گۆڤارەکە دەگونجێ، کە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ناساندنی گەلی کوردە بەبێگانان.

هاوار بایەخی بەدوو لایەنی فۆلکلۆر داوە:

١- بڵاوکردنەوەی دەقی فۆلکلۆری، ٢- لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر بەشێوەیەکی ورد و زانستی.

ئەگەر زاراوەی (فۆلکلۆر) یەکەم جار لە کوردستانی عێراق، «لە ژمارە دووی گۆڤاری شەفەق لە ساڵی (١٩٥٨) بەکارهاتبێت».[٣] ئەوا ئەو زاراوەیە چەندین ساڵ پێش ئەو کاتە لە (ژ ٣٠، ل ١٥) گۆڤاری هاواردا کە لە (١)ی تەمووزی (١٩٤١) بڵاوبۆتەوە، لە گۆشەی فەرهەنگۆکدا ڕوون کراوەتەوە: «فۆلکلۆر - ئەڤ بێژە د ئەسڵی خوەدە ئینگلیزییە، لێ ئیرۆ کەتیە هەمی زمانێن دنیایێ. ژ لەورە مەژی ئەو خستییە زمانێ خوە. ژ خوە کوردێن قەفقاسێ بەری یا مە ئەڤ بێژە خستنە زمانێ مە و کێبەک ب ناڤێ (فۆلکلۆرا کوردمانجی).[٤] بەلاف کرنە» دوای پێشاندانی ئەم ڕاستییە دێتە سەر پێناسەی زانستی فۆلکلۆر و دەڵێ: «فۆلکلۆر تەڤایا عادەت، چیرۆک و سترانێن مللەتەکییە. ئەو عادەت، چیرۆک و سترانێن کو ژناڤ خەلکێ ب دەرکەتنە و د دورا نفشان دە ب سەرڤەکەتنە و گهاشتنە نفشێن نوو. ژ خوە بێژەیا فۆلکلۆری بێژەکە ب هەڤ کەتییە و ب مانا زانین ئان زانستی یا خەڵکێیە».

دوای ئەم پێناسەیە، جەلادەت بەدرخان لە (ژ ٣٣، ل ٦) و لە بابەتی (کلاسیکێن مە)دا دێتە سەر باسی فۆلکلۆری کوردی و دەڵێ: «ژ خوە هەر چی فۆلکلۆرا مەیە، یانی ئەدەبیاتا خەلکێ، دناڤ فۆلکلۆرێن دنیایێ دە ب بژارتەیی دکە ڤە ڕێزا پێشین. د ڕۆهەلاتی نێزیک دە فۆلکلۆرا تو مللەتی نەگهشتییە دەرەجا فۆلکلۆرا مە». گۆڤاری هاوار وەنەبێ هەر گرنگی بەلایەنی تیوری فۆلکلۆردا بێ، بەڵکو جێگایەکی فراوانی بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری تەرخان کردووە، جاروباریش لەسەر پۆلینکردنی ئەم بابەتە وەستاوە و بەپێی بۆچوونی ئەوسا پێناسەی هەندێ بەشی فۆلکلۆری کردووە. لە هەمان کاتدا زۆربەی هەرە زۆری بابەتە فۆلکلۆرییەکانی بۆ سەر زمانی فرەنسی وەرگێڕاوە، چونکە بەبۆچوونی خاوەنی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٢) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا... ل ٢٠٦.

(٣) د. شوکریە ڕەسوول، لە ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، ل ٥١.

(٤) حاجی جندی و ئەمینی ئەڤدال، فۆلکلۆرا کرمانجا روان، ١٩٣٦.

گۆڤارەکە فۆلکلۆری کوردی باشترین و دەوڵەمەندترین کەرەستەیە میللەتی کوردی پێ بناسرێ و زانست و ڕۆشنبیری و ژیار و شارستانێتی کوردی تێدا بدرەوشێتەوە.

گۆڤاری هاوار بەپێی پرۆگرامی خۆی بایەخی بەچەند بەشێکی فۆلکلۆر داوە وەکو گۆرانی و پەند و مامک (مەتەڵ) و هەقایەت و پایزوک و حەیرانوک و لاوژە.

**گۆرانی:**

گۆرانی بەشێکی سەرەکی فۆلکلۆرە «کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە».(۱) لە ڕووی زاراوە، «هەموو شیعرێ بەئاواز وە یاخود بەشێوەی ئاواز بگوترێ گۆرانی پێدەڵێین».(۲) گۆرانی کوردی بەپێی ناوەڕۆک و مەبەست و ئاواز دەبێتە چەند جۆرێک. گۆرانی جێگایەکی فراوانی بۆ خۆی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار داگیر کردووە. چەندین گۆرانی جۆراوجۆر لە هاوار بڵاوکرانەتەوە و هەندێکیشیان کراون بەفرەنسی. لە (ژ ٤، ل ٥)دا، گۆرانی (زەری کوبارێ) بڵاوبۆتەوە، ئەمە پارچەیەکە لەو گۆرانییە:

«وەرە لێ لێ! زەری کوبارێ، زەری کوبارێ!
منێ زەری کوبارا خوە دیت بوو ل پالا قوبێ
سەرێ کەچکێ خوەدان ئیمان و چاڤ رەشێ ستۆ ب ڕبێ
خوەدێ رەبێ عالەمێ
مرازێ دوست و گوهداران بکرایا من و بەژنا ژراڤ ژی
ل سەرێ سبێ».

لە (ژ ۳۷، ل ١٦)دا، گۆرانی (شاهینو) بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ:

«هەی مالک وێرانو، شاهینو تو دەی ناکی
تو شغلەکی، عەمەلەکی دمالا باڤێ خوە دەناکی
قەلەنێ من گرانە، تێ ژ کو پەیدا کی؟
هاڤینە خوەش هاڤینە،
دار و ئاقارێ مالا باڤێ من چێ بینە
خەلکێ دگو ئەحمەد خان گولە، من دگو کولا دلێ منە.
بهارە مالێ مە چوونە زوزانا

(١) د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٧٥.

(٢) د. محەمەد موکری، گۆرانی یاترانەهای کوردی، وەرگێڕانی د. شوکریە رەسول، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٢١.



ئەزێ کولەکی ژ شاهینێ خوەرە چێ کم ژ گول و رحانا
هەکە هندک ڤێ، ئەزێ کە رکم ژ مالا جیرانا»

زۆر گۆرانی تریش لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، وەکو:

سێ مالو (ژ ٦، ل ٨)، دەلالێ عەیشێ (ژ ٧، ل ٧)، بەلێ دەلال (ژ ٨، ل ٩)، بێ مالێ (ژ ١٠، ل ٧)، گولێ (ژ ١٢، ل ٤)، بەسنایێ (ژ ٢٢، ل ٥)، کەلەها خورسێ (ژ ٢٣، ل ٥) دەلالێ بەریێ (ژ ٢٤، ل ٤)، لوری یا فاتێ (ژ ٢٧، ل ١٣)، خرابو (ژ ٣٨، ل ١٢) و چەندین گۆرانی تر...

**هەقایەت:**

هەقایەت بەشێکی گەورە و گرنگی فۆلکلۆرە، چیرۆک «بەرەو پێش چوونێکی مێژوویی ئەفسانەیە و لە ڕووی فۆرم و داڕشتنەوە لەو دەچێت هەرچەندە لە ڕووی کەرەسە و ناوەڕۆکەوە هەندێ جیاوازییان هەیە».(١) هەقایەتی فۆلکلۆری کەرەسەکەی هەر گیانلەبەرە نەک بێ گیان، ئیتر یان ئاژەڵە یان مەل و باڵندەیە، بەڵام بەشی گەورەی ئادەمیزاد خۆیەتی. هەقایەتی کوردی نزیکە لە واقیعی ژیان و بەژیانی گەلەوە بەسراوە. گۆڤاری هاوار ئەم لایەنیشی فەرامۆش نەکردووە، چەند نموونەیەکی هەقایەتی میللی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاو کراونەتەوە و هەندێکیان کراون بەفرەنسی.

لە (ژ ١٨، ل ٧)دا (شێرو گایێ زەر) بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم هەقایەتە باسی ئەوە دەکا کە سێ گا لە جێگایەک دەژیان، گایەکی زەرد و یەکی ڕەش و یەکی سپی. هەر سێکیان پشتی یەکتریان گرتبوو، بۆیە هیچ دڕندەیەک نەیدەتوانی نزیکیان بکەوێتەوە. ڕۆژێ گورگێک و ورچێک و پلنگێک چوون بۆ خواردنی ئەو گایانە، بەڵام لەبەر یەکگرتنی گایەکان زەفەریان پێ نەبردن و گەڕانەوە لای شێری شای دڕندان و باسی ئەو سێ گایەیان بۆ کرد. شێر چووە لای گایەکان و داوای لێکردن بیکەن بەهاوپەیمانی خۆیان و پێکەوە بژین.

گایەکان ڕازی بوون. ڕۆژێ شێر بەنهێنی قسەی لەگەڵ گای زەرد و سپی کرد و پێی گوتن کە هەردووکیان لەگەڵ ئەو، واتە شێرەکە ڕەنگیان لەیەکەوە نزیکە و ڕەنگی ڕەش جیاوازە و داوای لێکردن ڕێ بدەن ئەو گایە ڕەشە لەناو ببات، ئەوانیش ڕازی بوون و شێر گای ڕەشی خوارد. پاش ماوەیەک شێر بەفێڵێکی تر گای سپی خوارد، ئینجا دوای چەند ڕۆژێکی تر چوو گای زەرد بخوات، دیتی گایەکە دەگری، پێی گوت:

«ئەرێ برایێ زەر ما چرە دقوری و دگری و ئاخێ سەرێ خوە دە دکی؟

زەرۆ گوت: گریی پێ من ژ بێ تفاقیا من و بێ بەختیاتە، نە دوستانیا تەیە. ڕۆژا کو رەشو هات کوشتن، ئەز هاتم کوشتن و ڕۆژا سپیۆ چوو حەز چووم. ئەز دزانم ئیرۆ دورا منەژی... شێر لێ زڤری و پەنجەک لێدا کولابێن خوە گهاندە سەر کەزەبا وی و گوت: دوستانیا من دگەل تە و بران ئەڤە زەرو».

(١) د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل ٢٤.

شایانی باسە ئەم چیرۆکە کە لە جۆری فابلە لە لایەن مستەفا ئەحمەد بوتی بۆ گۆڤارەکە ئامادە کراوە. بەدرێژایی (٥٧) ژمارەی گۆڤارەکە چەندین هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی بلاوکراونەتەوە، ئەمانە ناوی هەندێکیانن:

مەلایێ گولێ ژمارە (ژ ٩، ل ٢)، میرو کوند (ژ ١٠، ل ٣)، سیابەندێ سلیڤی (ژ ١٣، ل ٥)، چوک و فیل ژمارە (ژ ٢٤، ل ٨) و چەندین چیرۆکی تر کە زۆری لەسەر زاری گیاندارانن.

شایانی باسە گۆڤاری هاوار گرنگی بەو جۆرە هەقایەتانە دەدا و بلاوی دەکردنەوە کە بۆ ئەو سەردەمە بەکەلک بوون و ناوەڕۆکیان هاندان بوو بۆ یەکگرتن و زانین و جوامێری و زیرەکی و دووربینی.

**لاڤژە (لاوژە):**

لاڤژە بەشێکە لە فۆلکلۆر و جۆرێکە لە گۆرانی، بەلام ناوەڕۆکی ئەم جۆرە گۆرانییە تایبەتە بەبابەتی فەلسەفی و ئایینی.

جەلادەت بەدرخان لە (ژ ٢٥، ل ١٠)دا دەربارەی لاڤژە نووسیویەتی دەلێ: «هەر وەکی تێتە دیتن لاڤژ گوتارەکە دینیيە. تێدە چێلی(*) ئاخرەت و دنیا دکن...» بەلام د. حوسێن حەبەش دەلێ: «لاڤژ ب ئالاڤێن بانگکرنێ، ب لۆ، ب لێ دەست پێ دکە. ب سایا وان هەر دوو ئالاڤان تاقلێ ئەمر تێ داندن، ئان تێ ئامادە کرن کو دڤێ مرۆڤ دوور بە ژ نەرندنییان و ئەنجامێن وان».(١) بەپێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەردەکەوێ کە لاڤژە گۆرانی ئایینییە و د. عیزەدین مستەفا رەسوول ئەوە دەردەخا کە رایەک هەیە بۆ ئەوە دەچێت گۆرانی ئایینی کۆنترین جۆری گۆرانییە.(٢)

گۆڤاری هاوار ئاوڕی لەم جۆرە گۆرانییەش داوەتەوە و چەندین نموونەی لێ کۆکردۆتەوە و، بلاوکردۆتەوە و، هەندێکیان کراویشن بەفرەنسی. لە (ژ ٢٥، ل ٦)ی گۆڤارەکەدا، لاڤژەک بلاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە: «١- لو ئەڤ چ دەنگە و چ هەیدەدانە و چ گورە گورە. ل ئەزمانا؟

دەنگی نەفیر و زرنە و بوریزانا. هن دبێژن قیامەتە وهن دبێژن ئاخر زەمانا. ٢- لو ما دەنگێ ستروە و بوقل نەفیر ژ ئەزمانا هاتییە؟ ئەردو ئەزمان هەژهان و دەنگ کەت گوهێ مریان و رح کەتن بەدەنا. خوناڤا قیامەتێ ب سەروان دە بارییە و هەشین بوونە وەکە گیایێ کو بوهار ب سەر دە هاتییە». لەو ژمارەیەدا (٥٣) بەندی ئەم لاڤژەیە بلاوکراوەتەوە. لە (ژ ٢٩، ل ٣)دا سێ دەقی جیاواز لە لاڤژی (میر محەمەد) لەلایەن جەلادەت بەدرخان، بەنازناوی هەرە کۆل ئازیزان، بلاوکراونەتەوە و ناوی ئەو کەسانەش نووسراون کە لەزاری ئەوانەوە تۆمار کراون. لە (ژ ٥٤، ل ٨)دا لاڤژەکی دی بەکوردی بلاوکراوەتەوە و لە هەمان ژمارەدا بۆ سەر زمانی فرەنسی وەرگێڕدراوە.

(*) چێل = وەسف

(١) د. حوسێن حەبەش، راپەرینا چاندا کوردی د گۆڤارا هاوارێ دە، ل ١٥٦.

(٢) د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل ٧٥.



**پەندی پێشینان:**

پەندی پێشینان «بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەلک. ئەم پەندە هەمیشە لە لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یان خراپە، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەر چییەک بێت، دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە».(١)

مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان زۆر کۆن نییە، کۆنترین بەرهەمی کۆکراوەی ئەم جۆرە فۆلکلۆرە وەکو: د. شوکریە رەسول دەلێ: «یەکەم دەستنووسی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی تاکو ئێستا کە بەدەستمان گەیشتبێ ئەو دەستنووسەیە، سالی (١٧١١) نووسراوە و لە ماتێنەدەرانی ئەرمینیای سۆڤیەتی بەناوی میسروب ماشوتسە...»یە.(٢)

لەوە بەدواوە لێرە و لەوێ، کەم زۆر هەولی کۆکردنەوە و بلاوکردنەوەی پەندی پێشینان دراوە. گۆڤاری هاواریش ئەرکی خۆی لەو ڕووەوە بەجێ هێناوە و کۆمەلێ پەندی بلاوکردۆتەوە، لە ژمارەکانی (٤٥ تا ٥٠) نزیکەی (١٧٠) پەندی پێشینانی بلاوکردۆتەوە لە دوای هەر یەکێک وەرگێڕانەکەی بۆ سەر زمانی فرەنسی نووسیوە، ئەمەش نموونەی ئەو پەندانەیە:

– هەر وارەک بهارەکە.
– مرۆڤ خوێندار بت کەردار نەبت.
– کەڤروشکا مێ و نێر، مرۆڤی خورت دزانە.

**مەتەل (مامک):**

مەتەل بریتییە لە ڕستەیەکی کورت و، زۆر جار لە شێوەی سەروادار (السجع) دایە و وەکو پرسیار دەردەبڕێ «هەندێ جار بێ مەبەس و بۆ کار بردنە سەر و زاخاوی مێشک دانەوەیە و هەندێ جار مەبەستی تایبەتی ژیانی هەیە... دەبێتە هۆی هەولدانی کۆمەلایەتی و سیاسی و...».(٣) گۆڤاری هاوار بایەخی بەمەتەلیش داوە و لە (ژ ٥٠، ل ٨)دا چەند نموونەیەک بەرچاو دەکەون لە هەمان کاتدا بۆ سەر زمانی فرەنسیش وەرگێڕاون، وەکو:

– سەر بژێر دبە، تژی دبە. سەر بژور دبە، ڤالا دبە. (کوم – کلاو)
– سێنیا ساڤارێ ل سەر گوهێ دارێ. (هەنار).
– شەڤ تێت شەمال تێت، گاه تێت گوپال تێت، ژنک پاشاه و سولتان تێت. (هێڤ . مانگ)

(١) د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل ١٠٣.

(٢) د. شوکریە رەسول، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، د. شوکریە رەسول و جەلال تەقی لە زمانی رووسیەوە کردوویانە بەکوردی، چاپخانەی ئەدیب، لە بەغدا، ١٩٨٤، ل ١٩.

(٣) د. عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل ٢١٠.

### پایزۆک و حەیرانوک:

بریتییە لە یەک دوو دێڕە هۆنراوەی فۆلکلۆری، کچ هەستی خۆی پێ بەرامبەر یارەکەی دەردەبڕێ و یارەکەی وەڵامی دەداتەوە. ئەم جۆرە فۆلکلۆرە لەناو کوردا زۆر باوە و، گۆڤاری هاواریش چەند نموونەیەکی لەو جۆرە فۆلکلۆرە لە ژمارەکانی (٣١ تا ٣٣) بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش چەند نموونەیەک:

«پایزە ل من دەست دا، من نەکر کاروبارا ژڤستانێ

چیایێ بلند دخوازن مژ و مورا نێ

بەری یا خەلەف ئاغا دخوازێ رەشیشەکە هور بارانێ.

ژ خێرا خوەدێ را، ئەز ببواما ترکی پور، ژ هەولا هەولا نێچیرڤانا. من خوە ئاڤێت بانا هەڤرینگەکێ، ژ ئێن کافر زەمانێ...»

ئەمە لە (ژ ٣١، ل ٥)ی هاواردا بڵاوکراوەتەوە. لە (ژ ٣٣، ل ١٦)شدا ئەم حەیرانۆکە بڵاوکراوەتەوە:

«حەیران ئیشەڤ مەچە، ل هرە بە.

وێ بێ پێشیا حەیرانێ من نژدا شەمەر و عەرەبە،

وێ تە بکوژن، خەلک ئێ بێژن، عەیش مەلانا رەبەن بویە سەرێ

لومان و سەبەبا، لەسەر سەرێ من هات حەیران، مەهڤانی پاش مەغرەبێ.

حەیران خوە دێ خەراب بکێ کەشانێ

خانیێ میر ئەحمەدێ من راسەری کولانێ.»

بەم جۆرە دەردەکەوێ هاوار ئاوڕێکی باشی لە هەموو جۆرەکانی فۆلکلۆر داوەتەوە و بەمەوە خزمەتێکی زۆری بەکەلەپووری کوردی کردووە.

### ئەنجام:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە هەڵسەنگاندنی بابەتە ئەدەبییەکانی گۆڤاری هاوارە، گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١- هاوار بایەخێکی زۆری بەزمانی کوردی داوە، ئەگەر لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی بەراوردی بکەین دەبینین کوردییەکەی بەهەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە (کرمانجی خواروو و سەروو)، زۆر پاک و پاراوە.

لە هەمان کاتدا بایەخی زۆری بەلێکۆڵینەوەی زمان و زمانەوانی داوە، چ لە ڕووی گەڵاڵەکردنی (ئەلف و بێ) بێ و، چ لێکۆڵینەوەی ڕێزمان بێ، بابەتی زانستیی ورد و باش لەم بارەیەوە پێشکەش کراوە.

٢- گۆڤاری هاوار یەکەم گۆڤارە، کە لەیەک کاتدا دوو ئەلفوبێی جیاوازی بۆ نووسینی کوردی بەکارهێناوە: (ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی)، ئەو ئەلفوبێیە لاتینییەی لە گۆڤارەکە بەکارهاتووە، ئەمڕۆ لە



کوردستانی سەر بەتورکیا و سوریا جێگای خۆی گرتۆتەوە و چەسپاوە و هەر بەئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان ناوی دەبەن.

٣- لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە دوای زنجیرەیەک شۆڕشی کورد و لە کاتی هەندێکی تردا دەرچووە، زۆر لە بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەوسای کوردستانی پێوە دیارە و ناوی شۆڕشگێڕ و شەهیدەکان و باسی ئەنجامە نالەبارەکانی نسکۆ هێنانی شۆڕشەکانی تێدا هاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە بەرهەمەکانی سەر لاپەڕەکانی هاوار تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی واقیعی کورد و کوردستانن...

٤- گۆڤاری هاوار هاودەم بووە لەگەڵ ڕەوتی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و ئەم تازەکردنەوەیە زۆر بەئاشکرا لە شیعرەکانی هاواردا ڕەنگی داوەتەوە، چ لە ڕووی بابەتی نوێ و چ لە ڕووی گەڕانەوە بۆ کێشی پەنجەیی و سەروای مەیلەو ئازاد و بەکارهێنانی وشەی پاک و پەتی و ڕەوانی کوردی.

٥- هەرچەندە لە سەردەمی گۆڤاری هاواردا، چیرۆکی کوردی لە سەرەتادا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە چیرۆکەکان تەکنیکی زۆر پێشکەوتوویان بەکارهێناوە. دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و فلاشباک و ڕاناوی کەسی دووەمیان تێدا بەکارهاتووە، ئەم هونەرانە، با کەمیش بەکار هاتبن، بۆ ئەو ڕۆژە شتێکی تازە و پێشکەوتوو بوون.

٦- بابەتی هۆشیارکردنەوەی نەتەوایەتی و هاندانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و لاوەکان بەتایبەتی بۆ خەبات و پاراستنی خاکی نیشتمان، لە پێش هەموو بابەتەکانی تر دێت و بایەخی زۆری پێدراوە.

٧- نووسەرانی گۆڤاری هاوار، لە ڕووی سیاسیەوە ئارمانجی سەرەکییان سەربەخۆیی کوردستان بووە، لە چەند جێگایەک باس لە سنووری کوردستانی گەورە کراوە و بەئاڵای کوردستانیانی هەڵگوتووە. پاڵەوانی هەندێ لە بەرهەمەکانی هاوار گیانی خۆیان بۆ ئەو ئارمانجە کردۆتە قوربانی.

٨- گۆڤاری هاوار بایەخی زۆری بەئەدەبی منداڵان داوە، بەشیعر و چیرۆکەوە، لە چەند ژمارەیەکدا ستوونێک بۆ (زاروان) تەرخان کراوە و بەرهەمی تایبەت بەمنداڵانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

٩- ئافرەت جێگایەکی شایستەی لە گۆڤاری هاواردا هەیە. چ لە ڕووی بەشدار بوونی لە نووسینی هەندێ بەرهەمی گۆڤارەکە وەکو (ڕەوشەن بەدرخان) و (دی یا فەرزۆ)، چ لە ڕووی دەرخستنی دەوری گەورە و پیرۆزی ئافرەت کە شان بەشانی پیاو بەشداری خەباتی چەکدارانەی کردووە و، خۆی لە پێناوی ئازادی وڵاتەکەیدا بەخت کردووە، لە بواری ئابووریش، لە زۆر بەرهەمدا، وەکو کەسێکی بەرهەمهێنەری چالاک دەوری دیوە.

١٠- وەرگێڕان، چ لە زمانی ترەوە بۆ کوردی و چ لە کوردییەوە بۆ زمانی تر، بایەخی زۆری پێدراوە لە هاواردا. شیعر و چیرۆک ڕاستەوخۆ لە فرەنسی و فارسی کراون بەکوردی، زۆر بەرهەمی کوردیش، بەتایبەتی شیعر و چیرۆکی فۆلکلۆری کراون بەفرەنسی.

١١- گۆڤاری هاوار گرنگییەکی گەلێ زۆری بەفۆلکلۆری کوردی داوە، چ لە ڕووی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆری جۆراوجۆر چ لەبارەی وەرگێڕانی بەرهەمی فۆلکلۆری بۆ زمانی فرەنسی،

ئەمەش بۆ ئەوەیە، وەکو لە پڕۆگرامی کاری گۆڤارەکەدا هاتووە، تا باش خۆی بناسێت و خۆی بداتە ناسین.

١٢- گۆڤاری هاوار لە ڕووی تەکنیکی ڕۆژنامەنووسییەوە، لەچاو سەردەمی خۆی، پێشکەوتوو بووە. دابەشکردنی لاپەڕەکانی و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڕیکلام و خستنە ڕووی کتێب بایەخی زۆری پێدراوە.



# سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێب

### ١- کوردی:

١- ئارام عەلی، پەیوەندی نێوان کورد و ڕوسیا، کوردستانی قەفقاسیای سۆڤیەتی، چ ١، ستوکهولم، ١٩٩٩.
٢- ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب ١، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٦٨.
٣- ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب ٣، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٢.
٤- ئەحمەدی خانی، نوبهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدێ خانی، خرڤە کردن و لدوی چوون و توێژاندنا سادق بەهائەدین ئامێدی، چ ١، چاپخانا کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.
٥- ئەحمەد موختار بەگی جاف (دیوان)، ئامادەکردنی د. عیزەدین مستەفا رەسوول، بەغدا، ١٩٨٦.
٦- ئەسیری (دیوان)، ئامادەکردنی مستەفا عەسکەری، چ ١، بەغدا، ١٩٨٧.
٧- ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجوومەنی ئەدیبان، توێژینەوەی لیژنەی وێژە و کەلەپوور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣.
٨- ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.
٩- ئوردیخانی جەلیل، سترانی زارگوتنا کوردا یە تاریقی، شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆ و فەرهەنگیان بۆ کردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.
١٠- ئیزۆب، چیرۆکەکانی ئیزۆب، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٣.
١١- بێکەس (دیوان)، محەمەدی مەلا کەریم ڕێکی خستووە و سەرەتای بۆ نووسیوە و سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە، چ ٣، بەغدا، ١٩٨٦.
١٢- بێکەس (دیوان)، ئومێد ئاشنا، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٣- پیرەمێرد (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی فائق هۆشیار و (هی تر)، مطبعة الزمان، بەغدا، ١٩٩٠.
١٤- تاهیر فوئاد (دیوان)، کۆکردنەوەی گیوی موکریانی، چ ١، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٠.
١٥- جەلادەت بەدرخان، ڕۆپەلنێن ئەلفا بێ، کتێبخانا هاوارێ، چاپخانا تەرەقی، شام، ١٩٣٢.
١٦- جەمال خەزنەدار، ڕۆژی کوردستان، دار الحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٧٣.
١٧- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، مطبعة الجمهوریة، بەغدا، ١٩٧٣.
١٨- جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان، چاپخانەی دار الحریة للطباعة، بەغداد، ١٩٧٤.

١٩- حاجی جندی و ئەمینێ ئەڤدالّ، فۆلکلۆرا کرمانجا، روان، ١٩٣٦.
٢٠- حاجی قادری کۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد، بەغدا، ١٩٨٦.
٢١- حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بەغدا، ١٩٨٥.
٢٢- حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
٢٣- حوسێن حەبەش (دکتۆر)، ڕاپەڕینا چاندا کوردی د گۆڤارا هاوارێ دە، بۆن، ١٩٩٦، (لاتینی).
٢٤- خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٨٩.
٢٥- رەفیق حلمی، یاداشت، بەشی دووەم، چ ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٠.
٢٦- رەفیق سالّح، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر (١٩٢٣ - ١٩٢٤)، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٧- ڕەشید فندی، عەلی تەرەماخی ئێکەمین ڕێزمان نڤیس و پەخشان نڤیسێ کوردە، بەغدا، ١٩٨٥.
٢٨- شوکریە رەسول (دکتۆر)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، د. شوکریە رەسول و جەلال تەقی لە زمانی روسییەوە کردوویانە بەکوردی، چاپخانەی ئەدیب، بەغدا، ١٩٨٤.
٢٩- شوکریە رەسول (دکتۆر)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی بالا، هەولێر، ١٩٨٩.
٣٠- شوکریە رەسول (دکتۆر)، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، ١٩٩٧.
٣١- سادق بەهائەدین ئامێدی، هوزانڤانێت کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
٣٢- سالح محەمەدئەمین، کورد و عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپخانەی ؟، ١٩٩٢.
٣٣- عەبدوللّا ئاگرین، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی عێراق (١٩٦١ - ١٩٧٠)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩.
٣٤- عەبدوللّا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٢٤ - ١٩٢٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.
٣٥- عەبدولعەزیز یامولکی، کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، چ ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٦- عەزیز شەمزینی (دکتۆر)، جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، چ ٣، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨.
٣٧- عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، ١٩٨٧.
٣٨- عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراورد کردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.



٣٩- عەزیز گەردی (دکتۆر)، سەروا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا، چ ١، هەولێر، ١٩٩٩.
٤٠- عەبدولڕەزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی دار الحریة، بەغداد، ١٩٩٢.
٤١- عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دار الحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٩٨.
٤٢- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ ١، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٢.
٤٣- عەلائەدین سەجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠.
٤٤- عیزەدین مستەفا رەسول (دکتۆر)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی بالا، هەولێر، ١٩٨٩.
٤٥- عیزەدین مستەفا رەسول (دکتۆر)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.
٤٦- غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
٤٧- غەفوور میرزا کەریم، کۆمەڵەی زانستی سلێمانی، مطبعة دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٥.
٤٨- فاضل حسین (دکتۆر)، کێشەی ویلایەتی موسل، وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چ ١، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩.
٤٩- فەرهاد پیربال (دکتۆر)، مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩ - ١٨٦٨)، یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.
٥٠- کامەران عالی بەدرخان (دکتۆر)، چارینێن خەیام، کتێبخانا هاوارێ، چاپخانا تەرەقی، شام، ١٩٣٩، (بەلاتینی).
٥١- کامل حەسەن بەسیر (دکتۆر)، شێخ نوری شێخ سالّح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.
٥٢- کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
٥٣- کەندالّ نەزان و ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.
٥٤- کریس کوچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩ و ٢٠دا، وەرگێڕانی محەمەد ریانی، چ ١، تاران، ١٣٦٩.
٥٥- کوردستان موکریانی (دکتۆر)، ڕووناکی، یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
٥٦- گۆران (دیوانی گۆران)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.

٥٧- مارف خەزنەدار (دكتۆر)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی كوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.
٥٨- مارف خەزنەدار (دكتۆر)، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی یەكەم، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
٥٩- مالمیسانژ و مەحموود لەوەند، ل كوردستانا باكوور و ل توركیێ، رۆژنامەگەریی یا كوردی ١٩٠٨ - ١٩٩٢، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (بەلاتینی).
٦٠- محەمەد موكری (دكتۆر)، گۆرانی یا تراناهای كوردی، وەرگێڕان و پێشەكی د. شوكریە رەسول، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
٦١- مەحموود زامدار، (كوردستان)ی دایك، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
٦٢- مەلا مەحموودی بایەزیدی، دابونەریتی كوردەكان، وەرگێڕانی لە روسییەوە د. شوكریە رەسول، چاپخانەی ئۆفسێتی (العدالة)، بەغدا، ١٩٨٢.
٦٣- مەیجەر نوئێل، یاداشتەكانی مەیجەر نوئێل لە كوردستان، وەرگێڕانی حوسێن ئەحمەد جاف و حوسێن ئەحمەد نێرگسەجاڕی، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، بەغدا، ١٩٨٤.
٦٤- محەمەد ئەمین زەكی، دوو تەقەلای بێ سوود، توێژینەوەی سەباحی غالب، چاپخانەی هەڵۆێست، لەندەن، ١٩٨٤.
٦٥- محەمەد ئوزون، دەسپێكا ئەدەبیاتا كوردی، وە شانێن بەیبوون، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (بەلاتینی).
٦٦- مارف خەزنەدار، كێش و قافیە لە شیعری كوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغدا، ١٩٦٢.
٦٧- مومتاز حەیدەری، مستەفا شەوقی و پەیژە، (شركة مطبعة الادیب البغدادیة المحدودة)، بەغدا، ١٩٨٥.
٦٨- میرزا غەفوور (دیوان)، چ ١، كۆكردنەوەی عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپخانەی ؟، ١٩٩١.
٦٩- نورەدین زازا (دكتۆر)، گۆڤارا هاوار، پێشەكی، كۆكردنەوەی حەمرەش رەشۆ، بەرلین، ١٩٧٦، (بەلاتینی).
٧٠- هیمدادی حوسێن، رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەكانی ئەدەبی كوردیدا، چ ١، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨.
٧١- وریا جاف، كاروانی رۆژنامەگەریی كوردی، دەزگای گوڵان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
٧٢- وەلید حەمدی (دكتۆر)، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامەكانی بریتانیادا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٧٣- یوئیل یوسف عەزیز (دكتۆر) و هی تر، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.



**ب- عەرەبی:**

٧٤- احسان عباس (الدكتور)، تأريخ الادب الاندلسي في عصر الطوائف والمرابطين، ط ٥، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٧.
٧٥- أ. م. هاملتون، طريق في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، ط ١، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.
٧٦- احسان نوري پاشا، انتفاضة آگري (١٩٢٦ - ١٩٣٠، مذكرات)، ترجمة صلاح برواري، بيروت، ١٩٩٠.
٧٧- احمد امين، النقد الادبي، ط ٤، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٧.
٧٨- احمد عثمان ابوبكر (الدكتور)، كردستان في عهد السلام (بعد الحرب العالمية الاولى)، السليمانية، ١٩٩٨.
٧٩- احمد محمد الشيخ، دراسات في العلم العروض والقافية، ط ٢، الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان، ١٩٨٨.
٨٠- اسعاد عبدالهادي (الدكتور)، فنون الشعر الفارسي، ط ١، مكتب الشريف وسعيد رأفت للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٧٥.
٨١- ألبرت. م. منتشأ شفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة د. هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٨.
٨٢- بلەچ شيركو، القضية الكردية ماضي الكرد وحاضرهم، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت، ١٩٨٦.
٨٣- جبار جباري، تأريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥.
٨٤- جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط ٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧١.
٨٥- جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع العشر وبداية القرن العشرين، نقله عن الروسية، باڤي نازي و د. ولاتو، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٦.
٨٦- جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ط ١، دار الرازي، بيروت، لبنان، ١٩٩٢.
٨٧- جمال نجم العبيدي، الرمز - نشأته واشهر شعرائه، بغداد، ١٩٧٠.
٨٨- حامد محمود عيسى (الدكتور)، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢.
٨٩- حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان ١٩٣٢ - ١٩٤٧، ط ٢، بغداد، ١٩٨٣.
٩٠- حنا الفاخوري، تأريخ الادب العربي، المكتبة البوليسية، بيروت، بدون تأريخ.
٩١- خليل ابراهيم العطية (الدكتور)، التركيب اللغوي لشعر السياب، دار الحركة للطباعة، بغداد،

١٩٨٤.

٩٢- خليل علي مراد (الدكتور) وآخرون، القضية الكردية وتأثيرها على دول الجوار، جامعة موصل، مركز الدراسات التركية، ١٩٩٤، (محدود التداول).

٩٣- زنار سلوپي، في سبيل كردستان مذكرات، ترجمة ر. علي، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكتاب، بيروت، ١٩٨٧.

٩٤- سي. جي. أدموندز، كورد وترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله، ط ٢، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ١٩٩٩.

٩٥- سعد ناجي جواد (الدكتور)، الاقلية الكردية في سوريا، مطبعة التعليم العالي، بغداد، ١٩٨٨، (للتداول المحدود).

٩٦- سلمان عثمان (كۆنێ ڕەش)، الامير جلادت بدرخان (حياته وفكره)، تقديم روشن بدرخان. مطبعة الكاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢.

٩٧- شاكر خصباك (الدكتور)، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٢.

٩٨- صفاء الخلوصي (الدكتور)، فن التقطيع الشعري والقافية، ط ٤، بيروت، ١٩٧٢.

٩٩- صلاح سعدالله، المسألة الكردية في تركيا مرحلة جديدة، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٩١.

١٠٠- عبدالرحمن قاسملو (الدكتور)، كردستان والاكراد - دراسة سياسية واقتصادية، المؤسسة اللبنانية للنشر، بيروت، ١٩٧٠.

١٠١- عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات، ط ٥، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٨٢.

١٠٢- عبدالستار طاهر شريف (الدكتور)، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، ط ١، بغداد، ١٩٨٩.

١٠٣- عبدالقادر بدرالدين، موجز عن مسيرة الصحافة الكردية في (الجزء الغربي) سوريا، بيروت، ١٩٩٨.

١٠٤- عبدالمنعم الغلامي، ثورتنا في شمال العراق ١٩١٩ - ١٩٢٠، ط ١، مطبعة الشفيق، بغداد، ١٩٦٦.

١٠٥- عزالدين اسماعيل (الدكتور)، الادب وفنونه، ط ٧، دار الفكر العربي، ١٩٧٨.

١٠٦- عزالدين مصطفى رسول (الدكتور)، الواقعية في الادب الكردي، منشورات المكتبة العصرية، صيدا - بيروت، ١٩٦٦.

١٠٧- عزيز الحاج (الدكتور)، القضية الكردية في العشرينات، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٤.

١٠٨- فائق مصطفى (الدكتور) و د. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث، منطلقات وتطبيقات، ط ١، مطابع التعليم العالي، جامعة موصل، ١٩٨٩.

١٠٩- فيصل الدباغ، أضواء على كتاب الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف القرن



١٩٠٨ - ١٩٥٨، مطبعة الثقافة، اربيل، ١٩٩٧.

١١٠- قدري جميل باشا (زنار سلوپي)، مسألة كردستان ٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية، تنقيح وتقديم د. عزالدين مصطفى رسول، ط ٢، بيروت، ١٩٩٧.

١١١- كمال مظهر احمد (الدكتور)، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٨.

١١٢- كمال مظهر احمد (الدكتور)، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ط ٢، بغداد، ١٩٨٤.

١١٣- كمال مظهر احمد (الدكتور)، دراسات في تأريخ إيران الحديث والمعاصر، مطبعة اركان، بغداد، ١٩٨٥.

١١٤- كمال مظهر احمد (الدكتور)، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ط ١، بيروت، لبنان، ٢٠٠١.

١١٥- كمال معروف، الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث ١٩١٤ - ١٩٦٥، مطبعة أزاد، ستوكهولم، ١٩٩٢.

١١٦- كۆنێ ڕەش، جمعية خويبون ١٩٢٧ ووقائع ثورة أرارات ١٩٣٠، ط ١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٠.

١١٧- لوسيان رامبو، الكرد والحق، ط ١، ترجمة عزيز عبدالاحد نباتي، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨.

١١٨- م. أ. حسرتيان، كردستان تركيا بين الحربين، ط ١، ترجمة د. سعدالدين ملا وباقي نازي، رابطة كاوا، بيروت، ١٩٨٧.

١١٩- م. أ. حسرتيان، القضايا القومية في تركيا، ترجمة سيامند سيرتي، بدون تأريخ ومكان الطبع.

١٢٠- ماليسانژ، البدرخانيون في جزيرة بوتان، ترجمة دلاور الزنگي وگولبهار بدرخان، مطبعة ادميرال، بيروت، ١٩٩٨.

١٢١- مجيد جعفر (الدكتور)، كردستان تركيا دراسة اقتصادية واجتماعية سياسية تحت التخلف الاستعماري، مطبعة ادميرال، بيروت، بدون تأريخ.

١٢٢- محمد غنيمي هلال (الدكتور)، النقد الادبي الحديث، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣.

١٢٣- محمد ملا احمد، جمعية خويبون والعلاقات الكردية الارمنية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، اربيل، بدون تأريخ.

١٢٤- محمد مندور (الدكتور)، الادب وفنونه، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٤.

١٢٥- محمد نورالدين عبدالمنعم (الدكتور)، دراسات في الشعر الفارسي في القرن الخامس الهجري، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٦.

١٢٦- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة بارزان الاولى ١٩٣١ - ١٩٣٢، مطبعة خەبات، ١٩٨٦.

١٢٧- م. س. لازاريف، المسئلة الكردية (١٩١٧ - ١٩٢٣)، ط ١، ترجمة د. عبدي حاجي، بيروت، لبنان، ١٩٩١.

١٢٨- معروف خەزنەدار (الدكتور)، موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، ترجمة د. عبدالمجيد شيخو، الناشر هوشنگ كرداغي، ١٩٩٣.

١٢٩- منذر الموصلي، عرب واكراد - رؤية عربية للقضية الكردية، ط ٣، دار الغصون، بيروت، ١٩٩٥.

١٣٠- يوري سوكولوف، الفولكلور، قضاياه وتاريخه، ترجمة حلمي شعراوي وعبدالحميد حواس، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١.


**ج- فارسی:**


١٣١- محمد تمدن، اوضاع ايران در جنگ اول يا تاريخ رضائية، مؤسسة مطبوعات تمدن، رضائية - اورمية، ١٣٥٠.


**د- ئینگلیزی:**


١٣٢- J. A Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books, 1997.


## دووەم: گۆڤار

**أ/ كوردی:**


١٣٣- ئەحمەد هەردی، كێش لە شیعری كوردیدا، گۆڤاری برایەتی، ژ ١٠، ١٩٧١، ل ٣.

١٣٤- ئەنوەر محەمەد تاهیر، ڕۆڵێ گۆڤارا هاوار بۆ پێشخستنا چیرۆكا كوردی یا هونەری، گۆڤاری مەتین، ژ ٧٥، ١٩٩٨، ل ٣٥.

١٣٥- بەدرخان سندی (دكتۆر)، هۆزان ڤانەتی د كوڤارا هاواردا، گۆڤاری روشنبیری نوێ، ژ ١٢٨، ١٩٩٢، ل ١٤.

١٣٦- بەدرخان سندی (دكتۆر)، مللینی یا گۆڤارا هاوار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٣٣، ١٩٩٤، ل ٢٦.

١٣٧- بەكر شاكر كاروانی، كۆمەلا هێڤی و كوڤارا هەتاوی كورد و فوئادی تەمۆی شاعیر سێ ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ڕۆژنامەوانی كوردین، گۆڤاری مەتین، ژ ١١١، ٢٠٠١، ل ٥١.

١٣٨- بورهان قانع، چیرۆكی كوردی بەشیعر، گۆڤاری رزگاری، ژ ١٥، ل ٢٢.

١٣٩- جەمشید حەیدەری، كورتەیەک لە مێژووی لێكۆڵینەوەی پەخشان و چیرۆكی كوردی تا ناوەڕاستی حەفتاكان، گۆڤاری وان، ژ ١، ١٩٩٢، ل ٢٤.





١٤٠- جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری هاوار، بلاوكراوەكانی نۆدەم، ستۆكهۆلم، ١٩٩٨، (هەموو ژمارەكانی بەئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی).

١٤١- جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری ڕۆناهی، بلاوكراوەكانی كومبەندا كاوا، هەولێر، ٢٠٠١، (هەموو ژمارەكانی بەلاتینی).

١٤٢- حەمرەش رەشۆ، گۆڤاری هاوار، (ژ ٢٤ تا ژ ٥٧)، بەرلین، ١٩٧٦، (بەلاتینی).

١٤٣- دلاوەر زەنگی، كوڤارا هاوارێ چاپ و بلاڤ كرن، گۆڤاری پرس، ژ ١٤، ١٩٩٨، ل ٣٩، (بەلاتینی).

١٤٤- دلاوەر زەنگی، ئابوونەیێن هاوارێ، گۆڤاری پرس، ژ ١٥، ١٩٩٨، ل ٣٣، (بەلاتینی).

١٤٥- دیار دوسكی، كوڤارا هاوار و زارێ كرمانجی یا ژێری، گۆڤاری مەتین، ژ ٧٥، ١٩٩٨، ل ٢٨.

١٤٦- عەبدولڕەزاق بیمار، دانیشتنێک لەگەڵ گۆران، گۆڤاری بەیان، ژ ٢، ١٩٧٠، ل ٣.

١٤٧- عەبدولستار تاهیر شەریف (دكتۆر)، وێژەی منداڵان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١١٩، ١٩٩٨، ل ١٣.

١٤٨- عومەر ئیبراهیم عەزیز، یادی مێژوونووسی بەرزی كورد حوسێن حوزنی موكریانی، گۆڤاری بەیان، ژ ١٣٥، ١٩٨٧، ل ٢١.

١٤٩- عیزەدین مستەفا رەسول (دكتۆر)، شیعری تازەی كوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٥، ١٩٨٥، ل ١٩٥.

١٥٠- فەرهاد پیربال، چیرۆكەكانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری مامۆستای كورد، ژ (١١ - ١٢)، ١٩٩١، ل ١٣.

١٥١- فەرهاد پیربال (دكتۆر)، چیرۆكەكانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری ڕامان، ژ ١٤، ١٩٩٧، ل ٤٣.

١٥٢- فرات جەوەری، نورەدین زازا و چیرۆک نڤیسكاری یا وی، گۆڤاری بەربانگ، ژ ٧٦، ١٩٩١، ل ٢٤.

١٥٣- قەدری جان، دیریک، گۆڤاری پەلین، ژ ٥، ئەستەنبۆل، ٢٠٠٠، ل ١٠٤.

١٥٤- كەریم شارەزا، حوزنی موكریانی مێژوونووس و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی كورد، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژ ٦٢، ساڵی چواردە، ١٩٨٩، ل ٥٨.

١٥٥- كەمال مەزهەر ئەحمەد (دكتۆر)، گۆڤاری هاوار و كوردی عێراق، گۆڤاری بەیان، ژ ١٨٣، ١٩٩٩، ل ٤.

١٥٦- كاوە بەیات، شۆڕشا كوردێن توركیا و كارتێكرنا وێ ل سەر پەیوەندیێن دەرڤەیێن ئیرانی ١٩٢٨ - ١٩٣٠، وەرگێڕانی لە فارسی موسەدەق تۆڤی، گۆڤاری مەتین، ژ (٧٧ - ٧٨)، ١٩٩٨.

١٥٧- محەمەد بەكر، كوڤارا هاوارێ (كۆكردنەوە) لە ژ (١ - ٩)، ستۆكهۆلم - سوید، ١٩٨٧.

١٥٨- مستەفا نەریمان، پەیوەندی نێوان ئەسیری و جگەرخوێن، گۆڤاری بەیان، ژ ١٣١، ١٩٨٧، ل ١٤.

١٥٩- موسەدەق توفی، ئالایێ کوردستانێ د دیرۆکێ دا، گۆڤاری پێشمەرگە، ژ ١٥، ١٩٩٩، ل ٢٧.
١٦٠- موسەدەق توفی، کوڤارا هاوار و شۆرشا رۆشنبیری، گۆڤاری دهۆک، ژ ٩، ٢٠٠٠، ل ٢٠.

**ب- عەرەبی:**

١٦١- عزالدين مصطفى رسول (الدكتور)، آراء في القصة الكردية، مجلة الاقلام، العددان (٢، ٣)، ١٩٨٤، ص ١١٢.

**ج- فرەنسی:**

١٦٢- Ghilan, Les Kurdes et L'inasion ottomane, Revue du Monde Musulman, Mai, N. 5, p. 7.

**سێیەم: رۆژنامە**

**أ/ کوردی:**

١٦٣- رۆژی کوردستان، قهرمانی کوردستانی حضرة اسماعیل اغا - سمکو، ژ ٨، ١٢٩١.
١٦٤- گۆران، ئەو کێشە برگەییانەی ئێستا باون، ژین، ژ ٢، ١٩٧١.

**چوارەم: نامەی زانکۆیی**

١٦٥- محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩.

**پێنجەم: فەرهەنگ**

١٦٦- علي سيدو الگوراني، القاموس الكوردي الحديث (كردي - عربي)، ط ٢، شركة الشرق الاوسط للطباعة، عمان، الاردن، ١٩٨٥.



# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ 5
دەروازە ........ 7
چی دەربارەی گۆڤاری هاوار نووسراوە ........ 14
کۆکردنەوە و ساغ کردنەوە و بڵاوکردنەوەی هاوار ........ 16

**بەشی یەکەم بارودۆخی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریی کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا سەردەمی گۆڤاری هاوار**

یەکەم: باری سیاسی ........ 19
١- شۆڕشی شێخ مەحموودی بەرزنجی ........ 20
٢- شۆڕشی مەلاتیە ........ 25
٣- شۆڕشی سمکۆی شکاک ........ 29
٤- شۆڕشی شێخ سەعید ........ 32
٥- شۆڕشی ئارارات ........ 34
٦- راپەڕینی بارزان (١٩٣١ - ١٩٣٢) ........ 36
٧- شۆڕشی دێرسیم ........ 37
دووەم: باری ئابووری ........ 38
سێیەم: باری رۆشنبیری ........ 40
ا/ رۆژنامەکان: ........ 43
ب/گۆڤارەکان: ........ 48

**بەشی دووەم شیعر لە گۆڤاری هاواردا**

شیعر لە گۆڤاری هاواردا ........ 52
یەکەم: روخسار ........ 53
کێشی عەرووزی ........ 54
* کێشی هەزەج ........ 54
* کێشی رەمەل ........ 57

* کێشی ڕەجەز ..... 59
* کێشی بەسیت ..... 60
* کێشی موزاریع ..... 60
* کێشی بڕگەیی ..... 61
١- کێشی حەوت بڕگەیی (٤+٣) ..... 62
٢- کێشی هەشت بڕگەیی (٤+٤) ..... 62
٣- کێشی دە بڕگەیی (٥+٥) ..... 63
٤- کێشی یازدە بڕگەیی (٤+٤+٣) ..... 64
٥- کێشی دوازدە بڕگەیی (٤+٤+٤) ..... 64
٦- کێشی چواردە بڕگەیی (٤+٣+٤+٣) ..... 64
کێشی ئازاد ..... 65
سەروا: ..... 65
١- سەروای ستوونی، (یەکێتی سەروا) ..... 66
٢- مەسنەوی ..... 66
٣- سێیینە ..... 67
٤- چوارین ..... 68
٥- پێنجینە ..... 70
٦- شەشینە ..... 72
٧- مووەششەح ..... 73
زمانی شیعر ..... 74
دووەم: ناوەڕۆکی شیعری گۆڤاری هاوار ..... 77
شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی ..... 77
ا- ئالا ..... 80
ب- شەهیدان ..... 81
ج- زمان ..... 82
د- ئەنجومەنی نەتەوان ..... 83
شیعری کۆمەڵایەتی ..... 83
ا- جیاوازی چینایەتی ..... 84





ب- بێگانەپەرستی ..... 85
شیعری دڵداری ..... 85
شیعری شیوەن ..... 86
شیعری وەسف و ستایش ..... 87
چیرۆکی شیعری ..... 89
نامەی شیعری ..... 91
شیعری عەرەبی ..... 93


**بەشی سێیەم پەخشان لە گۆڤاری هاواردا**


پەخشان لە گۆڤاری هاواردا ..... 95
یەکەم: وتار ..... 97
وتاری ئەدەبی و هونەری ..... 98
وتاری زانستی ..... 99
وتاری کۆمەڵایەتی ..... 100
وتاری سیاسی ..... 101
وتاری مێژوویی ..... 102
وتاری زمانەوانی ..... 103
وتاری وەسفی ..... 105
وتاری شیوەن ..... 107
دووەم: ژینامە ..... 108
سێیەم: نامە ..... 109
- نامەی گشتی و نامەی تایبەتی ..... 110
چوارەم: دراما ..... 111
پێنجەم: چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری هاواردا ..... 113
- ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی هاوار ..... 115
- تەکنیک و زمانی چیرۆک ..... 121


**بەشی چوارەم بابەتەکانی تری ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا**


- ئەدەبی منداڵان ..... 124

– لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ...... 129
– وەرگێڕانی ئەدەبی ...... 134
– ئەدەبی فۆلکلۆری ...... 141
**ئەنجام:** ...... 147
**لیستی سەرچاوەکان** ...... 150



# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

**تکا لەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەین کە بەرهەمەکانیان بۆ دەزگاکەمان دەنێرن، ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە**

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kufit

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wifie. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار** – yar

• **سەرنج ١:** پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢:** نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣:** لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییییەکەمان**...) (**کۆتاییییەکەی**...) (**وەستاییییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم:** گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم:** گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج:** لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم:** وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتای کار (فەرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.



وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیفسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو ببن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە

پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک - لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**



**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنناینەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**